پەندی کوردی

# پەندی پێشینان بەهۆنراوە

## وەرگیراوە لە پەندی پێشینانی
## شێخ محمدی خاڵ

## بەهۆنراوە کردنی ماموٚستا بەکر کانی
## هەمزەیی

## ساڵی : ( ٢٧١٠-٢٧١١ ) کوردی
## ( ٢٠١١-١٢0٢ ) زاینی

# ناسنامەی كتێب

**بابەت: پەندی پێشینان بەهۆنراوە**

**نوسەر:م. بكر كانی هەمزەیی**

**ساڵی: ٢٠١٢**

**دیزاینی بەرگ:تالیب دەرباز**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**ژمارەی سپاردن: ١٧٢٠ساڵی ٢٠١١**

**چاپ: چاپی یەكەم چاپخانەی چوارچرا**

**بەرگ: بەرگی یەكەم**

**نرخ: ( ٦٠٠٠ ) دینار**

**ژمارەی موبایل : ٠٧٧٠١٤٣٠٧٥٦**

**٠٧٥٠١٤٣٠٧٥٦**

**سوپاس و پێزانین :**

**١-مامۆســـــتا( جمال حبیـــــب الله ) بێدار.کەئـــــەرکی پێداچـــــونەوەو پێشەکی بۆئەم بەرهەمەمە نووسی**

**٢-بـــــەڕێز مامۆســـــتا( کمال شـــێخ عبـــــدالرحمن شسّـــخ اسماعیـــــل /چـــــنارەیی ) دەکـــــــــــــەم-لــــە نووســـــینی ووتەیـــەك بۆئـــــەم بەرهەمە و ئەرکی هەڵەچنی گرتە ئەستۆ .**

**٣- بـــۆ هەرســـێ بـــەڕێز . پـــارێزەر( کـــاوە حســـن .شـــاخەوان عوسمـــان وەکاك ئومێد قادر .**

## پێشەکیی:

**بــەناوی ئـەو خوایـەی کـە تـەنها هــەر خــۆی خوایــە، بینــەرو بیســـەر و پــــــەروەرێن ومرێنــــەرو دانــــاو زانایــــە ،دەوڵەمەنـــد و بەخشــــندە و میهرەبـــان و ڕاگـــر و بەئاگایــە، بــێ دایــك وبــاب و بــێ هاوســەر و بــێ فرزەنــد و تــاك و تەنیایــە ،هەمیشــە بیە :واتــە بــێ ســــــەرەتاو بـــــێ کۆتاییـــــــە.بارانی دروودی نەبڕاوەشـــــــبباری بەســــــەرگیانی پـــــاکی ( پێغەمبــــــەری ئیســــــلامداکە( محمدیکوڕی عبـــدالله ) یەلەویشـــەوە ســــەروازبکات بۆســــەرگیانی یەکــــە یەکــــەی کەســـــانی خانەوادەکــــەی و هــــاوەڵانی و شــــوێن کــــەوتووانی هــــەتا هەتایــــە . پاشـــــان .. پەنـــــدی پێشـــــینان ،گرێیـــــەکی ناوییــــە، لــــەدیار خراوێــــك ( پەنـــد ) و ئامرازێکــــی خســــتنە ســــەر ( ی ) و دیــــار خەری( پێشـــــــینان ) ، پێـــــــك هـــــــاتووە ،ئەمـــــــەیان لـــــــەڕووی واتــــــاوەبەلاٚم وەك زاراوەیــــەك ،چــــەمك و واتـــــای قـــــوولٚ و تاییـــــەتی خـــــۆی هەیـــــەو پێویســــــتی بـــــە لێکدانــــــەوە و بــــــاس کــــــردن هەیـــــە ، چـــــونکە گرنگـــــی نەتـــــەوەیی و فەرهـــــەنگیی و ســـــوودو کــــــەڵکی تــــەواوی خــــۆی هەیــــە ،ئەمــــە نــــەك هــــەر لــــەناو گــــەلی کــــورددا ،بــــەڵکو لـــــەناو ســـــەرا پای گـــــەلانی دنیـــــادا . پەنـــــدی پێشـــــینان ،وەك دەزانـــــین ،ڕســـــتەیەکی کورتـــــە وەك( ( کۆڵـــــت ڕەنگینـــــە ) ) هەشـــــیانە نیمچـــــە درێـــــژە ( ( ئەگـــــەرگوڵنیت دڕکـــــیش مەبـــــە ) ) هەشـــــیانە لەڕســـــتەی ئاوێتـــــە پێـــــك دێـــــت وەك ( ( دووگـــــا لـــــەدۆڵێکا ،ئەگـــــەر ڕەنگـــــی یـــــەکتر نـــــەگرن ،خـــــوی یـــــەکتر دەگـــــرن ) ) هەروەهاهەشـــــیانە بەشـــــێوەی شـــــیعری جـــــوان لەبـــــەیتێکا گوتراوەوەك :گـــــەردەو پوشـــــێنی کـــــردووە**

ئامێتـــــە دەســــــتی لێ مـــــەدە ،هەرباوابێتـــــە .بـــــەلاّم پەندەکـــــە لەهەرســـێ حاڵەتەکـــەدا ئێجگـــار پـــڕ لـــەواتاو و مەبەســـت پێکـــە ،گەرچـــــــی بەشـــــێوەیەکی ســــــادەو ڕەوان و دوور لەهـــــــەموو دروســـــتکاریی و پـــــڕ کردنێکـــــی نابـــــەجێ داڕێـــــژراوە ،لەگـــــەڵ ئەوەشـــدا بـــە پێی سرووشـــتی زمـــانی کـــوردیی پـــڕە لـــە ڕەوان بێـــژیی و جوانکـــــاریی و لێچـــــواندن و مانـــــادۆزیی و خـــــوازە و خواســـــتە و درکـــە و دا پۆشـــین و ڕەگـــەزەکانی تـــری بەلاغـــە .هەیانـــە ڕاســـتەو خـــۆ مەبەســـت و ناوەڕۆکەکـــەی خـــۆی دەدات بەدەســـتەوە ،هەشـــیانە بـــە شـــێوەیەك لـــە شـــێوەکانی بەلاغـــە دەیـــدرکێنێ و کالاّیـــەکی جوانیشـــی دەکـــات بەبەردا.بەڕاســـتی، پەنـــدی پێشـــینان شـــیلەی هـــەنگوینی بـــێ مێشـــی پاڵفتـــەی پـــوورەی هـــەنـــگبری پڕلـــە ژێـــری بـــاب و با پیرەکا نمانـــــە ،کەلـــــەزاری بـــــێ خـــــاری پاکیانـــــەوە هاتووەتـــــە دەرەوە ،گەوهـــــەر و دوورو یـــــاقووت و مـــــرواری نـــــاو دەریـــایی ڕوونـــی بـــێ پـــەی دیـــدو بۆچـــوون و دەرك و تەســـەووری ســـافیانە ،خـــۆری ڕۆشـــن و بـــەتین ،یـــان مـــانگی بەتریفـــەی شـــەو ڕۆژی ئاسمـــــانی بـــــێ لەکـــــەو گـــــەردی بیروخـــــەیاڵی بـــــە پیت و فراوانیانـــە ،خەلـــەی بـــێ شـــێلم و مـــرۆری بـــێ خـــەوش و پووشـــی خـــەرمانی ســـووری کێڵگـــەی بەفـــەڕی ژێـــری یانەئـــە نجامی تـــاڵ یـــان شـــیرینی پـــڕ لەســـام و کـــامی کاتـــانی تاقیکـــاریی تەمـــەنی پـــڕ لـــــەبەرەکەتی ڕەنـــج و تێکۆشـــانی بـــێ وچـــانی شـــەوان و ڕۆژانـــی لێهـــاتوویی و کـــۆڵ نـــەدان.و بـــەکار بیانـــە ،لـــیرەی ڕەشـــادی نـــــاو خەزێنـــــەی زۆر دەوڵەمەنـــــدی هوشـــــیاری و ئاوەزدارییانـــــە

،هـــەواڵی شـــیرین و مـــزر ،یـــان تـــاڵ و ســـوێری بۆنـــەو چـــیرۆك و ڕووداوبەســـەرهاتی کاتـــانی هـــات و نەهاتـــە تایبـــەتی یـــەکانی خۆیانـــــە ، ئـــــاوی ســـــازگار و زوڵاڵـــــی سەرچـــاوەی دڵ و دەروون و گیـــان و ویـــژدانی ســـاتێ حەســـاوەو دەســـات مانـــدوو بێـــزار و پڕلـــەئێش و ئازاریانـــــە ، ئاوێتـــەی ڕاســـتەقینەی بـــێ گـــەردی یـــان بـــێ ژەنگـــی ژیـــانی دێـــرین و بـــوونی کیـــانی ســـەرە مـــڕەو ئێســـتایانە .لەهـــــەموو ســـــەردەم و هـــــەموو حاڵێتیکیشـــــدا – وەك ئاماژەمـــان بـــۆکرد – شـــێوەو وێنـــەو مـــۆرکی نەتـــەوەیی ئاســـاییان گرتووەتـــە خۆیـــان : چـــونکە قســـەی ســـەرزاری خـــەڵکی ئاســـایین ، بـــەلام وەك لـــە پەندەکانـــدا ئاشـــکراو دیـــارە ،لەبـــەرگ و کالایـــەکی ڕە نگـــین و قەشـــەنگ نایـــاب و دڵـــڕفێن و ناســـکدا و پـــڕ بە پێســـتی مـــە بەســـتی بابەتەکـــە .پەنـــدی پێشـــینان بـــەرزو پـــیرۆزن ، چـــاك و بـــەتامن ، گە نجینەیەیـــەکی پـــڕ لـــە گەوهـــەرن هـــەوەڵ ســـامانی لـــە بـــن نـــەهاتوون نـــاواخنن کـــراون بەوانـــەو تێبینـــــی ی گرنگـــــی فەلســـــەفە، ئامۆژگـــاری ، تاقیکـــاری .قوتا بخانەیـــەکی ڕەســـەنی تـــەواو بـــەرزن بـــۆ ئێمـــەو یەکـــە یەکـــەی نـــەوەو جیلـــەکانی داهاتوومـــان .دەکـــرێ وەك چـــرایەك بیـــانگرین بەدەســـتەوە و تاریکـــایی ڕێگـــەی ژیـــانی خۆمـــانی پـــێ ڕۆشـــن بکەینـــەوە ، لەهـــــەموو لایەنـــەکانی ژیانـــدا ســـوودیان لێ وەربگـــرین :ئـــاینی ، ڕامیـــاری و ئـــابووری ،دارایـــی ، کۆمـــە لایـــەتی و ئـــــە خلاقیی ،جەنگوئاشـــتیی،بازرگانی ، پیشەســـازی ، کشـــت وکـــاڵ دامـــداری و ئاژەڵـــداریی، فەرهـــەنگ و زانیســـت وزانیـــاری

، پــــەروەردەو پێگەیانـــدن و........هتـــد ٠هەروەها، پەنـــدەکا نمان ســازو لـــەبارن بـــۆ پـــەروەردەی فیکریـــی و دەروونیـــی ســـۆزی گـــەل و نەتەوایـــەتیی و نیشـــتمان پـــەروەریی و خـــاك دۆســـتیی و پلانـــی بـــەرێ و جـــێ و تاقیکردنـــەوەو شـــارەزایی ژیـــان .ئینگلیـــز واتـــەنی ، پەنـــدی هـــەر نەتەوەیـــەك کتێبێکیگەورەیـــە ، کەبەئاســـانیی ڕەوشـــتیانی تیـــا دەخوێنیتـــەوە .. هتـــد .هـــەروەها ، پەنـــدە کا نمـــان ســـازو لـــەبارن بۆپـــەرروەردەی فیکـــری و دەروونـــی و ســـۆزی گـــەل و نەتەوایـــەتی و نیشـــتمان پـــەروەری و خـــاك دۆســـتی و پلانـــی بـــەرێ و جـــێ و تـــاقی کردنـــەوەو شـــارەزایی ژیـــان . ئینگلیـــز واتـــەنی ، پەنـــدی هەرنەتەوەیـــەك ، هـــەر ســـەرزەمینێك ،بەرهـــەمی نـــاخی ڕۆڵـــە قســـەزان و هۆشـــار و بـــەبیرو بەئـــەزموون و زانـــا و دانـــا و خـــاوەن ســـەلیقە و ڕۆشـــنبیرو خـــاوەن وردبینەکانیـــەتی ، لەدیـــد و بۆچـــوون و تەســـەووور و دنیادیـــدەیی یانـــەوە هـــەڵ دەقـــوڵێ و هـــەڵقوڵاوە ،کاکڵـــەو پـــاك و لەمـــەی ئاگـــاداری و وریـــایی و لێزانیـــی و دڵســـۆزیی مێشـــکە ســـاف و دڵـــە زینـــدووەکانی ڕۆڵەکانیـــەتی ،لـــەبیرو بۆچـــوونانێکی پـــاك و دڵســـۆزەوە هـــەڵهێنجاوون ،مـــوڵکی گـــەل یـــان نەتـــەوە یـــە ، گـــەل یـــان نەتـــەوەش لەچـــەند چـــینێکی جـــۆراو جـــۆر پێـــك هـــاتووە ،بۆیـــە دەبیـــنین پەنـــدەکانیش ئاســـتیان جۆربـــەجۆرە ،بـــاس و بابەتیشـــیان هـــەر جـــۆراو جـــۆرە :لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــەموو جۆرەکانیـــان بـــەرزو بـــەنرخ وئـــازاد و بـــێ بـــاکن ،دوورن لـــەترس و ڕووپامـــانی و ڕیاکـــاری و چـــاو شـــۆڕیی و ملچـــە ملـــچ کـــردن ،دوور

**لەماســـتاوکردن و تـــۆز تەکانـــدن و خۆبردنـــە پێشـــەوەی دووڕووانـــە ،ســـەرکز و مـــل کـــەچ ڕاناوەستن، چـــاولەبەری دیواخانـــان و شـــۆربای خـــان وئاغـــا نـــەبوون و نـــین ،هـــەموو ســـنورێکی دەســـتکردی بـــیرو خـــەیاڵی نابـــەجێی بـــەتاڵی دەســـتی ملـــهوڕان و ســـتەمکاران ، بـــەجۆرێك لـــەجۆرەکانی موبـــارەزەو بەزانـــدن دەبـــەزێنن ،لـــەدەرگای هـــەموو خـــەواڵوو و بـــێ ئاگـــا و بـــێ عارێـــك دەدەن ،بەمەبەســـتی هەڵســـاندن و بەئاگاهێنانـــەوە و بێـــدار کردنـــەوەیان ، پەنجـــە دەخەنـــە ســـەر یـــەك بەیـــەکی نەخۆشـــیی و دەردو پـــەتاکان و بـــەزۆریش دەرمـــان و پارێزیشـــیان بۆدەســـت نیشـــان دەکـــەن ،ئاکـــام و ئەنجامەکانیشـــیان دەدرکێنن. دەبێـــت دووبـــارە بیڵێمـــەوە کەپەنـــدی پێشـــینان هەیانـــە زۆر ســـفت و ســـووك و ئاســـانە ، ســـاف و ســـۆڵ و یـــێ گـــرێ و بـــێ پـــێچ و پـــەناو تـــەواو ڕەوانـــە ، هەشـــیانە ســـەخت و قـــووڵ و ئـــالچ وز و گرانـــە "پێویســـتی بـــەبیر لێ کردنـــەوەو لێ وردبونـــەوە و لێکۆڵینـــــەوە وتێـــدا ڕۆچـــوون هەیـــە و لەیـــەك کاتـــدا چـــەند واتـــاو مەبەســـتێك لـــە خـــۆی دەگرێـــت و نابێتـــە خـــۆراکی هـــەموو کەســـێك ،بـــەڵکو پیـــاوی تایبـــەتی خـــۆی دەوێـــت . پەنـــدی پێشـــینان " دوودیـــاردە یـــان دوو تایبەتمەنـــدیی یـــاخۆ دووســـیفەتی زۆر گرنگیـــان لـــەخۆیان گرتـــووە یەکـــەمیان : هـــەموو خوێنـــدەوارێك ، لەهـــەر پلەیـــەکی خوێندەوارییـــدا بێـــت ،دەتـــوانێ کـــەڵك و ســـوودی تـــەواویان لێ وەربگرێـــت ، هـــەروەها بەشـــی هـــەرە زۆرنەخوێنـــدەوارانیش لێیـــان ســـوود مەنـــد بـــوون و دەبـــن ، ئـــەوەتا**

دەبیـــنین و گوێمـــان لێیانەکە پەنـــدەکان وان بەســـەر زاریانـــەوە و بـــەکاریان دەهێـــنن ،ئەمـــەش لەئـــە نجامی ئەووەیـــە کـــەباب و باپیرەکانمـــان بـــە وەســـتایانە و بـــەزمان وشـــێوازی ئاخـــاوتنی خۆیـــان دایـــان ڕشـــتوون ، ئـــیتر ئـــەوەتان ئـــەمڕۆ لـــەژیانی مەیـــدانی ڕۆژانـــەدا بەســـەرزاری هـــەموو چـــینەکانی خەڵکـــەوە بـــەکار دەهێنـــرێن. دووەمیـــان : گیـــانی نـــەمریی وچـــاوەڕوانیان لـــە خۆگرتووە.بەواتایـــەکی تر،هـــەتا ئـــەم گەلـــە (کـــورد) بژی،ئـــەمانیش هـــەر زینـــدوون و زینـــدوو دەبـــن و دەژین،لـــە مەیـــدانی ژیانـــدا زینـــدوو ســـەربەرزانە دەبـــزوێن و زینـــدەگی دەکەن،لـــەژیانی ڕۆژانـــەدا لەگـــەڵ واقیـــع و شتەکاندادەســـت لـــەملان دەبن،"چـــونکە هـــەر واتەیـــەکیان -یـــانی هەرپەنـــدێکیان- بۆهـــەر مەبەســـت و نیـــازو بۆنەیـــەك گوترابێت،ئێســـتا کـــە ڕوو بـــە ڕووی وێنـــە و شـــێوەی یـــان خـــودی ئـــەو مەبەســـت و نیـــازو بۆنەیـــە دەبێتـــەوە،خێرا بـــۆی دەوترێتـــەوە .دیـــارە هـــەموو پەنـــدێك لـــە کێشـــەوگـــیروگرفـــت ،خۆشـــی یـــان ناخۆشـــی ژیـــان ،هـــەرگیز کۆتاییـــان نایـــەت و لـــەژیانی تـــاك و کۆمـــەڵ و کۆمەڵگـــە نـــابڕێن و جیانابنـــەوە . بـــەم جـــۆرەش کـــەڵکی پەنـــدەکان هەمیشـــە و هـــەردەم بەردەوامـــە و بـــەردەوامیش دەبێـــت .دەبێـــت لـــە بیرمـــان نەچـــێت کە پەنـــدەکانی پێشـــینانمان لـــە ڕووی گرنگـــی و کەڵکیانـــەوە ،هـــیچ شـــتێکی تـــر ناتوانێـــت جێگایـــان پـــڕ بکاتـــەوە .

پەنـــدەکان ســـەوقاتیی گـــران بـــەهای بـــاب و بـــا پیرەکانکمـــانن .. بەشـــێکن لەئـــەدەب و هونـــەر و کەلـــە پوورو فەرهـــەنگی نەتـــەوا

یــەتیمان ..بەشــێکن لــەڕابردوومان و فــەراموٚش کردنیـــان یـــانی فـــەراموٚش کردنـــی بەشــێك لەمێــژوو لـــە ڕابردوومـــان .. پــڕن لەحیکمــەت و زانســت و زانیــاری جــۆر بــەجۆر و دەبێــت بــدرێن بــە ڕۆلاٌن و نـــەوەکانی ئاینـــدەمان .. گـــوڵزاری ئەدەبەکـــەمان ڕەنگـــین و دڵـــڕفێن و قەشـــەنگ دەکـــەن پـــڕن لەڕەگـــەزەکانی زانســـتی بەلاغــە ،کــەناتوانیین دەســت بــەرداری یــان دەســت بــەردار یــان بــبین ، لەوانـــەش زیـــاتر ، لـــەناو میللـــەتی موســـوڵمانی کـــورددا ، لـــــەدوایی ( قورئـــــان )ی پـــــیرۆز و فـــــەرموودەکانی ( پێغەمبـــەر)( د.خ ).ئیتر پەنـــدی پێشـــینان لـــەڕووی نـــرخ و برشـــتەوە ســـەرەیان دێـــت و لـــەناو چـــین و توێـــژەکانی خەڵکـــدا بـــاون و بـــەکار دهێنـــرێن و گوێیـــان بـــۆ دەگـــیر درێـــت و پـــەیڕەوی دەکـــرێن .لەئـــە نجامی پـــەی بـــردن بـــەو ڕاســـتیانەی کـــەئاماژەمان بـــۆکردن ، چـــەندان کەســـی دڵســـۆز لەڕۆڵـــەکانی گەلەکـــەمان ، هەڵســـاوون بەکۆکردنـــەوەو ڕێـــك خســـتن و لەچـــاپدانی پەنـــدە کوردییـــەکان ، لەوانـــە : شـــاعیری نـــەمرو کـــورد پـــەروەر ( پـــیرە مێـــرد )کـــە پەنـــدەکانی بـــەهۆنراوە هۆنییوەتـــەوە .. بـــەڕێز (( شـــێخ محمـــدی خـــاڵ )) بـــەڕێـــزکاك(( علی معـــروف )) خـــەڵکی گـــامێش تەپـــە و ...هتـــد .ئـــەوتا ئـــەمڕۆش ، لەهـــەوڵێکی تـــری تـــازەی بەرفراوانـــدا ( مامۆســـتای ئـــەدیب و شیعردۆســـت ) ( مامۆســـتا بـــەکر ) کـــانی هەمزەیی،بەهـــەزاران پەنـــدی پێشـــینانی میللـــەتی کـــوردی کۆکردۆتـــەوە و ئـــەم بەرهەمـــە قەشـــەنگەی لێ پێـــك هێنـــاوون دەیـــان کـــات بـــەدیاری هـــەموو میللـــەت پـــەروەر و

ئـــەدەب دۆســـــت و زانســـــت خوازێـــــك ، بـــــەم کـــــارەشی مـەڵـۆیـەکـــی جـوانـــی بـــە کـەڵـــك دەخـاتـــە ســـەر شـــارای ئـــەدەبی کـــوردی ڕەســـەن .مامۆســـتا بـــەکر کـــانی هـــەمزەیی ، لەســـاڵی ( ١٩٩٨ )ی زاینـــی یـــەوە دە ناســـم ،مامۆســـتایەکی دڵســـۆزو کـــورد پـــەروەرو ئـــەدەب دۆســـت و شـــاعیرە ، خـــوای گـــەورە بـــەهرەی شـــیعر گـــوتنی پـــێ بەخشـــیوە خـــاوەنی دیوانێـــك شـــیعرە بەناوی( بەرهـــەمی تەمەن )دانەیـــەکی پێشـــکەش کـــردم و سوپاســـی دەکـــەم .شـــایانی باســـە ، مامۆســـتا بـــەکر هـــەروەك پـــیرە مێـــردی نـــەمر- لەجـــەم کردنـــەوەی پەندەکانـــدا ،شـــێوازی شـــیعر ڕاســـتترواپە بڵـــێم هۆنینـــەوەی گرتـــووە ،دیـــارە ئـــەم شـــێوازە سـووك و ئاســـان نـــی یـــە ، بـــەڵکو قـــورس و گرانـــە ، بـــەلای کەمـــەوە جگـــە لە پاراســـتنی کاکڵـــەو گیـــانی پەنـــدەکان ، پاراســـتنی مۆســـیقاو کـــێش و ســـەروازش دەبێـــت لـــەیاد نـــەکرێ ، ئەمـــەش کـــات و ســـەلیقەو ســـەبری زۆری دەوێ .هیـــوادارم مامۆســـتای ئـــازیز ( م. بـــەکر ) ئـــەو خالآنـــە بەهەنـــد وەربگرێـــت ، هـــەتا سـووری خـــەرمانی کـــارو ڕەنجەکـــەی پوختـــەو پـــڕ بەرەکـــەت و دوور لەلـــەنگیی و نـــەنگ بێـــت ،هـــەتا ســـەرنج و دڵـــی خوێنـــەرانی بـــۆلای خـــۆی ڕابکێشـــێت و بەرنـــەدات ، مامۆســـتایش بەبەرهـــەمی ڕەنجەکـــەی شـــادمان وحەســـاوە و ئۆخـــەی کـــەر دەبێـــت ، ئـــەوەش دڵ گـــــەرم تـــری بکـــات بۆپێکـــەوەنانی بەرهـــەمانی تر.بـــاوەڕم وایـــە ،ئـــەو هـــەموو پەندانـــە هـــەموویان لەســـەر یـــەك وەزنـــی تاییـــەت هـــەر گیـــز نـــاکرێ و نـــاگونجێ بهۆنرێنـــەوە“ مەبەســـتم ئەوەیـــە،دەبێت

پــەنــا بــۆچــەنــــد کێشــێك ببرێــت ،چــونکە هــەر کۆمــەڵێك لــە پەنــدەکان لــە کێشــێکی شــیعری یــەوە نزیکەئەمــەش کــارێکی وردیــی ســەبر خــوازە و داوای وردەکــاریی و ســەبرو لێزانــی دەکــات .خــوا یــار بێــت مامۆســتا بــەکر خــۆی کــاری خــۆی ئــەبیٚ بــاش بزانــیٚ .دواجار، بەمامۆســتای شــاعیر و بــرادەرم ( م-بــەکر ) دەڵــێم : ســەبارەت بــە دنیــای شــیعر مــن نــاتوانم هیچــێك بڵــێم تۆخــۆت شــاعیریت شــیعر دەناســیت ،ئــەو کەســەش کەشــیعر بناســێت مســۆگەر هــۆنراوە باشــتر دەناســێت " ئومێــدەوارم هــەم شــاعیر و هــەم هــۆنەربێت، لــەکانگای دڵمــەوە ئاواتی سەرکەوتنت بۆدەخوازم.

م/ جمال حبیب الله (( بێدار )) ( ٨/٣/٢٠٠١١ )

## وتەیەك دەربارەی ئەم بەرهەمە :

تـــەنها بـــەناوی( خوا )ی گـــەورە( جل جلالـــە )درووددو ســـەلامی خواوەندلەســـەر ( پێغەمبەرمحمد )( د.خ )ســـەرجەم پێغەمبـــەران (ع.س ) وەشـــوێن کـــەوتوانی ئـــایینی ئیســـلام تـــاکو ڕۆژی دوایـــی .بێگومـــان ڕەوشـــی ژیـــانی مـــەعریفی لەســـەر چـــەند پایـــەو پێگەیـــەك پێـــك هـــاتووە، لەســـەرەتاوە ئـــەلف و بێـــی ئـــەم ڕەوشـــەش لـــە زانیـــاری و زانســـت و ..... تـــا.د. .دا بناغـــەی دارِشـــتووە و قۆنـــاغ بـــە قۆنـــاغ گۆڕانکـــاری و نوێکـــاری بەخۆیـــەوە بینـــی وە .بەرهەمـــەکانی زانیـــاری و زانســـت و مەعریفـــەی ژینـــیش ژیـــان و ژیـــاری لێ دێتـــە کـــایـــەوەلە هـــەمان کاتـــدا مـــرۆڤ وەك کـــار ئەکتـــەرێکی کارتێکـــەر و کـــارتێکراو لەگـــەڵ هـــاو ڕەگـــەزە کـــانی، واتـــە مـــرۆڤ و خـــەڵك لـــە خاکێکـــدا کـــە نـــاوی نیشـــتمان و ولاَتێـــك لـــەخۆدەگرێت، ،ژیان بەســـەر دەبـــات .زمـــان و خـــەڵك و خـــاك .....تـــا.د . کـــە پێـــك هاتـــەی نەتـــەوەن و ئاخـــاوتنی تاکـــەکانی گـــەلێك بـــەزمانی ڕەســـەنی خۆیـــان گشـــت بـــوارو چـــەمکەکانی لەرێـــزمـــان وئـــەدەبـــی نەتـــەوەدا بگرێتـــەوەو گرنگـــی پێبـــدرێت ئـــەو زمانـــە دەو ڵەمەنـــد دەبێـــت .یـــەکێك لـــە مـــەڵۆ ســـەنگینەکانی هـــەر نەتەوەیـــەك وتـــەی زانایـــان و وتـــەی نەســـتەق و پەنـــدی پێشـــینانی ئـــەو گەلەیە،لـــە نێـــو میللـــەتی کوردیشـــدا مرۆڤـــە ژیـــر و سەلیقـــــەدارەکان ،کـــەخاوەن زهـــن و دیـــدو بۆچـــوون بـــوون ،ئـــەزمونی تـــاڵ و شـــیرینی ژیـــان بـــیر ورِای لا دروستکردوون،هەســـتی بزوانـــدوون، و خوێندنـــەوەیان بـــۆ بـــارو

دۆخــەکان لــە لاگەلاڵــە بــووە.بەوتەیەکی پڕواتــاو مــەغزادارو پــەیام گەیەنــەر دەربــارەی خوازراوەکــان کــەکورت و کــۆو کاکڵــە و مەبەســـت دارن بـــە ئارایشـــت کردنـــی ئـــەدەبـــی و هــۆنـیـنـــەوەی داڕشـــتوەو دەر بــڕراوە چــووەتە نێــو بازنـــەی فۆلکلــۆر وکــەلتوور و ڕێــو ڕێیــازی ئــەدەبیاتی نــەتـــەوەی کـــوردەوە.وەك وتـــراوە :(( بــەرد لەشــوێنی خۆیســەنگینە )) ئــەم ووتــە یەکێکــە لــە ووتــە نەســتەق و بەنرخــەکانی پێشــینا نمان وێنــەی خشــتێکە بۆشــوێنی خــۆی جێگــەی خــۆی دەگرێــت وە واتــا بــەخش و زمــان حــاڵی ڕاســتی ئــەم بــووارەن . پەنــدی پێشــینان و وتــەی نەســتەق لەکــەلتوورو تــورا پی نەتەوەییــدا بــەنرخ و بــەهادار لێــی دەڕوانرێــت ،یەکــەم بەرهــەمێك کــە نوســرابێت و کۆکرابێتــەوە لەئــەم بــووارەدا بــە پێی سەرچــاوە مێــژوویی یــەکان دەگەڕێتــەوە بۆســەدەی حەڤدەهــەم و ســاڵی ( ١٧١١ )لەئــەرمینیای ســۆڤیەتی بەناونیشــانی ( میســـرۆب ماشتووســـە ).وەدووهەم بەرهــەم دەستنووســەکەی زانــای کــورد مەلامــەحمودی بــا یەزیــدی یــە کــە دەگەڕێتــەوە بۆســەدەی نۆزدەهــەم ،گــەر بڕوانیینــە مێــژوو لەئــەم بــووارەدا دەبیــنین لەسەرچــاوەو پــەڕاوە تۆمــار کراوەکــان بێگومــان دەبــین لەئــەوەی ئــەم بــووارە فــەرامۆش نــەکراوە ، پەنــدەکان لەلایــەن گەڕیــدە ئەوروپیــەکان و هاوزمانــانی خۆمــان ( کــورد )ەوە نوســراوەو کۆکراوەتــەوە .لەســەدەی بیســتەمدا ئــەم بــووارە گەشــەو نمــای زیــاتری بینراکــۆی نوســینەکان و بەرهەمــە بەنرخــەکانی ( پیرمێــردی شــاعیر )ی نــەمر و مــەرحوم شــێخی

**( خاڵ )و..تـــــا.د.لێ هاتـــه بــوون، بەرهەمـــەکانیان چـــا پکراون لەگـــەڵ دەستخۆشـــی وهەســـتی پێزانیـــــنبەنرخاندنی کـــاری گـــەورەو بـــەنرخ و پـــیرۆزی ماندونەناســـانەی یەکەیەکـــەی شـــاعیرو زانایـــان و ماموّســـتایانی پێشـــینمان .وەئێســـتاش لەگـــەڵ هیـــوای ســـەرکەوتووی بۆبـــەرێز مامۆســـتا ( بـــەکر ) کـــانی هـــەمزەیی گرنگـــی ئـــەم بـــوواره بزوێنـــەری بـــووه ، بـــەڕادەی توانـــاو پـــەی بردنـــی بـــەجیهانی ئـــەدەب و هونـــەری هـــۆنراوه بێـــژی ، پەنـــدەکانی نوســـیوەتەوەو کـــێش وقـافیەوســـەروای بـــۆدا نـــاوه ،ئـــەو بەرگـــەی لـــەخۆگرتووه کـــەدەبینرێت .ئـــەم بەرهەمـــە ڕەنگـــین وســـەنگینەی فۆلکلـــۆری کـــوردی کەلەکـــەلتوورو تـــورا پی ڕەســـەنی نەتـــەوەیی مانـــە مـــەڵۆ یـــەکی تـــری بەرهەمەکانیـــەتی ،بووبـــە ســـێ هـــەم بەرهـــەمی ، هیـــوا خـــوازین تـــوانیبێتی لەئـــەم بـــوارەوه خزمـــەتێکی زیـــاتری بـــەبواری پەنـــدی پێشـــینان و وتـــەی نەســـتەق و هونـــەری هۆنراوەبێـــــژی و فۆلکلۆروکەلتوورڕۆشـــــنبیری و ڕێچـــــکەو ڕێیـــــازی نەتەوەی کورد کردبێت .**

**کمال شێخ عبدالرحمن شێخ اسماعیل/ چنارەیی/ ٢٠١١/٣/٢١**

## نووسەر لەچەند دێڕێکدا :

نـــاوم :-مامۆســـتا( بەکرا حمـــد ئاغا )کـــانی هـــەمزەیی .لەســـاڵی ( ١٩٦٥ )لەگونـــــدیکانی هـــــەمزە هاتومەتـــــە دنیاوە.خوێنـــــدنی ســـەرەتاییم لـــە گـــوندی نـــاوبـــراو تـــەواو کـــردووە ،ناوەنـــدیم لەناحیـــــەی عەربـــــەت و ناحـــــیـــــەی زەڕایـــــن بـــــڕی وە .خـــانـــــــــــــەی مامۆســـــــــــتایانم لەســـــــــــاڵی ( ١٩٨٧ )تەواوکردوە.لەســـــاڵی ( ١٩٩٣ )وەك مامۆســـــتا دامـــــەزراومو خزمـــەت بەمندالـــە چاوگەشـــەکانی کوردســـتان دەکـــەم ،خـــاوەنی دووبەرهـــەمی شـــیعریم کـــە بـــەرگی یەکـــەمی بەرهـــەمی تەمـــەن-لەســـــاڵی ( ٢٠٠٦ ) وبـــــەرگـــــــــــی دووەمـــــــــــی بەرهـــــەمی تەمـــــــــەن ). لەســـــــاڵی ( ٢٠٠٩ ) چـــــــا پکران .بـــــــلاو کراونەتـــــــەوە. پشت بـــەخوا ئەمبەرهەمەشـــم خســـتە بەردەســـتی خوێنـــەران کـــەزیاتر لـــە ( ٤٠٠٠ ) پەنـــدی کـــوردی یـــە . هیـــوادارم تـــوانیبێتم لەئـــەم بـــوارەوە خزمـــەتم بـــە ڕەوشـــی ڕۆشـــنبیری و نەتەوەی کورد کردبێت.

مامۆستا بەکر /کانی هەمزەیی/٢٠١٠/٣/٢١

## ووتەی نووسەر

**بەناوی خوای گەورە**

**تەنهاســوپاس وســتایش بــۆ خــوای گــەورە کەیــارمــەتی دەرم بــووە بــــــــۆنوسینەوەی ئــەم پەندانــە و گەیشــتن بــەو ئاواتــە لەمێژینــــەم کەخولیایـــــــــەك بـــــوو لــەســەرمــدابـــــۆ نوســینەوەی ئــەم پەندانــە هەرچــەندە هــیچ بەرهــەمێك نــیــیــە کــەم وکــورِی نــەبێت بـــــەلاَ م تــەنها سوپاســی خــوای گــەورە دەکـــــەم کەیارمـــەتی دەرم بــــووە٠٠داواکـــارم لەخوێنــــەری بـــەرِێز لێبوردەییـــان هــەبێت بــۆ هەرکــەم و کورِیــەك ئەگــەر بــەر چــاویان کــەوت لــەکاتی خوێندنــەوەی ئــەم پەنــد نامەیــدا کەسەرچــاوەی ســەرەکی لـــــــــە پەنــدی پێشینیانی﴿ماموٚســتایی پایەبــەرز شــێخ محمـــدی خـــالْ﴾ وەرم گرتـــووە . بەشــێوەی هـــۆنراوە دام رِشــتووە و بۆدەربـــاز کردنــی لەووتــەی ئاســایی بــۆ کۆپـــلـــەی شیعر**

**بۆ زیاتر درێژە نەدان بەباسەکەم بەم خالاْنە دیاری دەکەم:**

**١- هەمووژمارەیەك پەندێکە زۆربەی دوو پەنەدە.**

**٢- چــەند پەنــدێکی تێدایــە کەهۆنراوەیــە بــەبیٚ دەســتکاری نووسیوومەتەوە.**

**٣- لەوانەیــە زۆر پەنــدی لــەلای خوێنــەر ناشــیرین بێــت بــەلاْم بۆکــەســـــانی کــــردەوە ناشـــیرین بـــەکاردێت لەشـــوێنی خۆیدا .**

**٤- هەنــدێ پەنــدی بــۆ تێگەیشــتن لێــی پێویســتی بــە خوێندنــەوەی زیاتر هەیە.**

**٥- نــەوەی نــوێ لەگــەڵ زۆر بــەی ووشــەکانیدا ئاشــنانین وەبگــرە نــاشــــی زانــــن بــــۆ یــــە لەوانەیــە پێویســت بــە پرســیارو بەدوادا چوون بکات بۆزانینی ووشەکان .**

**٦-داوای لێبــوردن لــە هــەموو ئەوانــە دەکــەم ئەگــەر بەتەشــهیر لێــی تێبیدەگــە چــونکە خــۆم بــەخادم وخزمــەت کــاری هەمووکــەس دەزانم**

**مامۆستا بەکر کانی هەمزەیی**

**٢٠١١/٣/٣١**

﴿بەناوی خوای گەورە﴾

ئەوەڵ بەناوی خـــودای بانـی سەر
یارمەتـــی دەری هەمـــوو ڕۆح لەبەر
بە ناوی خوایە بوونی بێ کـــــــــۆتا
بەرامبەر هیچ کەس نەیکردووە خـــەتا
ڕاگری هـــــــــەقە و پارێـزەری گشت
بۆکەسی بێکەس تەنها ئـــــــەوە پشت
بێ ئەو بەتــــــاڵە ئەم کەونی جە نجاڵ
هەموو بێ ماڵە و ئەو خـــــــــاوەنی ماڵ
وام بە باش زانی بۆ خــــــزمەتی گـەل
پە نجە و پێنوسم دەستیـــــــان کەنە مل
ئەم پەند نامەیە و پـــــەندی پێشینیان
بیان هۆنمـــــەوە بە هۆنــــراوەی جوان
پەندی پێشینیان لە ژوور چوار هـــەزار
لە ناو هۆنراوەم پێ بگـــــــــــرم قەرار
بۆ ئەم پەندانە گەڕام ســـــــــــەرچاوە
هەبـــــــــووبەس کەمبوو وەکو هۆنراوە
خودای بــــــــانی سەر بۆدڵی پڕ حاڵ
ختمیە خزمەتی ﴿شێخ محمدی﴾ خاڵ

**سەیرم کـــــرد ڕەنجی زۆری بۆ داوە**
**پەندنامەکـــــەی ئەو بوو بەسەرچاوە**

**ڕەنجێکی زۆر و بەرهـــــەمی گەوهەر**
**باخێکـــــــی جوانی پڕ جۆری سەمەر**

**گەنجینەیەکی پـــڕ لە عەقڵ و هۆش**
**دەروونی خوێنـــــــەر دەهێنێتە جۆش**

**بۆ هەر ڕوو داوێ ووتە یە بەتـــــام**
**بۆ وەڵام دانی کەســـــانی نەفام**

**لە بۆ هوشیاری و چاو ڕوونی خوێنەر**
**پەندی پێشینیان بووە بە نوێنەر**

**بەپێی توانا و ئـــــــەوەی بتوانم**
**ڕێـــــــــزبەندی ئەکەم لەشیعرەکانم**

**هیوام خزمەت و خـــــــــزمەت کردنە**
**بۆ گرفتی ژین سوود وەرگـــــــــرتنە**

**گەر ئێوەی خوێنـــــەر چوو بەدڵتانا**
**لاتان پەسەند بوو ئەم هـــــۆنراوانە**

**دووعایەکی خێر بۆ منی ئـــــاتاج**
**بۆ دوعای خێرتان من گەلێ موحتاج**

**پێنووس ئامانم فرمێســـك بڕێژە**
**یەك یەك نەمامی پەندان بنێژە**
**ئەم دەریای پەندە وەکو هۆنـــراوە**
**ئامۆژگاری یە و بۆ پیـــــــــر و لاوە**
**بۆ پیر بۆلاوە و بۆ هەموو تو ێژێ**
**بەوەش کەزەمان خەمی نا نێژێ**
**لەئەلف بۆ( یا ) هەمووی بەیان کەم**
**گوڵی هۆنراوەم لەدەست خوێنەرکەم**
**چوون هەمووکەسێ موحتاجە بۆپەند**
**لە زۆر جێگـــەدا وەلاّمە بۆ چەند**
**گەر ڕۆژگار ئاڵوی خۆی نە نوێنێ**
**ئەم دەریایی پەندە چۆن وەبەردێنێ**
**هەر چەندە دەریایی پەندە بێ بنە**
**دەریایە مەنــــــی بێ پەیە و وونە**
**وەلاّمە بۆ ڕووی زۆرکاری نا بەجێ**
**لەکاتی خۆیدا دەوترێ دەست بەجێ**
**تا نەبی بێبەش لەم گەوهـــەرانە**
**زوو کە و بخوێنە گشت ئەم پەندانە**

**(بەکر) تۆ ئەشقی پەندت لەسەرە**
**خوێنەر نەیخوێنێ باخێ بێبەرە**
**بەلاّم هەرجارێ خەڵك لەسێبەری**
**ئەحەسێتەوە بـــــێ دەردی سەری**

# پیتی ﴿ أ ﴾ ٣٦٢ پەند

١- ئاخری پیری و جۆیش بە تیری
هەر خودا چارە یە لە بۆ فەقیری

٢- ئاخ زۆر پەی زاتیٚ ئەمە ووتراوە
پەندە بۆ کەسی ترسا و دانراوە

٣- ئاخری عومر و هەوەڵ ترۆیی
بۆ ئەوە بگری بە نا حەق ڕۆیی

٤- ئاخورخوار( گا )هارساڵیش دووبەهار
تیا یا ڕوو دەدا کردەی نـــا لەبار

٥- ئاخوری بەرزە بۆیە لوت بەرزە
هەیبەت وسامی هەر ترس ولەرزە

٦- ئاخوورە کەیی خۆتت بۆ لیٚگۆڕاوە
لەچەوری ئاخوڕ سەرت سڕماوە

٧- ( ئادار )بەبیٚ دۆ نیسان بەبیٚ جۆ
لەبەر چی ئەکریٚ فەرقی من و تۆ

٨- ئا دارە و مەشکە لە دارە و لەدار
بەووتەت هیچ کەس مەکەلەکەدار

٩- ئارد بیٚژانە و هەم گیان کیٚشانە
ئاردی بن دڕك گرد نابیٚ گیانە

١٠- ئارد چووە هەمـانێ مێرد ئەڵێ کوانێ
ژنێ گێل نەبێ بەو ناڵێ کــــوانێ

١١- ئاردت بێژاوە و سوست ڕێـــــژاوە
نا خۆشە لـــــەماڵ هەبێت ئاژاوە

١٢- ئاردی جـەواڵم خوارد هەمانەم ماوە
ئاردەکەی بــــــڕوا سوسە کەی ماوە

١٣- ئاردی وورد لە ماڵ خاوەنیـــــــدایە
بەماڵی خەڵکی نا گەیتــــــــە مایە

١٤- ئاروو بە بـــــڕکەی خۆیــــە وە جوانە
ئاسکێ مانـدوو بوو گرتنی ئا سانە

١٥- ئازایان یەك جار ئەمرن لـــــەژیان
بەلاّم ترسنۆك لە هەمـــــوو ڕۆژان

١٦- ئاسکێ مەبەخــــشە کـــــە نەگیرابێ
لە دوعایی زەلیل بترسە گـــیرابێ

١٧- ئاسکی نەگیرا و زۆرە لــــە و هەردە
ئاسمان ستــــوونی ئەوێ لەم دەردە

١٨- ئاسمان سەرە خەر زەوی ژێـــــرە خەر
ئاسمان و ڕێسمانە قسە لەگەڵ کەر

١٩- ئاسمانم لەبەر چاو بووە تاریك
ئاسنی سارد کوتان پیاو ئەکا باریك

٢٠- ئەمەندەی کردوە کرداری سەرشێت
ئاسمان لێفـە بێت بۆی دانا پۆشێت

٢١- ئاسمـان و ڕێسمان قسەی دانایە
زۆری نا حـــالێش لێی بێ ئا گایە

٢٢- ئاسن بە قوون گەرم نابـێ کـــاکە
ئاسنی سارد مەکوتە نانێ پــە یاکە

٢٣- ئاسوودە خۆمم هیچ کـــــەرم نییە
لەبونی کاو جۆش خەبـــەرم نییە

٢٤- ئاسیاو گرمەی دێت ئاردیش دیارنییە
ئەبێت بزانین ئـــەم سڕەش چییە

٢٥- ئاسیاوت گێڕا یان دانی پێـــدە
یا ئاوی بـــبڕەو دەستی لێ بەردە

٢٦- ئاسیاوی فرە هەڕ ووردیش ئەهاڕێ
در شتیش فـــڕێ ئەدا جار جارێ

٢٧- ئاشی ئاوبـــــردی ئاشەوانی گێل
لەشۆێن چەقــچەقە چاوی بووە خێل

٢٨- ئاشی کەو تەگەڕ چەقەنەی حەسوود
سەر خۆی ئە شکێنێ برام بەبێ سوود

٢٩- ئاش بەچەقەنە و مەسۆیـــی بەچەنە
سەیری کرداری هـــەر هەمووی فەنە

٣٠ - ئاشی بێ مزە حیزی ئـــــا شەوان
گەورەی درۆزن ماڵ ئەکـــات وێران

٣١- ئاش کە گرمەی هات ئاردی نەبوو دیار
ڕە نجی کە سێکە کـــە کردەی نا دیار

٣٢- ئاش لە خەیاڵ و ئا شەوان لە خـەیاڵ
ئاشتی کتك و مشك کە پرسەی بەقاڵ

٣٣- ئاش و تەنوور یش هەر دوو بـــەنۆرە
ئاشەوان دۆســـت بوو دوژمنـــت زۆرە

٣٤- ئاشتی لە دوایی شەڕ خۆشتر لە حەڵوا
ئاشی ئاو بە ئاو گەڕیاوە بـــەخوا

٣٥- ئاشی کەم هەڕ بیستراوە و بـــووە
بەڵام هیچ نەهەڕ نابێ و نـەبووە

٣٦- ئاشی دەست نەزان خودا فـــریا ڕە سی
ئاگایی لـــەمام و خاڵ نی یەکەسی

٣٧- ئەمەندە وریاس ئەو هەڵکەو تووە
ئاگا یی لە خشەیی مار و مێرووە

٣٨- ئاگای لە مەحموی بێ زەواد نییە
پیاوی تێر ئاگای لە برسی نییە

٣٩- ئاگری کردەوە ئەو بەد کـــردەوە
دنیا بسوتێ و خۆی و بیبـــاتەوە

٤٠- ئاگر کەوتەوە ئاگر بڕ ئەیگرێ
کردە پیس یاخوا یەخەی کەس نەگرێ

٤١- ئاگر لەسەر پشتی بکەوە داماوە
ئەزانم خواردنی هەر نان و ئاوە

٤٢- ئاگر لە چاوی باری ئـــەو لاوە
هەموو کەس زانی حەقـــی خوراوە

٤٣- ئاگر لە کایی کۆن بەرنەبێ چاکە
چوون کوژا نەوەی زۆر تـــرسناکە

٤٤- ئاگرە سوورە هەر لە خۆم دووربێ
ئەوەشی سوتـــا با هەر بسوو تێ

٤٥- ئاگری پێوەنێ بۆ سۆی لێ نایە
ئابە و وەزعەوە بۆ وا بـــــەلایە

٤٦- ئاغا ژنی سەر تەختە چەپەڕێ
پشیلە یە هات کـە دووگێ بەرێ
بێزی نەهــات ختــەی لێ بـکات
دەعیەی بەرزی وای لێ دەکـــــات

٤٧- ئاغا ڕۆیی خودا شکـــــــور بۆ تۆ
بەدەم دڵ تەنگم بە دڵ هەر بڕۆ

٤٨- ئاودەست مەشۆ نە بۆ من و نەبۆ تۆ
نانی گەنم نەو مەجبووری بۆ جۆ

٤٩- ئاغا چوو بەتەکاندان بۆ سەرو پێ
نەبوو خزتمەتکار چووبۆ دەست و پێ

٥٠- ئاغا و خزمەتکار لێك ڕاست بوونەوە
قوربانی و قوربان لە بیر چوو نەوە

٥١- ئاغاژنی بەر چەپەڕێ سەر لە دەرێ
بۆ باوەشێن پەنایی بردە کلکە کەرێ

٥٢- ئافرەتی لفکە خوارپیاوی گوێ بەگوار
پەسەند نەکراوە ساڵیش دوو بەهار

٥٣- ئاڵتون لە قوڕا نا گۆڕێ ڕەنـــــگی
ئاو لە بێژنگکە دۆڕای لـــــەجەنگی

٥٤- ئاڵتـــونی نـــاوێ بۆی ئە زەڕێ کەر
کەش کــەش صەلاَوات لە سەر بێ خەبەر

٥٥- ئەوە گۆزە یە و ئەوەش مـــــــەیدا نە
ئـــاو لە سەبەتەش خۆ خەڵتــــــانە

٥٦- ئاو ببڕێ لەڕۆخانە خوێش نابێ بەبێگانە
پیاوەتی ئـــەرکێکە و وا لە سەر شانە

٥٧- ئاو بۆ ئـــــــــاوەدانی نەك بیابانە
خۆزگە مەخوازە بەوەی نـــــــادانە

٥٨- ئاو بەدەستی خۆت نە یخۆی بێتــــــامە
ئاو بەدوایی بێلاَ ڕۆ یووە مـــــــامە

٥٩- ئاو و شوێنی لێژ گەلێ مەحـــــــاڵە
هەرکەس خۆی هەڵـــنا پوچ و بەتاڵە

٦٠- ئاو بێنە و دەست بشۆ لــە پاش ئیفلاسی
حەیفە ئەو کەسەی کەسی نە نــاسی

٦١- ئاو زانی بە تیری مەلا کێ خواردی
ئاو بە ئاگرا بکەن بۆ شــــــــادی

٦٢- ئاو لە بێژنگا قەت نـــــــەوە ستاوە
بۆ کەسی دەم شڕ ئەمە ووتـــــــراوە

٦٣- ئاو لە دەستیەوە تکـــــی لیٚ نایە
بۆ پیسکەکانە کە لەم دونیــــــایە

٦٤- ئاو کوتان لە دنگ هیوایــــە دوورە
هەرگیز پیاناگات چوونکە مەجبوورە

٦٥- ئاو لە زولفی تکا، ئە ئەو عــــەیارە
چاوەڕێی باشی لیٚ ناکـــــریٚ دیارە

٦٦- ئاویٚ لە سەرم کەتیٚ پــــــەڕی کرد
چ گەز و صەد گەز کــە نوقممی کرد

٦٧- ئاو و ئاگرن زۆر بیٚ ئــــــــامانن
ئاگر بۆ سوتان ئاو بۆ خنکـــانن

٦٨- ئاو و ئاوەدانی زۆر جوان و ڕەنگین
هیوا بەخشینە بە ڕۆشنایی ژین

٦٩- ئاو بە جۆگەلەی خۆیی ڕۆیی ئەڕوا
لە نامەردانیش نەکەی بکەی داوا

٧٠- ئاوایی پڕە وکە چی مەتـــــیٚ کڕ
ماڵوێران باشتر لە پیاوی دەست بڕ

٧١- ئاواتت شیرین نانەکەت گەنـــــم
گەر تۆ یەك مەنی منیش دوو مەنم

٧٢- ئاوەدان حەریرە هەرگوندە و نۆ میرە
ناپە سەند قسەی قۆڕی لـە بیرە

٧٣- ئاوەدان بێت ئە ئەو مـــــەراغە
خولاّم گۆڕاوە و بووە بە ئـــاغا

٧٤- ئاوەڵی قەلاّت دەنووکـــی هەرگووە
دوور بە لە نامەرد هەتـــاکو زووە

٧٥- ئاوی ئامۆن و تو نی با با چـــێ
هەرگیز فلاّنم بەدلاّ نـــــاچێ

٧٦- ئاوی بێلەغاوی خواردووە ئەو جوانە
بۆیە ئەمەندە سەرمە ستە گیـــانە

٧٧- ئاوەکەت ڕێژا گرد نـــــا بێتەوە
چووەی لەدەست چوو نا گەڕێتەوە

٧٨- ئاوی زۆردارە و سەر بەرە و ژوورە
خادیم کە جێگەی لە سەروی ژوورە

٧٩- ئاوی سەر بەڕوو نانی بێ کەڕوو
کوزەڵەش خۆشە کە نەییێ زالوو

٨٠- ئاوەکە سوێرە تینوێتی نە شکان
لە پاشی چووە مەدە لە دەست وڕان

٨١- ئاوی شیرین لەگڵی سوێر نەبووە
ئە ئەم ڕووداوە هەر بوە و بووە

٨٢- ئەمەندە تۆخە ئاوی چاوی برد
هەرچیەکی کرد هیچی سەوز نەکرد

٨٣- ئاوی کردە ژێر جێگەی پیٚ کرد لێژ
بەڵام نافامی کەری حۆل و گێژ

٨٤- ئاو لە کولاٚنی خۆی هاواری کرد
هەرچیەکم کرد خۆم بە خۆمم کرد

٨٥- ئاوی مەن و گۆشتـــی مەڕی گێژ
خۆشە دەست لەمل ژنی بالاٚ درێژ

٨٦- ئاو بەجۆگەوە یابە بـــــە بیڵەوە
تۆ و جیٚ مەهێڵە بەدەم کـــــێڵەوە

٨٧- ئاوێکـــــــــــی وە ها پیسی ڕێژاوە
خۆی ملی شکا جێی هێشت ئاژاوە

٨٨- ئاوێنە ئەگری لە ڕووی هەرکەسیٚ
چاوەڕوان بکـــــەو لێتدا بەدەسیٚ

٨٩- ئاوێنە ئەگرن بەس بـــە دەمیەوە
کەچی هەر ئەڕوا بەلایی کەمی یەوە

٩٠- ئۆخەی ئۆخەی لە منێ کە پێم دەڵێ چڵمنێ
ڕاکە و زووبە ومەوەستە گا دەرکە لە هەرزنێ

٩١- ئۆخەی ماڵی خۆم ، ئۆخەی ماڵـــــی خۆم
حەزم کرد ئەت خۆم ، حەزم کردنــــات خۆم

٩٢- ئەتەر و مەتەر یەك لـــــە یەك بەد تر
داویە لە صەد ئاو قولی نــــە بووە تەڕ

٩٣- ئەدا بەلای مارا کلکە کەی قـــــرتان
کردەی پیسی بوو کـــــە مێشکی پژان

٩٤- ئەرزی لێ بووە بە چەرمـــــــە گایە
گا گونی نەبێ ئەڵێ : مـــــــانگایە

٩٥- ئەگەر تۆ مەنی وامن دوو مـــــەنم
بێجگە لە فیڵ و گورز و کە مـــــــەنم

٩٦- ئەزانم چەند موو وا بـــــە قونیەوە
تۆ بۆم باس ئەکەی بۆم ئە هـــــۆنیەوە

٩٧- ئەزانم کەری خۆم چەندە بـــــاریەتی
لەگەڵ نا مەردیش مەیــــــکە پیاوەتی

٩٨- ئەز ئەزم هەڵ ئە بەزم دا نـــــابەزم
گەر تۆ دزی من چاکتر لـــــە تۆدزم

٩٩- ئەسپ لە ڕێدا زۆر بووە خۆرا کـــی
لە پاش هاوڕێتی دەرکەوتووە چاکی

١٠١- ئەستێرە هەر چەند پرشنگ داتەوە
وەکو مانگ نابێت ڕوونی کـــا تەوە

١٠٢- ئەسپ پایەکی ڕنج و پڕ لەکارەسات
پایەکی گەنجەو هەم مایەی نەجات

١٠٣- ئەسپ نالْکرا کەرگووتی: ئەی من
بۆ منتان بیر چوو هەر وەکو دوو ژمن

١٠٤- ئەسپێك کە لە ڕوولات و دا مـــاوبێت
باش تر لە تەویلەیە کە پڕ لەکەر بێت

١٠٥- ئەش وەڕێ و ئەشتڕێ زۆر بێ شەرمانە
هەڵەوەڕ ئاخری بەشی هەر دەم کوتانە

١٠٦- ئە چمە باوان ئەتکم و دەردم وا لەســەر
ناچمە باوان بێکەسم ئەوم دەربــەدەر

١٠٧- ئەچمە جێیەك کە گۆشتێ بگـــــرم
نەوەك دەردێ بێت کەوا پێی بمـرم

١٠٨- ئەچمە شارێ هیچ کەس نـەم ناسێ
خۆشم هەڵ ئەکێشم پڕ بە کــــراسێ

١٠٩- ئەچیتە شایی ناو هۆمـەرە كوێر
هەڵتە پەڕێنن هەر بـــەبێ بلوێر

١١٠- ئەگەر نەبوو نە عەقڵ و نەفام
جارێ بەخاسی باس ئەكرای لەلام

١١١- ئەگەر ئەتەوێ عەقڵت ساواكەیت
لەگەڵ گەورەدا شەڕ و دەعوا كەیت

١١٢- ئەگەر بارانە ئەگەربۆرانە زستان
هەمووی زیانە بۆ بەفری كوێستان

١١٣- ئەگەر بەدینی مەبە یـــاری بەد
خودا بەد بگرێ لەبەر كاری بەد

١١٥- ئەگەر براشوان خوشكی چاوەڕوان
دایك و باوكە لە بۆ هەردوو كیان

١١٦- ئەگەر بزن كەوتە گیانەڵا و مردن
بۆ سەر بڕینی چە قۆكێش زۆرن

١١٧- ئەگەر تۆ نەبی بەیار و هاودەم
خودا ئەسازێنێ كارەكەم هەر دەم

١١٨- ئەگەر پشیلە دوور كەوێ لە ماڵ
خەو حەرام ئەكا مشك بەقاڵ قاڵ

١١٩- ئەگەر بۆ پیاو جوانی مەرج بوایە
ئەبوایە هەر بووك سوار زاوا بوایە

١٢٠- ئەگەر پێنج و ئەگەر شەشـــــن
گشت غولامی دێزە ڕەشـــــــن

١٢١- ئەگەر حوشتر ببوایە بـــــاڵی
هەموو کایەنێ گشت ئەبوو خاڵی

١٢٢- ئەگەر خۆت وەخاس ئـــــەزانی
دیارە ئەوە خۆت گەلێ نـــەزانی

١٢٣- ئەگەر خانەدان ئەگەر نـــامەردی
لە خانەدانان زۆر مەگرە گەردی

١٢٤- ئەگەر زۆر بوو خەنەی بـــەڕەنگ
گونا نیشی پێ ئەکرێ ڕەنـــگ

١٢٥- ئەگەرخەو چاك و پاك بووا یە
ئەبوایە کەروێشك بە پاشا بوایە

١٢٦- ئەگەرخلە ماڵی ئەکرد ماڵی ئەبوو
لەملکی خۆیا گاڵی ئەکردگاڵی ئەبوو

١٢٧- ئەگەردۆستێکی وەکـــو تۆم بوایە
دووژمنم نە بوو ئـــالەم دونیایە

**١٢٨-   ئەگەر دەستی چوو پیاوی سەر ئەبڕی**
**بە ڕۆژ ئەی کڕی و بە شەو ئەی بڕی**

**١٢٩-   ئەگەر دەنگ ئەکەم دەنگم دەر ئەچێ**
**گەر دەنگیش نەکەم ڕەنگیشم ئە چێ**

**١٣٠-   ئەگەر ڕەشبم و ناقۆلاٚ شبم وەکو موو**
**دەوڵەتی باوکم هەر ئەم ئەمدابەشوو**

**١٣١-   ئەگەر ڕووت نایە و مەکر ئە فرۆشی**
**بێژنگێ بنێ لـــە ڕووت بۆ خۆشی**

**١٣٢-   ئەگەر زۆرت ووت زۆر ئەکەی هەڵە**
**بێ دەنگ بە وەکو کوڕە کـــەچەڵە**

**١٣٣-   ئەگەر زاڵ نەبوویت بەستەزمان ئەبیت**
**چاکت ئەناسم کە کابرا کەی زوویت**

**١٣٤-   ئەگەر ڕێوی نووست لە خەویا مریشك**
**ئەخواو ئەشگرێ هەربە قیشکە قیشك**

**١٣٥-   ئەگەر زەمانەت ڕەخسا و پێ کەنیت**
**وەختی لێقەومان ئەزانی چـــۆنیت**

**١٣٧-   ئەگەر زانیت ئەوە خۆمم ئەوە ئەزم**
**نەشت زانی تالاٚن کەرم ئەوە دزم**

١٣٨- ئەگەر زمان وەستا سەر سەلامەتە
ئەگەر نەوەستا گیان ئەمانـــەتە

١٣٩- ئەگەر زیخ نەکەوتووەتە کەوشی
بۆ چی ئە لەنگیَ وا بە هـــێواشی

١٤٠- ئەگەر سەبر بیٙ بەرسیلە حەڵــوایە
کەسی بیٙ سەبر هەر کـــەل وەڵایە

١٤١- ئەگەر سەبر هەبیٙ پیٙ ئەبیٙ چی بیٙ
ئەو کەسە مەردە سەر پێچی هەبیٙ

١٤٢- ئەگەر سەگ نەبوو وا گورگ ئە تخوا
ستەمکار هەردەم لە سەرت ئەڕوا

١٤٣- ئەگەر سیروانیش گشت بخۆیتـــەوە
ناڵێم عافێتت بە خێربێیتـــــــەوە

١٤٤- ئەگەر شەعبانە و گەر ڕەمـــــەزانە
مووچەی کوڕە گەڕ تەنها دوو نانە

١٤٥- ئەگەر هاتوو شێر مەرحـــەبای کردی
مەکەوە ڕاوی بە دەست و بـــــردی

١٤٦- ئەگەر گۆشت گران نەخوارنی هەرزان
چ پێویست ئەکـــابیکەی سەرئێشان

١٤٧- ئەگەر گوڵ نەبوویت بۆباخی ژیان
مەبە بە دڕكیش بۆ ئازار و ژان

١٤٨- ئەگەر قاز نیت مەیكە هێلكەی قاز
لە كەسی زۆردار خۆت بكە دەرباز

١٤٩- ئەگەر قەرزاری هەرۆ بەیـــــاری
لە پاش مردنت جێبێڵە دیـــاری

١٥٠- ئەگەر قەلەڕەش ڕێـــنشان دەربێت
ئەبێ گەورەكان گشت دەر بەدەربێت

١٥١- ئەگەر كۆز هەبوو ئەوانان نـــەبوو
ئەگەر نان هەبوو ئەواكۆز نـــەبوو

١٥٢- ئەگەر كایەكە ماڵی خـــۆت نەبوو
وریابە كایەن كە ماڵی خـــۆت بوو

١٥٣- ئەگەر كاوێژی ئەبوو ئەخورا گۆشتی
بەبێ جیاوازی وورد هەم درشتـــــی

١٥٤- ئەگەر كەرن بەرامبەرو بێدەردی سەر
ئەگەرهێستر سەربەرامبەروسەربەسەر

١٥٥- ئەگەركەس نەیویستم شوونەكەم بەتۆ
گـەرهەزار جاریش پێم بڵێی تڕۆ

١٥٦- ئەو کەسە کەسە حەرفێکی بەسە
ئەوەی فیتنەیە ڕووی ڕەش، هەر کەسە

١٥٧- ئەگەر کەوڵ و پێست شتێ جوان بوایە
ئەوا وەك عابا لەسەر شـــاندایە

١٥٨- ئەگەر کونـدە بوو کەڵکــدار بوایە
ڕاوچـــی ڕاویە کرد لە هەموو لایە

١٥٩- ئەگەر لە جاشان یەکـــێ بمێنێ
تۆڵەی باوانی خۆی هەر ئـەسێنێ

١٦٠- ئەگەر لەکین گشت چوون یـــەکین
لە هەر جێ بین دوور ئەبین لـــەقین

١٦١- ئەگەر لوت نەبوو چاو چاو ئەخوات
لە شەرمی لوتە چاوان زرتەی هات

١٦٢- ئەگەر ماڵت هەس بووە کـــە فیلم
ماڵ نیە، شاهـیدبە کــە من زەلیلم

١٦٣- ئەگەر خوانە خواس کـــەمەلا تڕی
ئەبێت جەماعـــــەت بپۆشن سڕی

١٦٤- ئەگەر موو سامان و بەخـــت بوایە
ئەوا هەر بزن لەسەر تە ختـــایە

١٦٥- ئەگەر موو ئەبوو لەسەر تەوقی سەر
کەچەڵ بەشێوە نە ئەبوو قوڕ بەسەر

١٦٦- ئەگەر ناگەزی دانت دەر مــــەخە
بەسەر ناحەزا کارت ســەرمەخە

١٦٧- ئەگەر ئاغانی مەبە بە نۆکەر
قسەیە مەکە کار نەباتە ســـــەر

١٦٨- ئەگەر نەمد یایە فەساڵی باوکی
زیڕەم کرد بوو لە عەزرەت دایکی

١٦٩- ئەگەر نەییەخشی پادشای مەعبوود
چی لە دەست دێت و چ بکا مەحمود

١٧٠- ئەگەر گشت مەلێ هەنجیر خۆر بوایە
گشت داری بەردار ئەبوو بێمـــایە

١٧١- ئەگەر هەوەسە با ئیتر بەسبـــێ
خۆشت بامەدە با دونیا کـــەسبێ

١٧٢- ئەگەر وا نەبوو یان یاوا بوایە
چۆن ئەو قەرزە دەبوە دەس مـــایە

١٧٣- ئەگەر ووتی ماست سپیەبڕوای پێمەکە
لە پاشی دیاری داوایی هیچ مەکە

١٧٤- ئەگەر درا یە مەگەر بەبێ سـەر ئێشان
کورێکیـــــان بووە بە هەییـــەت وشان

١٧٥- ئەگەر یان چاند هەرگیز سـەوز نە بوو
هەرچی لە دەست هات کردی و وانـە بوو

١٧٦- ئەڵێ ژاڵە بۆ تاڵی ووتی لە بەر برامردن
ئەی گوڵت بۆئاڵەلەبەرتانەی دۆست ودوژمن

١٧٧- ئەڵێ مامە گیان گونت بە چـــــەندە
ئەڵێ تەرازو و ئەزانێ پە ســــەندە

١٧٨- ئەم دە ڵێ نێرە ئەڵێ بـــــی د ۆشە
جمێنی زۆر دارلای زۆر کەس خۆشـــە

١٧٩- ئەلف لەیلەم خوێند لە بۆ بێ کـــارێ
گووتی زۆر خۆشە بـــــەلاّم ئێوارێ

١٨٠- ئەڵێی ئاشەو کە کەوتووە ئـــــاوی
لەهیچ جێگەیەك نابرێت نـــــاوی

١٨١- ئەڵێی ئاڵەت کراوەتـــــــە قنگی
بۆیە ئیزعاجە هەناسە و دەنگـــــــی

١٨٢- ئەڵێـــی ئەسپێیە و لە کراسی کـــۆن
وەکــــــو دۆ ڕژا و سەر و چـــاوی مۆن

١٨٣- ئەڵێی: بۆ ئاگر هاتووە بە پەلە
وەسێتە چلەش نەدرێ ملـــــــە

١٨٤- ئەڵێی بەدەم دایناوە وەك خۆیی
نەفرەتکەن لەوەی کەبە درۆ ڕۆیی

١٨٥- ئەڵێی بازاڕی شێخ هــــەمزەیە
حاشا لە دیاری و ئالە و ڕەزەیە

١٨٦- ئەڵێی بەردی بنی گۆمە دیارنەما
هەرگیزلەزۆر دار یش مەبەبەتەما

١٨٧- ئەڵێی ئەو بەردەی کە ئاوە سووە
چی بەسەرا هات ئا لەو دوو دیووە

١٨٨- ئەڵێی بە ڕووی لە دەم تەقیووە
ئەم کارەی قوڕ بوو تیایاچەقیووە

١٨٩- ئەڵێی تەرازووی بەن بچڕاوە
هەوڵی دزییەتی لە هەموو لاوە

١٩٠- ئەڵێی تەلای دەستەوشاریاگە نجی باوە
کردویەتی بە کۆلۆ و بۆتی هێناوە

١٩١- ئەڵێی تێلای قوت داوە ڕاسە
نازانم بۆچی وابێ حــــــەواسە

١٩٢- ئەڵێی پشتەماڵی حەمامە کاکەم
هەردەم لە خزمەت یەکێکا هەردەم

١٩٣- ئەڵێی پشیلەی کـــــەللە خانەیە
دڵی ئالودەی لای بێـــــگانەیە

١٩٤- ئەڵێی پیرەژنە و دۆکـــــەی ڕژاوە
ژاوە ژاو و یەتی دایـم لــەم ناوە

١٩٥- ئەڵێی جاشی ماکەرێکن هــەر دوو
هیچ پێویست ناکا قسە و ئارەزوو

١٩٦- ئەڵێی چاو لە سەر چاو ئەنیـــتەوە
هەر بـــــەم دەورەدا ئەسوڕێتەوە

١٩٧- ئەڵێی جیوەی تێکراوە کـــــابرا
وەستانی نیەو هەر ئەیکـــــا هەرا

١٩٨- ئەڵی حەمـــــامی ژنانە ئەم ناوە
هەر کەسە لێرە بۆ خۆی حـــساوە

١٩٩- ئەڵێی خۆڵی مردوی کراوە تەســەر
ئەمەندە بێدەنگە کابرای قوڕبەسەر

٢٠٠- ئەڵێی خەرەنگەزی بن کلکــی گایە
گیـــزەی نـــاخۆشی هەر لەسەردایە

٢٠١- ئەڵێی خوری خوارد پەڵکی داناوە
چوون کاری گەنە و ڕەتـــی بلاوە

٢٠٢- ئەڵێی دۆمە و خەلاتیان کردووە
هیچ نەبووە کابرا لەترسا مردووە

٢٠٣- ئەڵێی دێزەی ڕەشە کـــــــرداری
شەڕکردن خۆشتر لام لە بێکاری

٢٠٤- ئەڵێی ڕۆنی سەگ دراوە لە سمێڵی
زۆرن تێگلاون هەر لە بەر وێڵی

٢٠٥- ئەڵێی ئەو سەگە پێ سوتـــاوەیە
هەردەم قاچێکی لە ئاژاوەیـــــــە

٢٠٦- ئەڵێی گەماڵی سەر دێڵە وەبایە
بۆیە هەموو کات دەم بەهەرایە

٢٠٧- ئەڵی سەگی عەرەبە چغ نازانێ
پێی بڵێ نابێ ئەو ئەڵێ کوانێ

٢٠٨- ئەڵێی سێوێکن کرانە دوو بەش
جیاوازی نیەو بەبێ غەل و غەش

٢٠٩- ئەڵێی شێخێکە دەوری هەر پەڕۆ
شەو بەبێ داریش بەڕێگـــا مەڕۆ

**٢١٠- ئەڵێی ئەو شەکەی کەشوانان گاوە**
**هەڵوێستە ئەکات لە هەمـــوولاوە**

**٢١١- ئەڵێی شەیتان بووە بەمـامۆستای**
**وابە و شێوەیە بە سەریۆ وەســــتای**

**٢١٢- ئەڵێی شێتە و لە بەرد ئەگــەڕێ**
**ئاواتی دایم وا لەســـــەر شەڕێ**

**٢١٣- ئەڵێی چالاکەس هەر ئەبێ قەڵەو**
**هەردەم ئاواتی هەر خواردن و خەو**

**٢١٤- ئەڵێی گۆشت قازی خواردووەدەنگ زیقە**
**لوسە لە گۆشتا هەر وەکو بەتریقە**

**٢١٥- ئەڵێی گەنەیە و لەبـــن گونی گا**
**چویە هەر جێیە ئەویش لەو جێگا**

**٢١٦- ئەڵێی گولی بەخیلە گشت کات**
**ناکرێ چارەی بە هەزار ئـــافات**

**٢١٧- ئەڵێی گوگێژی کردووە ئەو پیاوە**
**گوی گێرە دەکات چوونکە دۆ ڕاوە**

**٢١٨- ئەڵێی گوێز ئەکاتە هەمانە بەدەس**
**یا وەکو گوێزە و باری نیە بۆکەس**

٢١٩- ئەڵێی گوێزی بۆ ئەژمێری بێباك
قسەی بۆ ئەکەی خۆی ناکا هیلاك

٢٢٠- ئەڵێی گیپـەی جۆس هێندە بێبارە
خۆی فرە جوان بوو باریشـــــی لارە

٢٢١- ئەڵێی ئەو گێسکەی کە لە ناو دێیە
جێی داوە بەخەڵك خۆشی بێجێیە

٢٢٢- ئەڵێی قەلە و بەچکەی قـــــەلانە
بە یەکیان گووتووە کامە بێگـــانە

٢٢٣- ئەڵێی فاتەی سوورە بانە بۆ فیتنە
یا کاسەی چەورە و لە دەست دووژمنە

٢٢٤- ئەڵێی کەری دەروێشە بەگشت ماڵ فێرە
کلکە نەوتینەی سەربـــەرە و ژێرە

٢٢٥- ئەڵێی کەڵە شێری سەر بـــارە دارە
ژاوە ژا و یەتـــــی ڕۆژ تا ئێوارە

٢٢٦- ئەڵێی کەڵە شێری کلك هەڵکەنراوە
بە هەمـــــوو کەسێك دەڵێ خراوە

٢٢٧- ئەڵێی کەندووە و بەتاڵ و هەتاڵ
یان کەڵەشێری لە پاشکۆی بەقاڵ

٢٢٨- ئەڵێی کەندوە و نەزان کردو یەتی
دایم قاچێکی لـــەڕێی نەگبەتی

٢٢٩- ئەڵێی کچـە جافیان بۆ دابەزاندووە
بۆیە دڵ خۆشە و وا دڵشـــاد بووە

٢٢٩- ئەڵێی کلاّوی جنی لە ســــەرنا
لە هەموو شتێ بووە بـــــە ئاگا

٢٢٩- ئەڵێی ئەو کوردەی کەدۆی نەدیووە
ڕەنگ و بۆی نەما وەکو هەتـــیووە

٢٣٠- ئەڵێی کوزە کە متیـــــاری لایە
بۆ هەموو کارێ هەر خۆی بەلاّیە

٢٣١- ئەڵێـــی کوپەی بێسەر و بنــــە
پێم ناڵێی ئەوە کـەی کاری منە

٢٣١- ئەڵێی لە گەروی مار دەرهـــاتووە
ئێستاش هەوڵبدات بۆ بوونی زووە

٢٣٢- ئەڵێی لە ترش و خوێدا هەڵ قرچا
زۆر دواش کەوتووە لە کار و ڕەنجا

٢٣٣- ئەڵێی لە سەر ئاگر دانیشێنـــراوە
جێ بەخۆی ناگرێ هاتە ئەم ناوە

٢٣٤- ئەڵێی مانگایە و لە چەمی مالوان
وەك کەری ئابلاّخ پشتی بووە پان

٢٣٥- ئەڵێی مریشکی لای ئـــــاشەوانە
تاکشەی لیّ بکەی بۆ سەر دۆڵیانە

٢٣٦- ئەڵێی مەشکەی تالّــــداوە کاکم
خۆی هاوار ئەکاو ئەڵیّ پیاو چاکم

٢٣٧- ئەڵێی مریشکە و ئاوەڕووت کـراوە
هەر چەند هەولّ ئەدا هەروا لەدواوە

٢٣٨- ئەڵێی مشتەیە و لە ناو هەمانە
بۆ مەرامی خۆی تیری کەوانە

٢٣٩- ئەڵێی مشکە و جەوالّ ئــەدڕیّ
بەکردەی خراپ پیاوەتی ئەسڕیّ

٢٤٠- ئەڵێی مێشێك میـــــوانی نی یە
گوێت لیّ ناگریّ بەسەرهات چی یە

٢٤١- ئەڵێی بنمـــــیچی قومارخانەیە
داییم لە فێڵە و هەر بیّ عانەیە

٢٤٢- ئەڵێی ئەو مێشەی وا بە پیسیەوە
لە مەرد و نامەرد گیر بە دەسیەوە

٢٤٣- ئەڵێی سووتاوە نانی لە سەر ساج
خۆت مەکە هاوڕێی کەسی بێ ڕەواج

٢٤٤- ئەڵێی نەید یـــووە نەباو نە بۆران
خۆی نایە شانی خانـــزادی سۆران

٢٤٥- ئەڵێی نیسکە و بێســـەرو پشتە
هەر خـــۆی سەرکەوێ چ باکی گشتە

٢٤٦- ئەڵێـــی ئەو هورچەی دەستی شکاوە
بۆڵـــــە بۆڵیەتی دایم لەم ناوە

٣٤٧- ئەم ترە کەڵەکە هەر سەر ناگـــرێ
خۆی پێی ناکـــرێ بە من ئەیگرێ

٢٤٨- ئەم دەستە نەبێ موحتـــاجی ئەو دەس
هەرگیز مەسپێرە نهێنیت بـــەکەس

٢٤٩- ئەم سەر ئەکا و ئەو ســـــەر ئەکا
هەمـــوو مـــاڵی دا کاری پیـــنەکا

٢٥٠- ئەم سەر بەکرێ ئەو سەر بەکـــرێ
بە پارەی کـــرێ کـار پینە ناکرێ

٢٥١- ئەم قســـــە بخـــە دووتێی نانەوە
لە نامـــەرد بێ سوودە خۆ پاڕانەوە

٢٥٢- ئەم كاسە پیسە بێ ژێر كاسە بێ
یا خوا كەس گیری هەناســە نەبێ

٢٥٣- ئەم لای بەرداوە خستیــــە ئەو لاوە
كاری نەزان گۆ كەوت لە دوو لاوە

٢٥٤- ئەم نانە بەو ڕۆنە كاری پیسكەیە
گۆشتی ئەمماڵەش هەر لەوگیسكەیە

٢٥٥- ئەم هەویرە ئاو زۆر ئـــەكێشێ
سەری دەپیچێ كـــە قاچی دێشێ

٢٥٦- ئەمانەت درا بەكـــــۆڵی ئەرزا
نەچووە ژێری و لـــەبەری لەرزا

٢٥٧- ئەمە ئەرز و گەز بۆ خاوەن حەقە
هەر چەند ئەو ووتە لەزۆر جێ ڕەقە

٢٥٨- ئەمە خوێی چێشتە لە چاوی ئەودا
كە ئەو هات ئەم خۆی لە ترسا لادا

٢٥٩- ئەمڕۆ ئێرە دیوەخانەجێگەی نانە
سبەینێ كاو لەو جێگەی مشكانە

٢٦٠- ئەمڕۆ دنیایە و سبەی زوڕ نـــایە
كەس بە كـەس نەڵێ بۆچی وەهایە

٢٦١- ئەوە بۆنا و هۆز ئەمە بۆ ناو کۆز
دەمت هەڵپێکە کاتــێ هەبوو تۆز

٢٦٢- ئەو بەردلە مشت و ئەم دێزە بەکۆڵ
وەکو ئاگر و پوشی دەشتـــی چۆڵ

٢٦٣- ئەو خورمای خواردت وەها مەزانە
دەنکی ئەو خورمام من لە گیر فانە

٢٦٤- ئەو خوێنەی شەوێ بە سەریا چووە
چاوەڕێ مەکە لە دەست دەرچـــووە

٢٦٥- ئەو دانیشتـــــووە لەوێرانی وێر
خەڵکی تەموورە لێی ئەدەن بەتیر

٢٦٦- ئەو ژنەی دانــــی جوانی لانە بوو
بە چــاو پێکەنی بۆ سووری ڕووبوو

٢٦٧- ئەو ساڵەی کەوا ساڵی برسی بوو
کۆسەی دامـــاو ئەو ساڵ برسی بوو

٢٦٨- ئەو بووە بەسوار و منیش بە پیادە
چ فایدەی هەس خوڵکی سەر جادە

٢٦٩- ئەو شوێنەی پاکە خۆم لێی ئەنیشم
تا لەم ژیانەم هەر ئــەوەش ئیشم

٢٧٠- ئەو چاوە كوێربێت نابینیٚ دووژمن
لە فەرعانەشدا دۆستی ئەكا وون

٢٧١- ئەوكاتە زانیم كارم بوو وەگوو
سەرۆكی بازاڕ ئێستا یاقووەجوو

٢٧٢- ئەوكاروان چی و من خان چی بم
ئەو بۆكوێخابێت من ئەحتیاجی بم

٢٧٣- ئاوت خواردە وە لە هەر كـــانیەك
بەردێكی دەركە كەسی بە ئەمەك

٢٧٤- ئەوەی قسەی كرد خۆ فیلەتـــەنە
نەیلێت و بیكا وەك كەركەو كەنە
بیلێت و نەیكا مانگای تـــــەڕزەن
نقە نــقی بێت وەك كەری پەیزەن

٢٧٥- ئەوەی دوو بەردی كێشا بە یەكا
بێخـــەم ئەتوانیٚ ئەردیٚ پەییاكا

٢٧٦- ئەوەی گیانبدا هەر گیان دەسێنیٚ
لیٚ بووردن خۆشە و تـــۆڵە نەسێنیٚ

٢٧٧- ئەوەی بنیاتی ماڵی لە شووشەس
نابیٚ بەرد بدا لە پەنجەرەی كەس

٢٧٨- ئەم مانگە مانگی ڤیرو سیـایی بوو
مانگی مل شکـان دڵ بێـــزاری بوو

٢٧٩- ئەو نانە نانە ئەو ڕۆ لــــە خوانە
دیاری گوڵێکـــــەو لە دەست میوانە

٢٨٠- ئەو وارە نەبوو ئە ئـــــەم بەهارە
هەموو ئاواتمان لای کـــــــردگارە

٢٨١- ئەو وەختە دانی دوێتـــــەم دەکەند
کردیەلای گاگەل تابی کەم پەسەند

٢٨٢- ئەوا گا گوی کرد بەڵام بەبێ ســـوود
من چ بکەم لە دەست کە سانی حەسوود

٢٨٣- ئەوە ئاوی سارد بۆ هەورازی سەخت
چوون ئاخر شەڕم لەکوڕ نەم بوو بەخت

٢٨٤- ئەوە ئەرز و گەز گەر مەرد و پیاوی
فشە و فیشاڵیش نەمـــــاوە باوی

٢٥- ئەوەی وا باوە ئەمڕۆ لـــــــە ناوە
قەدر و حورمەتی گـــــەوران نەماوە

٢٨٦- ئەوە کەی بەختە کـــــەگسك بدەم
کێری کەر دەرچێ لــە بەر گسکەکەم

٢٨٧- ئەوەی بن بەڕە مەخە سەر بەڕە
کارت پێی نەبێ و سڕی مەدڕە

٢٨٩- ئەوەندە بچۆ کە قە درت نـــەچێ
پیاو زۆر بڵێ بوو بەهەڵەش ئەچێ

٢٩٠- ئەوەندە شوێنی دزی ماڵ کـــەوە
لێت هەڵنەگەڕێ و لێتدا بەو شەوە

٢٩١- ئەوەندە سەردە لە ماڵـــی باوان
بێزار نەبن لێت بڵێن سەر چاوان

٢٩٢- ئەوەندە دزە کل لە چاو ئەبـــــا
مەردئەو کەسەیەلای نامەرد لاتبا

٢٩٣- ئەوەندە شیرین کرداری و جوانی
زۆرکەس ئەخەیتە داو بە ئاسانی

٢٩٤- ئەوەندە گەڕاو ئەملاو ئەو لای کرد
دەفی دڕاوە و هیچی سەوز نەکرد

٢٩٥- ئەوەند باوەڕ بکە بڵێ خوا هەس
پاش ئەوە چی گووت بەخودا درۆس

٢٩٥- ئەوندە ئامۆژگاری پێویستە کاکە
بێچارەی بێکـــــار کردار هیلاکە

٢٩٦- ئەوەی کە خواردی ڕەنگـــە نەزانیٚ
بەلاّم تێی گوشی زۆر چاك ئەزانیٚ
٢٩٧- ئەوەی با کردی بە بارانـــــی تەڕ
بارانیش کردی بە بەفری گیان سڕ
٢٩٨- ئەوەی بە بێوەژنی ئەیکەیت وئەیلێی
بابە کچێتـــــی بتکـــردا یە جێی
٢٩٩- ئەوەی بۆ کاسەی دراوسـێی ڕوانیٚ
ئەبیٚ بەبیٚ شێو ســـەرینی دانیٚ
٣٠٠- ئەوەی بەگـــــاوان بڕا لای گاگەل
ماکەرگاینە زۆر بە پـــــەلە پەل
٣٠١- ئەوەی بە جوتیار بڕا گەنمە و جۆ
بە سەرهاتی تر بۆ ئەو پڕ لە سۆ
٣٠٢- ئەوەی بەوم کرد بیٚ سوو چوو خەتا
با بــــە دەواری نە کردوە تا ئێستا
٣٠٣- ئەوەی پێم کـردووە کەووتم خێرە
کە چی لێم گۆڕا وەك گورگ و شێرە
٣٠٤- ئەوەی گا کـــردی نابێت گا بیخوا
هەولّـــدە بۆ گشت ، تاوای لە دەونیا

٣٠٥- ئەو ســـاکە کەشا و شالیاری بوو
ئێستا ئەو شایە وە تەتەر دەرچوو

٣٠٦- ئەوەی دامنـــــاوە بیدەم وەکرێ
ئەی دەم بە منالێ ئەیدەم وە ترێ

٣٠٧- ئەوکارە چاکەی بۆ ئەوهەڵکەوتووە
بزنی دێلێژە بۆی ڕێك نە کەوتووە

٣٠٨- ئەوەی کە بۆ خۆت کە بەڕەوات زانی
ئەبێ بۆ خەڵکیش بە ڕوایی زانی

٣٠٩- ئەوەی کە سەرکـــــەوت بە پیژەدا
ئەبێ لە یەکەم پلە وەدەست پێکا

٣١٠- ئەوەی کـــــە ترسا هەڵ ناخلیسێ
ئەو کەســـــە مەردە ، نەجاتدا کەسێ

٣١١- ئەوەی کەخواستی یەك جار ڕووەشی
هەتاکـــــو ماوە هـــەر ئەبێ بەشی

٣١٢- ئەوەی جەنابت کە زۆر پێی پەستە
من زۆر پێی مەستم لاشم مەبەستە

٣١٣- ئەوەی تۆراوە بەشی خــــــوراوە
ڕوودارە ئەوەیــــــــە ڕوو هەڵمالاوە

٣١٤- ئەوەی کە پشتی ناحەقی گرت هەرکات
نۆکەری زاڵمە و دەستـــی پێت ناگات

٣١٥- ئەوەی نەیدیبێ پیاز و ڕیشـــۆڵی
قنچکی نێرگسان ئەخـوات لە چۆڵی

٣١٦- ئەوەی کە کردی حوشترەوان لـەماڵ
ئەبێ سەر دەرگای بڵند کات دەرحاڵ

٣١٦- ئەوەی کە دۆستان بەدۆستی ئـەکات
هـــەرگیز منالاَن بەمەستی ناکـات

٣١٧- ئەوەی پیا کردی نووکـە دەرزیەك
لە سەر دڵیخە نووکـــــی سووزنەك

٣١٧- ئەوەی کە چاندی دڕك لە سـەر ڕێ
نابێ بگەڕێ کە پێی خاوســـــبێ

٣١٩- ئەوەی زۆری خوارد زۆر نـــــەژیاوە
تەنها چاکـــــەیە و لە پاشت ماوە

٣٢٠- ئەوەی بڕاوە با کـــــردی و بردی
نامەرد بێســـوودە هەرچی بۆ کردی

٣٢١- ئەوەی قـــەرزی دا بەدەستی ناپیاو
پیاوەتـی و پارەی لە دەستچوو تەواو

٣٢٢- ئەوەی کە بەندە ئەیکات بە خەیاڵ
لەلای خواوەند ئەکــــرێ بەتاڵ
٣٢٤- ئــــەوەی دانیشێ لەلای ئاسنگەر
پرش لێـی ئەدا بەبێ دەردی سەر
٣٢٥- ئەوەی لـــــە شەڕا نەبووە شێرە
لە ئاشتەوایش دەنـــــگی دلێرە
٣٢٦- ئەوەی لە فیتنە وونی کا شمشێر
دەربازی ئەکا گیانی چەند دلێر
٣٢٧- ئەوەی نەبووەلەماڵم چوزانی لەحاڵم
کە وەك دەهۆڵم و پوچ و بە تاڵم
٣٢٨- ئەوەی لــــە مشکە جەواڵ ئەدڕێ
نا مەرد بە تانە جــــەرگت ئەبڕێ
٣٢٩- ئەوەی لەگەڵ بووك نەبــێ ئاشنا
بەر بووك نایناسـێ لە پێچ و پەنا
٣٣٠- ئەوەی بتــوانێ منارە بــــدزێ
کیفــــــی بۆ ئەکات نەوەك بڕزێ
٣٣١- ئەوم نە گۆڕی من بە هـــــێستڕێ
پێم نـــاڵێی بۆچی بیدەم بە کەرێ

٣٣٢- ئەوەی ناوکی ویست تویکلّ ئەشکێنیّ
دوکەلّ بیّ ئاگر هیچ کەس نایبینیّ

٣٣٣- ئەوەی نەبووە لە دەرپێــــی شڕم
چاوەڕیّ ناکەم ببیّ بە کـــــوڕم

٣٣٤- ئەوەی شمشێری هەڵگرت ڕا ی وەشان
نابیّ بترسیّ لە جەنگی مـــەیدان

٣٣٥- ئەی بووکە کەی لـــــەماڵی مەتی
سەرت ڕووت کرد و پـــاشت پەتی

٣٣٦- ئەی پایزە برا مەرحەبا بۆنەبوی دیار
لە فەرعانەم دا لیّم بووی بە شالیار

٣٣٧- ئەییاتە سەرکانی خۆنادات ئـــاوی
هە رئەو ئەزانیّ چەندە دامـــاوی

٣٣٨- ئە یەویّ بدات لە قولاّیـــــی ئاو
قولی نەبێت تەڕ خۆ لەگەلّ پیّلاّو

٣٣٩- ئەیەویّ ماسی بگـــــریّ بیّ دەنگی
قولی تەڕ نەبیّ یا نەکـــو قنگی

٣٤٠- ئە یخۆی بیخۆ ، ناخۆی چـــــش
ئەوە نان و ئەوە دۆی تـــــرش

٣٤١- ئەیخۆی بیخۆ نایخۆی عـــەبەلە
فرسەتی هێنا ئەیخوات بەپـەلە

٣٤٢- ئومێدمان تەنها هەرکاکە وەیس بوو
ئەویش لە ئاکام بەسوونی دەرچوو

٣٤٣- ئێستر و ماین کاتێ بە شـــــەڕدێن
هەرکەر و گایە بەر لە قە ئەدرێن

٣٤٥- ئێسکت مرێ ئـــــەی ئێسـك گران
حەسیرە شڕەی پەنـــــای ئاگردان

٣٤٦- ئیسکـــــــی بەدزی خۆکردی گانێ
کەچی واموسکـــــی ئەبەنە دیوانێ

٣٤٧- ئیشکـــــردن شێرە کارت کرد ڕێوی
بگرە ڕێی چاکـــە هەتاکو چاکوی

٣٤٨- ئیش ئیشی خاتون ناونانی مەیمون
سەرم سڕماوە من لە هاتوو چوون

٣٤٩- ئیشکەرم بمـــرێ مشور خۆرم نـــا
چوون لـــە قولفی داو نەجاتم ئەدا

٣٥٠- ئیشکەر خۆیەتی خۆشەویستی خەڵك
مەردە ئەو کەسەی بۆ خەڵکی بە کەڵك

٣٥١- ئیشی ئەمڕۆ مەخە بەیـــــانی
زوو تـــــــەواوی کە هەتا ئەتوانی

٣٥٢- ئێش و ژانیش بێت وکـــــەچوار بێ
تەنها هەر نان و هەر هەویر دیار بێ

٣٥٣- ئەمڕۆ چیت چاند سبەی ئەی دووری
پیاو بمـرێ دووژمن نەخوات مشووری

٣٥٤- ئیمڕۆ و سبەینێم بــۆچی پێئەکەی
حەقی خۆت بدەو باسی کەس نەکەی

٣٥٥- ئینسان کە چووە ناو شاری کـوێران
دەستی لە چاو نێت چاوەڕێی خێران

٣٥٦- ئینسان بە خەیاڵ پلاوی نایە سەر
هەتا چەور تر بێت خەمی وا لە سەر

٣٥٧- ئینسان لە نزیك کورە نــــەنیشێ
ئەگەر نەسووتێ سەری دەئێشـــــــێ

٣٥٨- ئینســــان گانی یە هەر لە پێستی خۆی
بمێنێ و بژی تـــــــامردن دێتە ڕێی

٣٥٩- ئینسان غەریب بوو تانەی لێ ئەدەن
هەر چەندچاکیش بێت غەییەتی ئەکەن

**٣٦٠- ئەوەی نەگبەتی خزاناو ماڵی ئەکریٚ وەپەن**
**لە پیٚشدان قەوی و لە دوا وە لە قونیە بەن**

**٣٦١- ئیٚوارە وەختە جـــــرپن بە بە خـــــتە**
**پیـــــاوی بـــەد بەختە ئازاری سەختە**

**٣٦٢- ئەگەر ئەزانی هـــــــــەر بە سەرهاتیٚ**
**مەیکە بەگاڵە دەمـــــــــــت نا یگاتیٚ**

## پیتی ﴿ب﴾ ٢٩٧ پەند

١- با بخۆین هەتا نەیان كوتـــاوین
بەجێی نەهێڵین هەتا كــــو ماوین
٢- با بڕوا سیر بخوا و زوڕناكەی لێدات
بەو خــــــودایە بەهیچ كارێكیاناگات
٣- با ئیتر بەس بێت دێزە بە دەرخۆنە
پیاوی پارە پیس ناو چاوی مـــۆنە
٤- با كەو هەڵفـــــــرێ بچێتە سەردار
ئەوسا نەجاتم ئەبێت لە بەد كـــــار
٥- با لە كوێوەهات شەنی خۆی دەكـــات
شەرمەزار نابێت كـــــاری وائەكات
٦- باب كوژا و خەوت داك كوژاو مـــاوە
لە برسا مردو حـــــــسابی تەواوە
٧- برا با نۆشمان هەر لەســـەر دەبێ
من گیرۆدەبــــــــم ئەو ئاسوودەبێ
٨- با بوو شەنی كـرد باران بوو ئاشی
لە مەسلەحەتیـــــا ئەڵێ تۆ باشی
٩- باخ ساڵێ بەری نەگرت نا یــبڕن
پەردەی ئەسراری كەسیش مـــەدڕن

١٠- بوختتتان ئاسانە بەرهەمی گرانە
مەرد لەگەڵ نامەرد ئەرز و ئاسمانە

١١- باخەوان لە کاتی گەیشتنـــی ترێ
گوێی گرانە و گوێ لە کەس ناگرێ

١٢- باخەوانبم باشترە لەوەی چاوەڕوان
ئاو بتبا باشترە لە پردی نامەرد دان

١٣- باخی بێ بەرە و یەخـــەی گرتووم
کۆڵم لێنادات هەتـــاکو زیندووم

١٤- بارانی بە لا باران ناگاتە هـــەوار
پەندێکی جوانە شەرعی مار بە دار

١٥- بار نا ناڵێنێ لە باج و خـــەراج
ئەگـــەر خاوەنی نەیدات بەهەڕاج

١٦- بارێ قورئانیان نا لە پشتی کەرێ
ڕەوشتی کەری هەرمـــا لەسەرێ

١٧- باران ئەبارێ و زەوی ئـــەشۆرێ
ڕێوی گان ئەکاو چەقـــەڵ ئەتۆرێ

١٨- باران ئەبارێ خۆ بەتـــەقە تەق
دار و دیوارمـــان جێگەی ئەبێ لەق

١٩- باران کە باری ئاشم لە هەڕە
کە باران نەما جووتم لە گەڕە

٢٠- بارت بگرە و باجی خۆت بسێنە
بڕۆ واز بێنە و ســەر مەئێشێنە

٢١- بارە گوێزی لێنێ قەت خڕەی نایە
زۆر ئاقڵ گیری دەستـــــی بەڵایە

٢٢- بارێ گران بوو بۆ پشتی حوشترە
مردن لە ڕوشکان لــــەلام خۆشترە

٢٣- باریکان ئەڕێسێ بـــــازاڕی گەرمە
بازاڕ کە ساسیش خاوەنی شەرمە

٢٤- بازن لە دەستیا ئاڵتونی خالیس
خۆشت دوور بگرەلەکەسی دەمپیس

٢٥- باڵدار بەباڵ و بنیادەم بەبرادەر
کوڕ ئەو کــوڕەیە لە کڵ بێتەدەر

٢٦- باڵندە یەك بوو نەی ئەخوێندزووزوو
کاتێ کەخوێندی لەدەمی دەر چووگوو

٢٧- باڵی شکاوە و قاچی ئەبەســـــتن
پێم ناڵێن تــاکەی لایا ئەوەستن

٢٨- باز بازی بەڕیشی باباش بازی
لە خۆی ڕازییە قەت نابێ ڕازی

٢٩- بانگی ( محمد.د.خ ) بەئاشکراخۆشە
لە بێکەسی بـــوو وا فە رامۆشە

٣٠- بان و دوو هەوا پەندێکی جوانە
نەکەی جیاوازی لە نێو منـــاڵانا

٣١- با وەژن دیـــن بێت دوژمنـــی منە
وەکـــــو گەردە مل لە سەر گەردنە

٣٢- باوك بێ برا ئامـــــــۆزا فرەس
لە کاتی بونـــدا فرە کەست هەس

٣٣- باوك کوژرا و ئەڵـــێ خوا حافیز
کەچی پلاو خۆر ئەیکات گیزە گیز

٣٤- باوك بەڵایە دایك قـــــــەزایە
ژنی باش بۆ پیاو نیعمەتی خوایە

٣٥- باوکمان برایە من وەجـــاخ زادەم
قسە زۆر بکەی لە ماڵ دەرتــــەکەم

٣٦- باوێشکی خۆی دا پاشی تێر بوونی
یاخوا هیچ کەسێ نەبێ مەمنونی

٣٧- بە تەماشا کردن و وەستان بوایە
ئەبوایە سەگ زوو قەسابی دەرکردایە

٣٨- بە تەماشام نابێتە پـــــاشام
بۆ واز ناهێنی نابیتـــــە ئاشنام

٣٩- بەتەمای بنکرم کەچی هێند توونم
سەری مەتبەق چی دایی لە گە ردنم

٤٠- بە تەمایی فرۆی مانگا زەرد بوین
لە بەر نەزانین بە تـۆبە دەرچووین

٤١- بە ترِ حەمام گەرم نابێ گـــیانە
نا خۆشە بدرێت تـــــەوقە ترِانە

٤٢- بە ترِی گۆیژە ئەکێڵێ نەفامـــــە
بێدەست بەدۆستی دایکی ووت مامە

٤٣- بە توونـد و تیژی ئیش ناچێتە سەر
ماربەقسەی خۆش لە کون دێتەدەر

٤٤- بەتـــوورەکەی بەتاڵ ئەسپ ناگیرێ
بۆ هەمـــــوو کارێ بکە تەگبیرێ

٤٥- بە پەتی خەڵکی خۆت نەخـــنکێنی
چونکە ئاخری نوشست ئەهێنـــــی

٤٦- بە تیرێ دوو نیشا نەت شکـــان
دەبا بەسی بێت درۆ و تەفرەدان

٤٧- بە پەڕێك سەری ببـــڕە داماوە
فریایی نەکەویت تەواو فەوتاوە

٤٨- بە بەلە پیتك خۆی دائەتـــەکان
ڕۆژی تەنگانەش ئەکەوتە گریان

٤٩- بە پرسیار ئەڕۆی هەتا بـــە غدایە
شەرمن لە زۆرجێ وەر دەگـــرێت پایە

٥٠- بە پشیلەیان گوت گووت بۆدەرمانە
لە بەر حەسودی شاردیە وە گیـــانە

٥١- بە پێکەنینی زاڵم قەت نەکەی باوڕ
زانـــی ئەزانی پێت ئەفرۆشێ شـەڕ

٥٢- بەجوو سەر خوسان بە گاور تـــاشین
برسی لای خۆشە نیسکـێن و ماشین

٥٣- بەحەوت تەور ملی بۆت نـــابڕێ
کە فتەو کەساسە لە کـــاتی شەڕێ

٥٤- بەحەوت کەس بە زۆر بردیانە شایی
پاشان بـــەچوارده دەرکرا لە شایی

٥٥- بە حوشتر یان گوت بۆ ملت درێژە
گوتی دوور بینم دا هاتووم لێژە

٥٦- بە حوشتر یان گوت کوڕێ جوانت بوو
گوتی بە من چی کوڕ بوو یاکچ بوو

٥٧- بە خۆت بخۆ تێر بە خەڵك بكە خێر
زەمانەش زۆری کردووە سەر و ژێر

٥٨- بە داریان گوت دووژمنت بۆ هـــات
لە خۆمە کلکی بۆیە وام لێهـــات

٥٩- بە خۆشی زستان و پێكەنینی زۆر دار
هیچ باوەڕ مەکە گوێ گـــری نازدار

٦٠- بە خاسە خاسە ڕیا ناو کـــاسە
ئەمـــــــندە لارە ئەڵێی تەور داسە

٦١- بە خاڵۆ خالۆ خۆی خــــــزانە ماڵ
لە بەر نا مەردی کردەی بوو بە تاڵ

٦٢- بە خاڵە خاڵە هات بەلامـــــــەوە
بوو بە هەژدیها و دای بە پامـــەوە

٦٣- بە خەڵك سەگ وەڕی بە من پشیلە
ئێستا ئەزانم بەختم چەند دیلە

٦٤- بیر بە دەرزی کەی هەڵکەنراوە
بە هەموو کەسێ مەڵێ تەواوە

٦٥- بە خوێنی سەرم ئەمەند تینووە
پەلەی بوو بمرم هەتاکو زووە

٦٦- بە دەستت بیدەو بە پێ دوای کەوە
بۆ خەم خەوە و بۆ خەویش شەوە

٦٧- بە دەستی خۆم چیم کردوە بــەخۆم
ئێستا ئەزانم کە من ڕەنجــەم

٦٨- بە دەستی خۆی ئاگری بەردا ماڵ
خۆت ئەم کارەت کردمەیکەقاڵەقاڵ

٦٩- بە دەستی خەڵکی مار چۆن ئەگیری
بە پیلان خەڵکی مەخە ناو بیــرێ

٧٠- بە دەستێك دوو کاڵەك هەڵنەگیراوە
ئەو کـــــەسە زاناس نەخەڵتاوە

٧١- بە دەستێك چەپڵە لێ نـــە دراوە
تێر بووی لــە شتێ بچۆرە دواوە

٧٢- بە دەمــێ خواردیان بە قنگێ ڕیان
نازانم بۆچی لــە بیر یەك نەمان

٧٣- بە دەمی یەکترا ڕشـاونە تـــەوە
بۆیە ئالودەن وا بەیەکــــــەوە

٧٤- بە زمانی خۆم چیم کردوە بە خۆم
کونیە کەم پیسکرد ئەبێ هەر بڕۆم

٧٥- بە هەزاران دکتۆر گـــەربن گرفتار
نازانـــــــن دەردی کاکـــی گرفتار

٧٦- بە سەد دەرزی گاسنێکی تیـا نابێ
هەرگیز کۆڵەکەش لە تەر و نابێ

٧٧- بە سەرئاوی حەمام مەیکە پیاوەتی
خۆت دوور گرە لەوەی نەگبەتیەتی

٧٨- بە سەر مانوستوو بە گەرما هەستاو
قەدەر هاتە سەر کوێر ئەبێ دووچاو

٧٩- بە سکێ تێرە و بە دووسك بـرسی
ئەزانی حـــاڵی بۆ ئەکەی پرسی

٨٠- بە شەو جەردەیەو بە ڕۆژیش مەردە
خوا هەڵیەماڵێ ئەم سرِ و پەردە

٨١- بە شیری شوانیش دڵی کـــــرمنە
دوژمن دار هەموو کەس لای دوژمنە

٨٢- بە چەپڵە قوزیٚ ناچێتە دەریٚ
كوڕ ئەو كوڕە یە دەستی بۆ بەریٚ

٨٣- بە گایان گوت وەختی تۆ كەیە
گوتی كە مانگا پێش كەڵەگایە

٨٤- بە گورگان خواردی داوە ئەو لاوە
هەر چەند ئە زانی كار ناتەواوە

٨٥- بە گورگیان گوت ئەمڕۆ تۆ شوانی
گریانی بۆ كرد هەتاكو تــوانی
گوتیان بۆ ئەگری خۆ كەسبیٚ چاكە
گوتی ئەترسم درۆبێت كـــاكە

٨٦- بە گوڵێك بەهار نەهاتووە و نـایە
بەهار بەبیٚ گولٚ وەك پایز وایە

٨٧- بە گوڵێكیان گوت بۆ رەنگت گەشە
گوتی باخەوانم مەرد و دڵ خۆشە

٨٨- بە گیایی بەهارا نەی تــووڕاند ووە
وازیش ناهێنیٚ هەتـــــاكو زووە

٨٩- بە عەرەب مەڵیٚ ئەخی مەرحـــەبا
هـــەم ئەشت خوا ، هەم ئەشت با

٩٠- بە فەلەك ئەڵێ وە لەك نەزانە
بە قنگ هەناسە ئەدا وێـــرانە

٩١- بە فرمێسکی چاو مەکـــە باوەڕێ
لە بەد کاریا گشت کەس ئەهاڕێ

٩٢- بە قەدەر بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە
لە هەر جێیەیەك بووی بزانەدانیشە

٩٣- بووبە دێوەکەی حەزرەتی سولە یمان
ئەوەنـــدە ئیشی لەلا بووە گران

٩٤- بە قنگ هەناسە ئەدا ئەو پیـــاوە
کایەنی پڕ بوو بەبەلاش لـەلاوە

٩٥- بە قنگەوە خستیە ناو کــــەند
لە سەرحەقی بوو کردویە بە پەند

٩٦- بە کار نەبـــووە هەر بە چارەیە
زۆرە لەم ژینــــە کە پەتیارەیە

٩٧- بە کارە کەرت کە فەرموو خـــانم
کاسە ئەشکێنێ و ئەڵێ نـــازانم

٩٨- بەکەر ناوێرێ بە کورتـــان فێرە
تازە لە پاش چی ئەم ژێر بە ژێرە

٩٩- بە کەڕیان فەرموو جامێ ئاو بێنە
دەرپێکەی داکەند یەکسەر لەو شوێنە

١٠٠- بە کەریان گوت دەی مەعـــریفەتێ
لنگی بەرز کردوو لێی دەدا جـــرتێ

١٠١- بە کەوچك کۆی کـــردەوە ئەو داماوە
بە ئەسکوێ بلاّویا ن کردەوە لە و ناوە

١٠٢- بە کێری خەڵکی ئەگەر گـــانت کرد
زۆر بێلەزەتە و هیچت سەوز نـــەکرد

١٠٣- بە نەعلەت بێت بزن کەبن کلکی بگەزن
سەگ و شوان هەر دوو پێکۆ دەبـــەزن

١٠٤- بە لـــە وێچکە ئاوێ کەوتووەتە مەلە
خۆ بادانی وەك گــــــەرمایەو قەلە

١٠٥- بە مازوان تێك شکا بەسچکان چ بکـا
لـــە پاشی چووەش چەند و چون ئەکا

١٠٦- بەم ئەقڵیـــەتەوە بۆ سەریـــان بڕۆی
هەتا بزانی کەوا چەند تــــــڕۆی

١٠٧- بە مەلایەکیان گوت نامەیە بنووســـــە
گوتی نازانم من بەم پێنووســـــــــە

١٠٨- بە منداڵی لێم دیار بوو کە بار بوو
گەورە بوو چەتوون وەلێشم هار بوو

١٠٩- بەناریَ و نەرگس پڕیان کرد لە تس
کەڵەشێر دەرکەوت مریشك دەڵێ فس

١١٠- بە ناڵە ناڵ و نوکە نـــوك ئەهات
قوچە داهۆڵـــــەو بووە بوك لەلات

١١١- بەنان هات و بەئاو خوریا لەم ناوە
ئەوەی ویستم نەی دەویستم تەواوە

١١٢- بە نەوگ مەردووم سەر ئەبڕێ زۆردار
زۆرن لە داخی نەزان شێت و هار

١١٣- بە هەر چاو منی بینی کاکـی بـاش
منیش بەو چاوە ئەی بینم زۆر بـاش

١١٤- بە هەزار زاوا مــــــاڵ نەبـــوو ئاوا
نا خۆشە دیاری لە پـــــاشیا داوا

١١٥- بەهەشت خۆش بوو جێگەی تۆ نەبوو
مەگۆڕێ لە خۆت بڕیارت چۆن بــوو

١١٦- بەهـــەموو کەسێ مەڵێ ئەی خـــاڵە
برای دایك خـــاڵ خاڵە کەی خاڵە

١١٧- بەیەك گاگێڕە چۆن ئەکـرێ کاکە
کـــــێ یە لە دەستی زەمان هیلاکە

١١٨- بە تەقەی تفەنگ دەرناکەوێ بۆم
ئیتر نازانم بـــۆ لە دووی بڕۆم

١١٩- بەختەکەم ڕەش بووکەچووم بۆ دزی
بوو بە مانگەشە و دامـــــام بەکزی

١٢٠- بەختی ڕەش کەهات خۆی نایەسەرشان
چ لە گەرمیان بم یا ن چ لەکوێستان

١٢١- بەخت ساڵێ جارێ دای لە دەرگـــام
یان لە ماڵ نەبووم یان بێ ئـاگام

١٢٢- بەخـت وەرگەڕا و ڕوی کردە ئینسان
پەڵوڵەش بخوا ئەشکـــێ دەم دان

١٢٣- بەختت ڕەش بێ خەنــەت هەش بێ
بەڵام ئاسودەی هاوسەر دڵ گەش بێ

١٢٤- بەختـــم لە هەموو شتێکا سوور بوو
بەڵام لە شوتی سپـــــی بلور بوو

١٢٥- بەد ترین لە بەد گـــەلێ بەد ترە
بـــەد لە بەد ترین فرە چاکتـــرە

١٢٦- بەر لە مەلا خۆی خزانە مـــــزگەوت
ئەم سرِەچـی بوو پێشی مەلا کەوت

١٢٧- بەر لە وەستاکەی دوکان گەرمەکا
بۆیە وا وەستای تەماشای ئـــەکا

١٢٨- بەرازی دەم بەستراوە لە ئاستی ماڵی
هەرچەند قسە بکەی لێت نابێ حاڵی

١٢٩- بەرت کەنەڵان پشتت هەڵ دێــرە
هەموو کارێ چاك بۆ دینـت خێـرە

١٣٠- بەرە و با میزکـــا ئەوە ئەحمەقە
بۆیە دایمە قسەی حـــەق رەقە

١٣١- بەرەی خەڵکبێ و کە لە ژێر تایە
زوو هەڵ ئەتەکێ سوێند بەو خوایە

١٣٢- بەختی دایك جیـــازەیی کـــچ بێ
دوورە پەرێز بە لـــە لانەی هورچێ

١٣٣- بێوڵەی بوو بەدوو تێر نە بوو لە گوو
لە پێناویاندا ئەو ئابرِوشی چـــوو

١٣٤- بەرەکەت لە نانی تەنك و پەتی باریکە
حەسودە دایم هەر دڵی تاریکـــــە

١٣٥- بەرتیلە کە بەرد ئەکا بە هـــەورير
مـەنازە بەوەی دەستی بە کـەوگیر

١٣٦- بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە چاك بزانە
کەی بۆ دۆشین و زاینی نـاو پەزانە

١٣٧- بەرد دەی لە گۆزەو گۆزەت دا لە بەرد
هە رگۆزە ئەشـــکێ کە درا لە بـــەرد

١٣٨- بـــــەردێ بشکێنە و دوو ڕوو مەدوێنە
کاروانی بگرە و باجـــــــت بسێنە

١٣٩- بەردە لە جێگەی خۆیـــــا سەنگینە
بەرد بشکێنە بەس مەی لە قێنـــــە

١٤٠- بەردی بچوکـــــیش سەر دەشـــکێنێ
وەك بەردی گەورە خوێـــــن دەڕژێنێ

١٤١- بەردی دەشت بۆ چۆلەکـــەی دەشت
مەردە ئەو کەسەیە هەوڵئەدا بۆگشت

١٤٢- بەردی سەر مەڵۆی ناوە لـــــەولاوە
چ باکی هەیە ئیشـــــــــی تەواوە

١٤٣- بەردێ کـــــە نەزان هاویشتیە ناو ئاو
بە سەدان زانا نایەتـــــــــەوە ناو

١٤٤- بەردێ کە زانا ختیە ناو ئاوێ
بە هەزار نەزان بۆیان دەرنایێ

١٤٥- بەرز ئەفرێ و یا بەرز ئە خورێ
هیچی پێ نەکرا پیایا ئە تـرێ

١٤٦- بـەرز فڕینی پیاو مل ئەشکێنـــێ
نزم نیشتنەوەی لـــە رزی لێ دێنێ

١٤٧- بەرچاوی تێر و ئابڕوو مەنـــــدە
کردەوەی جوانی لای عام پەسەندە

١٤٨- بە بەرگ مەڕ و بە کەڵپــە گورگە
تالب بەلاکە ئەو ڕەفتار سەگـــــە

١٤٩- بەرماڵی سەرئاوکەوت ئەمەندە ڕاسە
هەر خوا ئەزانێ کێ خاسەو خاسە

١٥٠- بەڕوو بە کولاّوی و کاڵی و برژاوی
لە دوای خواردنی زۆر خۆشە ئاوی

١٥١- بەڕووی دەم بزنە زۆر سوك وئاسان
پیاوی زۆر بڵێ خەڵك ئەکا هەراسان

١٥٢- بەری دەستی خۆت گەستوە کاکە
تەنگانە ماوەی کورتەو خەم ناکە

١٥٣- بەسەر حەوت پشقڵ باز ئەدا ئازا
خوا ڕەحم بکا بەو کەسەی لاوازە

١٥٤- بە سەر دۆست بەدڵ کۆستی ئەزیزم
چ باکت هەیە ئێستا من زیــــزم

١٥٥- بەسمە بەسمە کوڕە کەچەڵە بەسمە
موحتاجی ئەو دەست نەبێ ئەم دەسمە

١٥٦- بەشـــــەر بەشەوێك ئەبێ بە پادشا
هەمان کەس شەوێك ئەبێ بە گەدا

١٥٧- بۆ بەشی کابان هەر ڕوو ڕەشی بێ
داماوە ، بۆیە ئەوە بەشـــــــــی بێ

١٥٨- بەچکە گەدا یان مەخەرە تەمـــــا
بەچڵە گیایە هەر دێنـــــــە سەما

١٥٩- بەچکەی مەلــــــەوان لە ئاو ناخنکێ
مەپرسە حاڵـــــم کێ یەو کوڕی کێ

١٦٠- بەچکە مراوی وا دانــــــــراوە بۆی
هەر لە هێلکە جوق مـــەلەوانە خۆی

١٦١- بەگی بێ پارە وەك بەگـــــی موشێن
تێـــی هەڵ ئەدرێ لە هەزاران شوێن

١٦٢- بەفری ئاداریٚ بڕواتە پۆپەی داریٚ
چون کاتی نی یە نارٍوا تا ئیٚواریٚ

١٦٣- بابەلاٚ با بدا لە شەروالی شـڕت
کوڕی کەس نی یە ببیٚتـــە کوڕت

١٦٤- با بـــــــەلاٚ بدا لە کاروانتەوە
کەر پیٚشەنگیٚتی و وا لـە پیٚشتەوە

١٦٥- بەلکە پیٚی گوتم خۆمــــــم و سکم
هەزاران فاکت ناگاتـــــــە فیکم

١٦٦- بمنویٚنن ئیٚوە بە جلی تا نجـــی
تەنها بەو مەرجە بلیٚن ژن حاجی

١٦٧- بۆ لە ئاستی عەیبی خۆت کویٚری
وەها فیٚر کرای یا هەروا فیٚـــری

١٦٨- بەندە بەبیٚ عەیب نەبووە نـــابیٚ
ئەو بەندە بەندەس خوا لیٚی ڕەزابیٚ

١٦٩- بە هەموو ئاوی دەریـــای ئەم دنیا
چەویٚ بەرز ناکات کەوا لە کۆشیا

١٧٠- بە هلـــــولی دانا کە لەو بەغدایە
ڕازی بوو بەکا کـــــاشیان نەدایە

١٧١- بەو بایە دەژیم کەلای تۆ وە دێ
هەر چەندە ئێستاش تۆوەك من بێ جێ

١٧٢- بەیار کێڵاڵن و جووتی بە گـــای لەڕ
چپە مەحاڵە بکـــــرێ لەگەڵ کەڕ

١٧٣- بەسەر دولـــــــکانە گریانم نایە
درۆزن هـــــــــەرگیز ناگاتە مایە

١٧٤- بەیانی تا ئێوارە هەر سەگی خەسان
پارەی حەق دەستی دا گەڵاوی دەستان

١٧٥- ببێ بە ئاگر کوێ ئەســـــــوتێنێ
ئەگەر شت نی یە بۆ ناوی دێنـــێ

١٧٦- ببێ بە چەقەڵ بسوڕێتـــــــــەوە
سەری کلاشم نالێسێتـــــــــەوە

١٧٧- بۆ گۆشتی کێری کەر پەنابـــــەرە
مەکێشە منەتی بێ سەرو بـــــەرە

١٧٨- بخۆ بەردی ڕەش بکە خەوی خـــۆش
برا بۆ برا دڵی دێتــــــــە جۆش

١٧٩- بخوڕە و مەبڕە هەتا ئەتوانـــــــی
قەدری خەڵکت گرت بۆ تۆیە جوانی

١٨٠- بدە ڕەنج کاکــە بۆ خواردنی گەنج
جۆ بۆ دانی کەر نەوەکــــو بـــرنج

١٨١- بدەن لە تەختە حیزیش بەبەختە
پشتی چالأیــی هەورازی سەختە

١٨٢- بدەی لە هەردێ ملتـــی تیا بشکێ
لە پردی نامەرد نەدەی دەست بەجێ

١٨٣- برا برایە و بــــــــرازاش جیایە
برا یە لە ڕووی بــــــرا بێ حەیایە

١٨٤- برا کە کاتێ بوو بە برازا بـــۆت
ترازا کاری دوری کە لە خــــۆت

١٨٥- برا گەر گرتی پشتی بــرای خۆی
مەگەر مــوقەدەر لــەلای خودا بۆی

١٨٦- برای دایك جیازە وەك ماری بێ ئیجازە
هەر مەجالی بێ ، زۆر پێت بێ نیازە

١٨٧- برا گـــەورەم بەو گووی زیادە نەخۆی
لە قسە کـــردن بزانە چۆن دەڕۆی

١٨٨- برایەتی بەزۆر قەت نەگـــــیراوە
چاکە کاری یە بە مێرد سپێــــــراوە

١٨٩- برامان برایی و کیسەمان جیــایی
من خۆش و تۆ خۆش بەس ماڵ ئاوایی
١٩٠- برسی و سەربەستـــــی نەبووە و نابێ
ئەبێ پیـاو بۆ خۆی خاوەن وەفا بێ
١٩١- برسێتــــــی ڕەگی هـــاری پێوەیە
ئەو کەســــــە مەردە کەوا بێ وەیە
١٩٢- برنجی بێ ڕەنـــــج خۆشە بەتامە
ماڵ لە خاوەن مـــاڵ بۆچی حەرامە
١٩٣- برنج ئالیـــــکی کەر نی یە گیانە
چون فێری جۆیــــــە برنج زیانە
١٩٤- برنجیان نیشاندا و ماشیان بۆ دانا
بۆیە بە جارێ سەبری لێ بــــــڕا
١٩٥- بە مشك بڕوام کرد نەك بە ئاشەوان
چون دەستی پیسە لە مزەی باراشان
١٩٦- برێشکەی جۆی خوارد سابونی هاورد
دەستی بشۆرێ ئـــازا دەست و برد
١٩٧- بزانە زانین هێــــــلا نەی کوێ یە
ئەو جێگە خۆشە دڵ مەیلـــــی لێ یە

١٩٨- بزنێ فەرمـــــووی پژمیم نە ترِم
ناچارم بە شــــاخ قون خۆم بدرِم

١٩٩- بزن بۆ شـــەوێ جێگەی ئەکا خۆش
نەکەی کەســـی مەرد بکەی فەرامۆش

٢٠٠- بزن بە پێی خۆی مەرِیش بە پێی خۆی
ئەکرێت بە دارا لەسەر کـــردەی خۆی

٢٠١- بزن لە بەر گیان قەساب لەبەر بەز
وەرە مەیـــدانم ئەوەش عەرزو گەز

٢٠٢- بزن دوانــــزە مانگ قون بە دەرەوە
مەرِ هیچـــــی نەوت بە تەشەرەوە
بەلاّم خۆ یەك جار مەرِ کە کەوتە دەر
بزن هەل هەلەی زمانی خستـــە سەر

٢٠٣- بزن ئەجەلی هات نانی شوان ئەخوا
بە هەموو کەسێ قەت مەکـە برِوا

٢٠٤- بزن لە تاو گیان قەساب لە تاو گۆشت
تا فریای کەوتم مالّەکـەی فرۆشت

٢٠٥- بزن لـــــە حیزی ئەچوو بەرِێوە
چون مەرِ پەچەی رِانی رِۆیـــوە پێوە

٢٠٦- بزنێکم نەخوارد کاوڕێکم جرگاند
چ کارێکم بوو خۆم تێـوە گلاند

٢٠٧- بزن نەخوریٚ بن فچکـــی ڕانی
چ ئیشی هەیە بە نانـــی شوانی

٢٠٨- بزنە گەڕی دوا بڕاو بـــــــوو
لە دۆی مالآنی کردین زوو بـــەزوو

٢٠٩- بزنە گەڕۆڵیٚ چوو بۆ سەر چـــاوە
نا گەڕێتەوە ئاو نەخواتـــــەوە

٢١٠- بزنە قووت چووەو کە لەلام نەما
سەر بنیٚ بە هەزار ماڵەوە یاخـــوا

٢١١- بزن قاڕانی چۆڕیٚ شیری بـــــیٚ
مەڕ نا قاڕێنی مەگەر بەرخی بیٚ

٢١٢- بسکەی سمێڵی دیٚ دڵی خۆش کرا
من گریانـــــم دیٚ بۆتۆ ئەی برا

٢١٣- بچیـــە خوراسان هەر دێیتەوە لام
هەزار جار بڵێی برات نیم بـــرام

٢١٤- بچیە سەر سیروان و شکـــانی دێنیٚ
هێندە بەد بەختـــە وازیش ناهێنیٚ

٢١٥- بکوژی قەساو ببڕی قەســـــاو
کەس قسە ناکا خۆت کرای حساو

٢١٦- بلوێر بۆ گایە بلوێر بـــــۆ بزنە
بلوێر بۆ شوانە کـــەی ئیشی منە

٢١٧- بلاٚو بلاٚو هەر سەگێکــــــە و گلاٚو
ئەو گێلە گــــیرا بە فیکەو کلاٚو

٢١٨- بم کوژەو باقیم لێت ئەویٚ کاکە
خۆت هەڵی بژێرە کام ڕێگە چاکە

٢١٩- بن کـلکی ئەخوریٚ بۆیە کۆڵ نادا
خۆت لە نەزان گۆ هەردەمــــە لادە

٢٢٠- بنو با بێتە خەوت خەیـــاڵت
کیٚ بــوو هەرەسی هێنایە ماڵت

٢٢١- بووە بە حیزی حیزان گاو تـــازە
هیچ چارەی نی یە لــە ئەم دەروازە

٢٢٢- بووە بە خوێنی گەشـــــی سیاوەخش
هەر نـــــەبڕایەوە لە پاش و لە پێش

٢٢٣- بنێـــــــرە مشتی و ببڕە پشتی
نەکەی زیان دەی لە سوودی گشتی

٢٢٤- بووە بە سابرێنی بانی مۆرد و هاج
نیازی نیە بەهیچ کەسیش بدا باج

٢٢٥- بووە بە شاییەکەی بناویلەی چەم
هەموو گۆرانــــی بێژە بۆ پەرچەم

٢٢٦- بووە بە ئاردی بەڕوو بە پەیکە تاشێ
دوزمان بە درۆی قسەی ئە تاشێ

٢٢٧- بووە بە ئارد و لە بنی دڕکـــــــان
کۆ نابێتەوە بە سوك و ئاســــــان

٢٢٨- بوو بە تڕەکەی خەسرەو هەر ماوە
گەورە بۆ بچوکی خۆی ئە گێـڕاوە

٢٢٩- بووە بە گووی مەلەوانــــــــی ئاو
بلاّوەی کردووە کۆ نابــێ تـــــەواو

٢٣٠- بووە بە کوردی لە دوو جەژنان بوو
هیچی پێ نەکراو لە دەستیشی چوو

٢٣١- بووە بە کێچ و چووە کـــــەوڵیەوە
تازە هەرچی کرد نەچووە دڵیەوە

٢٣٢- بوو بە مووی لوت هەر دەم حازرە
بەلاّم پێویست بێ زۆر چاك بزرە

٢٣٣- **بووه بە ماری شێخ هۆمەر لێمان**
**پاشی یارمەتی ئالأیە ملـــمان**

٢٣٤- **بووه بە هات هات وە هاتەکەی ڕۆم**
**پاشی پیاوەتی شکـــاندی ئەستۆم**

٢٣٥- **بۆ بوو بەو ڕۆژەی قەرەی تیا کوژرا**
**سیا چارە خۆم گەر ناوت بـــــرا**

٢٣٦- **بووه بە ڕەگی گولی لێم نابێتـــەوه**
**چەندم پیێ خۆشە کە جیـا بێتەوه**

٢٣٧- **بووه بە داری پەڵکی سێبـــەر دار**
**هاوین خۆشترە سێبـــەری لە بەهار**

٢٣٨- **بوو بە میزی حوشتر بـــۆ دواوه**
**ئەگەڕێتەوه هەتــــــاکو ماوه**

٢٣٩- **بوو بە درۆزنی ئاگر لە ماڵ چـــوو**
**هێندە درۆی کرد تا ماڵی تیا چوو**

٢٤٠- **بوو بە گێسکی دەست هەیاسی خاس**
**نەزیاد و نەکەم ئەکا خۆ بـــەڕاس**

٢٤١- **بووه بە سوری دوو دووگـــر لێمان**
**پاشی پیاوەتی دەست بـەجمێندان**

٢٤٢- بووە بە کەری ناوە ڕاست جۆگە
ئەم بەر و ئەو بەر ئەبڕێ بە ڕێگە

٢٤٣- بوو بە هەورامی لە کوڵی نەخوارد
نانی چی بێنم کەوا تۆ بێ ئارد

٢٤٤- بوو ە بە کلکە نەو تیتە لێمـــــــان
خۆی کرد ئاگر و هاتەوە ماڵمان

٢٤٥- بووە نێر کەری برا یمە شینـــــێ
جاران قونیە دا ئێستا دەســـــەڕێ

٢٤٦- بووە بە مەقەست چووە لای هەرکەس
دەمی دا چەقان بۆ یان برد هەر دەس

٢٤٧- بو کە داماوە نیەتی شوێنی شـــەوێ
کەچی موستیلـــەی زێڕی لێم دەوێ

٢٤٨- بو کـــــــــەکەمان زۆر جوان دەرچوو
با لۆکەیەك لە سەر لێوی بـــــوو

٢٤٩- بوکەکەی پەنادیواری هەمووڕۆژێ بەتاڵیت
کەچی شەوان گسك ئەدەی لە ناو ماڵت

٢٥٠- بوکێکمـــــــان هاورد بێ بار گەو بنە
کەچی نەویە دار وتی ماڵ ماڵی منە

٢٥١- بوکێکمـــان بوو دایم لە سەر تەنور
کە چی هێشتا ئەو بووە ئاگری سور

٢٥٢- بوکـــــی ساڵێ بەردەرە مـــــاڵێ
گەر چاکــی نەکرد هەوای دە چاڵێ

٢٥٣- بوکمان ئەم جارە ناشی و نـەزانە
جار جار هۆڕ ئەکا جار جار هەمانە

٢٥٤- بوکی نزیکی باوان بێ کـــارە
هەرکە قسەت کرد ئـــەڕوا ئێوارە

٢٥٥- بۆ بەرخی هەژار چ گورگ و چ سوار
هەر دوو دوژمنن بە بەرخی هـــەژار

٢٥٦- بۆ پیاوی ژیر بەس ئیشـــارەتێ
زۆر چاك تێ دەگا لە هەموو شتێ

٢٥٧- بووە بە کاسەی چاڵـــەوان کاکەم
ناحەق نیم ئەگەر مەرحەبای ناکەم

٢٥٨- بۆ حسەین نەگریا بۆ هەریســەکە
بە هەموو کەسی گوتـــووە پسکە

٢٥٩- بۆ خەڵکی ئەدا فەتوای سەنـگە سار
خۆشی کەرکەی ئەگرێتە بەربـــــار

٢٦٠- بۆ ڕیش چووم سمێڵم نایە بانی
خوا لێ بوردەیە کـــــەوا نەم زانی

٢٦١- بۆ گرتی کون کون مەکەرە خـۆت
نامەرد هەوڵیەتی بشکێنێ ئەستۆت

٢٦٢- بۆ گێسکێ گــــایە مردار مەکەوە
کەمێ هۆشت بێ و بیریش بکـــەوە

٢٦٣- بۆ کوێر شەو و ڕۆژ لەلای ئەو شەوە
چرات هەڵمەکە و پێشی مەکـــــەوە

٢٦٤- بۆ نانێ ماڵت لێ جیــــا کردمەوە
هەرکەس دەستی بوو هەر وەکو ئەوە

٢٦٥- بۆ نەوس بوو خۆی هـــەوادا حەوزێ
عەمری بە باچێ و یاخـــودا داڕزێ

٢٦٦- بۆ هەر دەردە مەردێك دەرمـــــانە
خۆشە ئەو مەردە کـــەوا خوێوشمانە

٢٦٧- بۆ یەکێ بمــــــرە لە بەرت بمرێ
مەردە یارمەتی کـــــەسی پڕ گرێ

٢٦٨- بۆت ئەنوسمە کەڵتەك لای برا کلۆڵ
ئەمە چەند جارێ داتمە داری گۆڵ

٢٦٩- بۆزە بە لـــــــەڕی بۆرەی دا زەوی
غیرەت نا ڕوانیٚ لە لەڕی و قەڵەوی

٢٧٠- بۆ چ خوم خانەیە بیــــــدەمە دەست
كەسیٚ كەس نەبـــــوو مەیكەرە كەست

٢٧١- بۆرە نەبیٚ بازە بیٚ دەستەو سارە تازە بیٚ
مەلیح و مەنیج نەبوو قیرو سیابانازەبیٚ

٢٧٢- بۆق پیٚتەوەدا نەوعـــــــــــی مار نی یە
بۆقە بیٚ ژەهـــــــرە و ئازاری نی یە

٢٧٣- بۆنی شیری خاو هـــــەر لە دەمی دیٚ
چۆن قسەی كرد یان چۆن لە ڕووی دیٚ

٢٧٤- بۆیە هاوینم من لەلا خۆشـــــــــــە
هیچ كەسیٚ ناڵیٚ گونت دا پۆشـــــــە

٢٧٥- بۆیە پیٚم گوتی مامە چۆلەكـــە بگری
نەك دەستی زوڵمم لەسەر داگـــــری

٢٧٦- بۆیە لیٚت ئەدەم پیٚستە سەگ نەییـــا
كە سەگ پیٚستەی برد لیٚدان سودی كوا

٢٧٧- بۆیە نەڕژاوە یان نەپژاوە كە نە پژیٚ
قەدری ماڵ بگرە پیٚش ئەوەی بڕژیٚ

٢٧٨- بیا نوی ترِی كە نانی جۆیە
ئیتر لەبەرچی وا خەتایی تۆیە

٢٧٩- بێژنگی ئەبا بیدا لە ڕووی مانگ
هەتا تاریكی بخا لە ڕووی مانگ

٢٨٠- بەس دەنگت بێت هەناسە بزووت
شەرمی پێ ناوێ بێژنگ دەلەڕووت

٢٨١- بەبێ ئەو پەنجەی نەكردبە ئاوا
ئەویش چاكە ئـــەو نادابە ئاوا

٢٨٢- بەبێ( نا )ی ئەوخەریك بووئەی ژەن
ئێستا ( نا ) ی لایە بۆ ئەوە مژدەن

٢٨٣- بێ بوار مـــەدە لەو ئاوی زێ یە
دەمت با مەدە لە هەموو جێ یە

٢٨٤- بەبێ دەرپـــێ ژیا و گـەورە بوو
بۆیە ئەو قەدوو بالآیە هــەڵ چوو

٢٨٥- بەبێ دەست شكـــان نگین ئەشكێنێ
ئاقڵ تۆڵەی خۆی بێ دەنگ دەسێنێ

٢٨٦- بێدەنگ وەك مێروو بە سام وەك نێرو
كەسی دەنگەوەر هیلاك و مانـــدوو

٢٨٧- بیر بە دەرزی قەت هەڵ ناكەنرێ
پۆپەشمین بەرگەی سەرما ناگرێ

٢٨٨- بەبێ سەری كەر بێستـــان نابێ
لەگەڵ ناكەسا با كردەت جیا بێ

٢٨٩- بێچووە مراوی بوو كردەوەی كاكەم
هەرچی یەك بكەم من پێیدا ناگەم

٢٩٠- بێ زوورنا هەڵپەڕی چون دڵی خۆشە
یان پارە دارە یان مێشكـی بۆشە

٢٩١- بێگانە بێگە ، لە سای خۆت لایـدە
پێشینان دەڵێ كەی جێـی ئومێدە

٢٩٢- بێگانە یــەك مەیدانە یەك زمانە
ئاســـان كاریم كرد لە ڕێی خزمانا

٢٩٣- بێعار یان خستە ئاوگوتی تەڕ نەباش
ئینكار لە جەهەنم ئەڵێ سەرما باش

٢٩٤- بێ كەســـی تەنها قابیل بە خوایە
هەر بۆ ئەو باشەو بە ئـــەو ڕەوایە

٢٩٥- بێ ناوبی لە بـــەد ناوی باشترە
بەد ناو بۆ خۆی و خەڵكــــی ئاگرە

**٢٩٦- بێوەژن ئەستونـــــی مـــاڵی بێ بە زێڕ**
**خێری پێ ئەشــــێ هەروەکو دەست گێڕ**

**٢٩٧- بێوەژن دەرکـــــرا مارەیی نەبــــوو**
**کە چی بۆ هەشت یەك بانگەشەکەی بوو**

## پیتی ﴿پ﴾ ١٠٥ پەند

١- پادان لە پەین پیسـبونی قاچە
کەی دەمی زیکر، تـالبیـــی ماچە

٢- پادار بگرە و بیٚ پا ماڵمـــانە
پادار و بیٚ پا ماڵی خۆمـــانە

٣- پاژنەم سوور نەبیٚ خەڵتانی خوێنی
بە من نابەخشیٚ سەلـکی ترخێنی

٤- پارە بۆ نامەرد ڕوو زەردی دێنـــیٚ
زۆر دڵی دۆستـــی لیٚ دەئێشێنیٚ

٥- پارەت دا مەلا لە مزگەوت دەرکە
کە پارە نادەیت چیتە لەم دەرکە

٦- پارە چڵکـــی دەست وریابە کاکە
زۆرە لە ڕێیا مـــات و هیلاکە

٧- پارە یە پارە ئەهێنـــــیٚ ئازیزم
چ فایدەی هەیە قسەی لـە زیزم

٨- پارەت هەبوو کەس لێت ناپرسیٚ
کێی، کوڕ کێـی ،یا کوڕ چ کەسیٚ

٩- پارە ، کـە پارەی خەڵك بوو گیانە
بەس کیسە ئەدڕیٚ زۆر چاك بزانە

١٠- پارە کە زۆر بوو سەر شۆڕی تیایە
هەندێ جار دین و ئیمان لای کایە

١١- پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشـــــــە
سڕ چی یە دڵت لە بۆم پەرۆشـــە

١٢- پار و لە دەم کەوت مەکانی کۆشە
لە پاش دینی حەق هەر هەمووی بۆشە

١٣- پاشایی سەر تەختە بڕوانە تەختی
گیڤەی سمێڵی دێ تـا ماوە وبەختی

١٤- پاچەکەت کە دا بە دەستی ناکـەس
هەوەس ڕانی خۆی پێ ئەکا بەس

١٥- پاڵی لێ داوە زانی نەمـا بۆی
لە پاشـــی چی بێئومێد بوو لێی

١٦- پایزە بـــــرا کوا ڕەنگ و ڕوخسا ر
وادەی زستان بوو نەهاتی بەها ر

١٧- پەتی درۆ کورت وەکو تف هەڵدان
نامەرد کە سێکە لە شوێن گێچەڵان

١٨- پەتــــــی سواڵی یە مل دا ئەبڕێ
چەندت پێ بڕا ئەوەم پێ ئەبڕی

-١٩ پەڕۆیـــــــە لە من دا دڕە برام
هەوڵ مەدە بە درۆ بگەیتە مەرام
-٢٠ پەرژین بۆ پیاوی بە حەیاو شەرمە
بێ شەرم لە پەرژین چ باکی شەرمە
-٢١ پەشیمانی گــــەر شاخی لێ ئەڕوا
لەو کردەوە یەی ئــەگەڕا وە دوا
-٢٢ پەلۆڵەش دەمی زۆر کەسی سوتـان
ئاگات لە دۆست بێ لەکاتی قسان
-٢٣ پەمووی شارەزوور زۆر و بە ناوبانگ
لە خوڕاو مەترسە بترسە لە مەنگ
-٢٤ پە نجەم نا یەدەم ووتم نـــا گەزێ
نەمزانی باڵمی پێوە ئــــــەدزی
-٢٥ پە نجەی خۆی گەست کاری نا پەسەند
تازە بێ سودە مامـــــەڵەت وەچەند
-٢٦ پە نجەکانی دەست کەی وەکو یەکن
بەلاّم بۆ ئازار هەموو چون یەکن
-٢٧ پڕ کۆشم بووە لـــــە نان و لە دۆ
کەچی هەوڵدە دەم لە بۆ نانی جۆ

٢٨- پشتم لە سەفین سەرم ئاسمان بێ
چ باکم هەیـــە هەرکێ دوژمن بێ

٢٩- پشتی دەستی خۆی وا بـــردە دەما
هەموو ئازارو خــــەمێکی نەما

٣٠- پشتی یەکتـــری نادەن لە زەوی
بوون بە کۆمەڵی جامـانە قەوی

٣١- پشتوێن بکــــەوە دنیا ئارامە
نەکەی بە دۆستی داك بڵێی مامە

٣٢- پشقەڵ بخەرە ژێری پێت گیانە
خرا پەی خەڵکیش مـەڵێ ئـازانە

٣٣- پشیلە بێت و باڵـــی ببـوایە
هیچ بـاڵندە یەك ئەبوا نەمایە

٣٤- پشیلە لە ماڵی ئاشنا هەڵنـاکات
هیچ کەس لەم دنیا بەئاوات ناگات

٣٥- پشیلە دوگی دی ووتـی ئاخ مشکێ
دوگم بۆ چیە دوو دەستم بشکێ

٣٦- پشیلە گوی ئەشیا لە بۆ دەرمانێ
ئەی شاردەوە تـا هیچ کەس نەزانێ

٣٧- پشیلە لـــە دوای جگەر عەودالە
دەمی نایگاتێ هەر ئەڵێ تاڵە

٣٨- پشیلە لە ماڵ نەبێ هەر جارە
مشکان جەژنیانە ڕۆژ تا ئێوارە

٣٩- پشیلەی کوێرە کـــردە و کرداری
شتی ژێر چنگی نادرێ بە دیاری

٤٠- پلارێ بگرە ئەگـــەر ئەتوانی
منیش وەکـــو تۆم ئەگەر ئـەزانی

٤١- پلاو خۆران بوو پاڵـــی لێ داوە
کەچی جۆ خۆران هۆیان لێ داوە

٤٢- پلکە شەمام هەمـوو ڕۆژ حەمام
نازانـــێ بۆچی ناگاتە مەرام

٤٣- پق لە بۆڵە مڕ ئەکات دایم ئەو
فریا نـــاکەوێ نە ڕۆژ و نەشەو

٤٤- پور گونی بوایـە ئەو ئەبویە مام
ئەگەر دەروێشە چیەتی لە حەرام

٤٥- پورە فــەرەنگیز تەشی من بڕێس
تەشیەکەی خۆشت بدە بەنیوە ڕێس

٤٦- پوره مەستان کاسەی دەکاسەی سان
خۆت مەهــاوە کاسەی هیچ کەسان

٤٧- پوشی لە کا چۆن ئە بـــــژێری
وەستا یە بزان بۆ ژێر بــــە ژێری

٤٨- پوشی دایـــە دەست زۆر بە ئاسانی
دوای پوش وەرگرتن خۆشـە گۆرانی

٤٩- پولی کرد بە پەڕۆ نازانـم بیٚ هۆ
گات تۆپی ئیتر چیتە لە هۆ هۆ

٥٠- پیادە ئەزانیٚ ســـوار تەنگە بەرە
دەم پیس ئاقڵی کردە مەخســـەرە

٥١- پیا بکـــــەن دەرزی دوبارە سوژن
بەو مەرجەی بڵێن چۆنی ئاغا ژن

٥٢- پیاو ئەبیٚ لەسەر بەرەی خەڵك هەستیٚ
یارمەتیم بدە بە تەنیا دەستـــیٚ

٥٣- پیاو ئەو پیاوەیە بچێتە هــەویٚ
پێشکەشی ئەکەم هەرچیەکی ئەویٚ

٥٤- پیاو پیر بیٚ فێری پلاو خواردن بیٚ
دەست بۆ لوتیەبا ئاگات لێی نەبیٚ

٥٥- پیاو بو خچە یە تا ئەکـــرێتەوە
نازانیٚ چییە و ناش گـــەڕێتەوە

٥٦- پیـــاو قوتابیە و ڕۆژگارمامۆستا
مەخورە بەسەری ئەوەی بەردەستا

٥٧- پیاو کە زۆری ووت لەخراپ وباش
قسەی خۆی ئەکابیٚ سود و بەلاش

٥٨- پیاو کـەگڵۆڵەی کەوتەسەرلێژی
فریایی ناکەویٚ کورتی و درێژی

٥٩- پیاوی دوو ژنە چەشنی کەوگیرە
جەرگی کون کونە بیٚ ڕاوتەگیرە

٦٠- پیاو کە لە ژنـی بە بیانوو بیٚ
کە ئاردی بێژا قنگ نەلـەقێنیٚ

٦١- پیا و لە ماڵ نەبوو ژنیەدەن بەشوو
سەیری زەمانە چۆن بووە ئاوەژوو

٦٢- پیاو لە بنەماڵە نابریٚ کاکی خۆم
ئەزانی چی کردچۆن کاری کردبۆم

٦٣- پیـــاو ناچار کرا بە دۆستی داکی
ئەڵیٚ مامە گیـان پیاوێکی چاکی

٦٤- پیاو لە ماڵی خۆی ملی شای پەڕان
چ باکی هەیە لە قسەی خەڵکان

٦٥- پیاو لە گـــەوادی ئەگەر بترسێ
ژنێ ناهێنێ و کـە بیکا پرسێ

٦٦- پیاو لە کوانوی ماڵـــی خۆیەوە
ئاو دزە ئەکـاو ئەچێتە ژێریەوە

٦٧- پیاوەتی پیاوە بەئیش نەك بەڕیش
کارێ بۆت نەکرا بە بێدەنگ بنیش

٦٨- پیاوەتی بەسەر ئاوی حەمـــامۆ
وەکو میوانە و لە ماڵـــی نامۆ

٦٩- پیاوی هەژارو مات و دەسەوســان
چ فەرقی هەیە گەرمیان وکوێستـان

٧٠- پیاوی سەرڕاسە شەریك پارەدار
سەر لاریش دایم عاجزو خەم بار

٧١- پیاوێ چرووك بوو حەرەسی پارە
نەك خۆی منالی گشت گرفتارە

٧٢- پیاوی دوو ژنە جەرگی کون کونە
دوژمن ڕۆژی بوو هەر بۆت دوژمنە

٧٣- پیاوی گولە پیـاو ترزلە تەواو
یاخوا هیچ کـەسێ نەکەوێتە داو

٧٤- پیاو کە فەقیر بوولای باوە ئەتسێ
پەت لە باریکـــی دایم ئەپسێ

٧٥- پیری و هەزار عەیـب ئەمە واباوە
گەنجی ڕەشماڵی بەختە هەڵکراوە

٧٦- پیرە ژنـــــی ئەم دنیایە
دڵداری خۆی لـە بیر نایە
کە چی مەنعـــی من ئەکا
لە بۆشم بوو بـە بەڵایە

٧٧- پێستە کەی ئەوی داوە بەسەردا
ئالودە بووە خۆ لەگەڵ دەردا

٧٨- پێستی سەگ نابرێ بۆ دەباغ خانە
ئاشق ناچارە بچێ بۆ مـەیخانە

٧٩- پێش ئەوەی کەخۆت هاویتە ناو بیر
بۆ دەرچوونی لە بیر بکە ڕاو تەگبیر

٨٠- پێشکەوتوی دواکـــــەوتووە کاکەم
هەمووی خواردماڵم هەرچی پەیاکەم

٨١- پێشینان کــــردی جەنابت خواردی
تۆش بیکە پاش خۆت ئەگاتەمرادی

٨٢- پێچکە چوار بوو بە ژمــــارە بوو
ژیان ناخۆشە زستان بەهـــار بوو

٨٣- پێچی دەوەنی لە ڕوتەوەنی شاباشترە
نان و ە ناو چاوی ژنانی بەمەکرە

٨٤- پیاو لە نەبونی دوشتی کەوتەلەیاد
خزمی دور قەرزی کۆن دڵی دەکاشاد

٨٥- پێچی مێزەرێك باوە و گـــوتراوە
زۆرە لەو پێچەدا هـــەر ئەتلاوە

٨٦- پێکەنینی زۆر گــــریانی لە دوا
نا خۆشە دیاری لـــە پاشیا داوا

٨٧- پێی پەتی باشتر لە پێڵاوی تەنگ
بێ ماڵی باشتر لە ماڵی پڕ جەنگ

٨٨- پیری لە بیری نەکـــــەی بڕوانی
لە هەوڵـــــی دوایی ئەبێ بزانی

٨٩- پیرو پۆشـــــــی وا هێنایە جۆش
هەموو بــێ بادە کردووە سەر خۆش

٩٠- پیر بە ڕا و تـــەگبیرە گشت کات
گەنجە بەبێ ڕا غەرقە لە ئافات

٩١- پیری و فەقیری هـــەرد و بەکێری
کەس بۆچی فەقیر نەکـەوتە بیری

٩٢- پێستەی ئـــەوی کێشایە سەرما
دڵی ئارام بـــوو لە داغ و شەرما

٩٣- پێستی قورباق بۆ دەبـــاغ خانە
ناکرێ و نابێ خۆ خـــەڵە تانە

٩٤- پێچی مێزەر بوو دەورانی دنیـــا
خۆزگە بەوکەسەی سەربەست تیاژیا

٩٥- پێکەوە من و تۆ ناچینە جـــەوڵ
ئیترپیێم ناڵێی چی یە قاڵە قاڵ

٩٦- پەنجەکانی دەست کەی وەکو یەکە
دەرمان بۆ موشە وبۆ بەراز فیشەکە

٩٧- پێی زل نەگبەتی سەری زل دەوڵەت
هەرگیز مەنازە بە زۆر و قـــووەت

٩٨- پێوانـــەی پڕ بوو بۆیە بێ خەمە
هەرهاواریەتی کـــە بەشی کەمە

٩٩- پێی چرا تاریك ڕێگە ترسناك

لە بۆ کەسی چاك خۆت بکەهیلاك

١٠٠- پێیەکی لێرە و یەکێ لـە بەغدا

مەرد لە نامەردی خەڵك خـۆی لادا

١٠١- پێ بەقــەد بەڕەی خۆت ڕابکێشە

کە بێ مامـەڵەی لە ماڵ دانیشە

١٠٢- پێ بکەنە لەگەڵ دنیا چاوەکەم

بۆ خۆشت بگری ئەی هاو ڕاوەکەم

١٠٣- پێ مەنێ لە سۆسنان چون ڕووجوانە

کەسێ دانابێ بۆ خۆی لوقمـــانە

١٠٤- پێت مەنێ لە سەر کرۆکی پشکۆ

ماڵی خۆت بخۆو بنیشە بە شکۆ

١٠٥- پیازی عەوالآن خواردن بێ بردن

بێسودە هەوڵت لـــــە تالآن کردن

# پیتی (( ت )) ١١٤ پەند

١- تاگووتی بەرسیلە تریٚ پیٚ گەیی
ئیتر تۆ بۆچی ئەیکەی گلـــــەیی

٢- تاووتی بەهارهاوین بەسەر چوو
خوا لامانـــــــــبدا لە پلانی جوو

٣- تا ئەڵیٚ هاڵە هەنگوین پیٚ ئەگا
چویتە هەر ماڵـــــیٚ بدە لە دەرگا

٤- تا ئەم بایە بیٚت ئا لـەم کونەوە
ئەم ئاگرە ئەگریٚ هەر بەم بۆنەوە

٥- تا ئەم بایە لەم کونەوە بیٚ هیچ
ئاسودە نابیٚ پاســـــــاری بن میچ

٦- تا بۆ خۆمـــم سەند قیر بووە سپی
خۆشە خۆرە تــــــاو زستان بە کپی

٧- تابۆ خۆمم سەنـد قیر ووتی جق
کەسانی چاکـــــە لای خەڵکی لائق

٨- تا بە شەو نەڕۆی بەشەوپیٚ ناگەی
شەورۆژ یەك خەی ئە نجا پیائەگەی

٩- تا بەد نەبینی لە بەد خانەت چی
قەدری بزمارە وا لای پینــــــەچی

١٠- تا بەڕوو زۆر بـــێ سمۆرە برسی
خۆت لێ نەگۆڕێ چویتە سەر کورسی

١١- تا تۆو نەچێنی خەرمان نـا پێوی
چەقـــــەڵ داماوە لە فێڵی ڕێوی

١٢- تا پیرێ ئەمرێ هەزار جوان ئەمرێ
ئەمە مردنە و یـــەخەمان ئەگرێ

١٣- تا نەکەی جێی ڕم نەکەی وەشاندن
چی چاند ئەید وری لە پاشی چاندن

١٤- تا خان ئەسازێ لـــە شکر سازی
بە ئەسپی برســـی مەڕۆ ڕم بازی

١٥- تاکو دز گرتی یەخەی خاوەن ماڵ
خاوەن ماڵ دزی گرت بێ قاڵە قاڵ

١٦- تاکـــو ژێر بیری خۆی لێ کردەوە
شێتە بەبـــێ بیر لێی پەڕییەوە

١٧- تا ڕێوی خوێندی قەباڵەکـەی خۆی
پێستیان گرتەوە تا نجی و تولە بۆی

١٨- تا زۆر تـــر بژی زیاتر ئەبینی
مناڵ بێ ڕەحـــمە چووە سەر سینی

١٩- تـا دەستی نەدا لە گون نازانیٚ نێرە
کوشتنی گشت مـــاران سەواب و خێرە

٢٠- تـا زەوی تێر تێر ئاو نەخواتەوە
نایبە خشیٚ بە گیا ئاو بخـواتەوە

٢١- تـا چاڵ پڕ نەبیٚ گۆمـان پڕ نابیٚ
دەعوەت بە گۆشتی مرە وەکر نابیٚ

٢٢- تا کو گوو نەکا نازانی قنـــــگی
منی کوشتووە کردەی بیٚ دەنـــگی

٢٣- تـاکو پیٚ ئەگا گووی وەکــــو قیر
بیٚ سودە قسە یان ڕاو تەگبیــــر

٢٤- تـا شونەکەی میرکە شوت کردگزیر
کە سکت پڕ بوو بـانگت ئەکەن پیر

٢٥ - تـا گوێرەکەیە گەورەبـیٚ وەك گا
خوێنی مەینەتی بە لوتـت ئەگا

٢٦- تـا فەرز وەستابیٚ سونەت بە تـاڵە
کە برسێتی هات گشت شت حەڵاڵە

٢٧- تـا کۆسپیٚ نەرمیٚ کەندیٚ پڕ نابیٚ
گەورە بـــۆ بچوك ئەبیٚ بەوە فابیٚ

٢٨- تـاتۆ خەریك بویت تەمێی منت کرد
خەرە زەنگی کلکی کەرم حساب کرد

٢٩- تـا ما مـــــــراندی کە مرد تڕاندی
جامی بۆ نەشکا بەڵام زڕانـــــــدی

٣٠- تـا کەر لە بەغـــدا بۆی نەسەڕێنێ
خۆ بەری نادا هــــەر چی بۆ بێنێ

٣١- تـا کونێکم گرت کونێکی تـــــر هات
سەیر نەکراوە ئەسپێ بــــە خەڵات

٣٢- تـا ماڵ وەستابێ مزگـــــەوت حەرامە
گێلە بە دۆستی دایکـی ووت مامە

٣٣- تـاکو مەقـاش بێت بۆچی دەستی خۆت
دەخەیتە ئاگـــــــر کە بسوتێ بۆت

٣٤- تـا بیسمیلام کرد پێم فەرموو فەرموو
الحمـد الله لە پێش من فـــەرموو

٣٥- تـــاکو نەخرایە نـــاو قوڕگی تەبەق
لێ ی دانەنیشت لله و صــــــــــەدەق

٣٦- تـاریکی شـــەو بە چرایە نا ڕەوێتەوە
برینی هە ست سەختە کـــە بکولێتەوە

٣٧- تاریکایی مانگ ئێوارە دیـــــارە
بۆیە هاتە لام چـــــاری ناچارە

٣٨- تازە هـــــاتە ڕوو کۆنە ئاوەژوو
بۆ ئەوە مەگری کەلە دەستت چوو

٣٩- تا نجی ووڵات کەروێشکی ووڵات
ئەگرێ بۆ ڕاوچی ئەیکاتە خەڵات

٤٠- تاس بشکێ نەك بزڕێ نـــــاوی
کردە نا هومێد خـــــەمە هەناوی

٤١- تاقــــــانە یا شێت یا دێوانەیە
بۆ ڕازی دڵان هـــــەر پێوانەیە

٤٢- تاکێ کـــــــەوش و تاکێ کڵاش
ماند و نەبی مام تـــەڕەمـــــاش

٤٣- تـــــــاڵان کراو ئەبێتەوە ماڵ
بەڵام سکەڕۆ دایم ماڵ بە تاڵ

٤٤- تاڵی و سوێری دنیام زۆر دیووە
ئینکار کۆڵ نـــادا کەوا بەزیووە

٤٥- تان وپۆی پاکە و بێگەردئاوریشمە
تۆ بە من دەڵێی کەی ئەمەئیشمە

٤٦- تانجیەکەی قوچان کە بردیان بۆ ڕاو
نێچیر ڕای ئەکرد ئەم گوی کرد بە تاو

٤٧- تانجی کوێخا بێ و ڕێوی بـــرا زاوا
کەروێشکی دامـــاو قوڕی بۆ گیراوە

٤٨- تاوێ گەش بوم و تـــاوێکـی تر ڕەش
زۆر چـــاوەڕێم کرد پێم نەدرا بەش

٤٩- تاوان کار بە کەیف بـــەلای یارەوە
بێ تاوان دامـــــاو مل بە دارەوە

٥٠- تەبەقە تڕاندنی ئـــەوا کەوتە سەر
ئیتر نازانم چی دێنێتە بـــــەر

٥١- تە پڵی بێ عاری کوتـــا وە کاکەم
جا منی هەژار چی لێ داوا کـــــەم

٥٢- تە پڵی دڕاوە یانـــــــەك زڕاوە
بێ عارە تە پڵی لەژێر عـــاباوە

٥٣- تەرازوو شـــەرم ناکا لە هیچ کەس
ئەوەی کە ڕاستە ڕاستـــی ئەداتـە دەس

٥٤- تەڕە تۆڵەکەی نا گاتـــــێ کاکە
چەندە بەلاشە ئەوەندەش چـــاکە

٥٥- تەشتی زێڕین بنیٚ وە ســـــەرتەوە
پاشی تالاَن بوون چی بە بە رتەوە

٥٦- تەشپی تـــــرێنە تەشی ئەرێسیٚ
نامەردە لە ڕووی مەردا ئـــەوەسیٚ

٥٧- تەشیەك موو بـــادە خۆتی لیٚ لادە
بیٚ حەیا ناپرسیٚ چۆڵە یا جـادە

٥٨- تەگبیر کەرەکەی نەمریٚ ئەم پیاوە
فەرمان کەرەکەی بمریٚ تـــەواوە

٥٩- تەعزیەی دەوڵەمەند شایی فەقیرە
ڕۆژان ڕۆژی دیٚ ئەو ڕۆژەت لە بیرە

٦٠- تەقەی سەری دیٚ لەم بەند و باوە
خۆی برا گەورە خۆشـــــی حساوە

٦١- تەڵەی بە قنگ تەقان فیڵـــبازە
دەرچون لە مەکـــری جیٚگای نیازە

٦٢- تەماع گەرنەبڕی سەری لە بەر خۆت
سەرت دەبڕیٚ و وورد دەکات ئەستۆت

٦٣- تەماع خۆی خستە ئەولای ئەرواحۆ
خوایەگیان نەکەی بەرمان دەی لەخۆ

٦٤- تەنور تا گەرم بێ نان ئە برژێنێ
خالقی مەخلوق عـــــەقڵ نەسێنێ

٦٥- تەمەن ســەری کرد چووە ژووری چل
ئـــــدەمی وورد ورد ئەبێتەوە جل

٦٦- تەنیایی بـــاشتر لە هاوڕێی خراو
هیچ ترست نــی یە کە بخـرێتە داو

٦٧- تەور کلــــکی خۆی بۆ نابڕێتەوە
کە کلکی نەبوو بیر ئەچێتــــــەوە

٦٨- ترس نیوەی لەشکـــر کۆ ئەکاتەوە
چ بچێنـــــــی ئەوەش ئەدوریتەوە

٦٩- تروسکەی چاو باشتر لە سەد گۆچانە
نا حاڵی پشتـــی بەست بە بێگانە

٧٠- ترِی نانــــەوێ بە کوتەك ئەولاوە
کوڕی گــــــەرەکە بیباتە دواوە

٧١- ترِی خۆی و گێزەر لە یەك ناکا جیا
حەیفە نان ئەخـوا بەڵام گیا نەخوا

٧٢- تف لە ڕووی ئاسمان بەرسمێڵ کەوت
کردمە سەر زەوی بەری ڕیشم کەوت

٧٣- تف کە ڕۆکـــــرا هەڵناگیرێتەوە
شەوەدەیجوریش بێت ئەبـــڕێتەوە

٧٤- تفێکم هەڵکردکەوتە سەر ڕوی خۆم
نازانم لە دەست خرا پیت بۆنەڕۆم

٧٥- تفەنگ و تـــیرت نایە تاریکی
زەحمەتە نیشانـــی دڵت بپێکی

٧٦- تـــــــفەنگی نایە زەردە واڵەوە
ئێستا چۆن بــۆ من دێتە ماڵەوە

٧٧- تفی خۆت بکــــە و بڕۆ لەم ناوە
تا ڕقە گەورەم لێت هەڵنەساوە

٧٨- تلّپی تەڕی تیا نەما چـــی بکەم
هەرچیەك بڵێم خۆم خەسار ئەکەم

٧٩- تنیشم داوە بۆچی تف بـــــدەم
زوڵمە و ناچارم بەڵام چی بکەم

٨٠- تورەکە نەبوو ڕێگە وجێگەی خۆی
ئەیگووت کەوانم لەماڵ ئاغاخەی

٨١- توندگرتت شل دێ ئەگەر شل گرتت
ئەوا هیچ دەبێ و دێتە بەردەستت

٨٢- تۆ مەشکەی من ژەن منیش ماڵی میر
هەتـــا تێگەیی شیرم بوو بە قیر

٨٣- توشی گون ڕەشی خۆت ئەبی کـکە
لوتت بەرز نەبێ و بەس مەرحەبا کە

٨٤- توڵێ بە تەڕی نە چەمـــاوە بۆت
ووشك بوو یان گەورەنا چەمێ لەبۆت

٨٥- تۆ کاڵەك خۆری یـــان بێسان ڕنی
بۆ چی ئەوەنــدە قون بە ئۆینـــی

٨٦- تۆ بنو بنو ئەی وەستـــای نەجار
خوا هەر یەکە دەروازەی هـــــەزار

٨٧- تۆ لەگەڵ عامی یا عام لەگەڵ تۆ
هەژاری دەردە پــڕ لە ئێش و سۆ

٨٨- تۆ یەك مـــەنی منی دوو مەنم
بێجگە لە گورز گۆپاڵ و کـەمەنم

٨٩- تۆ نەبی مزگـەوت بۆ من پەنایە
دەرگای کـــەرەمی لە سەر پشتایە

٩٠- تۆ هەنگاوێ نێ و بێ ڕوو بە ڕووم
هەتا دە هەنگاو بۆ لات بهەنووم

٩١- تۆبەی گورگ مەرگە ئەم پەندە کۆنە
رەزیل بۆ میوان ناوچـــاوی مۆنە

٩٢- تۆ پینی کەرە و زەمـــاوەندی سەگ
دڵت خۆش نەبێ بە بزەی دەرەبەگ

٩٣- تۆ لـــە من دوری و نەبی یە یارم
خوای تاك و تەنیا سازانـــی کارم

٩٤- تۆڵە بە تۆڵە قــــازا نجی زۆرە
نەك ئەسپێ بکوژی لەجیاتی بۆرە

٩٥- تۆڵە بە سەبـــرە بەڵام بە زەبرە
تۆڵەش لەتۆڵە بۆ کەسی بەمەکرە

٩٦- تۆم کــــردە جۆلاٰ بۆ مەکـۆت دزی
تاوان بار دایم چـــاوی لـــەدزی

٩٧- تێکۆشە و بەرهەم بـۆشە بێ خەم
خواهەر چەندی دامەڵێ بـەخوا کەم

٩٨- تێر ئاگای نی یە لە حاڵی برسی
مەردە ئەو کەسەی نایگۆڕێ کورسی

٩٩- تێری خوارد کــــەوان ئەشارێتەوە
هەموو گریەك هەر ئەکـــرێتەوە

١٠٠- تیر لە تیر دانیا تەواوە کە چی
خۆشی بـا ئەدا ئەڵێ : من ڕاوچی

١٠١- تیر و شیر لەیەك ئەسون ئەو دوانە
ئاشت بونەوە یان گەلێ گــرانە

١٠٢- تێرێ کوتـــایە قنگی برسیەك
گوتــی : هەرزانی بۆ وا چویتەیەك

١٠٣- تێرم خوارد لە کاکلاَن نۆرە توێکڵە
ئاگــر ی کادان گەلێك بە کوڵە

١٠٤- تێرم کـــە کاکە لە خوارۆ دامنێ
با خزمەتت کــــەم هەتا عەیامێ

١٠٥- تێرم کەغار کەم بە ئارەزووی خۆم
بێمنەتم لێت کـــوێ بڵێ ی ئەڕۆم

١٠٦- تیری بێ نیشـــان نەکەی وەشێنی
ئەگەر وا بکەی خۆت ئە خەڵەتێنی

١٠٧- تیر و دوو نیشان بـــاوە ووتراوە
نامەرد کەسێکــــە لە خۆی گۆڕاوە

١٠٨- تێگەیشتن خۆشتر ، لـە مێوژە ڕەشکە
دنیا وا نــــی یە بەس دڵت خۆشە

١٠٩- تینت گە یاندە سەر ئێسكە كانم
تازە پێم ئەڵێ ی من پەشیمانم

١١٠- تیكە تا نەجـــوێ قوت نەدراوە
قوەت ڕۆژی خۆی بـــالۆرە و باوە

١١١- تیكەی زل هەم دەم دەدرێ هەم قنگ
لەگەڵ ناكەسداقەت مەكەوە جەنگ

١١٢- تیكەیە كــــــەمتر برایە زیاتر
لە دۆستی گیانی مەبە بە ئاگــر

١١٣ - تینو لە خەوا هــەر ئاو ئەبینێ
بێ دەرپێ لەخەواهەرجاو ئەسێنێ

١١٤ - تینو دایمە هەر ئاوی بـــیرە
جیـاوازی ئێمە وەك قیر و شیر

## پیتی (( ج )) ٣٢ پەند

١- جارێ خەڵەتام خوا بتگرێ كاكە
بۆجاری دووەم خوداخۆم گرێ چاكە

٢- جاشی ورگن و گوێرەكەی كوڵكن
پەسەندە منالی چڵمن و لیـكن

٣- جام فەرمووی بشكێم نەوەك بزرێم
من ئەو كەسە نیم كەتۆدێیتەرێم

٤- جاو لە گــــازر نەئاڵێنی برام
چەندخۆشە دیاری بەلام بێمەرام

٥- جەزای مشت پێ لە قەو شەقە
راست و تن خۆشەهەرچەندەرەقە

٦- جەنگ بە كۆنە قین كراوەكاكە
من ئیش ئەكەم و خۆئەوهیلاكە

٧- جەنگ بـڕاوە ئاشتی لە ناوە
خۆ كاكی چڵمن بۆ دار خولاوە

٨- جەهەنم لە دەر بگەرێ دواوە
نەك لە ناوە وە كە كار كراوە

٩- جنێوگەر بدەی بە باوكی سەگی
جنێوت پێ ئەدا گەر كوری بەگی

١٠- جواب هەر شەق نیە وریابە وریـــا
لە دەرگای خەڵکدەی ئەدەن لە دەرگا

١١- جوابی دور درۆ و دڵ شکـــــاندنە
پیشەی کـــــــەسانی کار درۆزنە

١٢- جوانی ئافرەت ڕەوشت و خـــــووە
لەو دووە تەراز بێ ئابـــــڕووە

١٣- جوانی هەرزەیی بۆ هـــــەرزەکارە
زۆرن لەو عومـــــــرە دڵ گرفتارە

١٤- جوت لە سەرە درویـــــنە لە بەردا
بۆ قوڕی مچت کردم بەســـــــەردا

١٥- جومعە بوارە و شەمە خۆش کـــــەرۆ
ئەگەرخۆش ناکەی پێنج وشەش کەرۆ

١٦- جومعەی پێ تەواو نابێ ئـەو پیاوە
چون بێ باوەڕەو بێ بـــاوەڕ ماوە

١٧- جوو لە دین ئەبێ بەڵام نەك لەخوێن
ڕێزی خەڵك بگرە کەوتیە هەرشوێن

١٨- جو لە تاو حەقی و لە برسا هاوار
دۆمیش بۆ پەڕۆخۆش خۆش ئەی کردکار

١٩- جوتە گایەکی لە نەگبەتی ئەگەڕێ
شەڕ لە ئەو دورە حەزیە لە شەڕێ

٢٠- جوجەڵەی کوشت و هێلکە هەڵدێنێ
نازانـــــم تاکە خۆی ئەخڵەتێنێ

٢١- جوجەڵە پایزان هــــەژمار کراوە
هیچ پێویست ناکا سەردەی لەم ناوە

٢٢- جولەکەش خودایەکی هەیە براکەم
من چیم کردووە تـــاکو هەراکەم

٢٣- جۆ بەدیوارا ئەگێـــــڕێ فێڵباز
ڕازی دڵی خۆت قەت مەکە دەرباز

٢٤- جۆگە لە دەریا لێڵ ناکا کـــاکە
بە مــــەردی بژی و ڕۆژو پەیاکە

٢٥- جۆگەیە ئاوی پیـــا بڕوا دیارە
کوڕ مـرد و خەفەت لە دڵی بارە

٢٦- جـــۆلا بێ کفن ئەخرێتە گۆڕێ
هەتیو مچەیە لە خۆی ئــەگۆڕێ

٢٧- جۆلا نارازی سەر دڕی خۆیـــــە
من لە بەر تۆیە ئەی تۆ بۆ کێیە

٢٨- جێگەی پێ دانێ ئەمجار هەنگاونێ
کارت تــــەواوکە و بەردی مەڵۆنێ

٢٩- جێ ی بازان بازی لێ نابڕێ کاکە
لەوە زیاتریش مـــــەدە چەناکە

٣٠- جێ ی سەبری سوتا بۆیە بێ سەبرە
مەکرزان زانـــــی چیە ئەم مەکرە

٣١- جێ ی سەرم کەوە جێ ی قنگم ئاسان
کە بوومە هاوڕێت ئەزانــی ئەوسان

٣٢- جێ ی ســەری نیە بۆ قنگی گریا
جێ ی بزمارێکم پێویستە لـــەویا

## پیتی ﴿چ﴾ ٦٧ پەند

١- چ باکم هەیــــــە خاوەن دراوم
من حساب نەکرێم بوٚچی حساوم

٢- چ باکمە کوڕە کەچەڵە کاکمەکاك
خوٚم ناگوٚڕمەوە بە سمکوٚی شکاك

٣- چ بلٚێ ی ئەوە حەســەنە کەچەڵە
یا بلٚێ ی ئەوە کەچەڵ حەســەنە

٤- چ خوای گــــورگ و چ خوای سوار
یا خوا هیچ کەسێ نەبێ گرفتار

٥- چ بار لە لای کەر چ کەر لە لای بار
هیچ فەرقـــــی نیە لەبوٚ کەفتەکار

٦- چ کـــــــــەوێژی چ مــــە وێژی
وریابە ووتەی قەڵب نـــــەبێژی

٧- چ لە بار بچێ و ە سوار بچێ
بەس خاوەنی بار بە خەسار ئەچێ

٨- چارەی ڕێ برین بــەس ڕوٚین دەبێت
چارەی خەوتن خەو و سەرین دەبێت

٩- چارەی نەخوٚر بخوٚرە و بخـــــوٚر
خوٚت لێم مەگوٚڕە بەسەد جـــــوٚر

١٠- چاکە بکـــــــە بیدە دەم ئاوا
نەجـــاتت ئەدا لە قوڵفی داوا

١١- چاکە لە چاکە ئاوسەبێ ووس بە
هەمووکات دژی کەسی جاسوس بە

١٢- چاکیان سوژنە و کونی لــــە بنە
نەگبەتیم نەبــێ کەی شوێنی منە

١٣- چاڵ هەڵکەن هەمووکات لەچالآیە
دایم چـــاو لە ڕێی هاتنی بەلآیە

١٤- چاو و بە چاو ڕوو بەڕوو کـــەوت
ئەگەر تۆ نەبی مەجبورم مـزگەوت

١٥- چاو برسی ئابـــڕوی نیەو تکاکار
چار ناکرێ بە قسەیانەك بەگفتار

١٦- چاو تێر ئـــابڕو دارە دڵ خۆشە
تکا لەلای ئەو شتێکــــی بۆشە

١٧- چاو چاو دەرناکات بۆچـی ئەترسی
هەرگیز تێر نابێ وەك کوزی برسی

١٨- چـــاو چووە خەو قنگ لە پاشایی
ئەترسی لە ماڵ مەچۆرە شـــایی

١٩- چاو لە دەست بووی دەست بە ستەیت
بەکار کاسبی ماڵیشتا ناگـــەییت

٢٠- چاوێ کە ئێستا بۆ دەرکێشانـــــە
دەری بهێنە چون پیشەی ژانـــــە

٢١- چاوم لە چاوت وا ئەکــــــا شەرم
نەکەی بێ مەقاش بگری شتی گەرم

٢٢- چاوێ نەناسێ دوژمنـــــــانی خـۆی
یاخوا بە کوێری بهێنێ تـــــــۆ بۆی

٢٣- چاو بازە هەرچی بکـــــــەی ناگیرێ
بە گە نجی ڕێزان بگرن لـــــــە پیرێ

٢٤- چاوت ئەفرێ ئەوەنـــــدە ئەجوڵێ ی
ترست لە دڵە بەلاّم بـــــــۆ نایڵێی

٢٥- چاوانی ڕەشمـــــــــان وا کاڵ بووتەوە
لە ئازاری خۆم تۆم بیر چــــووەتەوە

٢٦ - چاوی جن دەردێنێ هێندە وریـــــایە
لە هەموو حاڵێك هـــــەر بە ئاگایە

٢٧- چاوی سور بووە لە خۆی گـــــــۆڕاوە
ئەگەر وا دەکــــــــات بە خوا دۆڕاوە

٢٨- چاوانی چونە پشتـــــی سەری بۆت
دەستی پێت بگا ئەشكێنێ ئەستۆت

٢٩- چاوانی ماری دەرهێنـــــا ئەولاوە
نازانم بۆچــــــی ئێستا داماوە

٣٠- چەرخی لە چەمەر كێشـــاوە كاكە
ڕووی خۆت سوركـــە نانی پەیاكە

٣١- چەقۆی دروست كرد مشتوی تێ ناكا
موشكیـــلەی نیە چۆن نان پەیاكا

٣٢- چەقەڵ بۆ چەم و ڕەخش بۆ ڕۆستەم
بەرنامەت نەبێ لەكەس بكەی ستەم

٣٥- چە لەو مەلە هەردووك لەســـەمەر
ئەو خاوەنی حەق ئەمـــە پاشە بەر

٣٦- چەم بە بێ چەقەڵ گـــەلێ مەحاڵە
مامەڵەی ئــــەوان هەردەم بەتاڵە

٣٧- چەمی درۆ سەرچاوەی كـورت و لێڵە
كردە پیس دایم سەر شۆڕی خێڵـــە

٣٨- چەندساڵ بە ڕۆژ وبەربانگی بەگوو
پاداشتی وەرگرت كردەوەی چۆن بوو

-٣٩ چەند سالْ گەدایە نازانیْ جومعە
قسەی بەر کوانوو قسەی فەزیعە

-٤٠ چەوەندەرێك لەم ئەرز هـــەڵکەنە
پەسەند کراوە کـــــورەی چڵمنە

-٤١ چرا رۆناکی بۆ ژێر خۆی نـــی یە
وەك چرا نەبـــی جا سوودت چی یە

-٤٢ چرات لە پێشی خوتتدا ئەزانـــی
لای لیْ قەومـــاوا مەیلیْ گۆرانی

-٤٣ چراکە هەڵکەکاسەکە تیا نەماگوو
تاکەی کۆلْ نادەی نە تمائابڕوو

-٤٤ چرای هیچ کەسیْ هەتا سەر نابیْ
چویتەهەرجیْ یەباجێت دیاری بیْ

-٤٥ چل نان و قەرز نەوتـــــرا کاکە
بەس بە تـــالآنی نانت پەیاکـە

-٤٦ چرای درۆزن هـــەردەم بیْ شەوقە
تەمەلْ بۆ ئازا لەگەردن تەوقــە

-٤٧ چرای هیچ کەسیْ تا ڕۆژ نا گرِیْ
مەردە کە پەردەی نامەرد نا دڕیْ

٤٨- چوار پینەی بکەیت ناگاتە بەهار
بەسەر داماودا قەت مەکە هاوار

٤٩- چواله بە خوێوە ڕێواس بــە پێوە
دڵداری خۆشە بــــــە دراوسێوە

٥٠- چواله درۆزن بلاڵوك عەیـــیار
هەنار گوڵی کرد بەهارهەی بەهار

٥١- چوو خورما بخوا بەلاّم نە یزانی
چ سوودی هەیە خۆ پەشیـمانی

٥٢- چوو بۆ ڕەشکە گـوتی خۆ گاڵە
پیاوەتی ئەکەی کەم بیکـەقاڵە

٥٣- چووم ڕیش بتاشم سمێڵم نا بـان
خودا ڕەحمی کرددەرباز بووم ئاسان

٥٤- چووە بە چەقــی نەعەلتا لێمان
چاکی ئەناسین خۆی گۆڕیلێمان

٥٥- چووە دوور وخۆ ی لیٚ کردین بە پور
بەلاّم ڕۆژیٚ دیٚ کە ببیٚ مەجبوور

٥٦- چووم بۆ ڕاوکەروێشك هاتە پیرمەوە
لە بیٚ بەختی بوو کەوتمەبیرەوە

٥٧- چونم بە دەست خۆم هاتنەوەم کاکە
بەدەست خودایە بەس لێـم هەراکە

٥٨- چووەتە سەر دارێ نایەتـــە خوارێ
بێ سودە قسە لەگەڵیا جـــارێ

٥٩- چۆلەکە خۆت چی و گۆشتـــاوت چی یە
کارێ سەر ناگــرێ بناغــەی نی یە

٦٠- چۆلەکەی ئەمساڵ بە هی پاری ووت
ئەزانی جیکە بکەی ئەی دەم ڕووت

٦١- چۆلەکەی دەشت و هەم بەردی دەشت
دادە لە هاوین دۆکـــەی گشت ڕشت

٦٢- چیت چاند هەر ئـــەوە ئەدوریتەوە
قسەی نــــاحەزان ئەگێڕیتەوە

٦٣- چێشت بە گەرمـــــی ناگەڕێتەوە
لە سێبەر خەڵـــکی ئەحە سێتەوە

٦٤- چێشتی دوو کابان سوێرخوێ دەرئەچێ
مەردە ئەو کەسەی لە داو ژن دەرچێ

٦٥- چیلکە شکێن خۆی ئەشکـــــێنێ
کە زیان ناکـــــا بۆ واز ئەهێنێ

**٦٦-   چێـــویان نا لە هورگی نە گەڕایەوە**
**تاحەقی نەســەد نە حەســـــایەوە**

**٦٧-   چێو لـــــە تاریكی ئەكوتێ بێ ئومێد**
**هەمووی لە دەست چوو نەیماوە ئومێد**

## پیتی ﴿ح﴾ ٤٤ پەند

١- حاجی لە مەکە حــــاجی ئەبینێ
هەڵەو هەرزەیی مل ئەشکێنـــــێ

٢- حازر خۆرێکــــــە لە بەر سێ بەرە
کێ لێی تێ گەیی بوو بەسێ بەرە

٣- حازرت مــــــەدە بە قەرزوا چاکە
نانی مندالّت بە حــــەلاڵ پەیاکە

٤- حاکم بەقسەی گەداخەڵکی بەندکرد
بەلاّم بە تکاییی کەسی دەرنەکرد

٥- حاکم بوو بە پرد بەسەریا نەچی
چونکە ئاخری هەر تۆ تیا ئەچی

٦- حاڵی قنکی خۆش هەرخۆی هەڵئەنێ
پەنێکـــــی داوە پەن لە سەپەنێ

٧- حاڵی لە ڕەنگی بپرسە دیـــــــارە
بەهەشتی کـــــەران تەنها بەهارە

٨- حەپ حەپ ئەکەم چاوی دوژمن کوێر
بەسەر هەژارا خۆت مەکـە بە شێر

٩- حەرام خواردن شێلم خواردنە لام
هەر وەکو یەکە تا بگەمە مەرام

١٠- حەرام خۆر باكـــــی نیە لە گرانی
حەلاڵ خۆر برسی كاتـــی هەرزانی

١١- حەریف حەریفی خۆی چاك ئەناسێ
چاو لەبەر مەبەلــە بۆ هیچ دەسێ

١٢- حەسودی دەردێ بێ دە واو دەرمـــان
چەنە بازە پیـــــا و ئەكا هەراسان

١٣- حەقت ببێ بەبوون یەك نەبی بەچوون
هەركاسەی پڕە ئاشتــی مالاَن بوون

١٤- حەقی مردووە لە باوانی ئەو عەیارە
كلی ئەبڕی لە چاوانی ئەم جـــارە

١٥- حەق بە حەق و لەتـــــە نانی ڕەق
كە لە شەق ڕۆژی ئەدرێتە بەر شەق

١٦- حەقەكەی فەوتا وەك تڕی بن گۆم
ئۆباڵی خەمی تۆش هاتە ئەستۆم

١٧- حەق نادری بەڵكو ئـــــەسێندرێ
نازانـــــی برسیش چۆن ڕائەبوێرێ

١٨- حەقە حەق دارم بەشە بــەش دارم
مەبەستت چی یە پرسیت لــە كارم

١٩- حەق کە هات و ئاوی ڕاوەســـان
لە تەنگانەدا مەبە دەستە و سان

٢٠- حەقدار لە حەقی وازی هێنـــاوە
شاهید کۆڵ ناداو ناچێتـــتە دواوە

٢١- حەقی بزنی کۆڵ لەسەر شاخ دارە
زۆر تانە مەدە لەوە گرفتـــــــارە

٢٢- حەقی کفن و مردویش گۆڕ بە گۆڕ
بۆچی لە من بووی بە هێستری تۆڕ

٢٣- حەقی من بدە حەقی خۆت ئاسان
بە کردەی خراپ خەڵك مەکەهەراسان

٢٤- حەلاڵ بن قەوی سەری باریکـــە
حەرام بـــــن باریك سەر قەویلکە

٢٥- حەلاڵ خۆریکی کەم دەسەلاتـــــە
چەم بە بێ چەقەڵ خۆ کارەســـاتە

٢٦- حـــــەڵوا خۆرێکی سەر زیارەتە
دەم بکـــــاتەوە دەڵێ ی ئافاتە

٢٧- حەمام بە ترگەرم نابێ گیانەکەم
بە سیە کردەی پیس با هەرا نەکەم

-٢٨ حه نجەرە لە پە نجەرە دەرئەچێ باشە
دەرچێ خوانە خواس کردە بەلاشە

-٢٩ حەواڵەی سەرچاڵەبەفـرە کارەکەت
پڕ لە ئازارە خۆ ئازارەکـــەت

-٣٠ حەیا باری کرد لە دەرماڵی ئەو
لە فیتنەیدا نیە وەکو ئـــەو

-٣١ حەیا قەترەیە تکا کـــە تکا
هیچ پێویست ناکا کە بکەی تکـا

-٣٢ حەیران و ساوەر هەرگیز پیر نـــابێ
کاروانی و ڕێی ئاش قەت تەواو نابێ

-٣٣ حساب حساب و کـــاکەو برایە
دۆڕاو پاش کوڵ بوون ناگاتە مـایە

-٣٤ حوشتر گـــەر بمرێ باری حەو کەران
ئەتوانێ بـــەرێ بە سوك و ئاسان

-٣٥ حوشتر و حەمام مە یمون و عـــابا
دوو شتی سەیرە ڕەنگە ڕوو بــــدا

-٣٦ حوشتر هەڵپەڕین گامێش هەڵفڕین
خۆت ڕسوا مەکە بۆ هورگت لـــە ژین

٣٧- حوكمی حاكم و مەرگی مجافات
خۆی حاڵی باش بوو ڕۆین بە ئافات

٣٨- حیزە بە خاڵۆی خۆی فێرە كاكە
سەر شۆڕی بۆ ئەو دەرمانیٚ چاكە

٣٩- حیزو ئازا پێك هاتن هــــەردوو
ئاخری هەردوكیان وەكو یەك دەرچوو

٤٠- حیز بۆ دەسگێڕی نەبووە و نـــابیٚ
زمان پلیٚ گۆشت خراپ یا چابیٚ

٤١- حیزی و سەلامەت بۆ بیٚ دەسەڵات
تاجی زێڕینە قسەی چاك گشت كات

٤٢- حیزی و قەرزاری دەر ناچن لە یاد
نامەرد كەسێكە دڵی پێیان شاد

٤٣ - حیزی بە بەختە وەها گـــــــوتراوە
فیلە هەر مەیلی لەلای گۆمـــــاوە

٤٤ - حیلم لە عیلم چاكتر و با شـــــتر
ئەگە ر شەكرەتە دوربە لە شەكر

## پیتی (خ) ١٠٨ پەند

١- خارنا یەتە ڕێ ی كەسانی دڵ پاك
چونكە تاوانیان هەركردەوەی چاك
٢- خازەی خوشكم هەڵسا تڕی كـەند
نازەی خوشكم دانیشت بوو بەپەند
٣- خاسەكەی بۆخۆت خراپی بۆ خۆت
ئۆباڵی تاوان ئەگرێت ئەســتۆت
٤- خاڵان خوارزایـــان مەزن ئەكەن
مامـــان برازایی خۆ بزر ئەكەن
٥- خاڵۆ دەسەوسان لە خۆی هەراسان
چ فەرقی هەیە گـــەرمیان كوێسان
٦- خانەی چۆڵ خۆشترە لە خانەی شەڕ
باران و خۆرەتا و زیانە بۆ سەرگەڕ
٧- خانوو مەگرە تا دراوسێ نەنـاسی
دراوسێ ی خـــراپ هەر ناكرێ باسی
٨- خانزاد خان ئەوە مایەوە و قازا نجی
ئەمرۆت پارە دار سبەی ئاتـــــاجی
٩- خانوێ دروست كرا بوو لە شوشە
بەرد یكت لێدا وا بزانە كـە پوشە

١٠- خانوت تێکدا تۆز لێت ئەنیشێ
مەبە کەوە سور بۆ هەمـــوو ئیشێ

١١- خاوەن ماڵ بوو خۆش کەچی کاکی دز
ئەڵێ حەقی خۆم وەرنەگرتووە بەڕێز

١٢- خاوەنی باخ و هەم ڕەز و بێستان
ڕوو ڕەشی خەڵکن لە کاتـــی زستان

١٣- خەتەنە سونەت بەلاّم لــە بن نا
لەسەر ئەو سڕە بەردێکی دانـــــا

١٤- خەر وە تڕین نە جاتــــــی ناوێ
لە دەستی گورگی بڕ نا کا تـــاوێ

١٥- خەر گەل و شێخ گەل گەلێ جیا وازە
شێخ گەل و خەرگەل مەبەست و نیازە

١٦- خەسوو بە جووت گا بوکی پەیدا کرد
بە ووشەی پڕمێو بوکی لەدەست کرد

١٧- خەلە فرۆش هەواڵی مەن ئە پرسێ
پشت بە خوا بەسە نەك بەهیچ کەسێ

١٨- خەلەی خۆم بوو گەلەی خۆم خواردی
بۆیە وا دامام من بە دڵ ســـاردی

١٩- خەڵوەت ئەکێشێ و بەنگیش ئەکێشێ
من خۆم ئەزانم کاکە کوێم دێشێ

٢٠- ەرمان مەکە بار لە خۆت بێ وەری
دەنا دوو گونت دێتە خوار وەك کەری

٢١- خەمی نان بخۆ گەر بزەت ئــــاوە
نامەردە مەیلی هەر لە چڵپـــاوە

٢٢- خە نجەر لە کادان بۆ کەسی تێرە
حیزە بە خاڵۆی خۆی هەردەم فێرە

٢٣- خە نجەر بێ کالان لەش ئەکا زامار
لە ووتەی ناحەق زۆر کەس دەبێ هار

٢٤- خە نجەری ئازا نا چێتە کێـــلان
کاتێ کە بیستی تانەو تەشــەر دان

٢٥- خە نجەری لێدە خوێنـــــی لێنایە
مەی خەڵەتێنە بە پلە و پایـــە

٢٦- خەو برای مەرگە گەر نەبی ووریا
تاوان بار دیـــارە ڕۆژی دادگا

٢٧- خەوی شەوە شــەر مەزاری ڕۆژ
ڕاکردن خۆشە خۆ لە سەرو لێژ

٢٨- خۆی خەوی نایە و بیـانوی کێچە
کورە کە چەڵە ئـەشقی سەرپێچە

٢٩- خەیاڵ پڵاوی بـەڵای لــە دوایە
زۆری تیـا خنکا ئە ئەو دەریایە

٣٠- خڕ و مڕ بێ هەم کۆڵـەکـەی پڕ
نەزانـان ئەی کەن فەرقی کچ و کوڕ

٣١- خرا پەهەموو کەس چاکـەش کەم کەس
خرا پە کاران دا یمـــەن چاو لەدەس

٣٢- خزم نەشکێنێ پـەرژینی مــــاڵت
بە هیچ کەس ناشکێ ئەژنۆ و بـاڵت

٣٣- خزم گۆشت ئەخوا ئێسقان ناشکێنێ
لە تەنگانەتدا تۆڵــــەت ئەسێنێ

٣٤- خزم قیبلـــــــەیە پشتی تێ مەکە
بێگانەش فێری خزم و کەس مــەکە

٣٥- خزمایەتیان کەرە و خۆڵـــــە مێش
ڕۆژی تـاڵانی دەرکەوتـــووە دەروێش

٣٦- خزمەتی قنگ کردن خەڵاتی تسە
چاو کەوت بە چاو دەرکەوتووە قسە

٣٧- خزمی خەزوری سەپانی شێخــــــە
سەیری حاڵی کە مەیلی لـــە تێخە

٣٨- خزمی خراپ بوو وەکو گونـــی قۆڕ
ئەی بڕی ئازار نا یبڕی ئـەبێ شۆڕ

٣٩- خزمی ژن بەرە بەرە دێتە نـــاو
خزمی پیاو دەر وەدەرە یە تـــەواو

٤٠- خزمی ژن پلاو پلاوە بــــزەن
خزمی ڕێش لەسەر کەوشە بزەن

٤١- خلـــە بار ئەکات بلە ماڵ ئەکات
کەسانی ناکەس ناکەسی ئەکات

٤٢- خلیسکان تۆڵەی پەلە کـــردارە
هەر چەنە بازە خەڵك لێی بێزارە

٤٣- خوا داویەتی و نازانێ بیـــخوات
بەڵای لابە بەلای بۆ پەیدا ئەکات

٤٤- خوا بۆ هەر کونە مشکێکی تـــازە
مشکی داناوە هەر بەو ئەنـدازە

٤٥- خوا بکا مەرگی نەیبینم بە چاو
زاواکەم کفنم بۆ بکا تـــەواو

٤٦- خودا ببڕێ چەرخی دەور و زەمانە
مەلا سەر شۆڕە بۆ قـــەڵەمانە

٤٧- خودا دای لە هێڵك ئەیدا بە جارێ
ڕەحمەتی بوونی ئەخاتە کارێ

٤٨- خوا هەتا سەردا ڕزقیش هەر ئەدا
لە دەست بێ ڕزقی خۆت مەکە شەیدا

٤٩- خودا نەدا پێ بە ماری غـــــەدار
چون گەورە و بچوك ئەبڕێ لە باڵدار
خودا خۆی و موڵکی هەر ئەمێـــــنێ
تۆڵەی بێ دەسەڵات هەر ئە سێنێ

٥٠- خودا نەدا خرا پەی خراپ تر کاکە
بە ڕاستی و ڕاستی نـــانت پەیاکە

٥١- خودا داری بۆیە بەرز کـرد و ەتەوە
هەتا چۆلەکەی لێ بنیشێتـــــەوە

٥٢- خودا کـــــــە داویە لێ مەدە لەقە
شوکری خودا بکە لەو کردە حەقە

٥٣- خودا دەرد ئـــەداو ئەدات دەرمانی
بترسن لە دین کـــاتی گـــرانی

٥٤- خودا دەرکێ کی گرتووە لێمـــــان
دە دەرکی تریش ئەکا تۆ لێمان

٥٥- خوا دەمی من بەئەسکەنە هەڵنەکەند
فریای کارم کەوت کرداری پەسەند

٥٦- خودا سەبری بچوکی هەتا چل ساڵە
بۆ حەق سەندنت قەت مەیکە قاڵە

٥٧- خوا سەرما لە پێ ی بەرە ئە بە خشێ
هەمووکەس سوارنییە بۆپشتی ڕەخشێ

٥٨- خودا غەزەبی گرت لە بزنی هـەژار
دەمی لە نانی شوان ئەخاتــە کار

٥٩- خودا سەری دا کڵاویش ئـــــــــەدا
بە هاشە و هوشە نان نابێ پەیـدا

٦٠- خوا کڵاوی کرد بۆ سەری بـــــەڕوو
بێ ئومێد مەبە وەکو گاور و جوو

٦١- خوا گەورە ترە لە سوڵتان مەحـمو
لە بۆ کاری پوچ مەبە ئابـــڕو

٦٢- خوا ماڵی دایە جوو کێری دا بەکەر
هەردوی وەکو یەك کردوە قوڕ بەسەر

٦٣- خوا نانی بڕی پێغەمـــەبەریش دۆ
خەریکی چی یە وا دەست بە ئە ژنۆ

٦٤- خوا نەجار نی یە تەختە ڕێکـــخەرە
بێحەیا خەڵکی کردە مـەسخــــەرە

٦٥- خودا دەلیلە بۆ داماوەکـــــــان
کەسی بێ کەسە بۆ لێ قەومــــاوان

٦٦- خودا یارم بێ دوژمنم با هـــــەزار
هیچ باکم نیە لــــە فێڵی فێڵ دار

٦٧- خوار دانیشە و ڕاستیەکــــــەی بڵێ
دڵ ئاوێنەیە بۆ هەمـــــوو دڵێ

٦٨- خواردن گەندوو گوکە هاوردیــە ڕوو
شتی ڕەنگ و ڕوو لە بۆ ئابـــــڕوو

٦٩- خواردن بۆ هەموو کەسێ قابیلـــە
زۆر جوان بە دەستی پیران زەلیــلە

٧٠- خواردی هەر خواردی هەتا بووە تێر
وەفای پیاوەتی ئاخری گووتی سوێر

٧١- خوازبێنی کەر گـــــەر کەران بوو
ناو گولانەی هەر گـــــریان بـــوو

٧٢- خوازبێنی كەر گـــــەر نەزە بێ
ناو گولاَنیشی گـــــەر گێزەر بێ
ئاخۆ ئەو شاییە ئەبێ چۆن چۆن بێ
٧٣- خودام لێ لار ە بەندەش بێـــزارە
ئێستا ئەزانم كێ گـــــرفتارە
٧٤- خوای گەرمیان و كوێستان هەر یەكە
نازانم ئیدی چی لێم گـــــەرەكە
٧٥- خودای قولی بوو نایە سەر ملی
تازە لە پاش چی خەریكی كـــلی
٧٦- خویەك كە گرتی لە كـاتی شیری
بۆی تەرك ناكرێ لەكاتی پیری
٧٧- خوێنەكەی بخوات ئۆخەی ناكات
ئێستا پێم نالَێی چۆن باسی بكات
٧٨- خوێنی بۆ گەڕی ئەشێ ئەو پیاوە
ئەوەندە زولَم و ستەمـــــی ناوە
٧٩- خوێنی كردووەتە كاسەوە كاكەم
تازە پێم ئەلَێ چی یە براكـەم
٨٠- خۆ نـەڕزیوە بن مەمـكی بۆ وا
پەلەم لێ مەكە لە ڕا هــی خوا

٨١- خۆ پەسەندیە ما یەی ڕسوا یـــی
کەس نە ژیاوە خۆ بە تەنیا یی

٨٢- خۆ ماست نەبوو دیاربێ بە دەمۆ
پاشی کەتن دان کەوتینەتەوە خۆ

٨٣- خۆ دەم قنگ نی یە کە بینوقێنی
هەرچی لێ بکـەی هەر دەی دوێنی

٨٤- خۆ مریشك نیم هەر بە دەنـــوك
شەڕێ بکەم و بکەوم هەر ســـوك

٨٥- خۆ نانم بەسەر ساجەوە نەسو تاوە
ئیتر پەلەت چی یە لەم کارە باوە

٨٦- خۆت بکە تێر و بە من بـــــکە خێر
تۆچاو ساغم بی ئەی لە کوێیەکوێر

٨٧- خۆت بە کوشت دا لە ڕێ ی بۆرە پیاو
ئەڵێ ی بە دەردی خوا مردووە تەواو

٨٨- خۆتمان لە دەست چوو هاوار بە ماڵم
بۆ مناڵەکانتە دایم ئەنـــــــــاڵم

٨٩- خۆت مەکە مەقاش بۆ هەموو کارێ
ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەسوتێی جـــارێ

٩٠- خۆرەتاوی قەراغ بان دەوام کەم ئەکا
بەهارە باران هەر زوو ووشك ئەکا

٩١- خۆش بوو ئاگر خۆش بـــوو دوو
برا خاستر بوو نـــەك وەك شوو

٩٢- خۆشت بێ و ترشت بێ ئەم کــارە
هەر وا ئەبێ و ئەبێ وابێ تائێوارە

٩٣- خۆشەویستی تۆ زۆر بێ مـەودایە
لەدوور و لەنزیك وەکو یەك وایە

٩٤- خۆش نوێنی تالّی نۆشینەلەدوایی
خزمەتی بکە هەتا لە دونیایی

٩٥- خۆڵی بەرکوانوی خۆت بخۆی چاکە
باشتر لە پلاّوی بێگـــانە کاکە

٩٦- خۆم تەنیاو بێ کەس وەك لقە دارێ
گیرۆدەی دەستی ئیشم گشت جارێ

٩٧- خۆ مار نەبووم بە خۆڵ بژیم من
ئەم کەی بە تانە بۆ دۆست و دوژمن

٩٨- خۆی بێ ڕیشەو بە کۆسەش کەنی
خۆزگەش مەخوازە بە خەیاڵ غەنی

٩٩- خۆی گەیاندە حاڵی جـــاو و ئاو
سەردانی بکە جار جار لە ناکـــاو

١٠٠- خۆی لێرە نی یە کلکی لە بەغداس
تەپ و تۆز ئەکات کاکم بەحەواس

١٠١- خۆی لێکردوین بە هەناری شیرین
وونە و دیار نی یە بۆ دەوای برین

١٠٢- خۆی مامرە و هێلکەی قــاز ئەکات
بە سەر پشقلدا قەڵەم باز ئـەکات

١٠٣- خۆی نەیکرد خودا وەهابۆی جوت کرد
هەرکەسی سەر خست دەربازی دەکرد

١٠٤- خێر و بێر بێ و بەسەر تـــــا رژێ
کەوتە سەر دڵم بۆت بەقەد کەژێ

١٠٥- خێر بۆ خوێش نــــەك بۆ دەروێش
ئاشی فرە هەڕ سەر ئەخاتـە ئێش

١٠٦- خێڵێ بۆ خوار خێڵێ بـــــۆ ژوور
بزنە بەل و دادە مەلە و جاجمە سور

١٠٧- خاڵۆی تەماتە فرۆش ،گەر قنگت نی یە بە جۆش
پێم ناڵی چیتە لە خاڵۆی تەماتـــــــە فرۆش

## پیتی ﴿د﴾ ٢٩٩ پەند

١- داد لە دەستی کە پەنکــە بۆر
مالَی لە خاوەن مالْ سەند وە بە زۆر

٢- دارگووتی تەور کلکی لە خۆم بوو
ئەگینا نە دەبڕام ئاوا زوو بە زوو

٣- داربە بە رەکەی ئە ناســـرێتەوە
شەو دە یجوریش بێ ئەبـــڕێتەوە

٤- دار بە پوازی خـــۆی قلێشێنراوە
لە دەرکی نامەرد من لێم قەوماوە

٥- دار بە گەورەیی نە چەمـــێنراوە
فێلْبـــــازە حەزی لە بەند و باوە

٦- داری کرد بە کونە زەردە والْـــەدا
نا مەردە ئـــــەوەی ماری دلْدەدا

٧- دار پیر بوو جارێ باز نیشتە سەری
ئەو پەلەش شکاکەنیشت لە سەری

٨- دارێ کەلار بوو سێبـــەری لارە
داردەستی خەلْکە ئە ئەو پەتیارە

٩- دار لە گەلْ تۆمە دیوار گوێت لێبێ
کەسی کردە چاك جێی متمانەت بێ

١٠- داریٚ نەرم بوو کرم گشتی خوارد
چەند خۆشە دەستی هەژار لەسەر ئارد

١١- دار نییە کـــــەوا با نەیهەژێنیٚ
کچ نییە کوڕیٚ کە نەیگـــەوزێنیٚ

١٢- دارو دیوارە گـــــــوێدارە کاکە
مەرد بـــەو بە مەردی نانت پەیاکە

١٣- دارا و نەدارا گشت غـــەرقی خەمە
خەمی تۆش هـــات خۆم خەمم کەمە

١٤- دارەکەی سەر کەل پردەکەی گـــەڕان
قسەی نا کلۆك زۆری ئـــــە گریان

١٥- دارەوانیشە شاخەوانیشە ئەمەندە مەردە
هەر کەس دە دوێنیت ئالـــودەی دەردە

١٦- داریٚ بیٚ بەر بێت بۆ بڕین بـــاشە
ئاشیٚ نەهەڕ بێت ئاخـــر کەی ئاشە

١٧- داری تاقــــەدار قەت نابیٚ بەدار
دۆستی دورە وولاٚت قەت نابیٚ بەیار

١٨- داریـــــدا بە ڕۆحیا زانـــی نەزانە
ترسنۆك هــــەردەم عەشقی گـــریانە

١٩- دارێ گەندەڵ بێ بۆ بڕین باشە
گەواد و قەحبە هەر یەك قوماشە

٢٠- داری قەرداخ پەلکی دەرمــــانە
خۆزگە بەو خوشکەی برای میوانە

٢١- دارێ نەرم بێ ئەیخوات مێرولە
نا خۆشە دۆڕا و لێی بکەی قوولە

٢٢- دارێ بــــڕا قنگ ئەو گێلە پیاوە
گووتی تەقە تەق چی دێ لەم ناوە

٢٣- داریکم بەدەس هەر دوو سەری گوو
گووتم گاورە بەلاّم دەرچوو جوو

٢٤- داس مەشا رەوە لە کاکی سەپان
نان بڕاو دەبێ بە سوك و ئاسان

٢٥- دایکت کورد و باوکت کـــــــورد
ئەم عینوانەت لــــــە کێ کرد

٢٦- دایکم کابانە تێر ئەبم لە کفتە
کەوگیری بەدەست لەم درەنگ وەختە

٢٧- دانت کە ئێشا چارەی کێشــانە
نەکەی کە شاشبی تۆ لە پێوانە

٢٨- دانا بە درکان کەر بە نە قیزە
سەر شۆڕە ئەوەی مەیلی لە فیزە

٢٩- دانا بە درکان نادان بە کوتەك
کاتی برسێتی و خواردنی کەشکەك

٣٠- دانا تێ ئەگا ووشە چوو لـــەزار
کەر لەگەڵ نادان وەکو یەك بێزار

٣١- دانویان پێکۆ ناکوڵێ ئـــەوانە
دوژمن دوژمنە لە هەر مەکـــانە

٣٢- دانی تیژ کردووە بەس بۆ تالآنی
ماڵەکەی گشت خواردهەر چەن نالآنی

٣٣- دانیان سپی بووە لە یەکتر هەر دوو
ئەم ئەڵێ پیاز ئەو ئەڵێ سیر بوو

٣٤- داوێ ناتەوە بۆ قاچی خـەڵــکی
خۆتی پێ ئەگری جا چیە کـەڵکی

٣٥- داوای ڕەشکەی کـرد بیداتە دەستی
گوتی ساوەرم هەڵ خستووە گـشتی

٣٦- داویەلەحەوت ئاو قولی نەبووە تەڕ
چونکە فێڵبازە نـــــــتاکەوێتە شەڕ

٣٧- دایە ببینە و دێتـــەی بخوازە
بەكەسی ناكەس هەرگیز مەنازە

٣٨- دایە تاكو تۆ ئامۆژگاریت كردم
سەدوسی مێش لەقنگ كەر ژماردم

٣٩- دایە بمــــــەردە باوە بۆ وازە
بۆ خۆت بگریە قەلەندەر بازە

٤٠- دایەن لەماڵی مناڵ بەڵــەدەن
خۆت بۆناكەسان قەت مەكە وەپەن

٤١- دایكێك مەدحی كچی خۆی بكات
ئەبێ هەر شوو بەخاڵۆی خۆی بكات

٤٢- دایە و بابە گوناە ئەكەن براكەم
فەرزەند گیرۆدەی ئەبێ چاوەكـەم

٤٣- دایك و باوك لە بەردەم قـــازی
مناڵ بێ ئاگا و خەریكـــــی وازی

٤٤- دایكت بمرێ عـــــەلی و جافر
حەڵوا شیرین و نە فسیش كـافر

٤٥- دایكی بوكە هــــــەر ئە كوركێنێ
چەكمە ڕقەكەی خۆی ئەخوسێنێ

٤٦- دایکی بوکێ شەقیە کەر بترێ حەقیە
چاو و ڕاویان لێ کردو وە بـــەدەقیە

٤٧- دایکی دایکم چارۆك کـــــــــەمایی
دەستە چەورە کەی بەمنا ســـــاوی

٤٨- دایکی دز یاسنگ ئەخوا یاسنگ ئەکوتێ
کوڕ مرد و نەجاتی بوو لە دڵە کوتێ

٤٩- دایکی کراس کەوە نەمردووە بــــرا
بۆ دەورو بەرت بووە بــــــــــەچرا

٥٠- دایکی منالێ خواردی نان و چنگەڵان
گەورە بوو شـەڕە بەردی ناو کۆڵان

٥١- دەبدە بەهەشت هەشت بگرەلە مشت
هەرگیز پشت مەکەتۆلە سودی گشت

٥٢- دەرە قەتی نایە بە زۆران بـــازی
خەوی گولی دی دەرد وە نیـــــازی

٥٣- دەرەکی هات و بنەکی دەرکـــــرد
هەرچی هەوڵی داهیچی سەوز نە کرد

٥٤- دەردە دار بە تـــا ئەگەیت بە دەرمان
شوکری خواش بکە لە بەلای ناگەهان

٥٥- دەردی جوانان و دڵۆپەی بانان
زۆر بڵێ مەبە لە کاتـــــی ڕازان

٥٦- دەردی دڵ بۆ ژێر گڵ بپێچەوە
نەکەی شەو بنوی بەسەر ڕێگەوە

٥٧- دەردی دڵی خۆت لاییەکێ بکە باس
کەخەم خوارت بێت وەلێت نەبێ یاس

٥٨- دەرد و ئازاری یەك سەعات ئێش
خۆشی ساڵێکت گم ئەکا لە پێش

٥٩- دەرزی هەڵبدە نا کـــەوێتە زەوی
کردار حسێبە نەك ملـــی قەوی

٦٠- دەرگای ماڵی خۆت تون تون قایمکە
سەگی دراو سێش قەت وەدز مەکە

٦١- دەرگای خەڵکـــت گرت لێتدا بزانە
لە دەرگا دانت گەلێك ئاســانە

٦٢- دەرگایەك لە فەقیر بێتوو داخرێ
هەر بە حەکیمان چارە ئـــەکرێ

٦٣- دەرگای چە پەر و سەی حەو حەوکەر
ناخۆشە سەرمایی زمسان چوونەدەر

٦٤- دەرکراو هەرکات کە دەستـــــــی ڕۆیی
دەستی برای خۆیی ئەشکێ نێ خـــۆیی

٦٥- دەرمانی ڕا ڕەفتنە دەرمانیخـــەو خەفتنە
پشت مە بەسە بەخەو چوون برای مردنە

٦٦- دەروەز کیمیایە یـــــــان دەروێشیە
دەروێشیە بۆ گشـــــــت کەسێ خۆشیە

٦٧- دەروێش دۆی خوازی دۆ زۆر ئـــــەبێ
لە ترسا زۆرشت زوو پەیــــــدا ئەبێ

٦٨- دەروێشی بەسەر خۆشی مــــــــەنازە
بۆهەمـــــــوو کارێك بکــەی دەروازە

٦٩- دەریا بەدەمی ســــــــەگ نابێ گلاو
برسی ئەزانێ لە زەتـــــــــی پلاو

٧٠- دەزووی ووشك (دان)ی ئەو بێ چـارەیە
هەر خودا ئەزانێ چەند بێ پــارە یە

٧١- دەست ئەکا بەدەم سەگا ئەو ســەگە
بە باخەڵ بەتاڵ بەدەم دەرەبـــــــەگە

٧٢- دەستت کار ئەکاو چاوت ئەتـــــرسێت
برسی لە دین و ئیمـــــــان ناپرسێت

٧٣- دەستی بالاّ دەست هەیە لە دونیا
كە سابەت خۆشە بەلاّم بە تەنیا

٧٤- دەست خەرە دەمی ناتوانێ بیگەزێ
پیاو چاولەڕێی كرد ئەبێ بتەزێ

٧٥- دەستی ئەكاتە ناو دەمـــی شێرا
لە بەر حەقی خۆی كەوتووە لێرە

٧٦- دەست بخەرەلاس و دەم بخەرەماس
نەكەی بشكێنی كەسی پیاو وڕاس

٧٧- دەست دەرە دارێ بـــــكوژە مارێ
قەلان شەو كوێرن پاشی ئێوارێ

٧٨- دەست بگرە بە سەر كلاّوی خۆتـا
نەوەك با بیبات لە عەداوە تـــدا

٧٩- دەست بلاّو بە پیر گەداوە ئەچێ
ڕەزیلی نامەرد بە گژیا ئەچێ

٨٠- دەست پانكاتەوە لە پێ ئەكەوێ
بنی كەندەلاّن نەشیاو بۆ خەوێ

٨١- دەست خەڕۆ كەرێ زۆر خراپترە
لە ماڵ كاول كەر گیانی ئاگرە

٨٢- دەست خەڕۆت کردم مەمکە ڕەنجە ڕۆ
بۆم پینە ناکرێ درۆت بە پـــەڕۆ

٨٣- دەست دەست ئەناسێ یا دەستی پیسە
باو کەڕۆ ئەکـــــا بەس بۆ هەریسە

٨٤- دەست شکاو ئەکا کار بەهەر ئەحواڵێ
بەڵام دڵ شکاو دووژمن لە مــــــاڵێ

٨٥- دەستگیرانی کەس نـــــاشیرین نییە
دڵیان بۆ یەکتر پڕ لــــــە جوانییە

٨٦- دەست لە دەست و قووەت لە خــودایە
گفتی نا شیرین لە زمــــــــاندایە

٨٧- دەست لە گـــــونان زۆر درێژ تـــرە
ئەم ساڵ زۆری ئاو لە زۆری بەفـــــرە

٨٨- دەستێ بۆ بەخشین درێژ بکـــــرێ
باشتر لەو دەستەی کەوەری ئەگـــرێ

٨٩- دەستێ بە دزی و قنگێ بە حیـــزی
ئەبێ تا مردن بمێنێ بە کــــــزی

٩٠- دەستێ کە یاسا بڕی بێ خوێنە
ژووانی دڵداران قەت مەشێوێنـــــــە

٩١- دەستێ که فێر بوو بە گە نە کاری

هیچ باکی نییە لە شەر مەزاری

٩٢- دەستاوی بوکێ لە چاومان گیرێ

نەکەی سەر داخەی بۆ گشت ئەمیرێ

٩٣- دەستت دا کەو گیر چاوت لە فـەقیر

لە کاتی بووندا خزمت بێ لـە بیر

٩٤- دەستە و شکێنم مەکە ئـــــازیزم

قسەت پێم گەیی بۆیە وا زیـــــزم

٩٥- دەستە چەورەکەی بە مندا ســـڕی

چوون خوا حەزی کرد ئەسراری دڕی

٩٦- دەستێ کە شکا ناچێتـــە جێی خۆی

ئاخ و داخ مەکە بۆوەی لە دەس ڕۆی

٩٧- دەستم هەنگوین بوو وەك منالێ مژی

کە هەنگوین نەمـــا وەکو مار گەزی

٩٨- دەستە و ئەژنۆ مە بـــــە لەو کارە

دلێ پڕئازاران شەوان بێـــــــدارە

٩٩- دەستەیەك بە دلێ ماڵە و مالێ ئەکەن

دەستە یەك بە کۆلێ تالآنی ئەکـــەن

١٠٠- دەستم گرتووە بە كلاَوی خۆ وە
حەقم پێبدە و ئەو جا بڕۆ وە

١٠١- دەستی ئەسپت هەروا بێ درێژ
كەوازت هێنا كارم كەوتە گێژ

١٠٢- دەستم بڕاوە لە هەمـــوو لایە
تازە بە درۆ نـــــاگە مە مـایە

١٠٣- دەستی بڕیووم پێم پێ ئەكەنێ
پاشی پیاوەتی پێی كردم هەنێ

١٠٤- دەستی بزنم بۆ بخە ناو كاسە
ڕیا كـــــردەوەی بە خاسە خاسە

١٠٥- دەستی بلاَوە بۆیە دامـــــــاوە
هیچی بەهیچ نابێ لـەم ناوە

١٠٦- دەستی بێگانە بۆ ئەوە بـــاشە
ماری پێ بكوژی لە هەر لا باشە

١٠٧- دەستی تەماعە درێژە كـــــاكە
هەر كەسە بۆ خۆی هەولْ بداچاكە

١٠٨- دەستی خۆی گەزی لە پەشیمـــانی
هیچ سوودی نەبوو ناڵە و فوغانی

١٠٩- دەستی خۆی نییە و ماری پێ ئەگرێ
حەزنا کا کاری خەڵکی سەر بگرێ

١١٠- دەستی خێری نایە سەر شـــانی
ئیتر نازانێ وەزع و ژیـــــانی

١١١- د ەستی کەس پشتی کەس ناخورێنێ
بە درۆ ماڵی خەڵك بۆخۆی دەهێنێ

١١٢- دەستی دەرچووە لە بنی هەمـــانە
لە پاشی ترێ خەمشە بـــڕانە

١١٣- دەستی ماندووە لە سەر سکی تێر
نەکەی قسوور کەی لە پێدانی خێر

١١٤- دەستی گەیشتە کیسەی خــەلیفە
ئەو ساکە زانی داڵغەی ژێر لێفە

١١٥- دەستیان لە دەستەو تۆیان مەبەستە
وەکو دۆ ڕژاوە دایمەن پەستــە

١١٦- دەستی وەشاندووە و هاواریش ئەکا
شەرم نایگرێ ئەو ئەڵــــێ ڕاکە

١١٧- دەستێ نەتوانی بیبڕی ماچی کــە
ئتر بە درۆش خۆت هیلاك مەکـــە

١١٨- دەماخی لە شكریٚ سرێكی تیایە
زۆر دەمی بادا و خۆ كـــــەلوەلاٚیە

١١٩- دەعیە و دەمـــــاری نێرەكەر نابیا
پیاو نەگبەتی بوو ئەتسیٚ ڕووە و با

١٢٠- دەفی دەنگ نادا چوونكە كە ساسە
یا خوداكەس بەدرۆت نە فەرمویٚ ڕاسە

١٢١- دە فەوانە هەر دەرحەق زەمـــــانە
لایەك شاییە و لا قـــــوڕ پێوانە

١٢٢- دەفری بێسەر پۆش تێی ئەكەویٚ پووش
موشێن كەر ئەبیٚ ڕاكا بۆ لای مووش

١٢٣- دەك ناڵبەندت كوێر بۆ كاریٚ كردت
هەڵمەتت شێرە و ڕێوی یە كـردەت

١٢٤- دەڵەكە تسەی پێستی كـــــــەوڵە كۆن
ئەكرێتە شایی كە لەڕۆحیە خـــــــەن

١٢٥- دەمت بوەستیٚ گیـــــــــان سەلامەتە
ئەگەر نەوەستا گیان ئامـــــــانە تە

١٢٦- دەم تەڕ كاسە ووشك هیچ نەبوو لـــەبار
بەدرۆ و گەزافی دەعوەت دەكات شـــــــار

١٢٧- دەم نەبوو هاکەم پێم نەبوو ڕاکەم
پێم ناڵێی قوڕی کویٚ بەسەراکەم

١٢٨- دەمی بگرە بەقوون بۆم دێتە قسان
پەتی نامەردی بە جاریٚ فســـان

١٢٩- دەمی وەك تەڵەی تەقیوی لێهات
کەچی کۆڵ نادا کە چی بەسەرهات

١٣٠- دەمی پڕ لە خوێن دێتە دەرمـــاڵت
با ئیتر بەسبیٚ قسەی بەتـــاڵت

١٣١- دەمی خەڵکی مشتی من نەبوو
بیان نوقێنم و کەنە یەنـــە دوو

١٣٢- دەمی سەگ بەتیکەی چەور ئەبەسیٚ
نامەردان لە ڕووی مەردان ئەوە سیٚ

١٣٣- دەمی چووە بۆ گوو چنیـــــــــنەوە
ئیتر چی یەتی لەم هۆنینــــــەوە

١٣٤- دەمی وا چووە بە خوری خۆیـــــا
ئامادە یە گیان بدات لەڕێـــیا

١٣٥- دەمی نایگاتیٚ و ئەفەرموویٚ تاڵە
مامەڵە لەگەڵ ژنان بەتـــاڵە

١٣٦- دەنگ کەم بـــەد ناوم و بەد ناوم
دەنگ ناکەم تەنگـــاوم تە نگاوم

١٣٧- دەنگم خۆش بوایە بۆ خۆم ئە گریام
بۆ وا ز ناهێنی ئەزانی کە من کەوام

١٣٨- دەنگی دەهۆڵ هەر لـــەدوور خۆشە
کە چویە نزیکی قەبە یەو بۆشـــە

١٣٩- دەنگی هەس ڕەنگـــــی نیە لەم ناوە
مەترسە لەوەی هەر خـــــۆی حساوە

١٤٠- دەهۆڵ کەدرا دەنگـــــــــی زڕاوە
گەماڵە پیرەش مەیلـــــــــی لەڕاوە

١٤١- دەوەرە ئەم کەرە لەم قـــــوڕە دەربێنە
هیچی پیَ ناکرێت غەیری ووڕێـــنە

١٤٢- دەوەن ئاخری ئەبێتـــــــــەوە دار
سوارهێسرخۆشە گەر بە نەرمــــــەغار

١٤٣- دەوەن بە ئاشە ئەئەم کارەمـــــــان
دنیا ئاخر بوو چییە چارەمــــــان

١٤٤- دەوڵەتی جوانی ئەوونە شـــــــوانی
دەوڵەتی پیری ئەوونە ئەمـــــیری

١٤٥- دەوڵمەند پیرۆزە فەقیر لەکوێت بوو
پێم ناڵێی لە پڕ ئەمەت لە کوێ بوو

١٤٦- درۆ داماوە و هەژارە و فەقـــــیر
درۆزن ئەیکا بێ کردنەوەی بـــیر

١٤٧- درۆ شیرنە و بەرەکەی تـــــاڵە
نەفرەت لەو شوێنەی تیا یا حەلاڵە

١٤٨- درۆ دوایی مردن ئەکرێ گیانەگەم
زانی مود دەعیت نایە تۆ هـەردەم

١٤٩- درۆ ماوەی کورت مەنزڵی کـــورتە
چیت دەست کەوتووە لەم جرت وفرتە

١٥٠- دەوڵمەندانە هۆ هــــــۆی جوتیانە
بێووڵەتانە خـــــــەمی جووتیانە

١٥١- دەوڵەمەند هێشتـــی لەئاش بێتەوە
هەژار نا یەڵێ لەســـاج بێتەوە

١٥٢- دەوڵمەند گوی چەور هەژار پە تایە
مەتەڵێ سەیرە ئالــــەم دنیایە

١٥٣- ددان لــــــــە سنگی هاتووە وایە
فیڵ و تەڵەکەی هەتـــــا هەتایە

١٥٤- ددانی خۆش ئەویٚ نانی پیٚنا خوات
خولٚکیٚ کەس ناکات نانیٚکی بخـــوات

١٥٥- دەولٚەمەند بـــــــەدلٚە نەوەکو بەمالٚ
گەورەیی بەئەقلٚە نەوەکو بەســـالٚ

١٥٦- درۆ داماوە هەموو کەس ئە یـــــکات
خۆزگە بەوکەسەی خۆی لیٚ دور ئەخات

١٥٧- درۆ نە فەرزە نە سونەت کــــــاکە
بەشویٚن درۆدا کەم خۆت هیلاك کـــە

١٥٨- درۆ وەك کەری فەقیر وەهـــــــایە
چووە هەر جیٚ یەك سوك و ڕســــوایە

١٥٩- درۆزن دوژمن خەلٚك و خـــــــوایە
هیچ کەس بە درۆ ناگاتە مــــــایە

١٦٠- درۆزن باشە درۆزان خـــــــــــــراوە
هەر گیز تەڕ نابیٚ وەك سۆنەی ئاوە

١٦١- درۆزن شتی زوو بیر ئەچیٚتـــــــەوە
بۆیە بە درۆش ئە خـــــــــــریٚتەوە

١٦٢- درۆ نا چیٚتە دلٚ و بچـــــــــە سپیٚ
تەنەکە لەتەنگی چاکا ئەقـــوپیٚ

١٦٣- درۆ لەدەم دەرنە چووە لۆق ئەدا
وەك تاوان باری قوون لەڕەشەبا

١٦٤- درۆزن ئاگر بەر بێتە مـــاڵی
كەس باوەڕ ناكات پیسە جـەواڵی

١٦٥- درۆزن هەرجارێ ئاشنات ئەكات
دەیان جاردووایی خۆی ڕسوات ئەكات

١٦٦- دراوسێ لە دراوسێ ئەگرێ سەراسێ
من لە كردەی تۆ سەرم ئەئاوسێ

١٦٧- دارێ مەزن بێ نابێ بە گوپاڵ
یاخودا ئاشووبە نەچێتە هیچ ماڵ

١٦٨- دڕك بەو بچۆ چاوی دوژمن تا
دڵت پیس مەكە تۆ لەگەڵ ژن تا

١٦٩- دڕك بكێڵی دڕك دێتـــــەڕێت
چویتە هەرجێیە بزانە كوێ جێت

١٧٠- دڕك ترێ ناگرێ هەرگیز بـــۆت
ئۆباڵی تاوان وا لە ئەستۆی خۆت

١٧١- درێژ دەڕوات و كورت دەبێتـــــەوە
لە كرداری پیس قیزت بێتـــەوە

١٧٢- دزهێندەی ستەمە کە لەبەر ڕەشکا
زۆر بە ئاسانی ماڵت بەش ئەکا

١٧٣- دزە بـــازاڕی شێواوی ئـــەوێ
تاوەك پشیلە پارچەی بەرکەوێ

١٧٤- دز بەڕێیەکا ئەڕوا دوایـــی دزی
خاوەن ماڵ هەزار ڕێگەی پشکنی

١٧٥- دزێکم دووان ئەڵێ لە ژیـــــان
هەر پەیژەیە دەرمانـــــی دەردان

١٧٦- دزکە خێرابێت تاریکـــە شەو زۆر
تـالآنی ئەکـــــا چ ڕەش و چ بۆر

١٧٧- دز دز ئەنـاسێ گوتـە یە ڕاســە
هاوڕێی وەرزێـــر تەنها هەر داســە

١٧٨- دز و پاسەوان کەڕایان یەك خـەن
بەکونە بانا حوشتر سەر ئەخـــەن

١٧٩- دزلەسەگ وەڕ ناترسێ ئەسەڵەمێتەوە
تانە ی دۆست لێت دا بیر نا چێتەوە

١٨٠- دزو ماڵ خۆر ئەگەر یەکیان گرت
گا لەکولانە ئەبەن وەجرت و فرت

١٨١- دزیەك شك هەزار بوختان ئەکریٚ
زۆر جار بەهۆی شك تاوان ئەکریٚ

١٨٢- دزی خۆماڵی دەرگای کرد بەتاڵ
بێچارەم بۆیە نایکەم قاڵە قاڵ

١٨٣- دزی گای خۆیەتی ئەو بەد ڕەفتارە
خەڵکی تاوان بار دەکرد هەرجارە

١٨٤- دزی کولێنە یان دزی نـــاو ماڵ
لە ماڵ بڕینانیەتی گاڵە گـــاڵ

١٨٥- دزیٚ ناشی بێت ئەدا لە کادان
دێزە بیٚ دەنگە شکانی کـــابان

١٨٦- دڵۆپە ئاوە ئاشیش ئەکـــا کون
من ئەڵێم :گاڵە ، ئەو ئەڵیٚ :هەرزن

١٨٧- دشی دشی بەچی ئەچیٚ بچـــیٚ
نابیٚ کاری وات لیٚ بەسەرچیٚ

١٨٨- دڵ ئاوێنەی دڵ دڵ ئەگا بەدڵ
خۆشەخواردنیٚ پێی ئەوتریٚ بەکوڵ

١٨٩- دڵ بەرد نییە و لە گوڵ ناسك ترە
زۆر دۆستی گیانی لە بۆت ئاگرە

١٩٠- دڵ پیر نابێ و چاو تێر نابێ
بەرکوێرە کانیش قەت وەباخ نابێ

١٩١- دڵ سفرە نییە بیکەم والاّ بـــۆت
ئەوەی پێم ووتی وابەئەستۆی خۆت

١٩٢- دڵ لەدڵ مەدە هەر پێی ئەگەیی
بەلاّم لەلای کەس مەیکە گلەیی

١٩٣- دڵ مێشە جار جار وا لە بانی گوو
دەنیشێتە وە هەر بە ئـــــــارەزوو

١٩٤- دڵ وەکو شووشە کە شکا ئەشکێ
تـالاّنی کردم دڵیشی دێشـــــێ

١٩٥- دڵم وەك گونی هەلاج لێ ئەکا
هەر چییەکم کرد ئەو بەربادی یەکا

١٩٦- دڵ کەس مەشکێنە هەتا ئەتـــوانی
لە پاشی چووەت دڵ پەشیمـــــانی

١٩٧- دنیا بۆ دنیا و هەم بازاڕی خـــــوا
مەرد ئەوکە سەیە بە مەردی ژییـــــا

١٩٨- دنیا بۆیە خۆش کە بێدەرگـــــایە
تەنها خاوەنی دنیاش هەرخـــوایە

١٩٩- دنیا بە درۆ و قیامەت بەڕاس
کەمانگانەبێ لەکوێ کەرەو ماس
٢٠٠- دنیا بە هەشتی گەلحۆ و بڵحانە
تیا بخۆ و بڕۆ مەوە ستەگیانە
٢٠١- دنیابنی قوڵ پڕ لە بەسەرهات
لەدەستی نامەردخۆت بدەنەجات
٢٠٢- دنیا بووە بەسەڵتە و مـــاوی
ئێمەش بووین بەقیلچکە گواوی
٢٠٣- دنیا تاسەر بۆ کەس نـــامێنێ
ئەو کەسە کوڕە نەیخەڵـەتێنێ
٢٠٤- دنیا جوڵەجوڵ موختار قونەقون
موختار و دنیا لەدەس یەکتر چوون
٢٠٥- دنیا یاحەریف ئەیخوایا زەریف
حەیفە کەماڵت بخورێ بەئیـف
٢٠٦- دنیا خەرمیزە کردە پیس حیزە
خۆی میزاوییە بەمنی گووت میزە
٢٠٧- دنیا دارایی هەم دەردی دڵــە
خۆپاراستن لێی کردەی ئـــاقڵە

٢٠٨- دنیـــا دەورانە و دەوران دەورانە
زۆر بلێ مەبە خــەڵك هەراسانە

٢٠٩- دنیاوەك چەمە هەمووشتی تیایە
نا حاڵی یە لە بۆحاڵی بــەلایە

٢١٠- دنیا گوڵێــکە هەردەم لە ڕەنگێ
برسی لەڕێگەی نانا ئە جە نگێ

٢١١- دنیا کێ خواردی بەس زمان لوسان
بۆ لوس و پوس و بۆ بێ نامــوسان

٢١٣- دنیا وەك کەرە و سواری بەو هەڕە
چپەش کەی قابیل بە پیاوی کەڕە

٢١٣- دونیا کلاّ وکلاّ وە و خـــۆت لادە
عەیبی خەڵك مەڵێ شتێکی پیادە

٢١٤- دونیا کوێرە و دویــــــرە و زویر
لەگە نجیت مەردبە ڕێز بگرە لە پیر

٢١٥- دنیا لەهەی هەی کۆسەلەخەم ڕیش
دەست بڕین برا، کەی بووە بەئش

٢١٦- دونیا وەك ماسی مەییوە ئێستـــاکە
باوە و ووتراوە هەرچاکـــە چاکە

٢١٧- دنیا یا زۆردار خواردی یابێ عار
ووتراوە شەرعی مار بکرێ بەدار

٢١٨- دنیا دەیەوێ قیامەتیش وەك ئەم
خۆم خەمم کەم بووبۆت هێنام خەم

٢١٩- دنیایی بەدەست و دەمی گرتووە
کەچی هەموو کات پەکی کەوتووە

٢٢٠- دنیایی لێ بووە چەرمە چۆلـەکە
بێ دەسەڵات دەستی نایە کـــەلەکە

٢٢١- دوان زۆرە و یەك کەم گووتراوەکاکە
چاك بڵێ ببە و چاك گووتن چاکە

٢٢٢- دوایی ڕووت کردنەوە تەشتی تەڵات
بنێ بەسەر تەوە چیتە لە خـــەڵات

٢٢٣- دوایی کڵاوی با بردوو مەکـــــەوە
ئیشی ڕۆژ ڕۆژ و ئشی شەو شـــەوە

٢٢٤- دنیای لێ بووە بەکونە مشك کاکم
جێی نابێتەوە لە ترسی حــــــاکم

٢٢٥- دنیا گەز گەزێن، دەستم بووگەزیەکەم
دەستت بووگەزی کە، دەتۆش بەبێ خەم

-٢٢٦ دوێو پێر و ئەمڕۆت هەر هەموو بەخێر
بەسیەتی ئیتر کاری ژێر بـــە ژێر

-٢٢٧ دوژمن کەی بەدۆست ئازایی خـــۆتە
دۆست کەی بە دووژمن هی نەفامیـــتە

-٢٢٨ دوژمن قەت نابێ بە دۆست و بـــــرا
ئەگەر وەهای کرد چاك بووە و گۆڕا

-٢٢٩ دووژمن کەریشی بگێی هەربـــــاشە
چوون تۆڵەیەکی سوك و بـــــەلاشە

-٢٣٠ دووژمن نائومێد ببێ لەمـــــــاڵت
ئەگەر بزانێ چۆنە ئەحـــــــــواڵت

-٢٣١ دووژمن یەك و دۆستت هـــــــەزار
هێشتا هەرکەمە نەبی گـــــــرفتار

-٢٣٢ دوژمن بچوك بێت ئیشی زل ئـەکات
نەکەی پشت گوێی خەی خزمان وبرات

-٢٣٣ دووژمنت هێدی هێدی بکەرە وە تـــەواو
ئە نجا تە پی خۆت بخــــــەرە سەر داو

-٢٣٤ دووژمنایەتی زانات لە لا خۆشتـــر بێت
لە دۆستی نەزان قسەی ئاگـــــــتر بێت

٢٣٥- دووژمنیٚ دانا بووە بە دۆسسم
چاوەڕیٚ دەکات بکەویٚت کۆسم

٢٣٦- دوژمنی خۆی بە شەکر خنــکان
هەتایەهەتایەنەیەتە بەرچاوان

٢٣٧- دوڕ دوڕ شیٚخ لەنگەر دووبارە باوە
چیت گووت وچیت کرد وەها گەڕاوە

٢٣٨- دوعای کەر قبولٚ بوایە لەلای خوا
هەر بۆجۆ بارین ئەی فەرموو دوعا

٢٣٩- دوعای کرد کەمیز نەکات بەخۆیا
گو ومیزی یەکجار هاوردە خۆیا

٢٤٠- دووکانی بەکر و دوو قالٚب سابوون
لەبەخشندەیت من نابم مەمنوون

٢٤١- دوو پشقەلی ئەکرد گۆشتی ئە خورا
ئەمەند داماو و بیٚ کەسە و برا

٢٤٢- دوو پیت و لە تیٚ خویٚندەواری یە
خۆی کردە مەلا لەبیٚ عاری یە

٢٤٣- دووموسڵمان لەسەر ماڵی جو لەکە
شەڕیانە و شەڕی دار و کو تەکە

٢٤٤- دوو دڵ مەبە گەر دووڵی دڵتەنگ مەبە
مەلەوان نی ووریای گۆمی گێژمەنگ بە

٢٤٥- دووڕوو بێ ئابڕوو تە نیایی هەرگیز
وەكو خەرەنگەز ئەیكا گیزە گیـــز

٢٤٦- دوو گا لەدۆڵێ نا چنەڕنگی یــــەك
بەڵام لە خوڵقا ئەبنەوە بە یـــەك

٢٤٧- دووئاو بە نانێك چ فایدەی هــەس
ئێستا بێ كەسم كەسم نی یە كەس

٢٤٨- دوو قەلە كاروان دووژمن و حە مــــام
دوو كەران باوگاو بێ سوودە و نە فام

٢٤٩- دووژن حەمامێك دووكەران گا ڕانـــێك
كێ سەری دەرچوو لەمێو بەرانیــــێك

٢٥٠- دوو فوو سەبرێكی چاكـــــی پێویسە
كەری چڵێسە و مەیلی لە پیســــــــە

٢٥١- دوو كاڵەك بەدەستێ هەڵ نـــــاگیرێ
درۆی بەدەمۆ ئەكرێ كە ئەمـــــرێ

٢٥٢- دوو كەس پەنایان بردە لای قـــازی
هەر یەك بە جۆرێ كـــــراون ڕازی

٢٥٣- دووکەس لە بێژنگەوەسەیری یەکترکەن
هەر وەکو یەکـتر یەك بـەدی ئەکەن

٢٥٤- دوو نینۆکـــــانم کە دەخــــــورێنم
دوو کەسی نەزان بە شـەڕان دێنم

٢٥٥- دوور بڕۆ و درووست بگــــەڕێ دوواوە
ئە نجامی کارت دییار و حســــــاوە

٢٥٦- دوو ر بینی ئەکا و دوور کــــوژە دادە
ئەوەی ئەیزانی مەوجێکـــــی پیادە

٢٥٧- دوور و دۆست خۆشە یا دوورە دۆستی
مەردە نەگۆڕێ وەری گرت پۆستـــی

٢٥٨- دووکەڵی ماڵی خۆت گەلێ گەرم تر
بە ئاگری ماڵان بەمنەت بێ و خۆشتر

٢٥٩- دووگی سپاردە کوێخا پشیلــــــــە
هۆن هۆن ئەگریا گووتی زەلیلـە

٢٦٠- دووگێ چەور بێ بێ بەلا نەبووە
سەرکەتووەئەوەی لێی دوور کەوتووە

٢٦١- دووگی خۆم خۆش بۆ چیمە خانوو
یارمەتیم نادەی چییە بیـــــانوو

٢٦٢- دووی لێدا بە دار له کاکی بێعار
گووتی بێزارم مەکە ئـەی بێزار

٢٦٣- دۆبێ و دۆکەش بۆ خوڵق و خووبێ
نا حاڵی له شوێن نا حاڵی چووبێ

٢٦٤- دۆی دا بەبێ دۆ لای وا بوو ماسته
پەنجەی بۆ ئەبرد بزانێ ڕاسته

٢٦٥- دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کرد کەچی
ئەو بە من دەڵێ گەیشتی تە چی

٢٦٦- دۆ بۆ دەروێش قاتی نییە هەرگیز
لوتی زۆر کەسی شکـــاند وە فیز

٢٦٧- دۆستم ئەوەیە کە ئەم گریە نێ
دوژمنم ئەوەس کە ئەم خـەنێنێ

٢٦٨- دۆست پەیدا کردن گەلێ گـــــرانە
دووژمن هەزاران هێندە ئاســـانە

٢٦٩- دۆستم بۆ سەر و دووژمن بۆ قاچم
هەتا بزانێ من چەند موحتـــاجم

٢٧٠- دۆست و دووژمن ڕۆژی تەنـــگانە
دەر ئەکەون بۆت باشن کـــامیانە

٢٧١- دۆستت هەزار بێت هێشتا هەرکەمە
دووژمن یەکێ بێت بۆت دەردووخەمە

٢٧٢- دۆست و دووژمنی لێك نا کاتەوە
ئەمەنندەش گێلە بیر نا کـاتەوە

٢٧٣- دۆستی دۆستم چەندە دۆستمـــە
دووژمنی دووژمنم ئەوەند دۆستمە

٢٧٤- دۆستی سەرکاسە مارێکـــی سڕە
گەرمی بووە وە هەناوی گـــڕە

٢٧٥- دۆشاو بۆ پاشا قەت نابێ قاتی
دەرد نییە پیس بێت هەر وەکو لاتی

٢٧٦- دۆشاو بەگونت لەجێی بێ ئاووا
بۆ حسابی لار کارت تـــەواوە

٢٧٧- دوعای نابە حەق سەر بەخاوەنێ
خواکوێرکات چاوی خاوەنی پەنێ

٢٧٨- دۆڵەی پڕ ئاشتی ســـاڵ و مناڵە
لە پاش پیاوەتی مەیکەرە گاڵە

٢٧٩- دۆم گووتی دنیا گشتی بقر چێ
بەس مشتە ڕەشی منی تیا نەچێ

٢٨٠- دۆم بۆ سەرو پێ ماڵەکەی کرد جیا
لە بەر نەزانی بەو کارەی هـەڵسیا

٢٨١- دۆمبێ و کلاش بکات لە بۆ خۆیی
ئەوسا مشتەری ئەزانێ چۆن بوو بۆیی

٢٨٢- دۆمبێ و لە سەرما کەلەرزی لێ بێ
ئەبێ گشت دونیا هەموو ڕەقـۆ بێ

٢٨٣- دۆم و دانیشتن ماڵی ویـــــرانە
چوون ڕووت و برسی بێ ئاو ونانە

٢٨٤- دێ پڕ لە دەنگ و با سباسی پورێ
خۆی کەڕ کرد وە خۆشی ی ئە گۆڕێ

٢٨٥- دێ نەگەیووە تا دووکەڵ بگـــات
کێر نەگەییە قون وا هاوار ئەکات

٢٨٦- دیاری شوان باشنگە یا هاڵەکۆکە
پێش دان لە دەرگا جار جار بکۆکە

٢٨٧- دیاری مێرووله قاچی کوللـــە یە
نەگبەتیش کە هات پلە پــلە یە

٢٨٨- دیتنی ساڵ و سەعاتێ یەك بــێ
ئەبێ پیاو هەوڵی هەر بۆچاکە بێ

٢٨٩- دیدەنی یاران چ ساڵ چ ساتە
ئەوەگرنگە لات ڕێزی لە لاتە

٢٩٠- دێر بێ وتێر بێ ئاواتی نەزان
نەزان کارەکەی لەکار تەرازان

٢٩١- دێزە بەکۆڵە بۆ فیتنە گێڕان
لە کردەی خراپ نابێ پەشیـان

٢٩٢- دێزە ڕشەی دوو کون لە بنـــا
دەستە چەورەکەی سڕی بە منـــا

٢٩٣- دێزە ڕەش هات خۆتی لێ لادە
ئەو سڕەی لاتە مەوجێکی پیادە

٢٩٤- دێگەڵەی نەدیووەئەڵێ چل ماڵە
مامەڵەی نەدیوو زۆر جار بەتاڵە

٢٩٥- دێگونەچارە نرکانی و هاتە ڕوو
دەنکەهەنارەیان نایە پشت کەنوو

٢٩٦- دێڵی حیزتوتەی گورگ ناخنکێنێ
حیز ڕەفتارهەردەم سەرشۆڕی دێنێ

٢٩٧- دێڵە شڕێ بەسیە تڕە تڕێ ئەمیشت بڕێ
هەرچی بکەی لە پاش چووە خەمشە بڕێ

٢٩٨- دێویکم بوو لەناو دێوەڵان هەرچەندی ناڵان
ئەویش هاتە سەما لەسەربانی کونـــــدەڵان

٢٩٩- دیوەخانی تڕانە قاڵی مافورتیا یا هەرزانە
شەرەف و نامووس لایان دەگمەنە گیـــــانە

## پیتی ﴿ڕ﴾ ٨٤ پەند

١- ڕازت لای یەکێ پرست لای هەزار
باخەڵت خاڵی یە بۆ دەچی بۆشار

٢- ڕاست بە ڕاستی و خوار بە شکستی
بێگانەت بەرست ئەهێنێ نشووستی

٣- ڕاست بەو بەلای شێرانا بـــــڕۆ
یاخودا هیچ پیاوێ ژن نەیکات ترۆ

٤- ڕاست و چەپی خۆی جیانا کـــاتەوە
ئیتر داوای چی دێت بە لا تـــەوە

٥- ڕاستی ڕەفتی و چەفتی کە فتی
خەو خۆشە کاکە لە پاشی کفتی

٦- ڕاستی وەك گۆچان یا وەکو داسە
مەگەر هەر بڵێ خودا هەیە ڕاسە

٧- ڕاوی ڕێوی لە بەر کـــــەوڵیەتی
سەریش ناگرێ هەرچی فێڵـیەتی

٨- ڕای خۆی والەدەستی خۆیا ئەو پیاوە
گوێ ناگرێ لەکەس ئەو لەئەم ناوە

٩- ڕەتی بلاوە وەکو ئـاوی ڕەوە تە
ماڵی خەڵك ئەخوات هەر بەهەوەنتە

١٠- ڕەپی خۆت دەربێنە هانێ سیسی خۆم
بی هاومەناوی کەی من وەکــو تۆم

١١- ڕەحم بە بەچکەی مار نـــــەکراوە
هەر کە گەورە بوو مارە و خــــراوە

١٢- ڕەحم بە زۆردار زوڵمە لە هەژار
لەچلەی زستان مەچۆ شاخ بۆ دار

١٣- ڕەخش بێ وڕەخشی جوانی ڕۆستەم بێ
ئەستەمە کەسێ هەبێ بێ خەم بێ

١٤- ڕەز بـــۆ ڕەزەوان پەز بۆ پەزەوان
تیر ناگەڕیتۆ دەرچوو لە کـــــەوان

١٥- ڕەش هات نا پرسێ لە سپی و لەسوور
خزمی نزیك هیچ براش خزمی دوور

١٦- ڕەش هەر ڕەشە و بەش هەر بەشـــە
خاوەن کلۆشە دایم قون فــــشە

١٧- ڕەش و سپی لێك جیا ناکـــــاتەوە
نازانم کە چۆن گرە و دەبــــاتەوە

١٨- ڕەشبە وەك تاوە ئە تـــخوازێ بووە
پایز جوجەڵەی حساب کـــــــردووە

١٩- ڕەش هەستا و گووتی كلاَوت نی یە
ئەم جەژن وئەو جەژن پلاَوت نی یە

٢٠- ڕەگی خوڕنووكە لوتی لە ئـــاوە
هەر بەبینینی زانیـــــم دۆڕاوە

٢١- ڕەفیقی دزو شەریكی قـــــافلە
زوو دەرك ئەكات ئەوەی ئاقلــــــە

٢٢- ڕەمەزان كەهات مەرگــی ژنانــە
ڕنج پەیژەی سەركەوتن مــانە

٢٣- ڕەنجدان سەرمایەی پاكیەتی گەنجە
كەركەی ئالوودەی تیكەی برنجە

٢٤- ڕەنجەكەی سوتا وەك ڕنجی فەرهاد
بە هەزاری كەس دلَت نەبیَ شاد

٢٥- ڕنگی زەردی كیَشان بۆ بیَدە سلاَتە
پالَەوانی خودا تـــەنها هەرلاتە

٢٦- ڕەنگی جاجمە سووری لیَ نیشتووە
ئەوەندە بیَ ئیش لیَی دانیشتووە

٢٧- ڕیشت مەدەرە دەستی منــــالاَن
ئەوی كردوتە ئەییەن بەتالاَن

٢٨- ڕژدی ڕسوایی پیاوی لە دوایە
دۆڕا و بەوارە ناگاتـــــە مایە

٢٩- ڕەنگی زەرد بووە وەکو مردوان
چارەی ناکرێ بە نوشتە و دەرمان

٣٠- ڕزق بە پێ نا گیرێ کاکی خۆم
لە پێناوی کەر شکاوە ئەســـتۆم

٣١- ڕزق ئەوەنی یە لە بەرچاوان بێت
گەرلەبەرچاوبێت خەڵکی هارئەبێت

٣٢- ڕوو بە ڕووکەوت چاو بە چـــاوان
خۆت مەخە پەنایی کەسی بەتاوان

٣٣- ڕووبەڕووی دەم چەوت لە پاشا دەم تەور
لەخرا پی نا زانم چۆن گرتیە خۆی قەور

٣٤- ڕوو زەردی کێشـــان بێ دە سلاّتی یە
وەعدە خیلا فیش زۆر جار لا تـــی یە

٣٥- ڕووناکی مانـــــگ سەر لە ئێوارە
دیار بێت بۆ دزان ئـــەوە لەبارە

٣٦- ڕووی ڕۆژ بە بێژنگ قەت نە گیراوە
فیڵباز دا یمـــە حـــەزی لەداوە

٣٧- ڕووی ڕەش بێ داران بە هەزاران جار

خستمیە مەن مەنەی مالآنی هەژار

٣٨- ڕووی زەمانە ڕەش تۆ خاوەن دەسی

ڕۆژێ بوو کەفتە وەك سەگی برسی

٣٩- ڕووی قەلغانت بکـــــەیتە دووژمنان

زەحمەتە کەوتنت لەبەر دەستیان

٤٠- ڕووی کردە ڕەشە با لەبێ چار ییـا

هەر گیز کۆڵنادات لەبێ عارییا

٤١- ڕۆژی بە پە نجە ئەژمێرێ هــەژار

تـاتەوا و دەبێت زستان و بەهــار

٤٢- ڕووی نەبوونی ڕەش واڕوویکردم ڕەش

لەبەردەم تۆدا ڕووم سیا و ڕووم ڕەش

٤٣- ڕۆژ بووە بەساڵ سك بووە بە جەواڵ

هیچت پێ ناکرێ بەسیە ماڵە و ماڵ

٤٤- ڕۆژ دەڕوا بەلاَم خۆ قەزا نـــــاڕوا

نا خۆشە دیاری لە پــــــاشیا داوا

٤٥- ڕۆژ لەڕۆژ ئاواوە کاتێ کەهەڵهات

ئەوکات بزانە ئەگەیتــــە ئاوات

٤٦- ڕۆژان ڕۆژی لە شوێنە گـــیانە
لە دەرگا بدەی لەدەرگات دانـــە

٤٧- ڕۆژی پاك بۆتەمەڵ شەوی دە یجورە
زۆردارە و ئاوی سەر بــەرە و ژوورە

٤٨- ڕۆژی نەفس نە فسیە بـــرام
كەس ئاگای لەكەس نییە دڵنیام

٤٩- ڕۆژێ ژیانی بەكەلەشێر ژیـــان
هەزاران ڕۆژی مریشكی یە لــەژیان

٥٠- ڕۆستەم نێر یامێ بۆ كەسی گێلە
خۆی خێلە بەلاَم تانەی لە خێلە

٥١- ڕۆژێ ژیانی خۆشی و مل بەرزی
نەك سەرشۆڕی و دەیان ساڵ حیزی

٥٢- ڕۆڵە لە بەری دایك هەڵ ئەگرێت
هیچ ترسی نییە كە ڕۆژێ بمرێت

٥٣- ڕۆنی كە زۆر بووقنگی پێكرد چەور
چوون ئاگایی نییە لە ئازا و جەور

٥٤- ڕۆن كە زۆر بوو قنگی پێ ئەسڕێت
هیچ بیری نییە كەخودا بی بڕێت

٥٥- ڕۆن لــە پیاو بکڕە و گەنم لە ژنان
چوون کەسبیان نییە ئەیفرۆشن هەرزان

٥٦- ڕۆنی خۆمی ساوییە سەر ســــــەرم
نازانم پەنام بۆ لای کێ بـــــەرم

٥٧- ڕۆنەکەی خۆمی داوە لە سمێلــــــم
جێی سەگە ڕشی داوە بیکێڵـــــم

٥٨- ڕۆنی ڕژا بووکردی یە خێـــر دادە
گووتی بەم خێرە باوکم دڵ شـادە

٥٩- ڕێ بێ ڕۆیشتن نا بڕێ و بێ کـۆتا
هەتا خل ە هات بلەیان کـــوتا

٦٠- ڕێگە باریك و شەو تاریکـە شەو
داڵغە چی شەوان چاوی دوور لە خەو

٦١- ڕێبوارێ ئەڕوا وەك سەگ ئەوەڕێ
سەگی هەڵە پاس بۆ بڕینـی ڕێ

٦٢- ڕێبوار بەخەوتن جێماوی کاروان
خۆشی نازانێ چی ئەکا چاو جوان

٦٣- ڕیخۆڵەم ئالاوە بە هەردوو قـاچا
ڕێـــگەم دەرناکەم لەبەر قالۆنچا

٦٤- ڕێسەكەمانیان كردەوە بە خوری
بێ دەسەلاَتە تەنگانە ئە گری

٦٥- ڕیشمان هێشتەوە بوو بەتووشەوە
ئەبێ شانەت بێت بە ئەو ڕیشەوە

٦٦- ڕیشی دا بەستراو نەك بە كزە با
هەڵ ناكەنێ بۆی هەزار ڕەشە با

٦٧- ڕیشم لەبەرهەتاو نەكردووە سپی
كەڕنیم بۆچ قسە ئەكەی بەكپی

٦٨- ڕیشی ئەتاشێ ئاوێنە ئەداتەدەست
هێندەكاری بوو تاگەییە مەبەست

٦٩- ڕیشی تەماع كار بەقنگی موفلیـــس
چاوی دائەخات ژنی كردە پیس

٧٠- ڕێگەی درۆ نزیك تر لـــــە لێو
زوو كاول ئەبێ مـــاڵی فرە خێو

٧١- ڕێوی ببێتە پەیام بـــەر و دۆست
دوژمنت هەرگیزبۆ نابێ بەدۆست

٧٢- ڕێوی بێ مریشك هەرگیزهەڵناكات
ساختەچی زانی چۆن نان پەیا كات

**-٧٣ ڕێوی بە فێڵاًن ناوە ستیَ وویستی**
**مەگەر هەرتەلاًن ببەستیَ دەستی**

**-٧٤ ڕێوی دەمی نەئەگەشتە ترێی جوان**
**ئەی فەرموو ترشە ناخۆشەو بۆ گیان**

**-٧٥ ڕێوی فێڵی خۆی کە کرد لەمریشك**
**مریشك باوکە ڕۆی خستبووی فریشك**

**-٧٦ ڕێوی لەکونی خۆی هەڵ گەڕایـــەوە**
**گەڕیش بوو هیچی بۆ نەمـــایەوە**

**-٧٧ ڕێوی لەماڵ و لە دەرە وە شێــــــر**
**مریشك کە خوێندی وەکو کە ڵەشێر**

**-٧٨ ڕێوی خۆی نە ئەچوو بە کـــونەوە**
**کەچی هەژگیشی بەستە گـــــونەوە**

**-٧٩ ڕێوی هاتووە بە پیریتـــــــــەوە**
**کۆڵ مەدەلە و کارەی کە دۆزیتەوە**

**-٨٠ ڕێویەکی گەڕۆڵ باشتر لەشێریَ**
**نووستبیَ و تولەی ڕاوچی لەسەریَ**

**-٨١ ڕێی ئەکەوێتە کوونی مـــارە وە**
**ئەی دۆزێتە وە بەس بیشارە وە**

٨٢- ڕێوی قەمچوغە فیڵ زانی بە گوڕ
پشت بەخوابەسە نەك بەکچ وکوڕ

٨٣- ڕێوی وا قانی شەو تا بەیـــانی
توومەسە قەبزە بەڵام نە یزانی

٨٤- ڕێگە چۆڵ مەکە بۆ کەسی نامەرد
بانەبیٚ بەهۆی بڵاو بوونی دەرد

٨٤- ڕاوی گردی ڕەش ئەکا بە بەلاش
خودا پیاو لا بدا لەژنی دەم هەراش

## پیتی (ز) ٦٤ پەند

١- زاخاوی چاوی داوە بـــە بینین
زۆرن چاو شۆڕن لە کاتـــی ڕوانین

٢- زارا بازرگـــان کەییا نوو نێرگس
کۆتەڵ بائەییا لە بەر ووردە تس

٣- زارت پڕلەخوێن لای کەس ڕۆی مەکە
بۆ هەموو کارت کەمێك سەبرکـــە

٤- زاڵم زەواڵی بۆ ئەبێ گیانـــــە
بۆ هەموو دەردێ دەوا دەرمـــــانە

٥- زامی زبانە قەت نابێ ســـارێژ
نا خۆشە تانەی پیاوی گێژ و وێژ

٦- زامی شمشێرە چاك ئەبێتـــەوە
بەڵام هی زوبان هەر ئەکولێتەوە

٧- زەبوون عەزیەت دان کاری نامەردە
خۆی حاڵی جوانە نۆش هاتە سەردە

٨- زەخمیش ئەکات و تیماریش ئەکات
خۆت لەبێ حەیا زوو بدە نـــەجات

٩- زەردە زەوی هەڵدە کەوێ هەمووکات
مەرد شوێنی نامەرد ناکەوێ هیچ کات

١٠- زەردە لوو بۆ گەروو وەکو دەرمانە
پەیدا کردنی دۆست گەلێ گرانە

١١- زەرم داوە و بەلاّم کڕیووە بۆ خۆم
تاوانم چییە بەم شێوە بـڕۆم

١٢- زەڕ بۆ سەر غزێنە ئەڕوات وئەچێ
قسە هێندە خۆش کە لەم دەرچێ

١٣- زەڕەی هاتووە بە قـــولە گیایە
خوا لایدا لێمان ئە ئەم بـەلاّیە

١٤- زەڕینی هەیە و پەڕ ینی نییـــــە
پیاوی هەڵەگەڕ هیچ چارەی نییە

١٥- زەرەر لە نیوەی بگـــــەڕێتەوە
نەوەك هەمووی بێت ببـــڕێتەوە

١٦- زەرەر لە نیوەی گـــــەلێ باشترە
زۆرە ئەو بەشەی دەرچوو لەوئاگرە

١٧- زەینی لێ کردین بەزەینی سوڕسوڕ
لەلای حەشارە وەك خەزێنەی دوڕ

١٨- زەمانێ گون درێژ زەمانە یە کێر
هەر بێچووە شێرە ئەبێتە وە شێر

١٩- زەماوەنی سەگ وگورگ شیوەنی شوانە
لە هیچی نەبوو هەر قوڕ پـــێوانە

٢٠- زمان باز قسەی لە دلآنا وەستـــــێ
گەییە هەر شوێنی ئە یخا تەدەستێ

٢١- زووبان بووە ستێ سەر سەلامـــەتە
ئەگەر نەوەستا گیان ئا مـانەتە

٢٢- زبان بەلآی سەر گەرنەبی ووریای
لە لێقە ومانا ئەزانی فەوتـیایی

٢٣- زمان دەردی سەر تێلآ بۆ نـــەزان
چارەی دەرد ناکرێ بەقونەخشکان

٢٤- زمانی تەڕ و پاراوە ئەمـــــڕۆ
سبەی لە گۆڕا ئەبێ بە پـــە ڕۆ

٢٥- زبانی نـــاو دەم ئێشکچی سـەرە
تێلآ قابیلی سەر پشتی کـەرە

٢٦- زمان نەبڕم سەری ئەبڕێ سەرم
لە لێقەوما نا دۆست هات ەسەرم

٢٧- زمانی خۆتە و ئەسپی لای خۆتە
مەنەوە داریێ کەلار و چـــــەوتە

٢٨- زبـان سوور سەر زەوی فەوتـان
زۆرن ئەوانەی بەدرۆ خەڵەتـان

٢٩- زبـانی لەتەك سەریا ئەکابـازی
دنیایی پێبدەی لێت نابێ ڕازی

٣٠- زج کەری دوای برنج کـــووتە
دانیشە چیتە لەم فلتــــە فلتە

٣١- زستـان باران بوو مەترسە و بڕۆ
بەهار هەوریش بوودەرمەچۆ مەڕۆ

٣٢- زك لەکوێ توێشوی بۆ هەڵ ئەگیرێ
لە توێشوی بەرە ئەبێ هەڵگیرێ

٣٣- زستـان بژی بە پینە و پـــــەڕۆ
بەهار بە شەوق و بەقنجی بڕۆ

٣٤- زۆر داست بدە لەسەر ڕووی هەسان
منەتیش لە ژنە دۆمانیش مـەزان

٣٥- زستـان هات بەرگی فەقیــران دڕا
من هیلاك ئەبم هیچم پێ نەبڕا

٣٦- زکێکی تێرلەهەزار سکی برسی باشترە
پیاوێ فەوتـاوە ژنەکەی بەمەککرە

-٣٧ زللەی ڕۆژگاری هێشتا نەدیووە
دەوڵمەندیٚكی شێوە هەتیووە

-٣٨ زۆر و بۆر دیارە بیٚ بە رەكە تە
ڕاوەكەڵ دایم چاو لە فرسەتە

-٣٩ زۆدار ژنی گایی شوكرانە بژێر
دەسلاٚتت نەبوو تۆڵە ژێر بەژێر

-٤٠ زووڕناژەن كاتیٚ تەواو برسی بوو
كفتەی لەبیرە و زوڕنای لەبیرچوو

-٤١ زووڕنا یان دایە كەسێكی ناشــی
بەسەری زلیا فوی كرد بە باشی

-٤٢ زۆركاری گەورە بچوكان ئەیكەن
یاخودا هیچ كەسیٚ خوانەیكاوەپەن

-٤٣ زۆر هات قەواڵە قەتاڵ وبەتاڵ
زۆر داركار ئەكا بەبیٚ قاڵ قاڵ

-٤٤ زۆر كەمن ژنان بیر بكـــــەنەوە
مەگەر لەبەردەم ئاوێنـــــەكەوە

-٤٥ زۆر ووتن تەنها هەرقورئان خۆشە
حەقی پێبدە و مەیكە ئەم ئیشە

٤٦- زۆرە ملی مل شکانە لە دوایی
نازانم تاچەند لە دەردم ئاگای

٤٧- زۆری پێیە و کەمی دەر ئەخات
هەرخوائەتوانێ کاریان یەك خات

٤٨- زۆر باژو کورم هۆرد هۆ و باژۆ
با گاسوور ماند و نەبێ لەسەرخۆ

٤٩- زیند و گێی مرد وپەرستـــــا نە
نازانم تاکەی دەست لە دەستانە

٥٠- زیندە بەلاّیەو مردەش بـــــــالاّیە
بۆ هەموو کارێ مەنەوە تێـــلاّیە

٥١- زیرە بۆ کرمان ئەبا نا بـــــەڵەد
ڕەحمی خوایەخودایە کەلاتدا لەبەد

٥٢- زێی لە زەمانە پڕ بووە هــەردەم
کۆچ و بارەکەت بۆناخـەی بێخەم

٥٣- زانالای لا سار کەری بێـــگانە
ماڵ خۆرچ باکی لە لای قورئانە

٥٤- زانیت ئەزم و نەی زانـــی دزم
بزنم پێ ئەدەی لە جیاتی پەزم

٥٥- زبانی زۆردار نـــی یە لـە زەوتـا
دێوی خەییەرە و وا لە ئەشکەوتـا

٥٦- زبانی شیرین لە بەهەشتەوە هات
خۆزگەم بەو کەسەی بەخێوی ئەکات

٥٧- زستان ئاگر و ئەز بەهار ئەزو بەز
هاوین سەردانی ئەزە ــە بۆ ڕەز

٥٨- زنجیری دووژمن هەر بە یەکیەتی
ئەبچڕێ و ئەڕوا کەزۆر پەکیەتی

٥٩- زولفەقاربۆ هەمووعلی یەك نەهاتووە
ئەوعەلیەی ئەوساش ئەم عەلی یەنەبووە

٦٠- زەلام بۆکوشتن ژن بۆ دانیـــشتن
نەفرەت لە وە یەمەیلی خوێن ڕشتن

٦١- زەوی تەزێنە کوڵ نادات هەرگیز
وەکو خەرەنگەز ئەیکات گیزە گیز

٦٢- زێڕ بووە پولکە مێرد بووە جولکە
مەرگەناکرێ بە گوشتـــی چۆلەکە

٦٣- زێڕ بۆ زەڕەنگەر گۆشت بۆ قەساب
بەبابی هیچ کەس مەفەرموو سەگباب

**٦٤- زیند وکوژەکەی مرد و پەرستی**
**ناکرێ لە سەر ئەم ڕایە هەستی**

## پیتی ژ ٢٩ پەند

١- ژمارەی جوجەڵە پایزان دەرکەوت
لفی لێ مەدە هەرچیت بۆ هەڵکەوت

٢- ژن بێ باوەڕ و هەم خۆش باوەڕ
دەخەڵە دایمە حەزی لە پـــەڕە

٣- ژن بە ژن مردوو گا بە گا مردوو
خواردن و خەوتن کراوە بە خـــوو

٤- ژن هەتا نەزێ هەر بێگانە یە
کەزا کوێخایە و خاوەن خانە یە

٥- ژن بەبێ کەسی هار و هاج ئەبێ
پیاو بەبێ کەسی هەر هەژار ئەبێ

٦- ژن هەتا جووتێ پێڵاو ئـــــەکڕێ
هەزار جووت پێڵاو بۆ خۆی ئەدڕێ

٧- ژن کە تووڕە بوو گۆزەی نهێنی
ئەشکێنێ هەتا وازی لێ بێنـــــی

٨- ژن لەساجی مێرد یش لە حـــەجێ
سەیرە پێکەوە گە یشتنـــــە وە جێ

٩- ژن هەسانی مێرد مێرد یش چەقۆیە
ئاخری عومری مێرد هەر تـــڕۆیە

١٠- ژن هەیەم الْ دروست ئەکابۆپیاو
هەنیٚ ژن هەیە وێرانیەکا تەواو

١١- ژن و تفەنگ و ماین هەر سێکی
مڵکی ئەوکەسەس لاییٚ بەڕێکی

١٢- ژنان بۆ ماڵە پیاوان بۆ شا خە
بەرکوێرەکانی کەی جێگەی باخە

١٣- ژن وەکوهەنگە کەهەنگوین ئەدات
چاوە ڕێش بکە کە پێشـــتۆ بدات

١٤- ژنیٚ حیز نەبوو بەڕوو حیزیان کرد
کاتێــکی زانی ئابڕ و شیان برد

١٥- ژنیٚ مێردەکەی کە بیکات پەسەن
نا ڕسەنیش بێت پێی ئەڵێن ڕەسەن

١٦- ژنیٚ مێردەکەی کە بیـکات تڕۆ
بە هەموو دنیا ناکـــریٚ پەڕۆ

١٧- ژنیٚ نەی توانی کە تۆڵـە سێنیٚ
گریان چەکیەتی هەتا بمێتـیٚ

١٨- ژنی بەد ژانـــە ئازارە بۆ گیان
خۆت دا لەقەرەی ئەبی مـاڵ وێران

**١٩- ژنی کوێر پێویست بەمکیاج ناکات**
**گەرمگیاج بکات بەخوداڕاست ناکات**

**٢٠- ژن ئەگا یریٚ و منەتی کـــردووە**
**بەسەر هاوسێشدا خۆی سە پان دووە**

**٢١- ژنی میران بەو هەر وەکو مـــیران**
**خۆت لێنە گۆڕیٚ لە کاتی بـــووان**

**٢٢- ژنیان کردە کوێخا ساڵی سیٚ جار**
**بزنی بڕیەوە و جا گرتی قەرار**

**٢٣- ژن هەیە و ژانیش هەیە بـی زنانە**
**زۆر ژن گرفتار دەستی خەســوانە**

**٢٤- ژنێکم دەویٚ ئاقڵ و ژنی ژنـــانە**
**پێستەی دەمەدەست بیکا بەهەوانە**

**٢٥- ژنێکـــم دەویٚ زبان نێر و دلێر**
**باوان و خەزوور وەك یەك بکا تێر**

**٢٦- ژژوو دەی فــەرموو دەینتان وەمل**
**نییە وەك بەچکەم جوان ونەرم وشل**

**٢٧- ژیان بیٚ ئەرك و ئازار بـــیٚ سودە**
**قەدری نەزانی هەوڵت بیٚ هودە**

٢٨- ژیان بیٚ ژن و ماڵیش بیٚ چەقۆ
زۆر گیری خواردوەبە دەڵە چەكۆ

٢٩- ژێر پەندە زمان ژێر دیزە ئاگر
جاریٚ نە هاتووم بۆوا بووم كافر

## پیتی «س» ١٨٥ پەند

١- سابونت مەدە لە ژێر پێم گیانە
ئەشزانی کەوا حاڵم وێـرانە
٢- ساغی بە کۆڵی کەر ئەگەڕێنن
لە بەر چ کارێ واواز ناهێنن
٣-ساڵ بە ساڵ وخۆزگەشم بە پار
گووتراوە شەرعی مار بکە بەدار
٤- ساڵ سیبیەکەچی سیوەل برسییە
هەر کردەپیسە کە هەر ترسییە
٥- ساڵێ ماڵ و ساڵێ منال تەواوە
ساڵێ ئازاروساڵی بەدکارەلەم ناوە
٦- ساڵانمان خایاند نۆرەی مانگانە
پیاو هەموو ساتێ نیەلەتەنگانە
٧- ساڵەکەی تەڕە وساڵ هەرئیمساڵە
مامەڵەی شەوان زۆر جار بەتاڵە
٨- ساڵی دوو بەهار مەرگی جوتیارە
هەرچیەك بکات ڕەنج بەخەسارە
٩- ساڵکی تریش وەك ئەمرۆ وایە
سەر لارە حەزی لەزۆر سەود ایە

١٠- سایەی سەران لەسای مێژەران
بێشە خاڵیە لە دەنگ دلێران

١١- سەبر تاڵە و بەرهەمی شیرین
تیغی زمانە لە دڵا هەر برین

١٢- سەیر هەندێ جار بۆ بێدە سلاّتە
بێچارە گشت کات ژینی ئافاتە

١٣- سە پانی کردم پـــاڵە وە دەرم
خەمی گەند وچاڵ کەوتوە تەبەرم

١٤- سەد بەرتیل قەرزێ نا بژێرێتەوە
شەودە یجوریش بێت هەرئەبڕێتەوە

١٥- سەد جار پیر و کۆنە و بەگیـــرە
هەر بەڵا یەك هات لەملی فەقیرە

١٦- سەد جەردە لاتێك ڕووت نا کاتەوە
سەد بەرتیل قەرزێ پڕ ناکاتەوە

١٧- سەد ساڵ بەچۆڵی یەك ڕۆژ ئاوەدان
کەسی بێ دەسلاّت دەسلاّتــی گریان

١٨- سەد ساڵ بیکە بێگانە پەرســتی
ئاخری ئەبینی هەر نشووســتی

١٩- سەد سەرتوربەیەو یەك سەرتوربە یە
زەرەرە و مەندە ئەوەی تـــورە یە

٢٠- سەد كۆزی كرد و لەیەكی نـــانێ
ئامانەت تاخاوەنی نە یەبۆی دانێ

٢١- سەد گوناە و یەك تۆبە كـــاكە
بۆ گوناە كارە دەروون خـەمناكە

٢٢- سەد قەزوان بخۆی من بە گوێزێ
پیا تارا ئەگەم گیانت دانـــەزێ

٢٣- سەدقەل ویەك بەرد هەمووهەڵئەفڕێ
دەس نوێژ یش ئەشكێ بەوشكە تڕێ

٢٤- سەد جار كاڵ بین هەموزادەی خوایین
من و تۆ مێژە بە یەك ئاشنـــایین

٢٥- سەد وسی مەساڵە چەندە ها ساڵە
بەبێ پەڕ مریشك ئیشیان بەتاڵە

٢٦- سەد ساڵ بی میران هەر دڵ بەچنی
هەردەم هەوڵەدەی بۆ نانە چنی

٢٧- سەری دا كا كەم كە سیرێ نـــــەدا
ئاخری دۆڕا بە پشتـــــی خودا

٢٨- سەد فیکم بە فیکیێـــــــکی ئەو
کوڕ دەر ئەکەوێ لە تاریك ەشەو

٢٩- سەربۆسەربڕین نەك بۆ سەر زەنشت
هەموو ماڵەکەی بەتالان فرۆشت

٣٠- سەرت بپەڕێ نەکەی سڕ بدەیی
لە پاشی چووەش ئاخ و داخ نەکەی

٣١- سەر دڕ و بن دڕ هەموو جـــــاوێکن
خۆم چاك ئەزانم کە چۆن پیاوێکن

٣٢- سەری سوکرە کرد حەمە لا وەکەم
خۆم بێخەم نەبووم وا هاتووە خەم

٣٣- سەرکزی دڵ وریا قەت لێم نابڕێ
هەر بەبێ دەنگی بردی گشت سڕێ

٣٤- سەری کلاَفەی وون کـــردووتە دادە
ئەو خووەی هەتە پەردە یەکی پادە

٣٥- سەرت هەڵبڕە و خودات بناســـە
سەیری لای ئێمە بزانە چ باســـە

٣٦- سەر لەژێر بەردا پان بـــبێتەوە
لە ژێر منەتا بەرز نە بێتـــەوە

٣٧- سەرهاتووە بۆ پێ ئەوا دووبارە
هیچ عاری نییەو بارەکەی لارە

٣٨- سەرت هەڵبێنە و خودات ببینە
کردەی خراپت نا کرێ پینــە

٣٩- سەر و قنگی کلاّشن ئە ئەو دووە
خۆت دەرباز بکە لێیان تازووە

٤٠- سەرو ماڵم لە تۆ دریغی نیــیە
بزن لەچواردە شایی کەمترنییە

٤١- سەرووتی بەزمان تاتۆم جیرانی
چ ڕحەتیم دی ئەمن لە گیانی

٤٢- سەرێ کەدەستی خۆت نە یخورێنێ
دەستی هیچ کەسێ بۆت ناخورێنێ

٤٣- سەری تێبنێ بێخەم لەکاو لە جۆ
خودا داویەتی ماڵێکـــــە و بیخۆ

٤٤- سەرێ لەزکی دایکی کە دەرهات
ناچێتەجێی خۆی بەهیچ دەسەڵات

٤٥- سەر بەسەر و بەبێ دەردی سەر
لەبەڵێنی خۆت بۆچی چوویتەدەر

٤٦- سەرت فیداکە و سڕ ئاشکرا مەکە
بەکەسی عەجول گووترا وە مەکە

٤٧- سەرت نایەشێ بۆ چی ئەپێچی
لەسپێ دەربازبوووم ڕووم نالەکێچی

٤٨- سەرت هەڵبڕە و شێریت دەر بـــڕە
مەردبە و گیانەکەم لە مەرگ بکڕە

٤٩- سەرەنجام سەری گا هەر بەرەودۆڵە
ئەوەی پێم ئەدەی مەیکە پڕ پۆڵە

٥٠- سەرە واو لە سکـیا نییە کاك مەلا
کەچی هەر دەڵێ لا حەولــە وەلا

٥١- سەر خۆش پاڵیشی مەنێ ئـەکەوێ
ڕاوچی کەو بەرە بۆ ڕاوەکـــەوێ

٥٢- سەرت دەربکە و ماڵـــت بەس پارە
سەریش شۆڕمە کە بۆ پول و پارە

٥٣- سەر چۆپی بدە بە دەستی گامێش
بەرە ولای کایەن شایی ئەکا کێش

٥٤- سەر چۆپی درادەستی سەگ یەك جار
بۆلای سەبەتەی نان قوڕانی جارجار

٥٥- سە ر چاوەی دڵی تاریکە و هیلا ك
سەرچاوەی پاکە لێی دێت ئاوی پاك

٥٦- سەر چاوەی دڵی جوان و ڕوو نـــــاکە
وەکو ئەولیا دایم ڕووی پـــــاکە

٥٧- سەرگەرم بە بێگاری باشترە لەبێکاری
گرتوویە دەمی هەر نانی هـــاری

٥٨- سەرم نایەشێ پریسکەی لێ ئەبەسم
کاتی لێ قەومان زانیم بێ کـەسم

٥٩- سەرما بەقەد حاڵ بارە لە سەرشان
ئەگەیتە ئامانج هەر بەتێکـۆشان

٦٠- سەرمای زستان لە ئەوەڵ دیــــارە
قەرزار داڵغاوی و دڵ خە فەت بارە

٦١- سەر نانەسەرشێت پیاو باقیدار ئەکات
شێت ڕووکا لەهەرد نەك ڕوولەشارکات

٦٢- سەری بڕیوە وکەچی پیاوی بــــــاش
موسی هێناوە ڕیشی بکات تــەراش

٦٣- سەری بێ دەلاك نەتاشـــــی چاکە
مەردە ئەو کەسەی لەگەڵ خەڵك پاکە

٦٤- سەری بێ ڕۆزو لە ژێر خاك دایە
کارو کردەی چاك لەگەڵ چاك دایە

٦٥- سەری بێ ســـەواد ناوەستێ دایم
ئەزانێ چی کرد کاکی کار قایم

٦٦- سەر بەبێ کڵاو نیە لــــــەم دنیا
مەرج نیە هەموو ئاژەڵ بخـوا گیا

٦٧- سەری بـــە سوجدە ڕۆ یووە بۆ خوا
گەر مەجالیش بوو تاڵانی ئەکـــتا

٦٨- سەری بووە بەئاش قنگی بووە بەماش
لای کەسی نەزان سەر نەکەی تەراش

٦٩- سەری خۆم وا بەستە پیــــــارسکە
لە تاو ئازاری کەسی دڵ ناســـکە

٧٠- سەری دای لە بەرد ناما قوڵـــی کرد
من کەی وەهام کرد ئەو وەهــای کرد

٧١- سەری دار و بنی دار و تراوە سەد جار
لەگەڵ نامەردا مەبە دەست بــــەکار

٧٢- سەری ئەم دنیا بە پوش نـــــەگیرا
نازانم بۆ چی دەورت گـــــــیراوە

٧٣- سەری ئەم دنیای والیٚ هاتەیەك
لقەداریٚکی لیٚ بووە بە کـــوتەك

٧٤- سەری ڕەش چووسەری سپی لەجیٚ
ئەوەی هەوڵدا هەر ئەگاتە جیٚ

٧٥- سەری زل دەوڵەت پیٚی زل بیٚووڵەت
خۆم ناخەمە داو کەسی بیٚ ئولفەت

٧٦- سەری شکاندووە و ڕیش ئەکاشانە
قەرزار لە وەعدی قەرز پەریٚشانە

٧٧- سەری دووبەران لەیەك مە نجەڵدا
ناکوڵیٚ کاکە هەر چەند هەوڵم دا

٧٨- سەری شکا وقونی دڕاوی بۆ ماوە
وای زانی بۆڵە بۆڵ لە بۆی حساوە

٧٩- سەری بەخەنەو ئەچیٚتە ڕاوی گەنە
سەیری ئەم کارەی پەن لەسەر پەنە

٨٠- سەری گوریس کورت نەگەیشتە تۆ
کەی نانی گـــەنم درا یەنانی جۆ

٨١- سەری کەر بگرە نۆرەی سەیفولاٚیە
بۆ نا لە باران تەنها تیٚلاٚش دەوایە

٨٢- سەری كــەچەڵان كەوتە باخەڵان
بەر خۆر باشترە لەسێبەری كەنەڵان

٨٣- سەری كردووە كۆم لەخۆی كردوەلۆمە
بۆ تۆ ئەگریم و تەنهاش بـۆتۆمە

٨٤- سەری كوێرە مار لەلای ئاســانە
كردەس هەیەتی ئە ئەو شتـــانە

٨٥- سەری لە گوێی گۆڕا دە لـــــەرزێ
ئەمە ندەگیرە پیاو لای ئەتـــــەزێ

٨٦- سەری لێ ئەخورێ چوون بێ مایە یە
دوژمنی قیامەت پلە و پایـــــە یە

٨٧- سەری نایەشێ و بە ستی بە پەڕۆ
خواهیچ كەس لەلای منالێ نەكا تڕۆ

٨٨- سەری نایە وە بە جوانە مـــــەرگی
لەدەرماڵیا نەیدی خۆ لورەی ســـەگی

٨٩- سەرێ لەناوسەرانانەبووبەرشەقێ كەوێ
وەك كە لاكی كەر لە دەشتێ كـــەوێ

٩٠- سەرێكی هەیە و هەزاران ســــــەودا
پەردەیە بدە بەسڕی خـــــــەڵكدا

٩١- سەری گا ئەکریٚ بە قنگی کەرا
سەریٚ چەند جوانە دەرکەوت لەسەرا

٩٢- سەگ ئەوەڕیٚت کاروان ڕیٚ ئەکات
قیمەتی نیە سەگی سـەر ڕیٚگات

٩٣- سەگ بەزەبری کلك ئیٚسقان ئەشکیٚنیٚ
تـالاٚنی دەست کەوت تۆبە ئەشکیٚنیٚ

٩٤- سەگ بە شۆرین ی گلاٚوی دەر ناچیٚ
زۆرە لەگلاٚوی وەکو سەگ ئەچیٚ

٩٥- سەگ بەلۆقە و خاوەن مالٚ بەڕەوت
سەرم سڕ ماوە من لە کاری چەوت

٩٦- سەگ بە مانگا شەو وەڕینە براله
خۆزگەم بە و کەسەی کەباری عاله

٩٧- سەگی مەرەخەس جوان شکارناکات
بە پاسی خاوەن نان پەیدائەکات

٩٨- سەگ بەوەڕین قەت نابیٚ مـانوو
بەسە هەتاکەی ئەگری بیـانوو

٩٩- سەگ بتڕیٚ ئەڵیٚ کوابەشەکەی من
بۆ حاشا ئەکەی خاوەن بەشم من

١٠٠- سەگ بترێ کۆشی بۆ ئە گرێتەوە
تا بزانێ چیە و باش بی گرێتەوە

١٠١- سەگەو خاوەنی خۆی نا نـــاسێ
پەت بخەرەملی هەتا ئە تـــاسێ

١٠٢- سەگ گوێی بڕاو زۆر ووریا ئەبێ
کلکی گەر بڕیا زۆر خێرا ئە بێ

١٠٣- سەگ کە نەوەڕی بۆ کوشتن باشە
پاسەوانی نەکرد مەیکە تەماشا

١٠٤- سەگ کلك وگوێی نەکەی پاست ناکا
هەندێ بەس دەمە هەرگیز ڕاست ناکا

١٠٥- سەگ لەسەگ بەردە وخۆت تەماشاکە
لە کردەی کاریان هەردەم حا شـاکە

١٠٦- سەگ لەسەگ ڕهاکەوخۆت بێئاگاکە
ڕەفتـــاری سەگیت لە دلاّیە کـاکە

١٠٧- سەگ لەقەسا بخانەنەمرێ عەمری بەبایە
لە دونیا دەرچوو بەبێ دەست مـــــایە

١٠٨- سەگ لە کولێرە چۆن چۆن ڕا ئەکـــات
مەرد ئەو کەسەیە نانێ پەیدا ئەکات

١٠٩- سەگ لە دەماڵی خـــاوەنیا ئـــازا
لە کەریەتی ئەو پێی بـــووم ڕەزا

١١٠- سەگ نایەوێ کلك بلە قێنـــــێ
سەگ بەئاسانی ئە و ئەلـــەقێنێ

١١١- سەگ وشوانی هاتــــــەوە لای ڕان
چ سوودێ ئەکەی ئەتۆ لە گــەڕان

١١٢- سەگ کەوتە وەڕین بوك دەرپەڕی
ئەوەندە پیسە خوێنی بۆ گەڕی

١١٣- سەگی برسیە و لە شوێنی پیاوە
هەرگیز سەگی تێربۆ ڕاو نەبراوە

١١٤- سەگی پێ سوتاو ناگاتە پای ئەو
وەستانی نییە بە ڕۆژو و بەشەو

١١٥- سەگی دز لەماڵی دەرنەکرد نانێ
ئێستائەو بەتۆ ئەفەرموێ هانێ

١١٦- سەگی دزلەماڵی دەرچوو بۆڵەبۆڵ
ووتی ئەم ماڵە زیاتر لەمن کلۆڵ

١١٧- سەگی دووای دێڵە وەبا دەرچوو
چارەی ناکرێ ئاوا زوو بەزوو

١١٨- سەگی دوای سواران زمانی درێژ
سەگ بێت بە پیری سەری بکات گێژ

١١٩- سەگی ڕەش بە بزن حساب ئەکا بۆم
ئاخر چۆن ئەوە حساب ئەکات بۆم

١٢٠- سەگی سپی بۆ بارخانە لـــــۆکە
زەرەرە ومەندە چیت لێ گــــەرەکە

١٢١- سەگی هارە چل شەوە عــــــەمری
یەخەی هیچ گەسێ لە خۆوەنەگری

١٢٢- سەگی لێ دراو ئەترسێ لـــــــەدار
نەك لەدار بگرە لە سێبــــەری دار

١٢٣- سەگی کونەماسیەوپاسی جرتاوائەکا
حە پەی دێت هیچ کەس سڵی لێ ناکا

١٢٤- سەفەر سەنگی مەحەکە بۆ هاوڕێ
هەتا دوایی سەفەر کە ئە گەنە جێ

١٢٥- سەفەرە و هەر لە بەرە و دەردی سەرە
بۆماڵی خەڵکی خۆت مەکەمە خسەرە

١٢٦- سەلکی سیری یان قنچکی پیــازی
تۆ چی هەتاکو بە خۆت بنــــازی

١٢٧- سەنگ مەگۆڕە پێم چونکە بێکەسم
چیت لە دڵایە بیدەرە وە دەسم

١٢٨- سەگی لێ گلاو ئەبێ ئەو ناوە
باسی چی بکەم کەچی ڕوویداوە

١٢٩- سەری نان بدە سەرقەلی مەدەنان
لە پاشی مردن چییە سودی گریان

١٣٠- سەیری ئەم دنیا پان و بەرینە
هەرکەس سەرکاری خۆی لاشیرینە

١٣١- سەیرەلەکۆیە٠٠سرکە دەفرۆشێ
سرکەی گەڕاوە شەراب ئە نۆشێ

١٣٢- سرکە لە ناو چاوانی ئـــە بارێ
شەرعی نا حاڵی کراوە بەدارێ

١٣٣- سڕی خۆم و تڕی با خۆم بیزانم
تۆ چ باکتە من سەر گـــەردانم

١٣٤- سزای گرا نجان لێ نەکـــــڕ ینە
ماڵ پێکۆ ئەنێ بەچەك و پینە

١٣٥- سفرە بە تـاڵ بوو بێ بیسملایە
نا ئومێد دایم لای واوە یلایـــتە

١٣٦- سکە کە تویێشوی پێ هەڵناگیرێ
رەفیقی گەنجان خۆشەتا پیرێ

١٣٧- سکە ڕۆ هەرگیز خۆ نابێ بەماڵ
بەڵام ماڵ سوتاو ئەبێتۆ بەماڵ

١٣٨- سکی تێرم ئەسپـــــەکەی ژێرم
خۆم ژیانم خۆش خەڵکی بەکێرم

١٣٩- سکی سووتاوە چـــوون دەردە دارە
لەسەر ئەوەشدا هێشتا بێکارە

١٤٠- سکێ برسی بێت هەرگیز نا پرسێ
خواردنە کە چۆنە و چیە و بپرسێ

١٤١- سمی کەر بەسم تاش ئەتـــاشێ
خۆشە هاوڕێی لەگەڵ گشت باشێ

١٤٢- سمێڵی گوگرە بووە و هەڵ چـــووە
لەقسەی ناحەق وا تووڕە بووە

١٤٣- سینگی وەکو شێر ماکەرە پشتـــی
نەفرەت لەوانە وورد و درشتـــی

١٤٤- سم سمی کەرە و چنگی هەیاسێ
من لە کاری واسەرم ئە ئاوسێ

١٤٥- سینگی لە قێنە یا هەڵ کێشانە
بە ڕواڵەت نییە زۆر پە ڕێشانە

١٤٦- سنعەت قنیاتە یا بازنی زێڕە
والە گەردنی سەنعەتـــی خێرا

١٤٧- سنعەت چی خۆ مزگـــەر نییە
قنگ سوڕانە هیچ سنعەت نییە

١٤٨- سنعەتکارهەرگیز دەوڵەمەندنابێ
فەقیریش نابێ گەر سنعەت کاربێ

١٤٩- سوار کەسوار بوو بێ ئاگالە پیادە
دیارە زۆر گێلە و خۆتی لێ لادە

١٥٠- سوارتا نەگلێ خۆ نابێ بە ســوار
قەرزیش مەخەرە هاوین و بەهار

١٥١- سوار لە سەرزینیش دێنێتە خوارێ
بە بێگار بڕۆ نەك بی بێ کارێ

١٥٢- سوارو پیادە گەر ئارەزوویان بێ
دەستماچێن ئەکەن بەهەر چۆنێ بێ

١٥٣- سواربوون عەییبێکەو داوەزین دوانە
چەنەباز حەزی لەغەییەت دانە

١٥٤- سواری ئەسپی خەڵق هەر پیادە یە
شەراب خۆر دڵی هەر لای بادەیە

١٥٥- سوار و پیادە هەر ئەگەنە جێ
بەلاّم درەنگ و زووی پێ ئە كەوێ

١٥٦- سواری سوار خۆرە و وا لە دوواوە
ڕمیشی ناوە بە ڕووی پـاشاوە

١٥٧- سواری گای هار بووە و دا نابەزێ
لە خەرمانا نا زمانی ئـــەگەزێ

١٥٨- سواری كەر بووە ولە كەر ئەگەڕێ
دایم قاچێكی وا لە ناو شەڕێ

١٥٩- سواری كێری كەر لە پیادە باشتر
وەكـــو پشیلە دایمەن هەر حـــازر

١٦٠- سوارێك بەتەنها توزی پێ ناكرێ
كەبوو بەچەند سوار ڕێگایەك ئەگرێ

١٦١- سواڵكردن كیمیایە ئەگەر بی زانی
بۆ كوڕی ئازاش هیچ نییە تالاّنی

١٦٢- سواڵكەر تورەكەی پڕە و ڕووی ڕەشە
ئەو جێگەی داوتە جێگەی ( سە ) ڕەشە

١٦٣- سوزنێك بۆ كەری و ێستا و زۆر زۆره
دوژمن دوژمنه و كوشتنی خێـره

١٦٤- سووره بۆم ساز دایی ئەگەر سەربگریٚ
خەجاڵەت باره و بەلاٚم عار ناگریٚ

١٦٥- سوورەی مل پان مووچەت هەردوونان
ترسنۆكه دایم مەیلیی له گریان

١٦٦- سوورەی دوو دوو كوژ واكەوتوەته كڕ
پڕ هورگی تسه ئەو له جیاتی تڕ

١٦٧- سووری دی سەمای بیر چووه تەوه
هەڵ مەتۆشێنه هەرله خـــۆتەوه

١٦٨- سووك بڕۆ و سەلامـــــەت وەره
گەر كارت نیه كەم حەیام بەره

١٦٩- سووك مەزك باری له هەوار ناچیٚ
كرده خرا پان هەوڵیان به باچیٚ

١٧٠- سی وجگەری تەكەی دێت داماو
خۆشی نازانیٚ چۆن كەوته ناو داو

١٧١- سوێند دووسەری هەیەهەندیٚ جار
هەندیٚ بەقسەو هەندێكش بەدار

١٧٢- سوورە زۆر باشە سوور ڕەزا خراپ
نهێنی مەڵێ بتدەن لـــە قولاپ

١٧٣- سوورە لەتێ زۆر نیو لەتی کەمە
کێیە لەم دنیا دڵـــــی بێخەمە

١٧٤- سۆفیلکەی بەرماڵ لـــــەشان
بەڕۆژ گەڕاوە کۆڵان بـــــە کۆڵان
بە شەو لە ترسا یا ئەڵڵا ئیمان
گەر دەستی بڕوا شێرە بۆ تالان

١٧٥- سۆڵە سۆ و کـــــــڵۆڵۆ لە بۆ
لە ئازاری خۆم بێ ئاگام لە تۆ

١٧٦- سێ و دووی لێ مەکە کارەکەت چاکە
خودا فرسەتی دا نانێك پەیدا کە

١٧٧- سێبەری دەست کەوت پانیە کـاتەوە
بەدەڵە چەکی نایی بە یە کـــەوە

١٧٨- سێ بەرە لە گو نانە بۆ یەدڵ خۆشە
کەسی داڵغاوی بێ بیر و هـــــۆشە

١٧٩- سیر بخۆ و زوڕنا لە بۆ خـۆت لێدە
تازە تاماوی هەر ئەوەجێـــــتە

١٨٠- سیر مەدە لەسمێڵم ئەزانی داماوم
خاوەنی قسە ئەڵێ من پیـــاوم

١٨١- سیرو پیاز قەت پێکەوە نەیان کراوە
ڕمەزانت گرت شەشەلانـــت ماوە

١٨٢- سیـــرە کۆڵەی سیروانە لێمـــان
لەپاشی چووە چی ئەکەی بۆمان

١٨٣- سیروان لە کونێکەوە پەیدانەبووە
خۆت نەجات بدە لەم داوە تازووە

١٨٤- سیروان لێت نەدەم هەر ئەم بەیت
خۆشە دووژمنت بزانێ تۆ هەیت

١٨٥- سێفە سوور بۆ کوڕی خان خـــاسە
هەرچی ئاقڵ بوو بڵێ هەیـــاسە

١٨٦- سەدکراس بدڕەبە پاکی نەك یەك بە پیسی
لە گشت کەس نایەت لافی ڕەئیســـی

## پیتی «ش» ١٠٩ پەند

١- شا ئەی کەوێتە فەقیر و گـەدا
گەداش بەو شێوە ئەیکەوێتە شا

٢- شا بە سەپانی خۆشـــی نازانی
خودا پێی داوە چەند لەتەنانێ

٣- شابێ وشالیاربێ دڵـــنیابە نابێ
ئەوەی گووتوومە هەرئەبێ وابێ

٤- شادایی و شالیار نایدا چی بکەم
نازانم چۆن شالیار ڕاز یـــکەم

٥- شاباشم داوە و قنج هەڵ ئە پەڕم
من کە فەقیرم چ تـالــبی شەڕم

٦- شاباشت بدەو قنج قنج هەڵپەڕە
پێشت ڕاکێشە بە قەدەر بـەرە

٧- شاخی بزنێکی پێ ناکرێ تیمار
چ فەرقی هەیە لا دێیێ یا شار

٨- شادمەبە بەبوونی شادبە بەژینی
جار جارخۆت بکە سایە وپەرژینی

٩- شار خەڵوەتە و گورگ هەڵمەتە
تا ئەمری ژیان پڕ لە زیللەتە

١٠- شاران گـــەشتە یە زۆر درۆز نە
هەرچی باس بـــکەی ئەڵێ لای منە

١١- شاران لە حەسرەت بەغدا ئـەکران
کەچی وا بـەغداش کراوە وێران

١٢- شار ستان، ڤیروسیایی لادێی بەسە
کێ پەنای داوی هەرئەوەش کە سە

١٣- شار بێ حاکم بێ وێرانە و وێران
حەیفە کوێر ببێ وەجاخی دلێران

١٤- شانازی بەکلك کوڕ و بـاوکەوە
ناکرێ کاکە بەسە سەر کـــەوە

١٥- شانم کردووە کۆم هەڵم گرت لۆمە
وەها مەزانە گشتی بەش خـۆمە

١٦- شانی داداوە ئەو کــــارە ناکـات
نازانم بەچی نان پە یدا ئەکات

١٧- شانی دا بەری زۆر بـــە مــەردانە
دەست دەیتەهەرکار کردنی ئاسانە

١٨- شانی لێ ئەخورێ جارجارئەخوڕێ
کەخودا پێیداوە عەبد چۆنیە بڕێ

١٩- شایی بۆ دووانە کرِ لە هەموانە

بزنم هیچ نیە و ئە یدەم مووانە

٢٠- شایی کەران و خوری دراوسێیان

چاری دووم نەکرد وابووە بەسیان

٢١- شەخسێ نەنوێنێ زەبر بەتووندی

تەشتێ دانـــولە ناخەنە مەزەندی

٢٢- شەدەم بۆ دەر بەنـــد ئەویست

کە دەربەن گیرا چ شەدەم پێویست

٢٣- شەرِێ بێ و خێری منی تێدا بێ

خۆم هەڵم بژارد کە هەرچۆنەبێ

٢٤- شەرِیش لە نیوەی بگـــــەرِێتەوە

چاکترە لەوەی کە نـــــەبرِێتەوە

٢٥- شەرِ و نیووە شەرِ وەکـو برایە

شەرِ ونیوە شەرِ دەست بە تێـــلایە

٢٦- شەرابی دەستی چاو کاڵی دولبەر

خۆشترە لەلام لە ئاوی کە و سەر

٢٧- شەرت هۆ هۆ نیە شەرت کۆ کۆ یە

لە غاو بۆ دەمی ئەسپی سەرەرِۆیە

٢٨- شەرابی موفتە کەقازیش ئە یخوات
ئەزانیٚ زیانی ماد دی لـــیٚ ناکات

٢٩- شەڕ بێرە کۆڵم زۆرم خۆش ئەو ێی
کاتیٚ کە دۆڕایی ئە زانی تۆ کێی

٣٠- شەرعی مار بە دار حەق و ڕەوا یە
کە بەدار نەت کرد بۆ گیان بەلآیە

٣١- شەرعم ئەمڕۆ کە لەگەڵ مـــەلا یە
هاوار و پەنام تەنها لای خـــودایە

٣٢- شەڕکەر هیلاک بوو چـــــووە دواوە
سوڵحی ناو بژیوان هێشتا هەرماوە

٣٣- شەڕکەر لە شەڕا ئاشتیت بیٚ لــەبیر
گوێت ڕابدێرە بۆ ووتەی گشـت پیر

٣٤- شەرمی سەران لـــــــــــە مێزەرانە
هیلاک بوونی پیاو بۆ منـــــالآنە

٣٥- شەڕی ئەو دۆڵە مەهێنە ئەم کـــۆڵە
پارە لای ڕەزیل کە وتووە ومـــۆڵە

٣٦- شەڕی بە یانیان لە لام خۆشـــــترە
لە خێری ئێواران لام بە کەڵك ترە

٣٧- شەڕی خۆ ترێن مل ئە شکـــێنێ
قالْت ئە بڕێ و ناوت نا مـــێنێ

٣٨- شەڕی ژن ومێردان تامالْ نووستنان
ئاشت ئەبنەوە ئەبن دەست لەملان

٣٩- شەڕی ڕۆیگە و خێرەکـــــەی ماگە
بۆ تۆ پڕی کەی کیس و عە لاگە

٤٠- شەڕێك بێ وخێری منی تێدابێ
هەرچۆنێ ببێ و هەرچی قە ومابێ

٤١- شەریکی دز و ڕەفیقی قــــافلە
پیاوی درەنگ ئا خێز دایم ماتلە

٤٢- شەریکی و خەریکی بۆ هەر دوولایە
کەسی بێ شەریك تەنهــا خودایە

٤٣- شەش بەتشبیەکە حەوتی ڕوبەیەکە
تۆ خەریکی چی وحساب لار مـــەکە

٤٤- شەق ئەزانێ قۆناغ لە کــــوێیە
بۆ چوونە هەر شوێن گرتنی ڕێـــیە

٤٥- شەل نیە و بەلام پای شکـــــاوە
خۆیی برا گـــــەورە خۆشی حساوە

٤٦- شەلە باوانم کوێرە بــــاوانم
باشبێ خراپ بێ بۆی سەرگەردانم

٤٧- شەلم بخۆم و جـەهەنم بچێژم
ئەو سا ئەزانم من چەنـدە گێژم

٤٨- شەلم کوێرم دەست نا پــارێزم
تازە لەپاش چی ئـــەگری ڕێزم

٤٩- شەممە یەکەم کەس ئەکەوی کاکە
بدە یارمەتی هەر کــــەس هیلاکە

٥٠- شەممە کار و شەممە بــــارە و بار
شەممە هەر بوکی تیا مەکەسوار

٥١- شەممە لە مانگ بڕا وەرە وە بۆلام
ئەدەم حەقەکەت ئەوەی کەوتەلام

٥٢- شەممە یەو لە ملی جولەکە دایە
هەرچی لێ بکەیت پاکایی نایە

٥٣- شت ڕەنگ و ڕوو خواردن گەندو گوو
خۆت نەجات بدە لەوەی نامەرد بوو

٥٤- شەن و کەو ئەکات لەسەر خەرمانی
هەر چیەکی کرد ئاخری دۆڕانی

**٥٥- شەنە لە مەنە کەمتر نییە کاکە**
**ئەو قسە ناکا دەتۆش حەیاکە**

**٥٦- شەو ئەنوێ بە جلـــــی گایە**
**ڕۆژیش پوختەیە وەکو پا شایە**

**٥٧- شەو و ڕۆژ دەڕوابەس قەزا ناڕوا**
**لەکەران کەوێ قەزای مانگاو گا**

**٥٨- شەودەرویش بەوڕۆژمەبە دەرویش**
**فیتنەیی مەکە لەناوخزم وخویش**

**٥٩- شەوقەلاّی میردانەو کوڕی ئازایە**
**شەوگار بۆ نەخۆش هەر بیکۆتایە**

**٦٠- شەوی جەژنان فەقیر دەوڵەمە ند**
**قوبلی لەسەرە لەگەڵ چا بۆقەند**

**٦١- شك یەك دز هەزار هەزارە گیانە**
**هەر دەردە دارە مەیلی گـریانە**

**٦٢- شەیتان پەلەی کردچاوی بووەکوێر**
**گیانت قوربانکە لەبۆ کاری خێر**

**٦٣- شەیتان ناوبژی کەری ئەوان بێ**
**زۆریان بەخەڵك کرد کاری نابەجێ**

٦٤- شەیتانی ئینســـان تەنها ئینسانە
نەکەی پشت بەسی تۆ بە بێگانە

٦٥- شتێکە باش بوو خۆی ئەکا هاوار
هیچ پێویست ناکا پیا هەڵدەی جارجار

٦٦- شتی چاك پارەی بەس بۆ خۆیەتی
لە بەد کار بیەتی ڕقم لێ یـــەتی

٦٧- شتێ بخۆ و شتێ بدە و شتێ هەڵگرە
قەت لەناحەقیش یەخەی کەس مەگرە

٦٨- شتێ پێی نەگرم گۆشت لەم زەمانە
بۆ پێی لاواز بم من لــــەم ژیانە

٦٩- شڕە بخۆ بێ کەسی خـــــاوە نتە
ڕۆژتە کەس نیە بڵێ ئـــــەوەتە

٧٠- شڕکە بێ و ڕۆنکە بێ بە بێ چەوری
هیچ پێویست ناکا بگەڕێی لـەدەوری

٧١- شڵقەی مەشکە و چزەی تـــــاوەکە
پێشی بینینی دەست لە ئاو ئـەکا

٧٢- شنگڵی کارت بدە بەماڵا هەتا ئەتوانی
شەیتان بەنەعـلەتکە بێ پەشیمـانی

٧٣- شوان ئارەزووی کرد کە بکا پەنیر
لەگونی بەران دەری ئە کـــا شیر

٧٤- شوان بە شوانی عەیـــبی تیانییە
نان چنەوە بیش زۆر بێ عـــارییە

٧٥- شوان تـا دانیشێت گەلـــەی لێ دوورە
هەندێ داوا هەس کە زۆر مەجبوورە

٧٦- شوانێ نا پاك بێت لە گورگ خرا پتر
لەگیانی مەڕان وەك پووش بۆ ئاگر

٧٧- شوست شۆی لێ بڕی ئەو بەدکارە
زۆر لە ڕوو دامان وەکو بێگــــــارە

٧٨- شوکــرانەی ناعیلاجی ڕووناکالەکەس
چوون هەندێ جارپیاوشەرمندەیەوبەس

٧٩- شوڵی هەڵ کێشا دیارە بێ عـــارە
پێویستەتەمێ بکرێت ئـــەم جارە

٨٠- شوێنی کلاوی با بردو کـــــەو تووە
ڕێز بگرە لەباب هەتاکـــــــو زووە

٨١- شوێنی کلاوی با برد ومـــــەکەوە
لە دەستت دەرچوو ئەوەی لـــەئەوە

٨٢- شوێنی شێرەو ڕێوی لێی ئەكا گێره
ئەوەی خوێڕی یە بە ئێمە فێره

٨٣- شیاكەی لەقوندەو بیكە ناوگاگەل
بە كاری چی دێت پیسی هورگ زل

٨٤- شێت باشە شێتەزا فرە خـــراپە
بۆ ڕاوی ماسی تۆڕ و قـــولاپە

٨٥- شێت برالای شێخ شێخ بەریتە لایكێ
فێره شەو و ڕۆژ بكەوێت لە تەكێ

٨٦- شێت بگا بەشێت تەمەرێزە تەمەرێز
شێتی شێت زادە لەلای نییە ڕێز

٨٧- شیت بگا بە شێت قنگی ئەخورێ
كوێخای لێقەو ماو جار جار ئەخورێ

٨٨- شێتان گشت ڕازین لە ئەقڵی خۆیان
كەس ڕازی نیە لە بەختـی خۆیان

٨٩- شێتـــە بۆ شێتی ئەڵێ بۆم لو وا
شێتی ئاقڵگێ كە وتـــە واوە یلا

٩٠- شێر ئەگەر بتخوات بۆ لانـــەی ڕێوی
نەكەی پەنا بەی بكە ویە ناو داوی

٩١- شێر بەگوێ ئەگرێ ئەمەن ئازایە
چونکە بێ پولە زۆر کەلوەلایە

٩٢- شێر بەرە بەرە ئەبێتـــــەکەرە
خۆ ت بۆ منالان مەکە مەخسەرە

٩٣- شێر بمشکێنێ نەك ڕێوی بمخوا
لە دەرگایی نامەرد نەدەی لە برسا

٩٤- شێر دەیشکێنێ و چەقەڵ و ڕێوی
دەیخۆن و ئەوان دبن بەخێو ی

٩٥- شێرکە پیر بوومەخسەرەی چەقەڵە
گاڵتەی پێ ئەکاو ئەڵێ تەمەڵە

٩٦- شێر کە دۆشرا ناچێتـــــەوە گوان
تیرێ کە دەرچوونا چێتەوە کەوان

٩٧- شێر کە پیر بوو مەخسەرەی کەران
نە بیستراوە گورگ وەکیلـی شوان

٩٨- شێرکە پیر بوو ڕێوی دەمی تێژەنی
لە لێقەوما نا ئەزانی بایی چەنی

٩٩- شێر کە دەرپەڕی چ نێر و چ مێ
هیچ فەرقی نییە هەڵمەتیە دەنێ

١٠٠- شێر لە دەنگی کەڵە شێ ترسا

هەوڵی چاکەدا لەگەڵ گشت کەسا

١٠١- شێرە بە فرینەکەس لێی ناترسێ

ڕێوی لە ترسی شێر ئەکا پرسێ

١٠٢- شیری حوشتر و دیـــداری عەرەب

لە هەموو جێیەك بنوێنە ئەدەب

١٠٣- شێری ماڵەوە و ڕێـــوی دەرەوە

زەمم زۆر ئەکەی سەری بنێرە وە

١٠٤- شیری میسر لە کێلان ناوە ستـــێ

دەمت مەساوە سەر هەموودەســتێ

١٠٥- شین و شایی هەر دوو دە ستە وام

عەقڵت مەخەدەست کەسانی عەوام

١٠٦- شیو و لە شکـــرە یادێ یا دەچێ

ئەوەی کە کردت لە سەرت ناچێ

١٠٧- شێوی خۆش لە هەڵـمی ڕا دیارە

زۆر بڵێ چـــووە هەرجێ بێـزارە

١٠٨- شێوی زۆر کابان یا بێخوێ یاسوێر

بێچوی شێرانە ئە بێتـــــە وە شێر

## پیتی(ع) ٢٢ پەند

١- عاشقی کاشی کەووگ بـووگە لیٚم
دوربە لەو کەسەی کـەوا دیٚتە جیٚم

٢- عاقڵ کەر ئەبیٚ کەر ئاقڵ نـابیٚ
لەگەڵ درۆزن هیچ پەیدا نـابیٚ

٣- عاقڵ دوو جار نەخـــەڵە تـــاوە
بەسیە تەشەرت لە ســەرم لاوە

٤- عالەم بەجن پیٚکەنی جن بەئاشەوان
دز نا ئومیٚد بووکـــەدی پاسەوان

٥- عالەم هەڵ ئەسا هەر خلەی ئەگا
خلەش هەڵ ئەسا هەر بلەی ئـــەگا

٦- عەباسی خۆت دەر بیٚنە هیٚند ئازایی
دڵ مەگۆرِە لیٚم کەلیٚم دڵنــــیایی

٧- عەرەب چ عەرەب نەدار و دەرویٚش
سەر شۆرین تەنها دەوایە بۆکریٚش

٨- عەشیرەت گلیٚرە کاتی کـــــولیٚرە
عالەم بەو فیٚرە ئەو بەمن فیٚرە

٩- عەقڵ بە گەورە و بچوکـــی نییە
هەموو کات کاتی گاڵتەو گەف نیە

١٠- عەقلْ کە نەبوو گیان لە عەزابە
نەوسنە گیری بۆنی کـــەبابە

١١- عەقلْی ژنم وگونم وەکو یەك وایە
سەرت شۆڕمەکە لە گشت دەرگایە

١٢- عەقلْی لە ئەژنۆ دایە ئەو پیاوە
چوون لەگەلْ منالْ عەقلْی گۆڕاوە

١٣- عەقلْی مندالْی و تڕی کە ندالْی
هیچت پێ ناکرێت خەیالْ بەتالْی

١٤- عەمەلی سست و قسەی دروســتە
هەولْی بۆ میرە ئەوەی درووستە

١٥- عە نەزەی دەوری مەرەزە یە لــێم
خۆم حالْم جوانە ئەلْێ کوانێ جێم

١٦- عوزر ڕووی هیچ کەس ناکاتۆسپی
لەگەلْ کەڕ قسە مەکـە بەکپی

١٧- عوزر خرا پتر لە قەباحـــــەتە
بخۆ ئەو نانەی لە بۆت ڕەحەتە

١٨- عەمری پیرەمەڕێکت ماوە هەتاکەی
لەم بەندو باوەی، هەر ئاواش ئەکەی

**١٩- عومری دریژ شەرم ناکا لە هیچ کـەس**

**ئەحتیاجی ئەم دەس نە کەویتە ئەو دەس**

**٢٠- عومری شەستەو موروان ئەکاتە دەستی**

**هەرچی گووت تەنها من بووم مەبەستی**

**٢١- عیسا دینی خۆی موسا دینـــی خۆی**

**ئازادی خۆشە گەر برە خســێ بۆی**

**٢٢- عیلە باوان بۆم عیلە بیـــــزانە**

**زۆر زانا گیری کاری نـــــــەزانە**

## پیتی(غ) ٤ پەند

١- غەز یـــم بـــوو بـــــــە بڕِ نووتی
هەمـــوو قـــــــفڵێ کرد بییە لوتی

٢- غەمـــی نان بخۆ هەتــــــاکو ماوی
فەریـــزە کـــــاڵەك بووە بەناوی

٣- غەریب هـــەواڵ پرس جێگە و مەکانە
زۆرن کتە تەماح کردنـیە یە کـانە

٤- غەیری خودائــــەوەی پشتی پێ بەستی
دەستت ئەشکێنێ هەرکە بوو دەستی

# پیتی (ف) ٢٣ پەند

١- فەخر بەرە یـــــە نـــاوی دراوە
خۆزگەی پێ مەبە و نـــاوی زراوە

٢- فەخر گونێکـــە کە شۆر و قـــۆرە
ناگیرێ وەکو نۆ مایـــــــــە تۆرە

٣- فەرقی گونی خۆیی و گێزە ناکات
هەرچی هەوڵ ئەدات هیچ پەیاناکات

٤- فەقیانە سپی کەرێ نا یکـــێشێ
لەماڵیا نییە دەنکە برۆیـــشێ
خۆی بەسەر هەموو کە ساهەڵ کێشێ
نیەتی لێفەی شر قاچی تێکێـشێ

٥- فەقیانە سپی سەڵتە با بـــــردوو
دووژنت بۆ چی یە لە برسا مـردوو

٦- فەقیر ئەیەڵێ لە ئاش بێتـــــەوە
دەوڵەمەن نایەڵێ لـــەساج بێتەوە

٧- فەقیر گوش بکات هەر دڵی تەنگە
چیلکـــەی لە خۆ وە ئەچێ بەقـنگا

٨- فەقیر لای باوە ئەتسێ هــەردەم
ماڵی فرە خێو ئەبرێ بـــــۆ چەم

٩- فەقیری بـــــاشە قۆرتی خراوە
کەوتیتە ناو داو حساب تـــەواوە

١٠- فەقیری ڕاست گۆ شەریکی دەوڵەمەند
پیاوی درۆزنە پیاوی کـــردە پەند

١١- فەنیٚ تۆ لە شەڕە سەگت چــــــی ؟
هەر چـــەندە زانایی بەلاّم دە رناچی

١٢- فرۆشتن لە خواستن چاکترە لـەلام
هەر کەس بە جۆریٚ ئەگاتە مـــەرام

١٣- فرە فڕی ماشان لەدەنـــگی قورئان
مردن خۆش ترە بەسیە تانـە دان

١٤- فرستادە هیچی لــــــەسەر نەماوە
بەلێنێکت دا مەچـــــــــۆرە دواوە

١٥- فرمان لەسارا ڕۆن لە بەهـــــارا
خۆشە لەسەر حەق بتکـــەنە دارا

١٦- فەرمانکەربمریٚ تەگبیرکەر نەمریٚ
جەردەیە و ڕێگە لەگشت کەس ئەگریٚ

١٧- فوکەی لە ئاگر سمێڵت ئەسوو تــیٚ
نەکەی گای خەڵك ببەی بۆ جوتیٚ

١٨- فوو لە دۆ ناکا هێندە بێ شەرمە
قسەی قۆڕ ئەکا چوونکە دڵ گەرمە

١٩- فێر کەران نەکەی کەفێریانبکەی
کەفێریان ئەکەی ئەبێ تێریانکەی

٢٠- فێری ڕۆیین بە بەر لەوەی ڕاکەیت
چوون تەنیا باڵی بەهیچا ناگەیت

٢١- فیکە بە برایی بێ لێوم ئەکەن
هیچیان پێناکرێ هەرچی هەوڵدەن

٢٢- فیکەی خۆتت ناسیووە دیـــــارە
بۆیە وادڵت پڕ قین هەر جـــارە

٢٣- فەرشی مەینەتی ڕاخـــــراوە بۆم
بۆیە ئەمەندە دەروون پڕ لەسۆم

## پیتی ﴿ق﴾ (١٠٨) پەند

١- قازا نج ســـەری ما یەکـەی خواردم
چیمە لەشایی کـــە من بـــێ ئاردم

٢- قازا نجی گـــــــــــاوان ماکەر گاینە
هاوار بەری ماڵ تەنها مـــاینە

٣- قازانی گەردوون کە دێردێتەتە جۆش
ئاخری هەر تینە و پڕ ئێش و خرۆش

٤- قازانی مێردان حەوت ساڵ دێتەجۆش
وەختێ هاتەجۆش هەموو شت لەکۆش

٥- قالۆنچکە بۆنی گوڵێ جوانی کرد
سەری نایە ئێش ڕۆی دەست و برد

٦- قالاو چی کرد تا قشقەرە بیـــکات
ڕەشکەت پێویستە بۆ کێشانی کات

٧- قەبر هەڵکەن ئـــــەگەر ئەیزانی
خۆی کەی ئەمرێ چاڵی خۆی کەنی

٨- قەیتول و مەیتول مەردی پەی پول
خۆت بپارێزە لە کەسی عــەجول

٩- قەحبە کە پیر بوو کە تەوبە ئەکا

هەرچەند جارجارە ش یادی کۆن ئەکا

١٠- قەحبە له کێری زل نە ترساوە
ئەگەر بترسێت کەی قەحبەی ناوە

١١- قەدری ددانە وا بـــــــە لێوە وە
سەر شێتە جە لەبی وابە و کێوە وە

١٢- قەدری زێڕ لەلای زەڕەنـگەرا نە
دەفعەل بەلایە و داومـــە کەرا نە

١٣- قەدری مانگ نیە تا ئەگاتە شەو
دز بەلای لایە نا کرێتـــــە خەو

١٤- قەرز بە قەرز و دەست ئـــــارداوی
سلکە لە نا مەرد هەتاکـــو ماوی

١٥- قەرز دوو ماڵ ئاوەدان ئەکـــــات
هەل هەلەی منالٚ بۆ شەوی بەرات

١٦- قەرز کۆن ئەبێ بەلام نا فەوتێ
هەر بەبیستنی دام ئە گرێ تـــێ

١٧- قەرزدان و دانەوەی دوو دڵ ئەکا شاد
کەسی مەرد و چاك قەت مەکەلە یاد

١٨- قەرز کردن خۆشە دانەوەی زەحمەت
بۆ من ئافاتە وەك دەرد و عـیللەت

١٩- قەرزار قــەرزای خۆ نـــە کـوشتووە
بۆ قەرزدانەوە کا تێــکـی زووە

٢٠- قەرز بێنە و نییە بیـدەمە دەستت
ڕازی بەو جۆرە ئەکـــەم سوپاست

٢١- قەرزی کۆن خزمی دوورکەوتەوە یادم
چون ئێستا نەبوم گەلێ موحتاجم

٢٢- قەزای دێزە بۆ کەوت لە گـــۆزە
هەوڵدەی بۆ ڕێگەی ڕاستی پــرۆزە

٢٣- قەرز تـا بمێنی هەر قەڵەو دەبێ
ئاخری سەری شۆڕ دەمەقـاڵ ئەبێ

٢٤- قەساب بێ ئێسقان گۆشت نـا فرۆشێ
هەل بـازە لەڕێ یە بۆهەل ئەکۆشێ

٢٥- قەساب کــاتێ ئاشننایی پیــاوە
گۆشتی لێ قەرز نەکرێ تــەواوە

٢٦- قەل ئەگەر مەلێ شەریف بووایە
گوی نە ئە خوارد هەتـا هەتــایە

٢٧- قەل بەقەل ئەڵێ دەك ڕووت ڕەشبێت
هەیە وەك من و تۆ چارەکەی ڕەشبێت

٢٨- قەل بەخێو بكەیت چاوت دەر دێنێ
كە هاورێ وابێ یاخوا نەمێنـــێ

٢٩- قەل هەلْ فرێ قشقەرە دەر پــە رێ
حەسود لە داخی سەغیان ســـەرێ

٣٠- قەیاری هاتووە وەكو نێـــــرەكەر
تاباری لێنێی ئەیكات سەرە ســەر

٣١- قەیسەری لێ بووە بە كـونەمشكێ
برا بێ خێر بوو چی بكەم لەخوشكێ

٣٢- قرانێكم نیە بیـــــدەم بە شێلانە
من چ حەقم هەس لـــە سەر پێوانە

٣٣- قسەت كرد پیاوێ خراپ وبەدناوی
كە قسەش ناكەی پیاوی پو نگاوی

٣٤- قسە پاش حەوت كێو ئە گاتەوە خێو
لە كەسی هەژار خۆت مەكە بــە دێو

٣٥- قسە ببێژە بی گێژە بـــــی وێژە
هیچ كات نـــا بیسێت وەكو گوێ درێژە

٣٦- قسە تا نەجوی نەكەی قوتـــی دەی
كاتێ قوتت دا ئینتەلا ئـــــەكەی

٣٧- قسەی حەوت پلە ئە هێنیٚ بۆم
مەجبورم لەشوێن قسەکـەی بڕۆم
٣٨- قسەی نە کۆڵان دەری هێنــاوە
بومان بومان چووهەسمان حساوە
٣٩- قسە بوو بــــە دوو ئەبیٚ گوو
خۆشت مەخەرە گۆمـــــی ئارەزوو
٤٠- قسە کەوتە زار ئەکەوێـە شار
قەرزی ئەم بەهار مەخە ئەوبەهار
٤١- قسەکردن بە پارە بوایــــــــە
کەس نەی ئەکڕی ئابە وخودایـە
٤٢- قسەی لە قافیەخۆش و تەواوە
لەقافا دەرچوو پــەرت و بڵاوە
٤٣- قسەمەکە بۆ دۆســــتی وێت
نەکا ئەودۆستە دۆستێکی هەبێت
٤٤- قسە ناچێتە ناو گیرفـــانەوە
سوك بونی تیایە بە سەریانەوە
٤٥- قسە نەچووە ناو جــەواڵەوە
لەگەڵ ناکەسا مەچۆ مــاڵەوە

٤٦- قسە هاتە ڕوو نامێنێ ئەرجوو
چ فەرقی هەیە دوژمن یەك و دوو

٤٧- قسە هەتا کونە کوڵێ دەرنــایە
نەکەی بە قومار بچیتەوە مــایە

٤٨- قسە هەزارەو دوانی بـــەکارە
گورگ چووە ناو ڕان تەواو غەدارە

٤٩- قسەیە هیچی تێ ناچێ بیـکە
بەڵام کە کردت چاوەڕێی باج کە

٥٠- قسە یا لە شێت یا لە مــــناڵە
دەمەوەر مەیلی هەر لە گۆپــاڵە

٥١- قسەت لەدەما بابە شەکــر بێت
گوێم لێ بگرە بزانە چیم دەوێت

٥٢- قسەم حەقە بۆیە وا ڕەقـــــە
لە دەرگای خەڵکی کەم بدە تەقە

٥٣- قسەی ئەو و تڕی کەر لەلام یەکە
دەوای یەکانە تەنها فیشــەکە

٥٤- قسەی تە تــەرە کوێستانی تەر
میوان هەر چۆنە لەماڵ مەیکە دەر

٥٥- قسەی پاڵودا تاڵو نا لە بـــار
هەوڵ بدە و مەردبە ڕووبکە لەکار

٥٦- قسەی پیاو لەسەند گەورە تره
ڕاستگۆ قسەی لە پارە کا ش تره

٥٧- قسەی پێشینان نەخشی دیـــوارە
چل ڕۆژ تەمەنی سەگانی هـــارە

٥٨- قسەی پێشینان چەندرێکوجـوانە
فەرموویە کە ماچ قەرەوڵی گانە

٥٩- قسەی حـــــەق ڕەقە بیزانە
دەروێش دیارە کاتی تـــالأنە

٦٠- قسەی حسابی زۆر زوو سەوز ئەبێ
مەخۆ لە ئاوێ قەوزەی گرتـبێ

٦١- قسەت بۆ یارمەکەیاریش یاری هەس
دزو پاش دزیش یەك بڕیاریان هەس

٦٣- قسەی خۆش کوێستـــانی کێرە
واباوە حیزان بە حیزان فێـــرە

٦٣- قســەی خۆمان وا لەبیرخـــۆمان
نەکەی فتوری ئامان سەد ئامان

٦٤- قسەی خولە باسی بلەی لە ناو برد
هەرچیم کرد نامەرد هەمووی لە ئاوکرد

٦٥- قسەی دڵت بۆ من بکە واچـــاکە
ئا مانە تەلام ئا مانەت پـــــاکە

٦٦- قسەی ڕاست بکە هەرچەند وەك بەردە
ڕاست گۆیە کاکە لای داوە پــــەردە

٦٧- قسەی سوارە وەکو ئاو و لــــەگۆل
مەدە لە ئاویٚکە هەییێ شـــەپۆل

٦٨- قسەی شەو وەك خەم کەم دیٚتە ڕوو
سوزن و دەرزی کەی وەکو یەك بــوو

٦٩- قسەی گویٚ ئاگردانە خۆ هەڵکیٚشانی
نانیٚ لام نانە ئەمڕۆ لە خوانــــــی

٧٠- قسەی کورت قەت دریٚژ مـــــەکە
ڕیٚگەی نزیکیش لەخۆت دوور مـــەکە

٧١- قسەی زۆر جوانە وەك نەخشی بەردە
ڕاستی پیٚ گوتین خۆ بە بیٚ پــەردە

٧٢- قسەی وەك قوڕی زستان وە هـــایە
تەوقە بەسەر تۆ هەتـــــا هەتـــــایە

٧٣- قســـــەیە بکە کەوا سەر بـــگرێ
ڕێـــیەك بگرە بەرکەوا جێ بگرێ

٧٤- قسەیەك بکە کەوا کەڵك بگــرێت
مەنێك بپێوە کەوا سەر بگـــــرێت

٧٥- قسەیەك دەمم کەتەر، سەرم لواجەنەر
ترۆ تس قەبووڵ چون لە شوێنی کەر

٧٦- قسەیەك بۆ دز بکەن زۆر بـــاشە
هەرچەندە دزیش دەمی هـــەراشە

٧٧- قفڵ بۆ پیاوی بە حەیا دانـــراوە
نەك بۆ سەر سەری پیاوی خـــراوە

٧٨- قفڵ بۆ حەلاڵ زادە لێ ئـــــە درێ
نەك بۆ بێ حەیا یەکسەر هەڵی گرێ

٧٩- قفڵی لە دەمی خۆی وەهـــــا داوە
کەس نایکـــاتەوە ئەو بەند و داوە

٨٠- قنگ بە قەڵماسك پاس نەکراوە
حەیا بۆ حەیا دار دانـــــــــراوە

٨١- قنگت بدەرە سەر دەرپێکەی خۆت
با زیاتر تـاوان نەگرێ ئە ستۆت

٨٢- قنگ حیزبە بەس دەم حیز مەبە
لەو گەورە ترە پێی ئەڵێ بـــەبە

٨٣- قنگێ فێری تڕین بێ کـــاکە
پێی تەرك ناکرێ هەرچەند حەیاکا

٨٤- قنگ بڕۆ بەولاوە بۆنی گوت لێدێت
نا مەرد کەسێکە لە خۆی ئەگۆڕێت

٨٥- قنگلاشکە لــــــــەخۆی بەشکە
کەماسی نەبوو لەکوێ دۆ ووشـکە

٨٦- قنگی ڕەش و سپی لە بوارا دەرکەوت
ناگاتە فریای کاری پیس و چەوت

٨٧- قنگێ گەرم حەمام لە کاتی سەرما
بۆ تەمەڵ سێبەر کوێستـــانی گەرما

٨٨- قنگی لێداوە و کـــــردیە ڕە شەبا
ئەو تاوانبارە ئەو حەیاش ئەبـا

٨٩- قوڕ بەسەر یەکێ کەوا فیر عەون
ئەڵێ پێی کافر چیە کەی لە کەون

٩٠- قورئان ئەفرۆشرێ ئەدرێ بـــەنان
کاتی تەنگانە ئـــاسانە و ئاسان

**٩١- قورئانی دایە تەمورە بـــە دناو**
**بیر ناکاتەوە لە حەق و حــــساو**

**٩٢- قوڕاوی دنیای بە قونا پــــرژاوە**
**تازە بەو دەڵێ بچـــۆرە دواوە**

**٩٣- قوڕی بۆ گیراوە تەوە ئەو داماوە**
**خۆی لەماڵ نەبوو ماڵی فرۆشراوە**

**٩٤- قوزە چێڵە نەبە کەڵکی سیر مەدێ**
**نەبەکەڵکی لا شیپان و پێستەدێ**

**٩٥- قوزەکە مەترسە قوزە مەلـــــەرزە**
**سونەت ئەکات و دوژمنــــی فەرزە**

**٩٦- قوزی لەقەحبان مشتەلەدۆم ناکرێ**
**هەرگیز بەبێژنگ بەر ڕۆژ ناگیرێ**

**٩٧- قوزی بەرکوانوو بۆ وابێ قــــەدرە**
**لەناحەق یەخەی هیچ کەسێ مەگرە**

**٩٨- قوزی گوێ ئاگاردان بێ کەڵکە وایە**
**منەت نازانێ هەتا هەتـــــایە**

**٩٩- قوڵفی کەعبەی گرت بووە بەدەست بڕ**
**قەیسەری سوتان بۆ یەك دەستە سڕ**

١٠٠- قوڵفی کەعبە کـەچ نابێ وا بێ
ئەبێ ئەو دەردەت هەر لە دلاّ بێ
١٠١ قومارچی و دۆڕا و نەڵێ بەگـونم
ئەوا شەق ئەبا دەین وە گـــەر دنم
١٠٢- قونێ بدە منالی دەمی مـــە دەیە
بۆ سوری خەرمان چارە فـــەردەیە
١٠٣- قونی سەر تەنور کەو تەسەرمافوور
چ فەرقی هەیە سپی بێ یا ســوور
١٠٤- قونێ لە دووم تکـــــایە مەڕۆ
بۆنی گوت لێ دێ بی ئاخنـــە پەڕۆ
١٠٥- قۆندەرە بۆکەسێ بزانی لە پێی کات
نەوەك ناکەسێ ئەم پێی وئەو پێی کات
١٠٦- قۆندەرە کانی وەها جیـــــەی دێ
کەچی سکیشی لە برســا قۆڕەی دێ
١٠٧- قیاسی کە شکە لە مەشـــــــکە
فیرعەونی مار تەنها دوپـــــــشکە
١٠٨- قیری کەوای سپی یە لـــــــەلام
گوێم لێ ناگرێت وەرگــــــرێ وەلاّم

## پیتی ﴿ك﴾ ٣٢٧ پەند

١- کا بۆ خۆم و جۆ بۆ کـــــەرەکەم
نە بوو مەجبورم لێرانە بـــارکەم

٢- کا هی خۆت نەبووکادان هیخۆتبوو
بۆچی هێندەی تر وا ئابــڕوتچوو

٣- کابان لە کەوگـــــیری دا دیارە
یا خواردن کەمە یـــاخود بێزارە

٤- کابان یابێ بەشە یـــا ڕوو ڕەشە
بێ چارە ئەوە لەهەرکـــام بەشە

٥- کابرایەك هەبوو کە نەدی و بدی
کوڕێکی بوولەبری ناوك کێری بڕی

٦- کاتی سەرخەرمان یارانت جـەمە
لەکاتی تەنگیت یارانت کــــەمە

٧- کاتی کەڵەك و بار ئەمانکەن بەیار
لە هاتوو چوومان قەت نابێ بێزار

٨- کاتی جز و بز ئەمان کەن بـــەدز
ئەگەر هەزار جار سەرمان بکەین کز

٩- کاتێ جەنگیت ئاشتیت لەبیر بێ
نەگۆڕێی لەخۆت خۆشیت لەبیربێ

١٠- کاژێ و کیژێ لە یەك ئەتاژێ
خۆشی نازانێ چیمان پێ بێژێ

١١- کار لە کار ترازا هەوڵ بێ سودە
نە حیلە و نەداو ناتکا ئاسودە

١٢- کار کفتـــــی کرد گە بۆ خۆی
چ باکی هەیە لە کرداری خۆی

١٣- کار سازم نـــــارد کار بسازێنێ
نەم زانی کارساز کار ئەتەرازێنێ

١٤- کاری خێر بکە هەردەم بەتەعجیل
بەلاّم کاری شەڕبکە بە تەحلیل

١٥- کاری زلت بوو بەبچوك مەسپێرە
چون پێت سپارد هەر سەر و ژێرە

١٦- کاریتە لەکفر هەڵ نا کـــــەوێت
لەچ جێگە بوویت بزانەکامە جێت

١٧- کارێکی پێکرد بە دەورانی دەور
بابە دەواری شڕی نە کرد جەور

١٨- کاسە دراوسێ بەران،کافر وەران
یاخودا کوێر بێ چاوی نا حەزان

١٩- کاسەی دراوسێ بردم لە عەزرەتی مرد
لە پاش چووە پەشیمانم کە کردم

٢٠- کاسەی دراوسێ بە بەر شێو ئەبێ
یان ئەمەنە درەنگ کە دوا شەئەبێ

٢١- کاسەی دراوسێ دوو پێی هـەیە
زۆر جاران چاك و زۆرجار بێجێ پیە

٢٢- کاسە کە پڕ بوو دیارە لێی ئە ڕژێ
خەمە لە دڵما بە قەدەر کـــەژێ

٢٣- کاسە کە پڕ بوو بۆیە لێی ڕژا
لەبەر هەتاوان هەر لووتە پڕژا

٢٤- کاسەکە لە ئاش خۆ گـــەرم ترە
خراپە خراپ باشیش باشـــترە

٢٥- کاسەکەی بەمل منا ئەشکێـنێ
کۆڵم لێ ناداو ناوم دەهێـــنێ

٢٦- کاسەکە پڕ بوو ئا شتیە لە ماڵ
خاڵیەتی کاسەلەماڵ قاڵە قاڵ

٢٧- کاسەکە پڕبووبەسە واز بێـــنە
کاسەی ڕەشی خۆت بەمنامەشکێنە

**٢٨- کاسەی هاوسەر بە یەکتر ئەدەن بە قەرز**

**لە هەموو هەڵەیەك وەریگــــرە دەرز**

**٢٩- کا غەزی سپی ئە خـــــــوێنیێتەوە**

**ئیتر گرەوی لێ نا بــــــــرێتەوە**

**٣٠- کاکە و برا لەی خۆیان وا ئەکــــەن**

**ئێمە و مانانیش ڕسوا ئەکــــەن**

**٣١- کالآ کێ درِی ئەوی نەی پرســـی**

**دەم ناکاتەوە هیچ کەس لە ترســـی**

**٣٢- کالآ کە خودا دای لە قەد بـــالآیە**

**زۆرم دی کە مرد لە دوای بـــەلآیە**

**٣٣- کالآ هەڵ ئەگــــری لە ناو دوکانان**

**گەنم هەڵ ئەگری لەسەر خەرمانان**

**٣٤- کار کەوتە دەستی کەسی نـــەزانان**

**مەجبورە بلێ ی خودایە ئـــامان**

**٣٥- کاڵەك بە ئەژنۆ کاتی ئەشکـــێنێ**

**سەدجار بکەوێ وازیش نا هـــێنێ**

**٣٦- کاڵەك خۆری تۆ یابێستان ڕنـــیت**

**ئەوەت کەو تووە برۆ خۆ دز نـــیت**

٣٧- كاڵەكی شرینماڵی چە قەڵە
ئەگەر چەقەڵێك نەیگرێ تەڵە

٣٨- كانیەك كە ئاوت لێ خواردەوە
بەردی تێ مەكە و پاكی بكەوە

٣٩- كای تۆ نیە ئەمەندە پەرۆشی
لە پاشی خۆشی ئەبێت نا خۆشی

٤٠- كای چی و جۆی چی لەبۆ كەر و گا
حەق دەر ئەكەوێ لە لای دادگا

٤١- كای كۆن ئاگری یاخوا تیا نەبێ
تا ئاوی پیا كەی زیاتر گەرمە بێ

٤٢- كای كۆن بە با مەكە لـــەم ناوە
ئەوەی چوو چووە ئێستا كە ماوە

٤٣- كە ئاگر كەوتەوە چ و شك و چ تەڕ
وەك یەك ئەسوتێ بێ گێچەڵ وگەڕ

٤٤- كە بوی بەڕێوی چیت پێ ئەكرێت
سەر قنگی كلاشەكەم پێت ئەدڕێت

٤٥- كاتێ تازە هات كۆنە خـــەڵاتە
بۆ پیاوی فەقیر دنیا ئافـــاتە

٤٦- کە پارە بدەم مـــەلا لە مزگەوت
ئەبێ دەرکرێ چ ڕاست و چ چەوت

٤٧- کە پیاو زۆری گوت لەخراپ و باش
ئەیڵێ و ئەیشی کا قسەی بە هەڵاش

٤٨- کە پیاو لەدوای کەر هەچە هەچە بکا
ئەبێ بۆنی تسی کەریش قبوڵ کا

٤٩- کە خەوت هات سەرینت نـــاوێت
کە برسیشت بوو بێ خـــۆرت ناوێت

٥٠- کەخوا بیدا پێغەمبەرچنگ ئەخاتەسەر
یاخوا ماڵ و مناڵ کەس نە کاتە دەر

٥١- کەخوا دای ناڵێ ئە تۆ کـــوڕی کێ ی
نای بڕێ هەزار جەردە بێ تـــە ڕێ ی

٥٢- کە زۆر هات قەواڵە بەتـــــــاڵە
ئەو کارەت کە کرد مەیـــکەرە قاڵە

٥٣- کەشیرت وەشان ئەبێ قەڵغانت پێ بێ
بۆ پاراستنت ئەبێ هەر هەتـــــبێ

٥٤- کە گا جووت کاوێژ بکاحیزی جوتیارە
پیاو کە کلۆڵ بوو لە گشت جێ دیارە

٥٥- کە چاو چووە خەو قنگ لە پاشای
خۆت مەکە پەنی سەگــی ئاوای

٥٦- کە چویتە جێیان جێی خۆت بناسە
بۆ ماڵی خەڵکی مەکێشە هە ناسە

٥٧- کەچویتە شاری کوێران چاوت ساق
دەست بە چاوتەوە بگری بێ تفاق

٥٨- کە گوڵ نیت بۆ باخی ژیـــــان
مەبە بە درِك بۆ ئازاری گیـــان

٥٩- کە فێرت کرد ئەبێت تێری کەی
یا تێری ناکەی ئەبێت خوێڕی کەی

٦٠- کە کەس نەبوو ڕەجەب سەر پاڵە یە
سەیری جوانی کەن ئەڵێی هاڵەیە

٦١- کە کەس نەبوو خۆم شای کەسانم
هەر خۆم لە مەجلیس خاوەن قسانم

٦٢- کەکەس نەی خواستم شووئەکەم بەتۆ
تۆش مامەڵەم کە وەکو نانی جۆ

٦٣- کە کەوچکت نیە بۆ چی گو ئەخۆیت
زۆر جار ئەمەندە لەسەرم ئەڕۆیت

-٦٤ کە مەڕم گورگ بیخوا گورگی نیشتیمان
بیخوات باشـــترە لە گورگی هەردان

-٦٥ کە مەلا لەدێ نەبـوو کەڵەشێر بڵقاسم
برا لە مەولا هەرگیز ناتنـــــاسم

-٦٦ کەمن کەوتمە دەربۆزە ئەم هۆزە نا ئەو هۆزە
سەگێ گرتمی نازانم بۆرە یا بـــۆزە

-٦٧ کە من ڕازی بووم بەنانـــــی جەو
سەری خاقان خان بە قنــگی خەسرەو

-٦٨ کە من لێم قەوما کــــەوتمە دەر بۆزە
لەم هۆز بار ئەکەم ئەچمە ئـــەو هۆزە

-٦٩ کە من نەمام لە دوام دنیا بـــێ وێران
حەیفە ڕێوی بێت بۆ جێگـــەی شێران

-٧٠ کە نەزانی بزێی بۆ چی کەڵ ئە گریت
لە خۆوە ڕێگە لە خەڵکـــــی ئەگریت

-٧١ کە نەزانێ گیرا ئاو کە ئاو گیرا جاو
دورە پەرێز بە لەکەســـــی بەد چاو

-٧٢ کە نێنەو لیسێك بە خەڵاتـــــت بێ
کێکە فی قۆپی بە بەراتت بـــــێ

٧٣- که هەتیو مچە کاتێك سوار ئەبێ
لای لفکەی پیسی کەمێك خوار ئەبێ
گەر وورییایی نەبی گورگی هار ئەبێ
ئەگەر نەی کوتی دەم بە کار ئەبێ

٧٤- کە گووتی تیژ تیژ ئە بڕێـــتەوە
هەر کەس بەدەردێ ئەتلێتـــــەوە

٧٥- کە بوتەر یا کە بوتەر باز یا بازە
هەرگیز بە زۆری خۆشتا مەنــــازە

٧٦- کەر ئەو کەرە کورتانەکـــەی گۆڕاوە
ئیتر چیەتی لەم بالۆر و بــــاوە

٧٧- کەر ئەو کەرەیە لــە کاروان بزەڕێ
منالێ فێر مەکە لە دووت بـــگەڕێ

٧٨- کەر ئەو کەرە لە کاروان ســـــەرا
بزەڕێ و بڵێت هیلاکی نەمــــــا

٧٩- کەر لە بۆنی زەعفەران نــــازانێ
عاقڵ لەگەڵ کەر ناگرێ زۆرانـــــێ

٨٠- کەر بەبێ کورتان نابـــێ ئازیزیم
دۆ هاوین نەبوو بە تەمای پـــایزم

٨١- كەرباری تفەنگ گورگ هەرئەیخوات
چونكە نازانێ تەقـــــەی پێ بكات

٨٢- كەر بە پەیخام ئاو نا خواتــــــەوە
سەر شۆڕت كردم بەو ئاواتــــــەوە

٨٣- كەر بەجۆ بمرێ ئەوا شەهـــــیدە
بە درۆ فرمێسكت مەخـــە سەر دیدە

٨٤- كەر بەحەج نابێ بە حاجی كـــەران
دەخەڵ مەنێرە سەر سوری خەرمـــان

٨٥- كەر بە دەنكـــــــە جۆ یەك ئەزەڕێ
ئەوەی بن بەڕە مەخە سەر بـــــەڕێ

٨٦- كەربە كاروانی قەت قەڵـــەو نابێ
زڕبرا هەرگیز وەك برا نـــــــابێ

٨٧- كەر بە میوانداری چۆن ئەبێ قەڵەو
گووتراو ە و ڕاستە خـــــوە خورد خەو

٨٨- كەر بە نەقیزە ئەڕوا بـــــــــەڕێوە
چڵێسە ماڵت ئەخوات بـــــــــە پێوە

٨٩- كەر تڕی كۆشی بۆ ئەگـــــــرێتەوە
بە شوێن پشقڵا ئەخولێتــــــــــەوە

٩٠- کەر بەستە خاوەن ڕە ستـــە
گوێ نەگێراوە لەوەی کە مەستە

٩١- کەر بەستە لە خەم ڕە ستـــــە
حساب کراوە دەستە بە دەستە

٩٢- کەر بکەوێ دیانی تیا ئەشکێ
جەواڵ نادرێتە دەستانی مشکێ

٩٣- کەر ئەتۆپێ و شایی سەگانە
ئیسکی شکانم کاکی بێ گانە

٩٤- کەرتا ئەتۆپێ لەقە ئەوەشێنێ
هێستر نا خافڵ تۆڵە ئەستێنێ

٩٥- کەرجۆی ئەوێ جۆش ئاوی ئەوێ
لەڕێی خزمەتا ناچێ بخەوێ

٩٦- کەرێکە زاوە و کوڕێکـــــی بووە
بەلاَم هێشتاکە نەجاتی نەبووە

٩٧- کەرچووە بەغدا بووە بە هێستر
کاریگەن بووە وەك چێشتی مجەور

٩٨- کەر چیەتی لە نوقلّ و نەبات
مشتێ جۆ بۆی کونجی یەو نەبات

٩٩- کەر قەڵەویش بێ گۆشتی نا خورێ

چون کاوێژ ناکا لەسەر ئا خورێ

١٠٠- کەر بەبارۆ کەوت لە کلکیان نەوی

ڕاستی کە نەوە هەستێ لـــەزەوی

١٠١- کەرتۆپی قەل پێشا چاوی کوێر کرد

زۆران بازی کرد هیچی پێ نەکرد

١٠٢- کەر تۆپی ئینجا دالاش زۆر ئەبێ

ناحەز لە خۆشی ناحەز کوێر ئەبێ

١٠٣- کەر جۆی بینی هەرگیز کـا ناخوا

لە ئەحتیا جیا پەنای برد بۆ خوا

١٠٤- کەر نۆی بـــرد دەش هەر ئەبا

وەختێ ئەزانێ قون لـــە ڕەشە با

١٠٥- کەر کەوت بەلام کوندە کـــە دڕا

غەیری تێهەڵدان هیچی پێ نەبڕا

١٠٦- کەر کولێ و بار سوك بۆ خۆت دانیشە

درۆ و دەلەسەت مەکـــــەرە پیشە

١٠٧- کەر لە قوڕا ئەگێ ئەمـەن زاڵمە

هێسترە و ئەڵێ ئەسپ خـــــاڵمە

**١٠٨- کەرێ کە جێما لە قەتاری کاروان**
**کلك و گوێی ئەکرێ بەسوك وئاسان**

**١٠٩- کەر لەکوێ کەوت و کونە لە کوێ درِا**
**خۆزگە مەخوازە بەوەی نـاوی زرِا**

**١١٠- کەر لە کاروانی گل ئەداتـــەوە**
**هەتاکو ئەمرِۆ بیر ناکـــاتەوە**

**١١١- کەری مردگەو خاوەن نـــارِازی**
**لەگەڵ منالان مەکەن دەست بازی**

**١١٢- کەر هەر ئەو کەرە کورتانی گۆرِاوە**
**سەر مەنێ سەری ئـــەوەی دۆرِاوە**

**١١٣- کەر هەشتی برد نۆش هەر ئەبا**
**بۆ هەر ماڵێ چوی بدە لە دەرگا**

**١١٤- کەر و جاشێك قلیان قاوڵتیەتی**
**کە رِازی نابێ نەگبەتیـــەتی**

**١١٥- کەر و جەواڵ و گوریسم کـەدا**
**بۆ سوزن و بەن کارم تێك نەدا**

**١١٦- کەرو خۆڵە مێش هەردوو لەم ناوە**
**سوپاس گوزاری ناوێ و تەواوە**

١١٧- کەر و ماجومیان نەوتووە برام
لێم حاڵـــی نابێ ئە من دڵنیام

١١٨- کەر بەدوو ڕیاڵ کورتـان سێ قڕان
هێندە باریکە تـا خەشمە بڕان

١١٩- کەر قەدری نقولْ هەرگیز نـازانێ
زۆرم دی سەری شۆڕ کرد بۆ نـانێ

١٢٠- کەرێ کە بـــردتە سەر سەر بـانێ
ئەبێ هەر خۆشت بیهێنیتە خوارێ

١٢١- کەرەلیاس ئەوەندە قسەی نەکرد
زمانیان بڕی ئـازا دەست و بـــرد

١٢٢- کەرە کولْ تـڕی نـانی خۆی بڕی
ئەو خەڵەتـاندمی بـــە فڕی فڕی

١٢٣- کەرە کولْ مەڕۆ ئەوا هـــــە ورازە
چیت داوە لەو هێستری جامـــبازە

١٢٤- کەرە کە مەمرە ئەوا بەهـــــارە
جوزەرەی کەماو لێمان دیـــــارە

١٢٥- کەرەکەی خۆشت لێ بووە بە ڕمزوون
دەستت کەوتەوە زۆر ببە مەمنون

١٢٦- کەرکەم داوە و هۆرەکـــەم داوە
خۆم بۆ گوریسێ بە لێدان داوە

١٢٧- کەروێشك بەگا ئەگرێ حکومەت
هیچ پەلەی نیە لەبۆ بێ حورمەت

١٢٨- کەروێشك ئەگـــرێ بە عەرەبانە
هیچ پەلەی نیە وەکـــو دێوانە

١٢٩- کەروێشك لەکاتی گەرمەی ڕاوا
بەتانجی گووت خەیاڵت خاوە
من بۆ خۆم ڕائەکەم تۆ بۆ ئاغا
هەرگیز نامگری بمرە لـە داغا

١٣٠- کەری ئەم بارە نی یە پشتی ئەو
زۆرن گیراون لە شیرینی خـــەو

١٣١- کەری بێ خاوەن بارکێشی گاوان
بێتاوان مەخە جێگەی بەتاوان

١٣٢- کەری بەتاڵ خێرا لــــە ڕۆین
مەبە بە هاوڕێی کەسی قون هۆین

١٣٣- کەری بەقاڵە و نا کەوێتە چاڵ
بەبێ گار برۆ مەبە دەست بەتاڵ

١٣٤- کەرێ تۆپی بێ هەرگیز جۆ ناخوات
لە پەنای مەرد بە تا سەرت ئەخات

١٣٥- کەری تۆپیو بار نا با هـــەرگیز
کەش و فش مەکە لەسەر کەسی حیز

١٣٦- کەری پیر و هەو ســــــــاری نۆ
زڕە زەڕیەتی لە دەوری مشتـــێ جۆ

١٣٧- کەری خۆت ئەبێ لە پلە ڕزگار کەی
باسی هیچ مەکە کە پیاوەتـــی کەی

١٣٨- کەر کەری خۆمە گوێی ناڵ ئـــەکەم
تۆ حەقت چیە من چی پێ ئـەکەم

١٣٩- کەری خۆی بەستۆتەوە بێ خــــەم
مەگەر بە گێچەڵ باری پێ بـــــخەم

١٤٠- کەری دەروێشە کە چی هەڵـــە گەڕ
دەم نا پارێزێ لەوشك و لـــە تەڕ

١٤١- کەری دێز حەز بە تۆ پیـــنی خۆی
یان بەزەرەری خاوەنـــــەکەی خۆی

١٤٢- کەری شەل کاتێ ئەگـــــاتەوە بەر
کە کاروان ووچانی خۆی گرتـــە بەر

١٤٣- کەری کێ تۆ پیوە ئەمەندە باشی
لە نەتاشین بوو شتت ئەتـــاشی

١٤٤- کەری لێ گۆڕا لێ‌ی بووە بە ڕەموزن
هیچ سودی نی یە ئەم هاتوو چوون

١٤٥- کەرێ ماندوو بوو بەتەمای وەشەیە
زۆرن ئاواتیان دایم هەر فشـــەیە

١٤٦- کەری ناو جۆگە لەهەردوو لای خوارد
تاچوو ئاو بێنێ خواش بڕی ئارد

١٤٧- کەریشی پیێگاشایە تمانی پێ هاورد
هەتا بتوانێ ئەستۆی بکات وورد

١٤٨- کەرێ بە پارەی بەفر کـــــڕراوە
ئەبێ بخنکێ لە گۆم و ئـــاوا

١٤٩- کەرم دابەکەرێ سنان لەبن دەسی بەرێ
خۆت زل ڕامەگرە هەرگیز لەدەرێ

١٥٠- کەجوانووە ئەسپ بوو سواری دایکی
مایەی نەگبەتی بۆ خاوەن و خەڵکی

١٥١- کەست ئەوەیە ڕۆژی تەنگـــانە
کە فریات بکەوێ دژی بێگـــانە

١٥٢- کەس بە دۆی خۆی نــــــڵێ ترشە
کەری مەقاوی دوژمنی کـــــــرشە

١٥٣- کەس بوو بەناکەس ناکەس بوو بەکەس
قەدیم وەجاخان دەرچوون بە عەبەس

١٥٤- کەس ناڵێ قنگت چەند جەواڵ کا ئەگرێ
ئیتر بۆ خەڵکیش مەبە بەگــــــرێ

١٥٥- کەس پێت ناڵێ کـــــــەرت بەچەندە
لە ئیش نازانی مەدە مــــــــەزەندە

١٥٦- کەس شەیتانی بەچاو نەدیـــــــووە
زۆر جار هەم هەمە بەڕاست گەڕیـــووە

١٥٧- کەس گۆشتت بخوا ئێسقان نا شکێنێ
تۆڵەی بێگانەش لە تۆ نـــــــاسێنێ

١٥٨- کەس قاچی نەچێ بە گوی فلاّن کەسا
سەروەتی تالاّنی بردووە لە بــــــرسا

١٥٩- کەس نا چێتە قەبری کـــــــەسەوە
تەشەرت مەنێ دڵی کـــــــــەسەوە

١٦٠- کەس کاغەزی کەس ناخــــوێنێتەوە
بۆ قسەم ناچێ بەناو گـــــــوێتەوە

١٦١- کەس کەس ناباتە باخاتی بەهەشت
هەردەم هەوڵدە لە بۆ سودی گشت

١٦٢- کەس کەسێکی خۆی کــــە نەوێ
خەوی خرا پـــــی پێوە ئەبینێ

١٦٣- کەس لە کردە نابێ ناهـــــومێد
زۆرن ئەوانەی بۆ خەڵکــە ئومێد

١٦٤- کەس لەلەشی ساغ قەت نانالێنێ
نــــــاخۆشە لەگەڵ کەرت ئالێنێ

١٦٥- کەس ناتوانێ بڵێ بەری چاوت کلە
لە هەر دوو چلەش مەدە لە مــــلە

١٦٦- کەس ناتوانێ بڵێت پێت خوار داناوە
ئینسانە بەلاّم ڕەفیقی گـــــلاّوە

١٦٧- کەس نازانێ بەچ نەفسێ گرفتار ئەبێ
کەسیش نازانێ بەنەفسی کێ ڕزگار ئەبێ

١٦٨- کەس ناچێتە قەبری کــــەسەوە
پاڵ مەدە باری هەموو کــــەسەوە

١٦٩- کەس ناڵێ خاڵۆ کەرت بە چەندە
گوێ ڕابدێرە بۆ ئە ئەم پەندە

١٧٠- کەس نەتسێ و نەترسێ میروا لەدێرا
زۆر زاڵم کەفتەن لە دوو توێی جێدا

١٧١- کەسێ کەسێکە ئەلفێکی بەســـە
یاخوا ئەحتیاجی نەبێ ئەم دەسە

١٧٢- کەسی بێ کەسان تەنهـــا خوایە
لەدوای خوا هەمووی هەرکاو بایە

١٧٣- کەس گو بە کلاّوی نـــــا پێوێ
زۆر جار قسەی ڕاست ئە تخاتە داوێ

١٧٤- کە سێك بە مێوژێك ئەگەر نەزانێ
بە کـــــەویێژ کیش هەرگیز نازانێ

١٧٥- کەسێك گەر لە گورگ بترســـــێ
ئەبێ سەگیشی هەبێ بۆ پاســـێ

١٧٦- کەشکیش هەر برای دۆیە چـاوەکەم
لەبەر چی زڕاندت تۆ نـــــاوەکەم

١٧٧- کەچەڵ ئەوەندە زەحمەت کلاّوی داکەوێ
کردە پیس بۆ خەونیەتی شـــەوێ

١٧٨- کەچەڵ حەسەن حەسەنە کــەچەڵ
پێشینان فەرموی: چەم یانی چەقەڵ

١٧٩- کەچەڵ بەبەختە ئەم کارە ئەیکەی
نا موراد مەبە لەوەی کە ئەیکەی

١٨٠- کەچەڵ سەر بۆ کوڵۆ ماست ئەشکێ
پیاو لەژن ترسا ژنیش لەمشکێ

١٨١- کە چەڵ شاییە یا نەک چەمەرە
لە هـــەر لایە بێ ترشی سەمەرە

١٨٢- کەچەڵ بەچ حاڵ وا تۆ بەقاڵی
شەرم ناتـــگرێ قنگ هەڵماڵی

١٨٣- کەچەڵ دەرمان کەرێ چاك بوایە
ئەبوا دەرمانی سەری کـــــردایە

١٨٤- کەلأفەی شین کەوتۆتە بەیەنیان
خوا ڕەحم بکا بە ئاخــــیرەتیان

١٨٥- کەلأفەی گورگ لەبەینیان کەوت
هیچ کەس پێ ناگاخۆلەکاری چەوت

١٨٦- کە پەزهەڵئەسێ سەگ ئەچێتەجێی
گەر خوا ناردی ناڵێ کوڕی کێی

١٨٧- کەڵەشێر بانگ ئەداوگوش ئەخوات
نەکراوە سەیری دیاری یان خەڵات

١٨٨- کەڵەشێر لەسەرلوێنکی خۆیدائازایە
بەڵام لەجێی تر دەنگی دەر نـــایە

١٨٩- کەڵەشێری ناوەخت بانـگ بخوێنێ
دیارە سەری خۆی تیا ئـــە پەڕێنێ

١٩٠- کەڵەشێر نەبێ ڕۆژ دەبـــــێتەوە
برینی قسە چاك نـــــــابێتەوە

١٩١- کەللەی بێ عەقڵ میوەی سەرما بردوە
خۆتی لێ دوور خە هەتاکـــو زووە

١٩٢- کەم ئەخۆم و کز کـــــز ئەنیشم
تۆچ کارت هەس کامـــەیە ئیشم

١٩٣- کەم بخۆ کاکە کـــز دانیشە خۆت
هەتاکو بەلا نەیگرتووە ئەستـــۆت

١٩٤- کەم بخۆ مەچۆرەلای هیچ حەکـیمێ
هەموو ڕازێکت لەلا بـــــزن و مێ

١٩٥- کەم بڵێ و زۆر ببیسە لەناو مەجلیسێ
قسەت مەخەرە سەر قسەی هیچ کەسێ

١٩٦- کەم خۆر و دایم خۆر بە بـــەردەوام
ئینتەلا مەکە وەك کابرای نەفـــام

١٩٧- کەم خواردنت لە بێ دە سەلاّتیە
سوالّ ئەکاو ئەلّێ گشت خەلاّتیە

١٩٨- کەم دەسی خۆشە قۆرتی ناخۆشە
کەسی دەردەدار دایم بێ هۆشە

١٩٩- کەم جقلّدانە لە بۆ گشت کارێ
دەم ئەکاتەوە ئەنەوێ لەدارێ

٢٠٠- کەما بۆ کەرە کاتێ کەر تۆپی
پێم نالّێی ئیتر تۆ کەمات بۆچی

٢٠١- کەکەمە بۆچی ئەچیت لەبۆ زۆر
خۆی لێ گۆڕاوین بەهەزاران جۆر

٢٠٢- کەمەرە و لولەی هارە هاری دێ
سکی لەبرسا قۆرە قۆری دێ

٢٠٣- کەمی من و کەرەمـــی جەنابت
سەیرچۆن ئەخورێ لێم بووەبەزابت

٢٠٤- کەمتیار کەمتیاری چاکە لەم ناوە
قولە پێی بسمە دەم ناکـــاتەوە

٢٠٥- کەنیلی لەگەلّ تۆم وەیل بەئاگابە
ئەوەی لەسەگ بێ دیارە سەگ بایە

٢٠٦- كەو ئەو كەوەیە بەرامبەر بە كەو
بخوێنێ و نەترسێ بە ڕۆژ و بە شەو

٢٠٧- كەو زمانی خــۆی بوو بە دوژمنی
خۆی چەندە چاكە هێند خراپ ژنی

٢٠٨- كەوای سپی و سابون بە قـــەرزە
دوژمنی فەلاح مێرولە و ئــــەرزە

٢٠٩- كەوتووەتە سەر ساجەكــەی عەلی
ئۆ بالی خەلك بوو وا كــەوتە ملی

٢١٠- كەوتـــــۆتە سەر سایە و سێبەرێ
هیچ كەس ناتوانێ دەستی بۆ بەرێ

٢١١- كتێب بۆ ئاخر ئەگـــــیرێتەوە
هەموو گرێ یەك هەر ئەكــرێتەوە

٢١٢- كەوڵە باوی نەماوە هەواری لێ گۆڕاوە
چەرخ بە مەیلی كەس هەر نەسوڕاوە

٢١٣- كتك بالی با چۆلەكەی ئەبڕی
خۆی پەنی پێداوخۆی دڕی سڕی

٢١٤- كتكی چلپاوە لە ناو قـــوڕاوە
لەدەم درێژی خۆیا كوتـــاوە

٢١٥- کتك مشك کە بوون بە خوشك
خاوەنی بە شەو ئەی کەویٚ پشك

٢١٦- کتك ختکـــــــی شێران ئەدا
ناترسیٚ بەسەری بێنیٚ کەبەلاٚ

٢١٧- کتك دەمی نەگەیشتـــــە دوگ
ئەی فەرمو سوێرە لای بەلاما دوگ

٢١٨- کتك لەسەر ڕمانە بۆ یە جوانە
ڕم دای لە دڵی و کۆڵ نادا گیانە

٢١٩- کتکان نین لەماڵ مشکان تلیلیانە
شوێنی شایەو شوێنیٚ قوڕپێوانە

٢٢٠- کچ بەبیٚ باوك نرخی ئەبیٚ کەم
باخ بەبیٚ پەرژین بەرەلاٚ هەردەم

٢٢١- کچ قەلاٚیە ناگیریٚ بۆ کــــەس
ئارەزووی نەبیٚ بۆی نابریٚ دەس

٢٢٢- کچیٚ کە دایك مەدحی بۆ بکات
بۆ خاڵۆ دەبیٚ و شوو بەوی دەکات

٢٢٣- کچەتیمەی گەلاٚلاٚن، بوەبوکی مالاٚن
وریابە ماڵت نەبات بە تــالاٚن

٢٢٤- كچ لەگەڵ تۆمە بوكێ گوێ بــــگرە
لە هەر پەنــــــدەیە دەرسێ وەرگرە

٢٢٥- كچی بێ دایك باخی بـــــێ پەرژین
ژنی مەكرباز پیاو ئەخا لـــــەدین

٢٢٦- كچی خۆت مەكە قوربان كوڕی خەڵك
لە هەموو پەندێ وەری گـــرە كەڵك

٢٢٧- كراسێ بە پیسی هەزار بە پـــاكی
خۆت مەڵێ چاكم باخەڵك بڵێ چاكی

٢٢٨- كراسێ سوور تر گـــەڕەكێ دوور تر
خەسووە بۆ بوك ئەبێ بەئـــاگر

٢٢٩- كراسی قورئان گەر لە بەر بكـــەی
پێت ناكەم باوەر باسی چی دەكەی

٢٣٠- كراســــــی كەتان شۆڕە یی دێ
سكی لەبرسا ئەوا قـــــۆڕەی دێ

٢٣١- كڕەی مری سور ئەكـــــــا ئەزانم
لەوكارەی كردت من پەشیـــمانم

٢٣٢- كردە پەشیمان بەنەك نەكردە پەشیمان
كەرێك پەیزەن بوو مەییە بۆ ئاشان

٢٣٣- کردەی ئەوە و بردەی شەیتان
خوا رەحم بکات بە ئاخیرەتتان

٢٣٤- کردەی ئێمەیەو بردەی خەڵکە بۆ
برینی هیچ کەس مەهێنەرە سۆ

٢٣٥- کردەی گا بووە و خـــوردەی کەر
بۆ گشتی بووە بە دەردی دەسەر

٢٣٦- کردەی من و بردەی شەیتـــانە
دزم گرتووەو هەمانەی لە پشتانە

٢٣٧- کردمانە جۆلاّ مەکۆی لێ دزین
بەرەلاّ ئەبێ باخی بێ پەرژین

٢٣٨- کردن و بــــردن مردن پێکەوە
بێ ئومێد مەبە هەوڵدە سەرکەوە

٢٣٩- کردن تـامردن بۆ هەموو کەسێ
هەتا لەژینە نابێ بووەســـێ

٢٤٠- کردیە بنێشتە خۆشەی ژێردانی
کۆڵی لێ نەدا هەتا گریـــانی

٢٤١ - کردیە گێسکەکەی هەیاسی خاس
تـادرۆوە ستابێ نـاچێ بۆلای راس

٢٤٢- کـــــــردی بە کەری نیوە زەڕ
هێندەی و تەوە گوێم بـــووە کەڕ

٢٤٣- کردی بە نەخشی دیوار ئەمەن جوان
پیاو خاوەن قسە بوو پیاوی ناودیوان

٢٤٤- کرێی شت بردن هێنـــــــا نەوەیە
مەرد ئەو کەسەیە کە دوور لە وەیە

٢٤٥- کفنی لەکوێیە هەتا گۆڕی بێ
بۆ دایم حەزی لە سەر شۆڕی بێ

٢٤٦- کل لەچاو ئەبا ئەمەنـــــدە دزە
بە دڵ وریایە بە سەریش کـــــزە

٢٤٧- کلاش دەمم بۆ بکەرە ناو کـــون
کلاش دەمی تر دەر ئەکات لـە بن

٢٤٨- کلاو سوری بەر لەشکرە بــــــۆم
چاوەڕێی چی بکەم کە من ڕەنجە ڕۆم

٢٤٩- کلاش هەڵـــــئەخات وشك بێتەوە
لەژێر پێی کەرا ئەی بیـــــنێتەوە

٢٥٠- کلاوی ئەگەر بکەوێتە مزگــــــەوت
دەری دەهێنێ تاحەقی دەرکەوت

٢٥١- کڵاوی لار دانا و بەدنیـا کەنی
نازانیٚ دنیاش هەر بە ئەو کەنی

٢٥٢- کڵاوی لەحەق دڕاوە دیـــارە
بۆیە ئـــە مەندە دڵی بیمارە

٢٥٣- کڵاوێکی بۆ دانێن هەتا ئێوارە
لەگەڵی ئەدوێت کۆڵ نادات دیارە

٢٥٤- کلکی لە ڕێوی کەمترە فێڵ بازە
بۆ هەموو کارێك بکە دەروازە

٢٥٥- کلکی کەر بەدەستە سڕ ئە گریٚ
کەچی منداڵی لەبرسا ئەمریٚ

٢٥٦- کنگر و ماستیش بەوەختی خۆی
ئێستاکە زانیم کەفیتنە هەر تۆی

٢٥٧- کوتەك ئەزانیٚ قۆناغ لەکوێیە
چونکە هەر ڕێیە ئەچیٚ بۆ جێیە

٢٥٨- کوتەك لەجەهە نمەوە هاتووەکاکە
بۆیە عیبادەت کارێکـــی چاکـە

٢٥٩- کوتەکی ئاشی دێم ئەگێـــڕیٚ
تاوە وەرئەگریٚ حەق قاچی لەشەڕیٚ

٢٦٠- کوڕ ئەبێ کوڕ بێ لەئاشا نۆرە بڕبێ
کەسەر چۆپیت گرت ئاگات لەدەسڕ بێ

٢٦١- کوڕ بوم سەر گۆی ئە ئەنــــگاوت
پیا و ئەمرێ کاتی کەبو تەقاوت

٢٦٢- کوڕ تالان گێرە کچ تالان بـــەرە
وریا یان نەبی ئەبی بەمە خســەرە

٢٦٣- کوڕ نەبووە کڵاوی لە بۆ ئــەدوورن
زۆرن کوڕانێ کـــــەری خەزوورن

٢٦٤- کوڕم هەبـــــێ تاریکە شەو زۆر
کوڕیش نەبوو لە ڕۆشنایدا کـــۆر

٢٦٥- کوڕ خاڵۆ وەڵەد ئەبێ زۆر جـــاران
لەکاتی حەقا پشتخە ژێر بـــاران

٢٦٦- کورتان بۆ کەرە کەر تۆ پێ کورتان
چ سودی هەیە هەبێ لە مەیـدان

٢٦٧- کورد کەوتە گۆڕان ماڵی بوو وێران
ئاشنا نابێ کورد لــــەگەڵ گۆڕان

٢٦٨- کورد هەر کوردە چووە هـــەر لایە
زۆر جار پارەدان دەفعـــە ل بە لایە

٢٦٩- کوردوگۆران شەڕیانەلەسەرماڵی موسوڵمان
موسڵمانیش بێ ئاگا بووە لە شەڕی ئەوان
٢٧٠- کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکـــــا
هەتا بتوانێ خۆی دەرباز بکـــــا
٢٧١- کورد مەیدەرە پیازێ ئەنـــــــازێ
دوای جووت بەجووت لێتی ئەخـــوازێ
٢٧٢- کوڕی ئازا ماڵت بۆچی کوڕکونی ماڵت بۆچی
زەمان هەمووماني کردە بە قـــــەرەچی
٢٧٣- کوڕی باوکی خۆیەتی ناگۆڕێ هــەرگیز
قەت گوێ ناگرێ لەوتەی گیـــزە گیز
٢٧٤- کوڕی خۆی سونەت ئەکـــا و ئەنیشێ
کەچی منەتی بەسەر منا ئـــەکێشێ
٢٧٥- کوڕی ڕەند بۆ شەوە زەنگــــــــە
لێڵ نابێ هەرگیز وەك ئاوی مەنـــگە
٢٧٦- کوڕی سەگ بە گورگ بخنکـــێنە
دۆینەی نە ئەخوارد هاوردیان ترخێنە
٢٧٧- کوڕی سەگە و گورگ ئەخنکێـــــنێ
گەماڵی هەو شار سەر دە ئێشێنـــێ

٢٧٨- کوڕی گوێ ئاگردان کون نیە لەجەرگی
دە دە سەر ئەبڕێ لە پێشی مەرگی

٢٧٩- کوڕی میرحەسەنی لە پشتی دا، داویەکەنی
نانی بێ خوێی خوارد، تڕی سوێرکەنی

٢٨٠- کوچك ئەکوڵێنێ ئـــــەمەن توڕەیە
خۆی بێ حەسیرە و دژی بـــــەڕەیە

٢٨١- کوچك لـــــــەئاگر گەرم تر بووە
لە خوێڕی جیابە هەتـــــاکو زووە

٢٨٢- کوچك تا نەجوڵێ گەلێ سەنگـــینە
کە جولا دیارە زۆر بێ نگیـــــنە

٢٨٣- کڵۆ فڕێدەر پاداشتـــــــــی بەردە
ئیفلاس ناترسێ لە بونی جـــــەردە

٢٨٤- کوڵە چوار شەمەی مانگـــی سەفەرە
پڕ ئاشوبەیە و گەلێ خەتـــــەرە

٢٨٥- کوڵە تڕیوە نانی خۆی بـــــڕی
ئاقڵ بوو بەماڵ گیانی خۆی کـــڕی

٢٨٦- کون بە سەهۆڵ ناگیرێ گـــــیانە
ژیان ناخۆشە لەگەڵ نەزانـــــــا

٢٨٧- کونێ بە سەهۆڵ ئەگـــــەر بگیرێ
ئەکـــــرێتەوە و هەر قورِ ئەیگرێ

٢٨٧- کون لە جەرگیا نیە ئـــــەو لاوە
چ باکی هەیە لەو بەند و بـــاوە

٢٨٨- کونە مشکی لێ بووە بە قەیسـەری
نەکــەی دەم خەیتە دەمی سەر سەری

٢٨٩- کونە قنگ قیرەینە ناو چاوانی شیرینە
بۆ هەموو دەردێ دەوای بریـــــنە

٢٩٠- کوزەڵە بەتاك ئەکا لەو چەمــــە
خەمی هەموو کەس بۆ ئەو هەر خەمە

٢٩١- کوێر تا ئەمرێ بەتـــــەمای چاوە
بەند و بالۆرەی لـــە شوێنی ناوە

٢٩٢- کوێر کوێری ناباتـــــــــە رێوە
ماڵەکەی خواردم هەمـــوو بە پێوە

٢٩٣- کوێرە چیت ئەوێ دوو چـــاوی ساغ
بەمن چی داریش زۆر لە قـــەرەداغ

٢٩٤- کوێرە باوانە شەلە بـــــاوانە
پیاوی حەسودە حەزی لە پـــاوانە

٢٩٥- كۆترەی پەناكەتوان هەڵگر بۆ شەتوان
لەخراپە كاری چاك ناكرێ چاوەڕوان

٢٩٦- كۆتر لەدەما ئەفڕێ دڵـــــــنیابە
بەرامبەر خەڵكی بوغز و قـــین لابە

٢٩٧- كۆزا و بە بابی عومری نا لـــــەدەر
داوای شتێ كە هەبێ قوڕبەســەر

٢٩٨- كۆزی كاربببینە كەوچك داگرە لەماس
لە بێ كاریا كردمی ووڕ كـــــاس

٢٩٩- كۆسە بەند ێكی دی و بەند ێكی گرت
هیچ پەیدا نابێ نەك بەجرت و بەفرت

٣٠٠- كۆستی كەوتووە و پێی پێ ئەكـەنن
نەبووی درۆزن پیس و بۆ گــــەنن

٣٠١- كۆ كۆ لە هۆ هۆ ئەبێ دیــــــارە
تەمێ ی بەتاڵ بۆ كەسێ بێ عـــارە

٣٠٢- كۆنە ئەفرۆشێ بە نرخی تــــــازە
بەبۆنەی سیرۆ ڕقی لە پیــــــازە

٣٠٣- كۆنە چەكمە ڕەقە بە شـــــــەقە
لە بێ كاریدا قاچ بووە تلـــــۆقە

٣٠٤- کۆنە یار مایِنی بەزینە گشت کات
ئاواتی ئەخواست کە بگاتە لات

٣٠٥- کێ لە کێیە شێخە و لـــە دێ یە
ڕاو نازانێ و حەزی لـــە کێو یە

٣٠٦- کیژی ماڵی خەڵکەو کوڕ کوڕی زێڕین
بە قسەی ناشرین کـــولاوە برین

٣٠٧- کیژ بە دایك و مە نجەڵ بەسەر پۆش
برا بۆ برا دڵی هاتـــــە جۆش

٣٠٨- کێ گۆڕ بۆ گۆڕ هەڵکەن ئەکەنێ
لە هەموو دەردێ وەری گرت فەنێ

٣٠٩- کێ گوو بەکـــلاّوی ئە پێوێ لێرە
تەنیا من نەبێ عالەم پێی فێرە

٣١٠- کێ کردی وکێ بردی و چووە سێبەری
خێر نەبیستراوە قەت لەسەر سەری

٣١١- کێر بەڕووا ئەچێ وادەرکە و تووە
لە هەموو ئاشێك مزەی گرتووە

٣١٢- کێر لە قەحبە قـــەت نا خوازرێ
چون قەدری زانی دەستی ئەگرێ

٣١٣- کێرێ لە دەرپێی خۆت نەبوو گیانە
خودا بی برێ و قەدری مــــەزانە

٣١٤- کوزەکە مەترسە و کێرە کە مەلەرزە
لەچەلە حەنەی چەنــــەباز بلە رزە

٣١٥- کێری ئەمڕۆ بەقنگی سبــــەینێ
تۆ حەقت چییە لە کەین و بەینێ

٣١٦- کیسەڵ بگرە کۆڵ میزت پیا ئەکات
نەبیستراوە گورگ ڕەحم بەمەڕ کات

٣١٧- کیسەڵ ئەڵێ من بەجامی سەپان
ئاو ناخۆمەوە بە سوك و ئاســـان

٣١٨- کیسەڵ ئەڵێ پشتم وەك بــــەردە
بەڵام لە ناخما هەر ئاخ و دەردە

٣١٩- کیسەی بۆ هەڵ دوریەوە کـــــاکەم
ئیتر نازانێ چۆنی پەیای ئەکەم

٣٢٠- کێشکە خۆی چی یەو چەلاوی چییە
چڵکاو خۆر مەیلی لەجەلادیـــــــیە

٣٢١- کێشەی سەر سوتان ئەکولێتـــەوە
هەموو ئازارێك بیر ئەچێتــــــــەوە

٣٢٢- کێچی بە نرخی گایەك ئە فرۆشێ
لە هەمـــوو بەشێ ئەیەوێ بەشێ

٣٢٣- کێچ کەوتە کەوڵی زانی ناکرێ بۆی
ئاخت مەکێشە بۆ ئەوەی کــە ڕۆی

٣٢٤- کێچی هەڵهێناوە کەوتووە لەم ناوە
بەراز بە هەوشار گونی تـــەقاوە

٣٢٥- کیمیای ناگاتێ سنعەتــەکەی ئەو
لەخۆشی کاری چاوی نەچووە خەو

٣٢٦- کێو بە کێو ناگات ئادەم بــە ئادەم
ئەگەنە یەکتر چەند دوربن هەردەم

٣٢٧- کێوێ ئەڕوخێ کەنەلانێ پرئەکاتەوە
زۆرن دڵ دوژمنتە لە پەناتــــەوە

## ﴿گ﴾ ١٦٢پەند

١- گا بە تەنیا گێرەی پێ ناکـــرێ
ئەوەی دات بەکرێ بێدایەبەترێ

٢- گا بەجل و جۆڕشت بەسە و پۆڕ
کەماسی گری پێویستت بە تۆڕ

٣- گا بە دەنگی نا ڕوات داماو بوو
هەزاران خۆزگەم بە زەمانی زوو

٤ - گا بەگونا ئەناسێ ئەمەندە گێلە
بەردی قوت جێگەی دانانی کێلە

٥- گا بە گا مردە و ژن بەژن مردە
پیاوبە پیاوگیراوجەردە بە جەردە

٦- گا بە کونتاری ئەمەند بێزاری
کەیاری چی نی بۆ ئەیکەی یاری

٧- گاناگرێ ڕەنگی گاخوی ئەئەگرێ
لەسەر خەزێنە و لە برسا ئەمرێ

٨- گا زمانی نیە بەندە ئیمانی نیە
خۆشم تێناگەم مەخسەدی چیە

٩- گا گورد دراوە کلکە کەی ماوە
پێی بـــــە ئازاری زۆرا چزاوە

١٠- گا گوی کرد دنیای پیس کرد
هەرچی هەوڵم دا خۆ چارم نەکرد
١١- گا گێرە بکات میزی تێ ئەکات
خۆشی نازانێ چیم لەگەڵ ئەکات
١٢- گاکاویژی کردحیزی جوتیاریەتی
خۆشی نازانێ چەندە باریـــەتی
١٣- گا کردی کەر خواردی تاوانم چیە
هەرچی هەوڵ ئەدەم قیمەتی نیە
١٤- گا لەگەل جیٚما شاخی خۆی شکان
زۆرن تاوانیان بەس دڵ شــکان
١٥- گا هەر ئەو گاو دۆڵ هەر ئەو دۆڵە
گێچەڵ و پیلان هەر پیشەی زۆڵە
١٦- گا کە هیلاك بوو کێرد هـــەرزانە
بۆ سەر بڕینی زۆر پەلـــەیانە
١٧- گا لەو گایە و گۆشت لـەو گۆشتە
چ فەرقی هەیە وردە و درشتـــە
١٨- گای وێڵ کردو گوێرەکەی بەخێو کرد
خۆی حەیایی نەبو باسی حەیایی کرد

١٩- گا مردار نەبووە بۆ یەکێرد هەرزان
کـــە مردار بووە وە ئەزانی دەوران

٢٠- گازیشی هەیە و نازیشـــــی هەیە
نانی هێناوە چون پیـــازی هەیە

٢١- گا سور تۆ بنوو منیش ئـــەنووم
بزانم قەرزار کاممان ئەکا گووم

٢٢- گا گا بە خەروار گا گا بەمسقاڵ
دەوای نەخۆشە خواردنی بنێشتەکاڵ

٢٣- گاگەل بە گردەوە ڕۆی وا ڕەوی کرد
پیرە ژن گۆلکە سوری رزگـــار کرد

٢٤- گاڵ نەبوو لە خۆی ڕا نــــانی
بە ڕوش خۆی کرد ئامێتـــــا نی

٢٥- گا لە گلاو رۆژنە سەر ئەکـــات
لەئاستی حەقە چاوان دا ئەخات

٢٦- گاڵت وەگوێزە پر لـــــە ئامێزە
رێزی خەڵك گرتن هەرجێگەی رێزە

٢٧- گاڵیش زادی خوایە گیانەکـــــەم
تیماری دەردان بە دەرمان ئەکـــەم

٢٨- گام نیە لەناو هیچ گا گەلان
پێم لە سەرمای بەفرانا سوتـان
٢٩- گا بە بـارەوە دۆینەم بە دارەوە
لەکەلی شەیتان وەرە خــــوارەوە
٣٠- گان بە قەرز ناکـــرێت ئازیزم
لە بەد کرداریت من تەواو زیزم
٣١- گاندانیش بەختەبۆ هەندێ کەس
زۆرن چاوەرێی چڵکاوی بە ردەس
٣٢- گانی دەوڵەمەند جلێ لە بـانی
گانی بێ ووڵەت عـالەم پێی زانی
٣٣- گاور بە تەمای سەفرەرالی بێت
کەرپشتە رێشەو جەوڵ خاڵی بێت
٣٤- گای بێ گاوانە ئەچێتە گشت لایە
ئاخری بەسەری دێ دەرد یانبەلآیە
٣٥- گای بەخورەلەسەرێتی شەق نـاجوڵێ
مەرە خەست کرد هەر رۆژ لە خێڵێ
٣٦- گای بێگاری جلی ماڵە گەورەی لێکرا
چوو ن ماڵی خۆی نەو جل وگاش برا

٣٧- گای تەنها لەوەڕ کەوتە ئەم ناوە
هەموو گیانیشی هەر بەند و باوە

٣٨- گای خۆم دیوە بە دۆڵـــــــــۆ
نیم بە تەنگ هەمانە بە کۆڵـــۆ

٣٩- گای نیە لە گاگەل پێی بەفر بردی
بە تالآن بردیان ئەوەی کە کردی

٤٠- گای ناو گوێرەکە یە دیـــــارە
بۆ هەموو کارێ پشتی خـــوارە

٤١- گای یەك ئاخورە بۆیە ئە خوڕێ
کوڵە کە تڕی نان خۆی ئە بڕێ

٤٢- گایەك بەرەو گوێزێ بخۆ بەیانیان
گایەك بدە و گوێز نەخۆی بەشەوان

٤٣- گا یەك کە کەوتە ناو گا گەلەوە
ڕەنگیان ناگرێ وخویان ئەباتەوە

٤٤- گا یەکـــی ڕیخن سەد گای پاك
لێی ڕیخن ئەبێ بزانە زۆر چاك

٤٥- گەر لە بێشەدا مام شێر تیا نەما
گورگ ومام ڕێوی تیا ئەکەن سەما

٤٦- گەرما ئاوی سارد ئە خاتە برە و
تەمەڵە گشت کات ئارەزوی لەخەو
٤٧- گەڕی بارە ترێم پـــێ ئەکات
خۆی چاك ئەزانێ ئەوکارە ناکات
٤٨- گەز ئەرز ئەناسێ و دزیش پەیژە
من و تۆ لەیەك نا گەین لە مێژە
٤٩- گەز گەز بالاّم کرد من بەکردارت
چون هەتا ئێستا کەس نەبووە یارت
٥٠- گەزی چی وجاوی چی باسی چی ئەکەی
لە دەستی نەزان خۆت دەرباز ئەکەی
٥١- گەزیزە پیر بووە لە ناو نـــزاران
هەر ئێمە ماوین لە کۆنە هەواران
٥٢- گەلاوێژ کەوتە شەو بزانە بۆ خوت
دەستت راکێشە بۆ باخـــی مێوت
٥٤- گەڵان نەدییێ گەلە رێمان دیووە
سەیر یکە وەکو شێری بـــە زیوە
٥٤- گە نجی بە مار بێ بەزەهری مار بێ
سەگ بتۆ پێ و نە وەکو هـــاربێ

٥٥- گە نجان گە نجانەمانگاکەڵە گا پە نجانە
نابڕێ بۆ سوڵح خەڵکـــــــی مە یخانە

٥٦- گەنـــــــــم گرد و جۆ بلاّو کاکە
ئەویش وەك من ماندوو هــــیلاکە

٥٧- گەنم وجۆ هەڕێ ژنە تسنەلەقنگی کەرێ
تۆش دوورکەوە لاچۆ لا ماو وهـــەرێ

٥٨- گەوج ئەچێتە بازار بازار ئەگـــەنێ
پەنێکی داوە پەن لـــە سەر پەنێ

٥٩- گەورە ئاوی ڕشت بچوك پێی تێخست
هەرچی هەوڵی دا هیچی سەر نەخـــت

٦٠- گەورە دەڵێت لە خان لە خـــــانان
یەکێ دیکە دەڵێت لەبان لەبـــانان

٦١- گەورە قەدری خۆی بە خۆ یـــە وەیە
نا مەردە گشت کات حـــــەزی لەوەیە

٦٢- گەورە کچ بە ماچێ حیز نابێ گیانە
زۆرە لە پاش هەڵەی خۆی پە شیمانە

٦٣- گەوهەر لە ناو قـــوڕدا وون نابێت
پیاو ئەبێ لەگەڵ بەردەسا چاکبێت

٦٤- گەوهەری خۆت قەت مەدۆڕێنە
لە شتێ ناگەی وازی لێ بێنە

٦٥- گەیگە چا نیە و دیزە فرۆشتن
چ باکی هەیە لە برا لەکوشتن

٦٦- گرەوی لە شەیتان ئەبا تەوانێ
کەس نەبوو جارێ پێم بڵێ هانێ

٦٧- گرد و کەژێ لە یەك هـــەژێ
ژنێ شەپلاخ بێ دۆکەی ئەڕژێ

٦٨- گردەی تۆ و بردەی بانـــــێ
شەرەف کە دۆڕا لە کوێ پەیا بێ

٦٩- گرێکەی بەختی وا کـــــرایەوە
سەیری پۆلە خەڵك وابە دوایەوە

٧٠- گرێی دەستت مەخـــەرە ددان
لە پاشی چووە مەیکە ئاخ کێشان

٧١- گزگل بکەین بە گوێزە بـــانە
دۆش دا مەمێنە لـە کارت گیانە

٧٢- گز وفتی بۆ ئەدا بە زۆرە ملـــێ
فەرقی ماچ چیەلەگەڵ دەس لەملێ

٧٣- گشت شتێ فەرزە شایی و شیوەن قەرزە
هەڵەی ناحاڵی بۆ عاقــڵ دەرزە

٧٤- گشت گیانی بە دەرزی بکەن ئــاژن
بەس پێی بڵێن کوێخــــــا ژن

٧٥- گشت گیانــــــــی مۆلچە ئەکات
بەڵام لە قسەی خۆی کــۆڵ نادات

٧٦- گڤەی داوێنی دێت لـــــــەڕێدا
خاوەنی ماڵە لە جێگــــــەی خۆیدا

٧٧- گلۆڵەیك موو با بدە کـــــــاکە
خۆت لەبی حەیا لا بدەی چـــاکە

٧٨- گڵ مەیل برە و بــــــەرۆك دادرە
ئیشی خۆی هەیە کچە یا ن کورە

٧٩- گڵی دوور دەرمانە دەست ناکـــەوێت
خەفەت بار خەمی زیاترە شەودێت

٨٠- گڵی ژن و مێرد لە گلێجــــــانێ
هەڵی ئەکەنێ هەتا بتـــــوانێ

٨١- گندۆرە بەرەنگ نیە بۆ تـــــامە
سەیرە ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە

٨٢- گوێ عەزیز بوو گوارە عــــــەزیزە
زۆرە لەم دنیا کـــاری تــــەمیزە

٨٣- گورچوی پڕە و دڵی لەسەر پشـــت
چ باکی هەیە لە سەر خەمی گشـــت

٨٤- گورگ ئەڵێ ئەمشەو هەورە دەمم چەورە
دەست پاك بە مادام ئاخرت قەورە

٨٥- گورگ گوتی قوربانتان بم رانە مەڕ
دەخۆم دوگی تەڕ تا بێن لە لە وەڕ

٨٦- گورگ گورگێنی خۆی هەر ئەکـات
رۆژی تەنگانە قنگ لە یەك ئەخات

٨٧- گورگ نایە هەزارە وەی لەوە یەکێ دارە
بێ بەش هەزارە بردی ئەوەی یەکـدارە

٨٨- گورگ و شوانی ئاگر و هــــەڵاش
دوژمــــــــنی یەکن بۆ مەڕ بەلاش

٨٩- گورگە و لە پێستی مەڕا حـــــەشارە
ووتراوە شەرعی مار هەر بـــەدارە

٩٠- گورگی باران دیدەیە لە بـــــرسا
زۆرە لە ئاوا خنکا و نە تـــــرسا

٩١- گورگی ڕاو دیدە بەر ڕەت ناکەوێ
چون شارەزایە لە چەپ ئەخەوێ

٩٢- گورگیان کرد بە وەکیلـــــی مەڕ
لەسکالاّی مەڕهەردووگوێچکەی کەڕ

٩٣- گوڕەی بەر ئاگر تاوی یەکـــانە
لام وەکو یەکە ڕۆژی تە نگـــانە

٩٤- گوریس کە پچڕا ئەبێ بەچوار سەر
مەکری مەکر باز مەکرە خاتە دەر

٩٥- گوریس لە کوێیا پسالوێداگرێی دە
لەدەرگای هیچ کەس بەناحەق مەدە

٩٦- گوریسی راخستووە کایی تێ خستوە
هەر هاواریەتی هیچی نەکرددووە

٩٧- گوریس بەیەك لۆ نە ئەهاتەوە
نۆرەی دوو لۆیە چۆن ئە گاتەوە

٩٨- گورزێ لە هاوسێی خرا پم کەوێ
وائەزانم لەڕەشکە کایە ئەکەوێ

٩٩- گول لەگولی مەروانەلەگوڕی بڕوانە
دەعوەتی مەرگ کەلە ڕووی یەکانە

١٠٠- گلۆڵەم کەوتەلێژی کەس چاکیم نایەژێ
لە مەکربازنەجات بووم بەهاورێی گێژێ

١٠١- گوڵ بەبێ قنچك نابێ و نـــــاڕوێ
نانێ نا خورێ پڕ لە کـــــەڕوو بێ

١٠٢- گوڵ بە باوەشێن نا گـــــەشێتەوە
داریش کە پیر بوو نـــــاچە مێتەوە

١٠٣- گوڵی ژاڵە بەڵێ ئاڵە بەڵام تـاڵە
هەڵەوەڕ لێی قەوما ئەیکاتە گـاڵە

١٠٤- گوللە باروتی هەمـــــزە ئاغایە
بەکەندە لانیەوە ئەنێ بـــــە لایە

١٠٥- گونی خۆی و گێزەر لێك ناکـاتەوە
لـــــــە داماویدا جێی نابێتەوە

١٠٦- گونی گوێژە ئەکێڵێ بە قـــینە
هەنگ ڕاناگرێ و حەزی لە هەنگوینە

١٠٧- گونی گوندار دەردێنێ بـــــەلایە
کێ حەدی هەیە بچێت بـــە لایا

١٠٨- گوتێن و منێن گونـــی بار گیری
خویەکی باشی گـــرتووە بە پیری

١٠٩- گوو ناكات هەتا برسی نەبێت
ئیتر چاوەڕێی چی لێ دەكرێت

١١٠- گو لەسەر لوێنك ئەكات تا بڵێن
قنگی داوەشێ خۆ نەبڕاوە شوێن

١١١- گوی گەرمی لە ژێر قنگیا دیوە
بۆیە لە هەڵەی خۆیدا چە قیوە

١١٢- گوی كردە قەدری برنجـی میری
هەتا جارێ تر نەبینێ قەدری

١١٣- گوی وشك بەقنگی كەسۆ نانوسێ
دەم درێژ مەكە بۆ هەمـوو دەسێ

١١٤- گوێرەكە بە رۆژگار هەر ئەبێ بەگا
زەمان چەمانی گەلێك بێ ئـــاگا

١١٥- گوێرەكەی خۆماڵی بەگا نابێ قەت
چۆن قەدری نیە لەلات حەقیقـەت

١١٦- گوێرەكەی فەقیردەوڵەمەندی بەستەوە
تا نەكەوتە داو خۆی نـــەناسیەوە

١١٧- گوێرەكەی زیان كارئابڕوی گاگەل ئەبات
پیاو هەر ئەبێ خۆی لە كەران لابات

١١٨- گوێرەکەی مەردووم گوێرەو سار ئەبڕێ
حەیایی نەگرتووە هەرچی پێ ئەکرێ

١١٩- گوێری یاری بە منـــاڵی خاس بوو
نەکەی گوێز بخۆی بەکاڵی زوو زوو

١٢٠- گوێزبەترئەشکێنێ ئەمەن بەهەوایە
زۆر جار بەڵا هات هەر لایـــە لایە

١٢١- گوێز بە گومەزەدا هەڵـــــئەخات
بەڵام ناتوانێ کارێ چاك بکـات

١٢٢- گوێز لەباری خۆی ئـــــــەژمێرێت
چاو ساغ ناتوانێ جانۆرەی کوێربێت

١٢٣- گوێز لەسەر سکـی بشکێنە تێرە
عالەم بەو شێرە ئەو بـە من فێرە

١٢٤- گوێز بێ و لە سەرم بکـــــرێتەوە
دەرگای نەگبەتیم لێ ئەکـــاتەوە

١٢٥- گوێزی کوێرە و سمۆرەی پـێ فێرە
دایم حەزی لە کاری ژێر بە ژێرە

١٢٦- گوێی لێ خەواندووە ئەوحەقەی لایە
کەسابەت خۆشەنەتبێ دەست مایە

١٢٧- گۆڕ هەڵیەتەکێنێ ئەم رۆژە وایە
خاوەنی هیچ بوو ئێستا بەڵایە

١٢٨- گۆڕی هێناوە ناو گۆڕ خـــانە
خۆی فرە جوان بوو چووە مە یخانە

١٢٩- گۆزە هەمووکات بەساخی ناگەرێتەوە
جارێ هەر ئەبێت قوڵپ بێـتەوە

١٣٠- گۆزەش دیارە برای دێــــزەیە
بـــۆ خۆی و خاوەنی کەری دێزەیە

١٣١- گۆزەی تازە دوو رۆژ ئاوی خۆش
نەکەی کەسی چاك بکەی فەرامۆش

١٣٢- گۆزەی نوێ ئاوەکـــــەی ساردە
هەندێ لە چاویا ئەولیایە جەردە

١٣٣- گۆشت بدە بەقەساب با لێی نەدزێ
حیزی حیزان گاو فێرە بە حیزێ

١٣٤- گۆشت کەگەنا خوێی پیێوە ئەکەن
ئەگەرخوێ گەنی ئەی چی پیێوە کەن

١٣٥- گۆشت هەرچەندە لەڕ لەبانی نانە
سەگ خەو ئەبینێ لە قەسا بخانە

١٣٦- گۆشت هەر لایەقی دەنوکی بازە
هەرگیز بە زۆری خۆشتا مە نازە

١٣٧- گۆشتی ئەخوات گۆشتاوی ناخوا
زۆرن ئەوانەی کە یاخین لە خوا

١٣٨- گۆشتی ئەخــورێ وازی لێ بێنە
دڵی هیچ کە سێ لەخۆت مەشکێنە

١٣٩- گۆشتی بۆ تۆ و ئێسقانی بۆ مـن
نەبیستراوە پەنـــــات بێ دوژمن

١٤٠- گۆشتی گونی خۆت بخۆ وا چاکە
لەمنەتی قەساب باشترە کاکە

١٤١- گۆشت قیمەت ناکـا بۆیە داماوە
ئەزانی کەوا سیقەی نەمــــاوە

١٤٢- گۆشتی لاڕانی خۆم وا ئـــەخۆم
منەتی قەساب ناخەمە ئـەستۆم

١٤٣- گۆشتی مەڕی گێژ گانی ژنی درێژ
خۆشە ڕاکردن لـە سەر بەرە و لێژ

١٤٤- گۆشتەکەی ناخوا ئەڵێ حــەرامە
گۆشتاوی ئەخوات چونکە بەتامە

١٤٥- گۆشتی یەك بخۆن ئێسك ناشکێنن
ئیتر لەبەر چی واواز نـــــاهێنن

١٤٦- گوڵێکی بێگانە پەت ئـــەپسێنێ
ناحەز هەوڵیەتی نەفست بشـــکێنێ

١٤٧- گۆم هەتا قوڵ بێت مەلەکەی خۆشە
بەرد مەگرە مالاَن ماڵت لـــەشوشە

١٤٨- گیـــا ئەوەیە بەدەمی مەڕ خۆش بێ
نەك هەڵە ترگی بەرز و ڕوو گەش بێ

١٤٩- گیـــــــا بەجێی سەختەوە ئەمێنێ
شەڕی کردەوە بەکۆ نە قیـــــــنێ

١٥٠- گیا ڕەشە بە دەمی مێ خــــــۆشە
هەندێ وەك دەهۆڵ ناوەکـــەی بۆشە

١٥١- گیا لەسەر بنجی خۆی ئـــەڕوێتەوە
شەو دەجۆریش بێ دەبـــــــڕێتەوە

١٥٢- گیان بەترین دەرناچێ گیـــــانە
مشە خۆر دایم لـــــــــەکەندەلانە

١٥٣- گیایی بەگوێ جووی وە گـــــــێلە
سوێسکەیە و ترسی لە پیاوی خێلە

١٥٤- گیانت له گیانم شیرین تر نیه
ئیتر نازانم مەبەستـــت چیه

١٥٥- گیانی خۆم لەدەشت نەدۆزیوەتەوە
بۆچی و لەبەرچی بۆم ئەهۆنیتەوە

١٥٦- گیانی خۆی له قەرەچ سەندەوە
کوڕێ ئاقلێ بوو گرەوی بردەوە

١٥٧- گیایی تۆ نیه بۆچی خەمیه خۆی
نەکەی لەشوێنی شکستان بڕۆی

١٥٨- گیرۆدەی دەستی هەوەڵ مامەڵە بێت
ئەو کەسەماڵی خۆی لەدەست نەبێت

١٥٩- گیرفانی بۆ هەڵ دروە و حـــــازرە
هیچی نەزانی و وەکـــــو ئاگرە

١٦٠- گیرفانی قوڵە و پڕ نابێ بەئاسان
بۆشی دەرنایە کە کەوتە گـیرفان

١٦١- گیسکە قوت چەندیان لێدابەمێکوت
ئەوقسەیەی ئەی ووت هەرئەی ووت

١٦٢- گیسکی بەهارلەدایکی خۆی هەڵدێت
ئەبێ چاوەڕێی چـــــی لێ بکرێت

**١٦٢- گیسکـــــــە گوڵی ناو ڕان دەرچوو**

**هەرچی خوارد هیچی بە هیچ نەبوو**

## پیتی ﴿ل﴾ ٢٥٨ پەند

١- لات پاڵـــەوانی خوایە لە هەر لا
پاڵەوانێتـــی خـــۆشی دەر ئەخا

٢- لاتان ئەفرۆشێ گوێی نیە لەعەیب
خوا وەهایی کرد چ مەخسەدی عەیب

٣- لادێی ڕۆن بەرێ یان ئاو بـــەرێ
ئەو قازا نجێتی بۆ هەر لای بەرێ

٤- لاف لە غەریبی و گیز لە بیابان
وەکو یەك خۆشە بۆ کەسی نەزان

٥- لافاو لەتکە تك ئاو پەیدا ئەبێت
کەسی لار لە قسەی حەق هار ئەبێت

٦- لە ئاوی شەو وسڵ ئەکـــــات بۆم
حسابی بۆ نەکرا وەك ترِی بن گۆم

٧- لام خۆشە لەدۆزەخابم وسەربەست بم
نەك لەبەهەشت و دایم دەست بەستبم

٨- لاو لاوی بێ داڵدە بەرز نـــابێتەوە
ئەبێتە مەلەوێچە وپـــان ئە بێتەوە

٩- لای دا دا سەری بێکەس نایـــەوە
ئاخری شەڕ و شۆڕ بۆی مـــــایەوە

١٠- لای دێزە ڕەشەوە گەر دابنــــیشی
هەستایتە سەر پێ ئەڕۆی بەرەشی

١١- لای چاوی ساغۆ کەرەمی کرد پێم
لای چاوی کوێر ۆ دزییــە وە لێم

١٢- لای کورە وە بیت پریشکت لێ ئە پەڕێ
ئیفلاس هەوڵیەتی کە بکا گــــەڕێ

١٣- لایە لایەش ئەکاو ئەش گـــــری
مەگەر خوا بگات لە نازو مــەکری

١٤- لەئاش دوا کەوتووە لە ڕێ ڕائەکات
خۆشی نازانێ چ کارێ ئـــــەکات

١٥- لەئاو بدە بابتبا بە یە کــــــجاری
لە پردی نامەرد مەدە بەناچـــاری

١٦- لە ئاوی خوڕا نەکەیت بتـــــرسی
دات لە ئاوی مەنگ هەر بکە پرسی

١٧- لە ئاوی شەوی پایزان ئـــــەکا
دەستی بکەوێ قوتی ئـــــەدات گا

١٨- لەئاوی شەوان ورعم بۆ ئـــــەکا
هەرخوا ئەزانــــــێ چی وا لە دڵدا

١٩- لە ئاوی مەن و لـــــە پیاوی مۆن
بترسە گیانە هەر دوو سەرە ڕۆن

٢٠- لەئەسپ دابەزێ سواری كەر ئەبێ
لە كەرێتی ئەو پیاو كەر ئە بێ

٢١- لە ئەسپی نەبوو ئاخوڕ ئەبەسێ
دەم درێژ مەكە لە بۆ هیچ دەسێ

٢٢- لە ئێوارە وە هەتا بە یـــانی
ئەستێرە ئە ژمێرێ هەتا بتوانی

٢٣- لەئێستریان پرسی باوكی تۆكێیە
گوتی خاڵۆم ئەسپ ،بەڕێزوجێ یە

٢٤- لە بۆ نەوسێ خۆیدا هەرەســـێ
وەك هۆرچی لێهات نایگاتێ دەسێ

٢٥- لە بێ ئیشیدا ســـەری دەئێشێ
خەفەت خۆرە گەر ببیە یتە ئیشێ

٢٦- لە بێ خەبەران كەش كەش سلاَوات
سەر سەلامەتە گەر نەبێ ئا فات

٢٧- لە بێ ژن بوایە هەموو ژن دارێ
نان و قوز ئەخوات ڕۆژ تا ئێوارێ

٢٨- لەبێ کەسیم بۆ من بووی بە کەسی
نەکەسم دەرچوی نە نیوە کەســـــی

٢٩- لە بێ ماڵ بوایە حاجەتی ناو ماڵ
هێڵەك و بێژنگ گوریسی خاڵ خاڵ

٣٠- لەباوان هیچە و لە خـــــەزوران تلیلیە
خۆ هەڵکێشانە و شەرمەندەیـــــی یە

٣١- لەبەخت نامە ئەبـــــــــێ وا بڵێ
نەکەی ئازاردەی هەموو گیان و دڵێ

٣٢- لە بەختەکەی خۆم وا ڕائــــــەبینم
بچمە سەر سیروان هیچ ئاو نـــەبینم

٣٣- لەبەر باجی لە پشت قــــــــەمچی
خۆت بپارێزە لە هەرچـــــــی و بەرچی

٣٤- لەبەر خاتری خاتــــــــر داران بوو
چوومە سەر دینی گاوران و جـــــوو

٣٥- لەبەر مەتی یە و لــــــە پشتم نیە
بۆرە سوار دەڕوا مەخســـــــەدم چیە

٣٦- لە بەردەم کێوی ئاگرینـــــــا بوو
سەرچۆپی گرت و لە خۆی ڕازی بوو

٣٧- لە بەراز موویەك لیّ بکــــەیتەوە
سەبوری دلّتی پیّ ئــــــەکەیتەوە

٣٨- لە برسانا ئاو ئەکــولّیّنیّ خویّ
برای بۆ چییە کــــەوا نەبیّ بۆیّ

٣٩- لە بن سیّبەری شیّرا بنــــــــووە
باشیّر بتخوات هەتاکــــــو زووە

٤٠- لەبوکیّ زمان نەبوولەخەسوو ئیمان نەبوو
یەك بۆ یــــــــەکتری پوش و ئاگر بوو

٤١- لەبیستی من هەر تــۆم پیّویستی
لەترسایەو لەبرسایە بەمن سستی

٤٢- لە پارە و دوسالّە مالّ ئاوا ئەبیّ
زۆرە بە دەستی خزم گیر ئە بیّ

٤٣- لە پاش تەنگانە هەر فەرعانەیە
گیرانی کەرویّشك خەوی لانـــەیە

٤٤- لە پاش ترِیّ لە خەمشــــــە برِیّ
دایم قاچیّکی لەگەرِ ئەگـــــەرِیّ

٤٥- لە پاش ترِکەندن قنگ قوچان بۆچی
چ کەلّکی هەیە یارمەتی هـــــەرچی

٤٦- لەپاش ڕەشی ڕەنگـــی ترنی یە
مایني شێش وەك بۆرە نـــــی یە

٤٧- لەپاش تـالاّن و ڕووت کـــــردنەوە
تەشتی تەلاّی بنـــیّ بەسەرتەوە

٤٨- لە پاش چـــــووە مەچۆ تکـایە
زۆرە گیرۆدەی دەردە وە هـــــایە

٤٩- لەپاشی مردن ڕەحمەت بوون چاکە
پیاوەتی ئەکەی دەکەم هـــە راکە

٥٠- لەپاش مـــردوو درۆ زۆر ئـەکریّ
ئەزانیّ جارێتر یەخـــەی ناگـریّ

٥١- لـــە پاش میران سەران ئەبـــڕیّ
هەرکە هاتە ڕوو وەك مر لە کـڕیّ

٥٢- لەپاش ملە سەری شای ئەبـــڕیّ
وەختیّ شاهات ناوێریّ بتـــڕیّ

٥٣- لە پەشیمانی دا شاخی لـیّ ڕواوە
ئاخت مەکێشە لـە دوای ڕوو داوا

٥٤- لـــە پەنای کەرا ڕاوە چرگ ئەکات
چرگیشە کە سلّ لە کەران ناکات

٥٥- لـــــە پەنجەی ساغ کرم دەر دێنێ
سەرم ئاو ساوە و وازیش نـــا هێنێ

٥٦- لە پڕێ هەرگیز نابێ بە کــــوڕێ
لافی شای لێدا و کۆنەی خەڵك ئەدڕێ

٥٧- لە پشتی کەر چویت بۆنی تەرسیەکەی
قسەت بەخەڵك وت قسەی قبوڵ کەی

٥٨- لە پیران تەمبێ لە زستان شـــەوێ
ئەوەی حەزم کرد دەستم ناکـەوێ

٥٩- لە پێستی مەڕا گورگی ئەکا کـــار
زۆرن گیرۆدە بە دەستـــی بەد کار

٦٠- لە پێشــــــەوە ئەڵێ جانە جانە
لە پاشەوە کوتان دەکا مەرجـــانە

٦١- لە تـــاو بێوەژن ئەچمە سەر دارێ
پلارم تێ ئەگرن ئە مخەنە خوارێ

٦٢- لە تاو پلاو ترش ئەکـــاتە ئاو
یاخودا هیچ کەسێ نەکـــەوێتە داو

٦٣- لەتاو نەوسی بوو واکەوتە حەوزۆ
وەکو بۆقێ بوو کەوتە بن قەوزۆ

٦٤- لە تەڕ ئەخوا ت و لە ووشك ئەنوێ
ئیتر نازانم چی لێمان ئـــەوێ

٦٥- لەتەك فرساتا ئەچێتە جەواڵەوە
قەت کەسی تەرەس مەبە مـاڵەوە

٦٦- لە تەمەڵیدا باری بۆ هەوار ناچێ
ئاشی نەزانە ئەگینا تیـا ئەچێ

٦٧- لەگەڵ کوێرا نانت خوارد کاکی خۆم
خودا لە ناواو خەڵکی لەسەرخۆم

٦٨- لە تڕی لۆتی مەشهور تـر بووە
خۆت نەجات دە لە دەستـی تازووە

٦٩- لە تڕە ئەڕێ چووە بۆ تسە نەڕێ
کەس نا توانێ دەستی بۆ بەرێ

٧٠- لە تڕەنگەڕێ ڕۆژی بۆ سەنگەرێ
لە ئەسپ دابەزی چووە سەر کەرێ

٧١- لە ترسی ئاگر پاڵی دا ئاوە وە
ئاویش خنکانی بەو ئاواتـــــەوە

٧٢- لەترسی مار پاڵ بەئاگرەوە ئەدات
دەردێکی گرتووە کە نایێ نەجات

٧٣- لەتفەنگی خاڵی دوو كەس ئەترسێ
لافی ئاغایی و سكیش لە برسێ

٧٤- لەجێی وێرانە گەنج دەر ئەكەوێ
چاكە و پیاوەتی كەم دەر ئەكـەوێ

٧٥- لەجێی بەرزبنیشەو قسەی تەڕبوێشە
بەهار نەهاتووە گاگەل لە مێشە

٧٦- لەجێگەی سنان هەر قوزەڵ قورتە
دەبا بەس بێ ئەم جرت و فرتە

٧٧- لە جێی شابازان كۆر كۆرە وازان
لەبەری تەماح لە یەكتر ترازان

٧٨- لەجێی شێران سەگان ئەكەن گێران
خۆی وێران نەبوو بۆ كردت وێران

٧٩- لەجێی چۆڵەوان نەكەی فیكەكەی
نانێ گەرم بوو وە تیكەی نەكەی

٨٠- لە جێیەك نانوێ ئاوچێتە ژێری
دنیای كاول كرد بۆ حەزی كێری

٨١- لە چۆڵ و بیابان ببی لەگەڵ زۆردار
لەگەڵ نەزان لە كۆشك انەبی یەكجار

**٨٢- لە چەمان لە پێشەوە بڕۆی واچا کە**
**لە شمان لە دواوە مل بنێ کـــا کە**

**٨٣- لە حەمامی زەر و ژەنگ تەمـن دەنگ**
**عاسەلات نیە بۆ ئەڕۆی بۆ جەنگ**

**٨٤- لە حەوت ئاسمانا ئەستـــێرەی نیە**
**بۆچی تورە بوی من خــــــەتام چیە**

**٨٥- لەحەوت ئاسیاوا مشتێ ئاردی نەو**
**ئیتر نازانم چاوی بۆ ناچێتە خەو**

**٨٦- لە حەوت ئاوی دا قۆلی نەبوو تــەڕ**
**چ باکی هەیە دروست ببـــــێ شەڕ**

**٨٧- لە حیز وایە هەموو کـــــەس حیزە**
**نازانێ کەخۆی حیزێ تـــــــەمیزە**

**٨٨- لە حیزی جوتیار گا کاوێژ ئەکـا**
**هەرچەن خۆی هەڵنێ و هۆ هۆی لێبکا**

**٨٩- لە خۆڵ و لەخاك هێمن ترە لە لام**
**مەبەستی نیە ئەگاتــــــــە مەرام**

**٩٠- لەخۆشی دایە پێی ناکەوێتــە زەوی**
**کێ دەرباز ئەبێ لە سورەی مل قەوی**

٩١- لە خۆشیانا تـــــەواو هار بووە
ئەگینا چیەتی لەم هاتوو چووە
٩٢- لەخۆشیدا بەرخی باز بازی ئەکات
کێ حەدی هەیە ناوی بەخراپ بات
٩٣- لە داوێن بڕی دایە ناو شـــانی
من گریانم دێت بۆ عەقڵی جوانی
٩٤- لەدەرماڵی قەرەتاجیدائەگەربتڕی
دڵنیابە کەوا نان و دۆی ئەبڕی
٩٥- لە دزان وایە هەموو کەس دزە
دایم دڵ کرمن سەریشـــی کزە
٩٦- لەدوای باران بۆ چیمە کە بەنگ
باوەڕت نەبێ بە گۆماوی مەنگ
٩٧- لە دووی چوان مـــەچۆ وا چاکە
بەڕووی سورەوە نانت پەیداکە
٩٨- لەڕۆن تیسکێ و لە موو تیسکێ
کاوڕی جرنگان نە یخواردوەگیسکێ
٩٩- لە ڕاستی ڕاستی ڕەحمەت ئەبارێ
کە لە شەڕانی مەنـــەوە دارێ

١٠٠- لە ئـــاستی ڕاستی ئاوە و ئەوەستێ
دەمت مەساوە سەر هەمـــوو دەستێ

١٠١- لە ڕەشی ئەکـــوژێ خۆی کردە دژی
کەس نایباتـــەوە لە ڕەشە کوژی

١٠٢- لەڕقی دراوسێ قنگی منداڵەکەی دڕی
ئاقـــڵ بوو ئەقڵی لە بێ ئەقڵ کڕی

١٠٣- لەڕیشم هەڵگرت نامە سەر سمێڵم
کاتێ کە دۆڕام بێ سودە فـــێڵم

١٠٤- لەڕێوی بە پێچ ترە و وریـــایە
ئەوەی کە ئەیدا دەفعـــەل بەلایە

١٠٥- لەڕێوی دایك مرد و ئەکـــا ژیانی
هەرچی کردووە زەرەر بوو بۆ گیانی

١٠٦- لە ڕێویان پرسی کوێ خۆشترە بۆ توو
گووتی ناو ڕەز و کولانەی پڕجو جوو
ئەگەر ڕەز نەبوو یاخود کـــولانە
گووتی کە مردن چاکـــترین دەرمانە

١٠٧- لە زۆر زانی خۆی بغی کرد لـەماس
پیاوی بەختدار بە درۆی دەڵێن ڕاس

١٠٨- لە زستانا بەئەرك تر بووی بۆم
تازەی پۆشیوە كوڕی كوڕە ڕۆم

١٠٩- لەزستان شەوێ لە بیران هەرێ
لەبۆرە سواران نالێ چیت هەرێ

١١٠- لەزێی داوە پێی تەڕ نە بووە
هەموو قسانی هەردەم لە ڕووە

١١١- لەژێر كاسەدا نیو كاسە هەیە
ئیتر بۆ نالێی ئەم دەردە چیە

١١٢- لەژێر لێفەكەی باوكیا نەڕیووە
هەرچەند هەوڵدا نانی بڕیووە

١١٣- لەسایەی گوڵەگە نمیەكەوە دیارە
دە گوڵە مرۆر ئاو ئەخواهەرجارە

١١٤- لەسەر باسكێكە هەردوودیوی دیار
پیاوشەڕئەفرۆشێ كاتێ بووبێ كار

١١٥- لەسەرڕێ نوستی خەوی هاشەوهوش
ئەبینی ئیتر بەسیە مـــوشە موش

١١٦- لەسەر ڕێ لاتدا دڕك ئەچێتە پێت
چویتەهەر جێیە بزانە كامە جێت

١١٧- لە سەر شكستە ڕۆین نەڕۆی واچاكە
چوون پەشیمانی لە دوایـــە كاكە

١١٨- لەسەر فرسەتان باز مەیە گیانە
دەروێشیش دیارە هـــەر لە تالأنە

١١٩- لەسەر قوڕێ تۆزێ دەكـــــا بۆم
بەلأم نازانی شكاوە ئـــــە ژنۆم

١٢٠- لەسەر مالّم بدە لە هەر دوو بالّم
مالّەكەت خواردم ئە پرسـی حالّم

١٢١- لەسەرت زیاتر وچان بدە بەدەست
پشت كە لـــە وانەی نەبونە كەست

١٢٢- لە سەرۆ شۆخ و لـــــە ژێرۆ پەڕۆ
سڕی هەلّمالّا خواش كردی تــڕۆ

١٢٣- لەسەر هەی دەكاو لەژێر هەی دەكا
تەمەلْ ئەترسێ هەییێت نۆرەی گا

١٢٤- لەسەگ سوالْ ئەكا ئەمەن بێ شەرمە
خۆی ئەدا بەكوشت چون دلّی گەرمە

١٢٥- لە سەگی داوە و لە حاكـــــمی كوڕ
بترسە و خۆت لادە لـــە ژنی دەم شڕ

١٢٦- لە سوژن بێ کەس تره نازانێ
دەمت مەکەرەوە بۆ لەتە نانێ

١٢٧- لە سێبەری خۆی ئە سڵەوێتەوە
چاوەڕێی چاکەی لێ ناکرێتەوە

١٢٨- لەسیروان مەلە ئەکالەبازۆڵ خەلەئەکا
سەری لێ شێواوە بۆ چی وا ئەکا

١٢٩- لە شارێکا گە ر پیاوی تیا نەما
بەکەڵەشێر ئەڵێن بەڵقاسم بەگ کوا

١٣٠- لەشەڕا بەشی ئاشتیت لە بیربێ
لەکاتی ئاشتی شەڕت لەبیر بێ

١٣١- لەشەڕا شەریکم لە خێرا تەریکم
هەزار فاکـــــی تۆ ناگاتە فیکم

١٣٢- لەشەڕاهەر ناوبژی کەرتیا ئەچێ
هەرچی قسەی کرد بەزایە ئەچێ

١٣٣- لەشومیدا بایە قوش نا یگاتێ
دەست ئەوە شێنێت ڕێکەوێ ساتێ

١٣٤- لەشێر ترسان عەیب نیە کـاکە
چونکە نەعرەتی زۆر سامناکـــــە

١٣٥- لـە شێر زادە دەرچوو دەرچووە ڕەنگی
هیچ باکی نیە لە کاتی جەنـــگی
١٣٦- لە عابا داران مەترسە ئـــــازیز
لە شەدە لاران بترســـــە پایز
١٣٧- لەعەرش هەتا قورش ئەگەر بانگ کرێ
کەس زەمی دۆی ترشی خۆی پێناکرێ
١٣٨- لەعەزرەت نانی تێری کا غەزی جاوی
ووریابە چاوت نەدا ت لە چـــاوی
١٣٩- لەعیسایان دا موسا چووە تاســەوە
زۆرە گیری خوارد بە هـــەناسەوە
١٤٠- لە قۆڕەی سکی ئە سڵـــــەوێتەوە
ئیتر چۆن دێت بە هـــــاوارتەوە
١٤١- لە حاکمی ساغ کـــــرم دەردێنێ
کردەوەی پیسی سەر ئە ئـــاوسێنی
١٤٢- لە قەلانیش بوە و لە کۆتـــرا نیش
بەڕیش بوایە سابـــرێن خاوەن ڕیش
١٤٣- لەقنگەوە لە غاوی ئەکـــا نەزانە
بە دبەخت دایمە پیشەی گـــریانە

**١٤٤- لە قلْپەی گۆزە ئەترسێ گیـانی**
**نەگوترا چاکەی ئەو لەژیـــانی**

**١٤٥- لەقنگلاْشکەیان پرسی مالْت لەکوێیە**
**گوتی با ئەزانێ کە لەکامین جێ یە**

**١٤٦- لە قورِ تۆز هەلْ ئەسێنێ بێـــزارە**
**کردەوەی پیسی لە عالـــەم دیارە**

**١٤٧- لە کۆپانی خۆی ئەخوا بێ چارە**
**کۆتر و کەو هەرد و گەلیان دیارە**

**١٤٨- لە کەر وایە کەس بیر ناکـــاتەوە**
**باری لێ ئەنرێ و ئـــە سورِێتەوە**

**١٤٩- لەکەری جل و جۆرلەبوکی سەداوبۆر**
**خۆت دوور بگرە لەکەسی مشەخۆر**

**١٥٠- لەکەرێ گەرا نالْی لێ بکـــاتەوە**
**ئیتر چۆن خێرت بۆ ئەداتـــــەوە**

**١٥١- لە کەشکیش بوو لە مشکیش بوو**
**نۆرەی هێزەیە بزانێ کەبەش بوو**

**١٥٢- لەکفری فیرعەون مەشهور تر بووە**
**خۆتی لێ دوور خە هەتاکو زووە**

١٥٣- لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە
کا برا داماوە و مل بـــــەدارەوە

١٥٤- لە کویَ پسا لەویَ گریَی دەرەوە
پینەیە چاکە و چاك بیر کەرەوە

١٥٥- لەکوڵەچوارشەمەی مانگی سەفەرە
بترسە ڕێگەت پڕ لــــە خەتەرە

١٥٦- لە کێویان پرسی بۆچی وا بەرزی
گوتی لە سایەی چالاّیی ئەرزی

١٥٧- لەگایەك چی بێت خەشمە برایەك
لەمەلێك چی بێت بەزمە هەرایەك

١٥٨- لە گەورە گەورەی ئاغای پشدەری
گومان کەوتە قون فرە هاجەری

١٥٩- لە گوریسی جو درێژ ترە تەماحی
ئەو جێیە خۆشە تیایـا مورتـاحی

١٦٠- لە گوریسی رەشو سپی ئەسڵەوێتەوە
ماران گازەیە برینی ئەکــولێتەوە

١٦١- لەگوریسی هەمانە هەر بە پێچ ترە
لە وەرزێری دەست گیان کفت ترە

١٦٢- گولْ پاكتر و بۆن خۆش تر بووە
خۆزگەم بەو كەسەی هاودەمی بووە

١٦٣- لە گولْ كالْتری پیْ نالیْم بابیْ
بزانم بۆ چی جنیْوی دامـــــــیْ

١٦٤- لەگولْیان پرسی بۆئەمەن گەشی
گوتی باخەوانم مەردە، بەبەخشی

١٦٥- لە گونی بەرانا پەنیر ئەكا شوان
گەر مەیلی هەبیْ لەخزمەت میوان

١٦٦- لە گونی گا رونترە حالْ و بـــالْی
پەلاْسی گایە لە جیاتی قالْیْ

١٦٧- لەلیْفەی باوكی ا نەترپیوە هیْشتا
هەر هاواریەتی و ئە چیْ بەگژتـا

١٦٨- لەماسی تیْر شەرم ئەكا مەكرباز
دز خاوەن مالْی خەواندوە بەڕاز

١٦٩- لەمالْ درەنگی پیْچوە خانم گیان
لەكەژ پەلە پەلە بەهالْە دەوان

١٧٠- لەمالْ لیْیان دا لەگیای كەژ تورا
دوو دیناری بوو لە خۆشی گۆڕا

١٧١- لەماڵەوە برێشکەی گەنم ئەخوات
لە دەرۆ دەستی بە سابون ئەشوات

١٧٢- لەماڵی باوان نەتخوارد نان و دۆ
لەماڵ خەزوران هەڵت دا لــە دۆ

١٧٣- لەماڵی جو بخۆ لەماڵ گاور بنوو
لە لێقەوماوان مەگرە بیـــا نوو

١٧٤- لە ماڵی زاوا هیچ باسێ نـــیە
لەماڵی خەزور وەی لەیل لەیلێە

١٧٥- لەماڵی نیە دەنکـــــە بڕوێشێ
قۆزی بێ زەواد چۆپی ئــەکێشێ

١٧٨- لەماین دابەزیم سواری کەربووم
ئەوساکە زانیم کەوا من تیا چووم

١٧٩- لەماینی نەبوو ئاخوڕ ئەبەســێ
من لە کاری واسەرم ئەئـــاوسێ

١٨٠- لەمە نجەلیقا ناکوڵێن ئەو دوانە
بێ سودە هەوڵ بدەی لە گەڵیانا

١٨١- لە من کردە و لەو شەمـــاڵ بردە
ئە مجاش خوا پەنای داوین لەجەردە

١٨٢- له من نەدەن کـــــە لە تۆ بدەن
وا ئەزانم لە ڕەشکەی کــــــا ئەدەن

١٨٣- لە تۆ دەسمـــــــان کۆڵێ بە شمان
ئێستاکە زانیم کە نیـــە کەسمان

١٨٤- لە نا عیلاجی بەدووژمن ئەڵێ باجی
دوڕەگ بۆ پاسە و بۆ ڕاوە تانجی

١٨٥- لە ناعیلاجی بە دووژمنەکەی گوت
قەسەم بەڕیشی جوان و مەردانەت

١٨٦- لە ناڵێش ئەداو هەم لە بزماریش
ئەو بەمن ئەڵێ کە ئەتدەم لەشیش

١٨٧- لەناو گولانا کوێر سەر باشقەیانە
زۆرە لەم دنیا کردە فرە ئاشنایە

١٨٩- لەناو گوژاڵك بۆ تاڵێ گـــــەڕا
فیتنەچی وەکو خوی نیە لەشەڕا

١٩٠- لەناو کوێرانا مشمۆر بــــــاشقەیە
ئازایی دەرکەوت کـــــەشریخەیە

١٩١- لەنێرە کەریان پرسی کوێ خۆشە
گوتی سەرخەرمان پڕ بیر و هۆشە
گوتیان ئەگەر نەبوو خەرمــانێ
گوتی قەراغ و بی جاخی جــاڕێ

١٩٢- لەهۆمەریان پرسی خەڵکی کام شوێنی
گووتی بێژنم بۆچی ئــەم دوێنی

١٩٣- لە هەر ئاشە کتك فــــــەڕاشە
ئەزانێ کەوا شوێنەکــــــی باشە

١٩٤- لە هەریش بوو لــــە حەڕیش بوو
لە پاشی چووە دەر بــەدەریش بوو

١٩٥- لە هەزار ئاش ئەکاو نایــماڵێتەوە
هەر ڕۆژ بــــــەدەردێ ئەتلێتەوە

١٩٦- لەهەموو جێ یە هۆقە چوار ئیزرەم
چ فەرقی هەیە کۆسەی سەرو چەم

١٩٧- لەهەزار ئاوی دا قۆڵی نەبووە تەڕ
ئێستا چ باکی هەیە لــە بۆ شەڕ

١٩٨- لەهەموو دیزەیە کا خـۆ ئەسکوێیە
وەك کەری دێزە زیانـــــی لەجێیە

١٩٩- لە هەموو هەورێك باران ناباریٚ
ڕووی ڕەحمەتت لێمان کە جاریٚ

٢٠٠- لەهەولێر کۆنترە کەچی مەکرەکا
وەك کچی عازەب خۆی هەڕاج ئەکا

٢٠١- لەهوو موو ئەکاتـــــەوە بۆم
بیٚ قابیل نیم کەمن کچی تۆم

٢٠٢- لەهێلکەی سپی مـریشکی ڕەش
لەمریشکی ڕەش هێلکەی سپی بەش

٢٠٣- لەوەختی ڕاوا گوی دیٚ نـــازانم
لە کردەی کارت من پەشیمانم

٢٠٤- لە وولاٚخی نەبوو ئاخوڕ ئەبەسیٚ
لەکردەوەی ئەو پیاو ئەترسیٚ

٢٠٥- لەڕبیٚ و ماڵی خۆم بیٚ بێخەم
ئارەزووی خۆمە بیخۆم یا نە یخۆم

٢٠٦- لەڕکوژە بەلاٚم لاف لـــیٚ ئەدات
هیچ کەس بەتۆزی پێکانیا ناگات

٢٠٧- لەڕی خۆت لەچاکی خەڵك چاکترە
دەمی کردەوە گەرم وەك ئاگرە

٢٠٨- لەسەر خۆش گەڕێ بۆ خۆی ئەکەوێ
هیچ پێویست ناکا پێت لە پێی کەوێ

٢٠٩- لەش بەبارە و لەشیش بـــە دۆشاو
هەردوو گرفتە لە بۆ گیانـــی پیاو

٢١٠- لەشی ساغ پاشایەتی یە بـــۆت
حەقی بدەیە تا نەگـــرێ ئەستۆت

٢١١- لەچەکان هاتۆتە سەر حـــەیزەران
فەرەنجیت بۆچی لە پاشـــی باران

٢١٢- لەگەڵ ئەسڵان بچۆرە فەســــڵان
نەچیتە کایەی کەسی نا ئەســـڵان

٢١٣- لە ڕنجی چەند ساڵە ئەچێ بەزایە
سەروەت و سامان بووە بێ مـــایە

٢١٤- لەگەڵ ئەسڵان هەموو فەســـــڵان
لەگەڵ نا ئەسڵان بـــە هیچە فەسڵان

٢١٥- لەگەڵ بەرخ بنو لەگەڵ چۆلەکەهەستە
ئەگەر ژیانی چاکیت مەبەســـــتە

٢١٦- لەگەل بڕوا گورگان خوارد ئـــەبێ
نازانم تاکـــــەی ئاوا کەر ئەبێ

٢١٧- لەگەڵ تـــڕی خۆیا شەڕ ئەکات
بۆیە هیچ کەسێ مەرحەبای ناکات

٢١٨- لەگەڵ سێبەری خۆیا کەوتە شەڕ
ئاگر کەوتەوە چ ووشك و چ تەڕ

٢١٩- لەگەڵ گورگا شایم بۆ ئـەکات
لەگەڵ مەڕانیش شینم بۆ ئەکات

٢٢٠- لەگەڵ گوورگ دووگی ئـــەخوات
لەگەڵ مەڕی شینـــــی بۆ ئەکات

٢٢١- لەگەڵ ئاقلان هەر ڕۆ سەر بانێ
لەگەڵ بێ ئەقلان هەر ڕۆ ناو خانێ

٢٢٢- لە گەڵ لاوان لە لەشکـــــریت
لە گەڵ کیژانیش لە گـــازریت

٢٢٣- لەگەڵ ناکەسا مەچۆرە جـــەواڵ
بانەڕوا عومرت هەتاڵ و بەتـــاڵ

٢٢٤- لەعەزرەت پلاو ترش ئەکاتە ئاو
هەرچەند هەوڵی دا، کەوتووەتە داو

٢٢٥ لەکاکلا نیش بـــوو لە توێکلانیش
بەکەسی ناحاڵی دەگوترێ یاغنیش

٢٢٦- لەم ئەرزە چەوەندەرێ هەڵ کەنە
نەبوو چی ئەکەی لەوکارەت گەنە

٢٢٧- لەم قوڕە ئەوەندە تۆز هەڵئەستێنێ
مەردە بە مەردی حەقی ئەستێنێ

٢٢٨- لەم لات چی و لـــــەولات چی
ئـــــــەڵێی حیزی مایە پوچی

٢٢٩- لەم لایان بردم لەو لایان بردم
پاشی تالآنی خـــەبەریان کردم

٢٣٠- لەم ئاوە مشتە مـوویەك دەربێنە
دەرزیە کیش بەخـــۆتا بچەقێنە

٢٣١- لە هەر لایە هات شەنی خۆی ئەکات
ماستاوی زۆر کرد تـا ببێ نەجات

٢٣٢- لەو جێ ئاو هەیە زەوی تیـا نیە
لەو جێ زەوی هەس هەم ئاوی نیە

٢٣٣- لەو محمەدە نیە سلآواتی لێ درێ
ئەو پێغەمبەرە و ئەم دەست ئەبڕێ

٢٣٤- لەوە بترسە لەخودا نا تـــــرسێ
هیچ باکی نیە لە بڕینی دەسێ

٢٣٥- لەوە و پێش کاوڕ بازی بوو گیـــانە
بەڵام ئێستاکە شەڕی بەرانانـــە

٢٣٦- لیباس ڕەنگ و ڕوو خواردن گەنوو گوو
عیزەتی هەبوو بێ غـــیرەت دەرچوو

٢٣٧- لنگە کەوشێکی لە دییوا نایـــــە
ئەبێ پێی بڵێین پاشاو پاشایـــــە

٢٣٨- لنگی جووت کرد کە زۆری بۆ هات
تازە هیچ شتــێ بۆی نادا نەجات

٢٣٩- لوت بابمێنێ لە بەینـــی چاوا
لەسەر خەرمانان حساب حســاوە

٢٤٠- لوت لوتی خۆتە هەرچەندچڵمن بێ
کوڕ کوڕی خۆتەهەرچەند تڕکەن بێ

٢٤١- لوت نەبێ لەبەینا چاو چاو ئەخوات
لەمیوانی نەبوو جێگەی ڕاخە ئەخات

٢٤٢- لوتی بگری گیانی دەرئـــەچێت
ئەمەندە لاوازە خــەریکە تیاچێت

٢٤٣- لوت لەئاسمانە ئەمەن بە عەنات
هەرچی خوادا دای بیخۆ بەقـــنیات

٢٤٤- لوتی لەكوڕە كاژاوە ئەمەندە بەرزە

دڕۆش مەیــدانی كورتە وەك تەرزە

٢٤٥- لوتی لیٚ ئەخوریٚ لەم بەزم هــەرا

نەقیزەت پیٚ بیٚ چووی لەدوای كەرا

٢٤٦- لۆ خۆمان نابیٚتە نان كــــــاكم

لۆ خەڵكی بووە ناسكە نان كـــاكم

٢٤٧- لۆژەی سەری دیٚ هیٚندە بیٚ ئاگـــــا

گا گونی نەبیٚ حسابە وەك مــانگا

٢٤٨- لۆمەی مەیدان لەگۆڕە وشارخراپ ترە

دەمی كردەوە لیٚم گڕی ئـــــاگرە

٢٤٩- لیٚخــــــوڕە دەشتە بەردەمت چۆڵە

تەخش و پەخشی كردئـــەو پارە مۆڵە

٢٥٠- لیرەش بچووكە كە نرخی گـــــرانە

گاش گەورەیە و لەگا گــــــەلانە

٢٥١- لیٚفەی سواڵ سەرما نا گەڕێنیٚتــەوە

ئازاری قسەی هەر ئەكــــــولیٚتەوە

٢٥٢- لیٚم بووە بە مووی لوت ئەچمە هەرجیٚ یە

هەر سەلامم كرد ئەویشی لـــــیٚ یە

٢٥٣- لێم بووە بەمارەکەی شێخ هۆمەر
پاش پیاوەتی زمانم بۆ دێنێتەدەر
٢٥٤- لێم بووە بە ئـەستێرەی سیوەیل
هەر دەرناکەوێ یابـــــووە ڕەزیل
٢٥٥- لێم چووە سەر دارێ نایەتە خوارێ
بەبرای بچووك کرا هەمـــوو کارێ
٢٥٦- لێو بەددان نازانێ چۆنە ئەحواڵێ
پیاوەتی ناکـرێ بەباخەڵی خاڵێ
٢٥٧- لێوێکی بادێنێ و لێوێکـی باران
یەکەم جارنیەخەسو وبووك تۆران
٢٥٨- لێی بوو بە کورد حەیاو نامووسی
نامەردە خەریك کاری جاسوسی

## پیتی ﴿ میم ﴾ ٢٦٥ پەند

١- ما پیاوی ماڵێ نەمـــا ژیانی ساڵێ
نارێ و نەرگـــس پێکەنین بە کاڵێ

٢- مار ئەکوژێ و تولە مار بەخێو ئەکات
خۆشی نازانێ کەسبی چی ئەکـات

٣- مار بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەر
کردەی نامەردان ئەوا کەوتــــە دەر

٤- مار تاراست نەبێ ناچێ بەکـــونا
دەردە سەری لای پیاوی دووژنـــــە

٥- مار پێوەی داوەولەگوریس سڵ ئەکات
لە ئینکاریا کەس چاری ناکـــات

٦- مار لـــــەخۆیا ڕقی لە سیر بوو
سیریش لەبەردەم کونی سەوز ئەبوو

٧- مار حەزی لەماران گیر نەبــــوو
کەچی لەبەردەم کوونی حازر بوو

٨- مارکارژ فرێ ئەداخۆی فرێ نادات
کەسی گێچەڵ بازکۆڵت لێ نادات

٩- مار لەکوێ بەچکە ئەخواو بۆنکە لەکوێ ئەکا شین
زۆری نەزانان بۆ زۆردارن بوون بە پــــــەرژین.

١٠- مار هاتـــــووەتە سـەر ڕێـــگات

بۆیـــــە نەمـــــاوە جێـــگات

١١- مار گەستە بە گوریس ئەزانێت مارە

كەسی چەنە باز حەزی لـــە دارە

١٢- ماران گاز لە خشەی گوریس ئەترسێ

بۆ هەموو كارت بكە ڕاو پرســـــێ

١٣- ماری ئاوی كە پیر بوو بوو بە پەن

قورباق بەقنگیەوە ئەكا چەن بەچەن

١٤- ماری بێ ئیجازەیە زۆر بێ مـــەجازە

هەرگیز بەكێری خەڵكـــــا مەنازە

١٥- ماری ڕەش بۆی یەق ئەكــــاتەوە

كەچی پیاوەتی كەس نادا تـــەوە

١٦- ماری سكی خۆت ئـــە تخوا ئەزانم

تۆ درۆ ئەكەی من پەرێشا نـــم

١٧- ماری كلك بڕاو كلكـــی بیر ناچێ

ئەوەتیا چووە كەوا تیا ئـــەچێ

١٨- ماری مار خۆریش هەیەلـەم شوێنە

كەسی ناجسن قـــــەت مەدوێنە

١٩- ماست تـانە ژەنیٚ چۆن کەرە ئەکات
چۆن ئەکریٚ سەیری ئەسپیٚ خەلاٌت

٢٠- ماست نیە بەلیٚوتـــــەوە دیاربیٚ
ئەوەی کە خواردت بەزەهری ماربیٚ

٢١- ماستاو سارد ئەکاتەوە گشت کـات
لەگەوادیا کەس بەشانیا ناگـــات

٢٢- ماستی مەیوو هەویٚنـــــــی ناویٚ
یاخوا مالٌت نەکەویٚتە بەرچـــاویٚ

٢٣- ماسی بیٚ کیٚردە بۆ خۆی ئـەگەڕیٚ
کەچی کۆلٌ نادات لە فیتنە و شەڕیٚ

٢٤- ماسی بڕا لە ئاوبەشی خنکـــانە
پەندیٚکە ماسیش لە ئاودا جـــوانە

٢٥- ماسی لە ئاودا هەرگیز تەڕ نابیٚت
ئەگەر تەڕ بوایە لـــە ئاودا نابیٚت

٢٦- ماسی لە بوارا گیراوە کـــــــاکە
دەرچوو لە بوار تۆڕیٚ پەیـــــداکە

٢٧- ماسی لە دەریا سەودا ناکـــــریٚ
مامەلٌەی وەها قەت سەر نـــــاگریٚ

٢٨- ماسی لە سەریەوە بۆن ئەکا خۆ
مالّمی دا ڕمان فیشـــــالّ و درۆ

٢٩- مالّ ئەچیّ خاوەن مالّ ئیمانی ئەچیّ
گیانی ژێر دەستەم بۆچی یە بادەرچیّ.

٣٠- مالّ ئەوەیە بەنسیبی خاوەنەکەی بیّ
ئەوە مالّ نیە هی تۆبیّ و نەت بیّ

٣١- مالّ بۆ مالّی خۆی نەچیّ حـەرامە
گۆشتی مەڕی گێژ گەلیّ بەتامــە

٣٢- مالّ لەخاوەن مالّ تەواو حــەرامە
برا خێری نەو نۆرەی بـــــــرازامە

٣٣- مالّ سوتـاولەگشت کەس بەجەرگ ترە
شێری شێر خۆرە چون خۆ ڕاگـــرە

٣٤- مالّ سوتـاوئەبیّ بە مالّ بەلاّم سکە ڕۆ
قەت بەمالّ نابیّ و ئەبیّ ڕەنجەڕۆ

٣٥- مالّ چووە مالاّن واتە بوو تـــالاّن
گالّتە وگەپ مەکە لەگەلّ منـالاّن

٣٦- مالّ لەخاوەن مالّ بۆ چی حــەرامە
حیساب وکیتاب لە بۆ قیـــــامە

٣٧- ماڵ لۆکە یفیە یا لۆ حەیفییە
لە خۆشی ژینە مەیلم لە کەیفیە.

٣٨- ماڵ لۆ مێردانەو عەزاب لۆ ژنان
کەسی دڵسۆزە بۆت دڵی لەژان

٣٩- ماڵ لەخۆیا نەومیوان ڕوی تێکرد
هەوڵم لەگەڵداهیچم سەوزنەکرد

٤٠- ماڵ لەکیس نەچێ یان لەمنەتت
دڵی زۆر شکان قسەی حەقیقەت

٤١- ماڵ لە ماڵ خۆر حەرام ناکرێت
بەرهەمی ڕەنجت بۆیەك ناگرێت

٤٢- ماڵ ماڵی منەو ماڵ ئاوی خەڵك
چ سوودی هەبووە ماڵی بێ کەڵك

٤٣- ماڵت ماڵ نەبێ بازاڕت بازاڕبێ
هەر قەزای گۆزەش لە دێزە کەوێ

٤٤- ماڵ لەهەواران قنگ لەکوچەکان
دەستی بڕیووم بە لوشکەو گریا.

٤٥- ماڵتان ئەڵێی هەلاج گسکی لێداوە
ئاوا تەمیزوو خاوێـــــن کراوە

**٤٦- ماڵەکەی تۆ ئە خۆم بە بـــــــە لاش**
**ماڵەکەی خۆشم ئە خە مەوە پـــــاش**

**٤٧- ماڵمان پشتەو پشتە شیری کاکم لە مشتە**
**لێم بووە بە دووژمن کە برا کوشتـــە**

**٤٨- ماڵمان یەك ماڵە و کیســـەمان خاڵی**
**بێگار خۆشترە لە دەست بەتـــــاڵی**

**٤٩- ماڵی بابە با ئەچێ بیزانـــــە برا**
**کە ڕۆژی ڕوونە بۆ چیتـــــــە چرا**

**٥٠- ماڵی بوکێ گەرمن ماڵی زاوا نـــەرمن**
**زۆر خەسار ئەدا کەسانی شەرمـــــن**

**٥١- ماڵی پڕ لە ژنان چ ئاو نیە لە کونان**
**خۆی ڕازاندەوە و لە تینوا خنـــــکان**

**٥٢- ماڵی پڕە لە ڕەزیانە بەدڵ ئێشە ئەمرێ**
**چناری ناوە و ئەیەوێ هەنار بگـــرێ**

**٥٣- ماڵی حەلاڵت لە دەست دەرنـــــا چێ**
**لەبەر چاو ناکەوێ گەورە کچ بە ماچێ**

**٥٤- ماڵی خۆنە خۆر بۆ چەکمـــــــە بۆرە**
**لە ئاڵ تێرم خوارد نۆر بۆ مـــــۆرە**

٥٥- ماڵت تن بگرە وسەگی کەس مەکەبەدز
ئاگری ژێر کایە پیـــاوانی سەرکز

٥٦- ماڵی خۆم بە پێش چاوی خۆمبــێ
وەی لەو خوێنەی شەوی بە سەر چــێ

٥٧- ماڵی خەڵکی لەگەڵ خەڵکـا ئەخورێ
داری بەرداره بـــەردی لێ ئـــەدرێ

٥٨- ماڵی خەلیل و ماڵ ئاوایـــی جەلیل
بەدەست مناڵۆ چاك بـــووە زەلیل

٥٩- ماڵی دزێنی شەو دەکرێ بـــە خۆدا
لەتەنگانەدا دان بگرە بە خۆتـــدا

٦٠- ماڵی زیادە سەر ناشکێنـــــــێ
پیاو خراپ وازلەبەینمان ناهێنـــێ

٦١- ماڵی سپی بۆ ڕۆژانـــــــی ڕەشە
خودا بیدا هەموو بەشێکـــی بەشە

٦٢- ماڵی چاو لەدوو خێر نا داتـــەوە
مەردە ئەو کە سەی گرەوی با تەوە

٦٣- ماڵی فرە کوزان ئاو نیە لە گۆزان
واچاکەخۆت دوورخەی لە کەسی نەزان

**٦٤- ماڵی بەش کــــرا وە بەشی ماڵان**
**دز دایــــــە سەرتا تەنها بۆتاڵان**

**٦٥- ماڵی گـــــەش بۆ ڕۆژانی ڕەش**
**کەخاوەن بەشم بۆ پێم نادەی بەش**

**٦٦- ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی**
**نەگبەتی باشەخراپ قۆرتیە تی**

**٦٧- ماڵی مە ، پەرە و ڕوی بـــــایە**
**هەمیشە دەرگـــــای پێوە درایە**

**٦٨- ماڵی مەردم لە دەوری گــــــردن**
**جیاوازی زۆرە ووتن و کـــــردن**

**٦٩- ماڵی مرە لە خۆیەوە ئـــــەکرێ**
**وەیە هاتووە کە یەخەت ئـەگرێ**

**٧٠- ماڵی موفت کاریش مەراغایش ئەخوا**
**کەتن دەرکەتنی خۆی بدا ئـەڕوا**

**٧١- ماڵی هابە کۆڵیەوە چ باکیە کاکەم**
**ئیتر پێم ناڵێی داوای چ لێبکەم**

**٧٢- ماڵیان کردە ماڵێك ،خەلەیان کردە چاڵێك**
**بۆ ماینی میوان خزمەتە و ئالیك.**

٧٣- ماڵێکی ئاوەدان لەسەدماڵی چۆڵ باشترە
دوژمنی شەکرەش تەنها شـــــەکرە

٧٤- میوەیە گەیی و لە کاتی ڕۆیـــــی
هەرگیز بێگانە نابێ بە خۆیـــــی

٧٥- مامان کە زۆربوو منداڵ گیر ئەخوات
قوڕ بەســـەر کەسێ بەودەردە بڕوات

٧٦- مامەی ترۆزی ئەمڕۆ تای ســـۆزی
دەستم ماچ ئەکەی لە بەر پیـرۆزی

٧٧- ماندوو حەسانەوەی کاکی سەپانــە
دەست کەنەی نۆکە کە هەراســـانە

٧٨- ماند و مردوو کوڕانی لێ بـــــردوو
خۆزگە مەخوازە بۆ وەی لەدەست چوو

٧٩- کە دیارە حەوجەی بە پە نجە نی یە
کەسی ناحاڵی گوێییسی کەس نیە

٨٠- مانگ لەمن ڕوون و جوان دیار بێ
ئەستێران جریوەی بابۆ خۆیان بێ

٨١- مانگا بەدزیەوە کەڵەکەی ئەگــرێت
کەچی زاینی بە ئاشکـــــرا ئەبێت

٨٢- مانگا دۆشین و قەزوان تەقاندن
وەك بە پێی پەتی بەدرکا ڕۆشتن

٨٣- مانگا قنگی دڕابوو کەچی خاوەنی
بە ڵمی برنجی لە قنگی ئاخنی

٨٤- مانگا مردشیرنابێ ژن مردوخێرائەبێ
پیاو کەلێی قەوما کوێروکەڕ ئەبێ

٨٥- مانگا کە مرد و دۆکە بڕاکاکی خۆم
ئەزانی چەندە من خەم خۆری تۆم

٨٦- مانگای نیە بمژێ مێردی نیە بیکوژێ
خۆی کردە کوێخا لە خەرمانی کەژێ

٨٧- مانگا و ماکەرماڵ ئـــــــاواکەر
ژن مەکرباز بوو پیاوی قوڕ بەسەر

٨٨- مانگا شەو سەر لـــــە ئێوارە دیارە
باش بێ و خراپ بێ ئەوە ئەو کارە

٨٩- مانگی شەرمێتی بەلاّم بێ شـــەرمە
ئاخری خێر بێت کە دڵەکەی گەرمە

٩٠- مایەوە پیر و قەل و بـــــــرازا
تەمەنی ڕۆی و لەحەد تــــرازا

٩١- مایەی بوو بەمایەی پیاز فرۆش
بنمایەو قازانج هەردوکی تۆ خۆش

٩٢- مەتی تەشی ڕێس بێ دڵنیات دەکەم
بەکێری کەریش دەیرێسێ تەشیەکەم

٩٣- مەتی تەمایی نەبووهەر شوو بکات
کەچی وا داوای هەشت یەك ئەکات

٩٤- مەتی نە ئەترِی بە زۆرتڕاند یان
ئیشی ئەو نەبوو بە ئەو کردیـــان

٩٥- مەتیلی ناویان هەر نە ئە بــــــرد
ئەچوو بۆ سەر ڕێگا گوی ئەکـــرد

٩٦- مەچۆرە ژێر داری شکـــــــــــستە
ئەو ئیشەش مەکە کەبۆت نوشستە

٩٧- محکەمە ماڵی باوکی کەس نی یە
گێلە نازانێ ئیشی خۆی چی یــــە

٩٨- مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی
لە سەر تاوانی هەڵواسین بوو بۆی

٩٩- مەڕبەڕێگای خۆی گورگ بەڕێگای خۆی
مەڕ بێ تاوانە گەرگورگ نە یە بۆی

١٠٠- مەڕپێ لەبەرخی خۆی هەرگیزنانێ
گەر لە بەرخی بوو بەم ەڕی نابێ

١٠١- مەردەیش مەترۆ زۆرعاجبــاتی یە
هاشەو هوشەكەی كابرا كاتی یە

١٠٢- مەڕلەگەڵ دوركەوت گورگ ئە یخوات
هیچ چارەی نیە بەو دەردەی ئەڕوات

١٠٣- مەڕوبزن ڕۆن ئەكەن ژن خۆی ڕاوەشان
كرداری چە پەڵت منی داوە شـــــان

١٠٤- مەڕو گورگ پێكەوە ئاو ئەخواتەوە
ئەگەر عەدالەت ئاوڕێـــك داتەوە

١٠٥- مەرەزە دێمی و پاراو كەمـــــاو ولۆ
لەبەرچی ئەكرێ فەرقی من و تۆ

١٠٦- مەرحەبای ئاغاش وایە كە زۆر جار
گەوجی خەڵكانە دروست بوو زۆردار

١٠٧- مەرد بەكێشانە نیە بیزانـــــــی
لەكاتی كۆسما ئەیڵێی گۆرانـــــی

١٠٨- مەرد بنوو لـــــەسەر بەردان بنوو
ئـــــــەزانی هەژارم مەیگرە بیانوو

**١٠٩- مەردی هۆشیار و وریـــا و ئاگــادار**
**دەست بەكونێكا ناكات قەت دووجار**

**١١٠- مەرگ لەگەڵ هاوالآن چەژنەوە خۆشە**
**بەبێ پاڵ كەوتووە ئەوەی سەرخۆشە**

**١١١- مەڕوا نە سەری تـاســــــی ئاوایە**
**بڕوانە بەختی خاسی كــــــەوایە**

**١١٢- مەزهەب چوارە نوێژ پێنجەمـــــە**
**خۆشترین ژیان كاتی گەنجیـــمە**

**١١٣- مەزەب یەك بوو كوتـــــەك دوو**
**مەگری بۆ بەخت كــــــەنەت بوو**

**١١٤- مەشكەی مانگاساڵێ لەدارەساڵێ لەخوارە**
**خۆزگە مەخوازە بەوەی بێ كـــارە**

**١١٥- مەقاشێ كەبوو دەست مەسوتێنە**
**خۆت مەكە پردی ناكەس واز بێنە**

**١١٦- مەكەوەرە سەر سەمەنی كێـــرت**
**جلە شڕی خۆت بهاوە ژێـــــرت**

**١١٧- مەكر لەژنان خەتەرە لەشەیتان**
**زووتێرم خواردوە لە قوربان قوربان**

**١١٨- مەگــــــەر هەرخاك لێــــم ببیستێت**
**بەهیچ کـــــەس ناڵێم کە کامەیە جێت**

**١١٩- مەل بەباڵێ نافــــڕێ گیا نـــــەکەم**
**خەتای من چـــــی یە بۆ هەرا نەکـەم**

**١٢٠- ماڵی موفـــت قازی مەراغیش ئەیخوات**
**کـــــەتندەر کەتنی خۆی بدا ئـەڕوات**

**١٢١- ماڵیان کردە ماڵێك خەلەیان کـردەچاڵێك**
**بناغەی ئاشتی دانرا بۆ ساڵێـــــك**

**١٢٢- ماڵێکی ئاوەدان لەسەدماڵێ چۆڵ باشترەلام**
**زۆرن دێنە لات تەنهـــا بۆ مـــــەرام**

**١٢٣- مـــــــەکە شێ ئەزانی ئەت خوات**
**ئەو جۆرە کـــــارە لــەپێشت ئەخات**

**١٢٤- مەڕ بەڕێگای خۆی گـورگ بەڕێگای خۆی**
**ملی ڕێ ئەگرێ و هەرکـــەس کاری خۆی**

**١٢٥- مەڕپێ لەبەرخــــی خۆی هەرگیز نانێ**
**چاوت شـــۆڕ مـــــەکە بۆ هەر ئەربابێ**

**١٢٦- مەڕ لەگەل دورکەوت گورگ ئەیخــوات**
**ناکرێ تە ماشای هێنانی خــــەڵات**

١٢٧- مەردی هۆشیار دەست بەکونێکا ناکا دووجار
زانا دەرباز بـــوو نەزانە بوو گرفتار

١٢٨- مەرگ لەگـــەڵ هاوەڵان چەژنە و شادی یە
خۆشترین ژیان بۆ ژین هـــەر ئازادی یە

١٢٩- مەڕوانە سەری تاس بڕوانە بەختی خاس
هەمووکەس خۆی بە پیاوزانی لەناو کراس

١٣٠- مەڕی بێ شوان ئەبێ گورگ بیــخوات
ئەگەر شوانەکەی چاو دێری نەکـــات

١٣١- مەشکەی مانگاساڵێ لەدارە ساڵێ لە خوارە
بێ کاریش دەردە و ئێشـــــە و ئازارە

١٣٢- مەل بەباڵێ نافڕێ گیانـــــــەکەم
کە خەتام نییە بۆ هەرا نە کــــەم

١٣٣- مەکر لە ژنان خەندە لــــە شەیتان
زوو تێرم خوارد لە قوربـــان قوربان

١٣٤- مەل هەیە کەوا گۆشتی ئەخـــورێت
مەلیش هەس کەوا گۆشتی پێ ئەدرێت

١٣٥- مەلا گوێ بگرە ئا ئەمە ئـــاردە
تازە ئەزانم هەناســـــەم سەردە

١٣٦- مەلا بەزێنە کەس نــــاکات چارەی
ئێستاکە زانیم فیتنەی ئەم شارەی

١٣٧- مەلا موساش ڕازی نەبووە لێـــی
ئێستاش نازانم کامە شوێن وجێی

١٣٨- مەلا مەلا یت بنێ بەتــــــاقۆ
بنیشە وەلای گەمە و مەزاقـــۆ

١٣٩- مەلای ماوەڕانیش نایباتــە دواوە
چ لەگەڵ ئەکرێ کاری تــەواوە

١٤٠- مەلایەتی ئاسانە ژێربوون چ گرانە
نانێ نانێکە کـــەوا لە خوانە

١٤١- مەلەی چۆلەکە نیشانــەی باران
ئاقڵ تێ دەگا لە ڕووداوەکـان

١٤٢- مەلەکە دۆم کرایە حاکـم باشی
لە پێشدا سەری دایکی خۆی تاشی

١٤٣- مەلکە مەنایی من ئەکا بە دڵـی
خۆشی ووشکە ڕن ئەکا لەگڵــی

١٤٤- مەلە چەك پەنا ئەباتە بەربنچاك
سەری دانەوان کەوتە بە رکوچەك

١٤٥- مەمرە مەو مەژی بۆ خۆی ئـــــەژی
دوورە پەرێزە وەك تەیری كـــەژی

١٤٦- مەم شۆ بەگواوی خاسیەتی دوایم ناوێ
وازم لێ بێنە ڕەحەت بم تـــــاوێ

١٤٧- مەمكە بە كەڵە شێری زەمـــــــاوەند
خۆی نە گۆڕاوە بەگەورەی هەمەوەند

١٤٨- مەن كە پڕ بوو دیارە لێی ئـــــەڕژێ
ژنی باش خەمی پیاوی ئەی نێژێ

١٤٩- مەنا مەنی منی ئەكرد كە چی خۆی
ووشكە ڕنی ئەكرد لە ترسی خۆی

١٥٠- مە نجەڵ قوپاوە بوو بە مە نجەڵۆكە
ئاغا ژن پیر بوو بوو بە جنۆكــــــە

١٥١- مە نجەڵ خلە خل خۆی خل كـــــردەوە
هەتا سەر قاپی خۆی دۆزیـــــــیەوە

١٥٢- مەنزڵ كەسی پاك بە پاكی ئەی بڕێ
دەس نوێژیش ئەشكێ بەووشكە ترشێ.

١٥٣- مەی لەمەی خانەوكەباب لەكەباب خانە
نرخی هەر دووكیان لای بخــــــۆریانە

١٥٤- مەیدان مشك نەیخواردووە كاكە
بچۆ جێ یە تر شوێنێ پەیـــداكە

١٥٥- مەیكوتە جەوتە بێ سودە هەوڵت
بۆچ واز ناهێنی كێچ چووە كەوڵت.

١٥٦- مەیموون جوان بوو ئاوڵەشی دەركرد
ئەوەندەی تر خـۆی نا شیرین كرد

١٥٧- مەیموون كە قنگی گەرم بوو سووتـا
بەچكەی ئەخاتە ژێر ی لە عەزرەتـا.

١٥٨- مەیموون وگوڵەسووركردیان دەست بـازی
مەیموون بەگوڵە سوور نە ئە بوو ڕازی

١٥٩- مرد و شەیتان وازی لێ دێـــنێت
بـــەڵام زیندوان ناویان ئە هێنێ.

١٦٠- مردوو شۆر بە حەقــی خۆی گەیشت
مردووی گۆڕ بەگۆڕ لە سەری دانیشت.

١٦١- مردن بۆ ژیان نەك ژیان بۆ مـردن
لەهەڵەی نەزان كەڵك وەرگرتـــن

١٦٢- مردن كەری دەرماڵە لە هەموو مـاڵە
خۆشەویستی منالێ تەنها بە قـاڵە

**١٦٣- مردن لەگەڵ هـــــاوەڵان چەژنە**
**کردەوەی مەزن لەکــــەسی مەزنە**

**١٦٤- مردن مردنــە لنگە فرە بۆ چی؟**
**سڵ ئەکا لەسەگ کەسانی چەرچی**

**١٦٥- مردن هەر جــارێك ئەبڕێتەوە**
**قسەی نا خۆشیش ئەو ترێتەوە**

**١٦٦- مردنی پێشینانده نا یکات وازی**
**تابە لە رزو تـای گیان ببێ ڕازی**

**١٦٧- مردنی مەردی باشترە لەئەسیری**
**خۆت مەفرۆشە هەرچەند فەقیری**

**١٦٨- مردوو کوشتن نیشانەی نا پیاوییە**
**چەقەڵ کەی دۆستی قەل ومراوییە**

**١٦٩- مردوو لەمە پاکتر ناشۆرێ دیارە**
**قوڕ بەسەر ئەوەی کە هاوڕێ مارە**

**١٧٠- مردوو بەبێ کەس لەوێ کەوتووە**
**بۆڕە بۆڕەیشی بەزیندوو خستووە**

**١٧١- مردوو مردووە وەسێت با بــردی**
**لەگەڵ نامەردا چی ئەکەی کردی**

١٧٢- مردوو زیندو و بە ئاو پاك ئەبێتەوە
شەو دەیجوریش بـــێ ئەبڕێتەوە
١٧٣- مردووی ئەسفەهان نا برێتە كاشان
ئەگەر بردیشت ئــــەبی پەشیمان
١٧٤- مردوو بێ كفن لەماڵ دەر نـــاچێ
گە زاف و درۆ هیچی تێ نـــاچێ
١٧٥- مردووی پار هاوینێ مــــــردووە
ئەم ساڵ پایزە شینی بۆ بەستووە
١٧٦- مردووی خەڵك بـــــاراشی ئاشە
گوتەی سەنەدە و وەك پارەی كاشە
١٧٧- مردووی بەشی زیندو و خـــۆرە
خۆی حەزیەتی لەم چەرمـەسەرە
١٨٠- مردو و زیندووی پێكۆ نا قــەبرێ
ئیتر نازانم چ كەڵكێ ئەگــرێ
١٧٨- مێروچە چەس تا گازی هـــەبێ
گومان لەوە كەن خەریك چپە بێ
١٧٩- مریشك كاتێ كە ئاو ئەخواتەوە
ئەبێ سەری بۆ سەر بەرز كاتەوە

١٨٠- مریشك دوعای کرد خاوەن ماڵ مریّ
بەڵکو لەبرنجی پرسەکەی تێربیّ
سەگیش دوعای کرد کە شایی بکریّ
بەڵکو گرتگی شایی پـــیّ بدریّ

١٨١- مریشك باری خست نیشانەی میوان
کەدێتە ماڵی خاوەن مر ئـــاسان

١٨٢- مریشك تەنگاوی هێلکە کردن بیّ
لەسەر بەرد ئەیکا هێلکەشی بشکیّ

١٨٣- مریشك ئەگەرخۆی خۆڵ نەکابەسەریا
کەس خۆڵی بۆ ناکــریّ بە سەریا

١٨٤- مریشك خەوی بەچاڵە گەنمەوە دی
وەختیّ ڕا پەڕی کـــەوتە دەم ڕێوی

١٨٥- مریشك لاسای قـــــازی کردەوە
قنگیشی دڕاو گرەوی نەبـــــردەوە

١٨٦- مریشك لـــــەدانە وێڵە سڵ ناکات
ئیتر نازانم چۆن بوو کە نەهـــات

١٨٧- مریشك هەم هێلکە ئەکات هەم ریقنە
بێزاریم لـــــە مەکری ژنی جیقنە

**١٨٨- مریشکی ڕەش هێلکەی سپی کرد**
**باوکی نامەردە و ئەولادەکەی مەرد**

**١٨٩- مریشکێـــکی هێلکە کەرو باش**
**باشتر لەگایە کە جووت نەکاباش**

**١٩٠- مزگەوت بێ مەلا بانگی تیانادرێ**
**کەمەلا نەبوو مزگەوت بۆ کرێ**

**١٩١- مزگەوت ڕووخاوە میحرابی ماوە**
**ئاقیبەتی خێر پاشکۆی قوڕاوە**

**١٩٢- مزگەوتی کەر خۆڵە کـــــەوەیە**
**خۆی هەڵیبژارد حەزی لـــەوەیە**

**١٩٣- مزگێنی هێلکە هەر پەمـــوانەیە**
**زۆرە خەریکی ئەو کـــــارانەیە**

**١٩٤- مژدەی شیرینی لــــــە بنی دایە**
**شیرینی دەردی دڵ وەکـو حەڵوایە**

**١٩٥- مژو مۆر چاو ساغـــــی کوێران**
**نازانم کوێران لـــە وەبە ئاگان**

**١٩٦- مشتەکۆڵە لە دەروێش ئەگەڕێتەوە**
**دەروێش کەر نەبێ ئە چـەمێتەوە**

١٩٧- مسقاڵەگۆشت لەسەد شاهید باشتر
تەنوور گەرم تر بووە لە ئاگر

١٩٨- مشتەری ئێواران یا دز یا حیزە
لێت تێگەیوم بەس یە ئەم ڕێزە

١٩٩- مشتەری هەمانە منـــی کوشتووە
بەقەزا و قەدەر خوێنی ڕشتووە

٢٠٠- مشتەری ناوەتە ناو هەمانەوە
مودەعی دیارە و وابە و بانەوە

٢٠١- مشتێك نمـــوونەی خەروارێکە
هەر خێڵە حەزی لە هـــەوارێکە

٢٠٢- مشك لەماڵیا کلکی چەور نابێ
ئیتر نازانم بۆ ئاقڵ نابـــێ

٢٠٣- مشك لە هەمانە زەرەری پێ ناگا
هەمانە لەمشك زەرەری پێ ئەگا

٢٠٤- مشکی کوێرلەماڵیا نان نافرێنێ
ئیتر چۆن لەحەقی واز ئەهێنێ

٢٠٥- مل لە چەقۆ ئەسوێ بۆ نانێ
نازانم عزت لە کویایە و کوانێ

٢٠٦- مڵك گورگ نە خۆر و دز نە بەرە
پاسی لێ مەکە و باخێ بە بەرە

٢٠٧- ملی بـــە نۆ تەور نا بڕێتەوە
وەکو مالۆسە ئە ســـوڕێتەوە

٢٠٨- من ئاغا بم تۆش هەر ئاغا
پێم ناڵێی کێ جێمان بۆ ڕاخا

٢٠٩- من ئەڵم سیرە ئـەو ە ئەڵێ پیاز
کەسمان لە کەسمان ناگەینە نیاز

٢١٠- من ئەڵێم نێرە ئەو ئەڵێ بیدۆشە
لەیەك تێناگەین حاڵمان زۆر خۆشە

٢١١- من بۆ تـــۆمە تۆش وا مردوو
تۆ بۆ من دیارە هیـچ نەگرتوو

٢١٢- من بۆ تۆمـــەئەی تۆ بۆ کێتە
ئەوە کارت بێ ئەو شوێنە جێتە

٢١٣- من بۆم دانا ناو ئەو بۆی دانام داو
من کردومە پیاو بۆی نەکردم حساو

٢١٤- من بەرزت ئەکەم خودا بیباتەوە
تەوقی عەزازی و لێمت کاتــەوە

٢١٥- من بووم بە تۆ بوو یت بە من
من بووم بە جن تۆ بووی بە ژن

٢١٦- من بێژنگ نەبووم ما منالّەکانم
کەچی لەتینوا کوێر بوو چاوانم

٢١٧- من چی ئەڵێم تەنوور چی ئەڵێ
توتکە چەند ڕەنگە دایك هەر دەڵێ

٢١٨- من زوو لە فیکەی خۆم گەیشتم
هەموو هەواڵت گەیشتە مشتـــم

٢١٩- من بە ئاگرێ گەش نەبـــمەوە
بۆ بە دوکەڵی ڕەش ببمـــــەوە

٢٢٠- من کەڕازی بووم بە نانی جەو
سەری خاقان بە قنگی خەسرەو

٢٢١- من کردم بە داماوی و کزە کز
ئەو بە زۆر بردی و بەزەبری کوز

٢٢٢- من لە ئاش هاتمەوە تــــەواو
ئەو ئەڵێ نۆرەت نیە چ حساو

٢٢٣- من مردوو تۆ زیند و بۆ ئاگاداری
سەر ناگرێ ئیشی و ناڕوا بەزاری

٢٢٤- من منم تۆ کێی لە کوێوە هاتی
بە درۆ و دەلەسە نابێ نە جاتی

٢٢٥- منالْ لە منالْی دیارە کـــە چۆنە
پیاو کردە کار ناو چاوی مۆنە

٢٢٦- مو ئەقلْیشێنی ئەمەند وەستایە
لە هەموو کـــــاریْ زۆر شارەزایە

٢٢٧- موو بە بەینانا ناچێ ئەو دوانە
ئاخری خەیر بێ لەو کردارییانە

٢٢٨- موو و ماست لێك ئەکاتەوە بۆم
ئینکار پێی عەییە بلْێ هەلْە خۆم

٢٢٩- مورووی کوندارە پەکی نـــا کەوێ
چون ئیسراحەتە بۆ خەوی شەوێ

٢٣٠- مورووی مالْ ئاوسێ ئەگەر بدزرێ
مەگەر هەر بە شەو لەگەردەن کرێ

٢٣١- مووچەکەمان یەك ڕوبە داڕووجان
حالْمان خۆش ئەبێ لەکاتی خەرمان

٢٣٢- مووی سپی قەلْغانی ڕووی ڕەشی پیرە
نامەردە ئـــەو پیرە بەوە ڕوو گیرە

٢٣٣- موویەك لەم مستەم بۆ هەڵ بکەنە
ئەوسا کە پەڵپ بگرە لـــەم پەنە

٢٣٤- موویەك لەبەرازکەیتەوە هەرباشە
دڵم زۆر خۆشە بەو گۆبـــەن ئاشە

٢٣٥- موودەی بەسەر چووە و نـــــــازانیٚ
دەمی کردەوە بۆ لە تە نانــــــــیٚ

٢٣٦- مۆم گووتی بسوتیٚم نەك بتویٚمەوە
لەژێر پێی نامـــەرد بپلیشێمەوە

٢٣٧- مۆم دا ئەگیرسیٚ بەلاٚم ناســـوتیٚ
قەوزە لـــە چڵەی ئاو ئە گیرسـیٚ

٢٣٨- میێخ زنجیر با ئەی با لە سـەر
کرۆکە کە ماین ئەهێنێتـــە بەر

٢٣٩- مێخی دوو جـــاخ ناچیٚ بە زەویدا
ئەوەی ئەتوانیٚ بەردێکی پیـــادا

٢٤٠- میراتی کەرە لە بۆ کـــــــەمتیارە
ئەو گۆشتی گەنیو ئەخوا هەر جارە

٢٤١- میر بوو کە سوار بوو دیارە کە دیارە
کاتیٚ دابەزی گووتەی وەك مــارە

٢٤٢- میری درایە دۆم پێشا دایکی خۆی گا
گورگ کە حاکم بوو مەڕ بۆ دادگا

٢٤٣- میزی کەف ناگرێ ئەمـەندە سسە
دەنگی تڕ کە دێت پالێ نەری تسە

٢٤٤- مێش پیس نیە دلێ تێك هەلێ ئەدا
دەوران پادشا ئەکـــات بەگەدا

٢٤٥- مێش لە دەمی خــۆی دەر ناکا
چاوەڕێ ی چی لێ بکەی بۆ چاکە

٢٤٦- مێشکی نەزان ئەشکەوتی شەیتان
فریای نەکەوی بەلاَیە بۆ گیان

٢٤٧- مێشولە بە کۆمەلێ فیل یەخ ئەدەن
هەر بە یەکیەتی خۆیان سەرخەن

٢٤٨- مێشێك میـــوانی نابێت ئەزانم
بۆ هەر بە لاَیە بۆ من قەلغانم

٢٤٩- میوان ئازیزە مـــالێ ئازیز ترە
سەیرە کە دۆستی چایـــی شەکرە

٢٥٠- میوان بە خۆلکی خانە خویێ بەندە
ئیتر نازانێ نیازی تـــا چەندە

٢٥١- میوان بە دیاریەوە دیارە بزانە
دیاری گوڵێکەو لە دەست میوانە

٢٥٢- میوان بووە بە جەژنی خانە خوێ
هیچ کەس نازانێ خێر والە کوێ

٢٥٣- میوانە دیـــاری خودایە بۆ ماڵ
ڕزقی خۆی هەیەو ڕزقێکی حەڵاڵ

٢٥٤- میوان کەری خانە خوێیـــــەتی
ئەمەش دەردێکە و ڕووعیلاجیەتی

٢٥٥- میوان لە میوانی خۆشی نـــایێ
خانە خوێش دیارە لە هەردوو لایێ

٢٥٦- میوان نان ئەخـــۆی بۆ ڕەزیلە
چاوی شۆڕ ئەکا هەر وەکو دیلە

٢٥٧- میوان و خانەخوێ کەبووە شەڕیان
چارەی میوان هەڵهاتن و ڕاونان

٢٥٨- میوان جار جارە و یان یارە یارە
شیرین ترین شت جوانی کردارە

٢٥٩- میوانی درەنگ گلەیی لەسەرخۆیی
وەك خاوەن ماڵە چی دانرا بۆی

**٢٦٠- میوانی ساتێ و جا سوسی ساڵێ**

**نا مەردە قسەی دەرکرد لە ماڵێ**

**٢٦١- میوان لۆتی خانە خوێ دەرچوو**

**دەهۆڵی لێدا پاشان کە تێر بوو**

**٢٦٢- مێوژە ڕەشە هـــــەر چەندە ڕەشە**

**شیرینە لە دڵ چون تامی خۆشە**

**٢٦٣- مەلا درەنگە مەم خەڵەتـــێنە**

**کوڕ م بکە بە مەلا و وازم لێبێنە**

**٢٦٤- میوەی نەگەیوو نا خورێ تاڵە**

**گاڵتە و گەف مەکە لەگەڵ منالا**

**٢٦٥- میوان سەگی هاهایە هەویر شلەوسی تیایە**

**ناخــــــۆشە خانە خوێ بیری وە هایە**

.

## پیتی «ن» ١٢٦پەند

١- نان کە لەت بوو بەیەکەوە نانوسێ
سرت مەخە ژێر چنگی گشت کەسێ

٢- نان و تف ئەخوات ئەمەندە ڕەزیلە
پارەی گیرفاننی دامـــــاو و دیلە

٣- نان وپیازیش بێ بە قات و نیاز بێ
بەس لەم کردەوەت من دەربازم بێ

٤- نان و نمەکیان پێکەوە خـوار دووە
بۆیە ئەمەندە یەکیان وویستـووە

٥- نان نانی گەنم و دین دینی محەمەد
خودا پەنامان‌دا لە دەسی کاری بەد

٦- نانت نەبێ لە تەشتـــــی خۆت
کوڕت نەبێ لە کۆشـــــی خۆت
تەمات نەبێ بە کـــەسی خۆت.
پشت و پەنات هەر خوا بێ بۆت

٧- نانت جۆیی و خوڵکت گەنمیی بێ
مەردی کە دیارە تەنگانە هەبێ

٨- نانت جۆیی و بێ ولەبن ماڵی خۆت
هیچ خراپە کاری نەگرێ ئەستۆت

**٩- نانت لە خوانە خزمت لە دەورانە**

**سپڵـــەیە خەریك سفرە دڕانە**

**١٠- نانەكەش ئەخوا و سفرە شی دڕی**

**پاش پیاوەتی پیاما هەڵـوەڕی**

**١١- نانی بە ئاوا ناگـــات داماوە**

**سیا ساڵیەتی و بەختی نەماوە**

**١٢- نانی پاڵەوان هەر كەسێ خواردی**

**ئەبێ زۆرانی بگرێ لە عـاردی**

**١٣- نانی جۆ ئەخوات تـڕی پاقلاوا**

**پیاوێ كەر نەبێ چۆن كاری ئاوا**

**١٤- نان و جۆ لەگەڵ جامێ دۆی ترش**

**هیناومە ئەخۆی بخۆ ناخۆی چش**

**١٥- نانی جۆبێ زەحمەت دەست ناكەوێت**

**چما گەنم بێ و دەستت بكـەوێت**

**١٦- نانی جۆ و بخۆ لـــەماڵی گاور**

**بنووە و بكەوە لە گوێی ئـــاور**

**١٧- نانی خۆی لەسەرسفرەی خەڵك ئەخوا**

**خەڵكیش بێ منەت سەیری نانیەكا**

١٨- نانی دراو پینە ئەکـــات بۆم
ئەڵێ هێشتا باشترش لــە تۆم

١٩- نانی شوان چ لە هورِی چ لەتوری
شوانیش برسیە ئەبێ مەجبووری

٢٠- نانی گاورت خوارد سلاَوات لەدیاری
نمەك سوێر مەبە لەبەر کرداری

٢١- نانی کەوتە رِۆن بەلاَم نازانێ
کـــەرە ئەی برِێ کاتێ ئەزانێ

٢٢- نانی نامەردلەسکی مەردا نامێنێ
ئەزانێ رِۆژێ کە رِووی ئەشکێنێ

٢٣- نان نانی من و گۆزەڵـــەی کانی
خۆشە میوانی هەی لە میوانـــی

٢٤- نانی مێردان لە مێردان قەرزە
رِێز لە پیاوی چاك کارێکی فەرزە

٢٥- نانی نیە ئەمەندە بێ حـــــەیا
گەیشتە هەرکەس زەم یەکی ئەکا

٢٦- نانی نانیە و چاوانـــی ئە رِێژێ
حەزیە هەموو رِۆژ کورِێ بنێژێ

٢٧- نانی هاری گرتووە بە دەمـــەوە
پێم ناڵێی کەتۆ چەت بەسەرمەوە

٢٨- نانێکم خواردووە من بە ڕۆنەوە
بەوە فام ئەڕۆم بۆ ئەو شوێنەوە

٢٩- نانێکم خـــــواردووە بەو ڕۆنەوە
هەموو ڕۆژ دەڕوا وا بەو بۆنەوە

٣٠- ناوبژی کەر دڵـــی فراوانە دایم
لە تانە دانی خەڵکی چاو قایم

٣١- ناوکی خست بۆیان گـــــرتەوە
هەموو گرەوی ژیانـــــی بردەوە

٣٢- ناو نیشـــــانی پەڵە هەورە کەس
گووتەی ڕاستیم نا داتـــــە دەس

٣٣- ناوی بکەنە کۆر کـــــۆرەی ئاشا
هەزار جار هات مەیکەن تە ماشا

٣٤- ناوی خۆی بیستەوە خۆی لێ گۆڕا
پیاو هێندە کەر بێ ئاخری دۆڕا

٣٥- ناوی سەگ براچیێوێ بگرە دەست
زۆرە قە پاڵەی ئەگرێ بەمەبەست

٣٦- ناوی شات هێنا قـــاڵیەك ڕاخە
زکـــــری دەروێشان لەدەور بەیداخە

٣٧- ناوی گـــــەورەیە و دێیەکی وێران
زۆرن ئەوانەی لە خۆیان گـــۆڕان

٣٨- ناوی گورگ برا گـــــورگ بووحازر
ئاغا مردووە تەنها خـــــودا شوکر

٣٩- ناوی هــــــەیە و ناوکی هەر نییە
سڕی مـــــــەکرزان هەڵە گەڕییە

٤٠- نە ئاگـــــــر بێ و نەهاواری گۆڕان
زۆرە کــــــــە گیرە بەدەستی دەوران

٤١- نە ئاگر و نە دوو هیچ نابـــن پشوو
گووتـــــەی ژیانی ئاقڵی سەردەم بوو

٤٢- نەئەرز قوتی دام نەئاسمان هەڵیکێشام
لە ڕوو زەردیم بوو کە تەنها هەڵسام

٤٣- نە ئەوەندە تاڵ بە کــــە فڕێت بدەن
نە ئەوەندەش شیرین بە کە قوتت بدەن

٤٤- نە ئەوەندە ووشك بە کـەبشکێنرێیت
نە ئەوەندە تەڕ بە کە بگوشێنـــــرێیت.

٤٥- نە بۆ کوێر هەڵپەڕە نەبۆ پیاوی کەڕ
گۆرانی بڵێ ی خۆت کە کـــوێر و کەڕ

٤٦- نــــە بازاڕی چۆڵ نە شایی بێ دەهۆڵ
لە کاتی بەفر ئاو تێی کەی سەهۆڵ

٤٧- نە بای دیوە و نە باران کـــوێخام
وەختـــی لێقەومان ئەزانرێ مەرام

٤٨- نەبە پێکەنینی زاڵم باوەڕبــکە بۆم
نە بە خۆشی زستان و پۆشتەیی دۆم

٤٩- نەبەرگ بۆ کـوێرنە خواردن بۆ تێر
نەخۆت لە بێ دەسەڵات بکەی وەشێر

٥٠- نە بخۆیت ونەبکەی تەماشای گەردنی کەی
لە چاکەی بەو لاوە باسی چی ئەکـــەی

٥١- نەبم شۆ بە گواوێ نەبم خەرە سەر چاوێ
لێم عاسی مەبە و گوێم لێ بگرە تاوێ

٥٢- نە بێژە عەرەب کاکە مەر حـــــــەبا
هەم ئەمخوات و هەم ئەشـــــــم با

٥٣- نە پێت هەڵکەوێ لە مێخ نە بچۆ لای شێخ
نە زمانت لە خەڵك تیژکە وەکـــو تێغ

٥٤- نە پێڵاوی تەنگ نەخانەی بەجەنگ
نە مەلە کردن لە ناو ئــاوی مەنگ

٥٥- نێری لە نێری هەڵدێت لــەم ناوە
دەورێکی پیسە سەری هــــــەڵداوە

٥٦- نەترە دەنگی بێ نە تسە بۆنی بێ
ئەبێ بــۆنی ئەو لە بۆ من چی بێ

٥٧- نەتوتنی جێی میز نە کچی دایك حیز
قورئـان خۆرە ماڵت ئەخواهەر بەڕیز

٥٨- نە خانەی سەرشیر نە ئاغا کچەتیوو
نە مامەڵە کردن بە میوەی گەنیوو

٥٩- نە خەسووم هەیە بکوژێ ئارەزووم
نە گوڵم هەیــە بیمژێ عـــەدووم

٦٠- نەدەرزی یە بشکێ نە دەزووە بپڕێ
حسابی بۆ ناکرێ و وەکو کەر ئەتڕێ

٦١- نەڕەنج بۆ ناکەس نەشین بۆ مردوو
خۆت مەکە تێکەڵ کەسی بێ ئابڕو

٦٢- نە ڕێسراوەنەچنراوەتەقەی دێت لەدواوە
قسەت نەکرد کاتی کردت زامی کولاوە

٦٣- نە ژنی نزیك باوان نەگوێرەكەی نزیك ئاوەدان
نە ماڵی فرە كــــوێخا ونەمەڕی بێ شوان

٦٤- نەشێ ماین لەدۆڵێك ئەشێ ژن لەمۆڵێك
ئەشێ بێـــــوەژن بچێ تە سەر دۆڵێــك

٦٥- نە سەربانی لێژ نەبان گوشـــــی گێژ
نە بە خشندەیی كە بیكات ســــەر ڕێژ

٦٦- نەسەلكی سیری نە قنچـــكی پیازی
پێم ناڵێی بەچی خۆتـــــا ئەنازی

٦٧- نەسەری بێ ماڵ نە ماڵـــی بێ سەر
نە هاوسێیەتی لەگـــەڵ پیاوی كەر

٦٨- نە سێبەری بەردان نە بە قایی میــردان
نەخەوتن لە بن ئەشكەوتی هــەردان

٦٩- نەسیر و نە پیاز نە پیـاوی واس واس
نــە هاوڕێی زۆر بڵێ ســـەرت بكا كاس

٧٠- نە شەیتان ببینە و نەعەعوز و بیلا بكە
نە كەسی نەوسن بە ماڵت فێـــــركە

٧١- نە شەیتان بگێ و نە شەیتـــان بتگێ
نە سەرت داخە بەرامبەر هیچ كــەسێ

٧٢- نە شیش بسوتیّ و نە كـــەباب باشە
هەندیّ خەریكی چەقــــەنە و ئاشە

٧٣- نەشێن بۆ بێكەس نە ڕەنج بۆ تاكەكەس
لە هیچیان پاداشتت ناگـــاتەوە دەس

٧٤- نە كەر بگیّ و نە كەر بتگیّ واچـــاكە
خۆ لادان لێیشی كردەوەی پاكــــە

٧٥- نە كەولّ ئەبیّ و ئەكریّ بە پۆســــت
نە دوژمن دڵی بۆ تۆیە وەك دۆســــت

٧٦- نە كرد و نە خواردی سمێڵان مــــەیی
ناخۆشە لە لام ووشەی گلەیــــــی

٧٧- نە كوتەك لەگەڵ ئاغایان هــــەڵگرە
نە لای شەڕ یش لە مەلایان بگـــــرە

٧٨- نە كوندە نزیك ئاوان نە ژنی نزیك باوان
خێر نادەنەوە چوون ئەگەر ئـــاوەهان

٧٩- نە گورگ خــــــــۆرە و نە دز بەرە
ئەمەن دامــــــــاوە ئەو قوڕ بەسەرە

٨٠- نە گوللەی هەیــــــــەو نە باڕووت
ماڵێكـــــــــی هەیە كە ڕەق و ڕووت

٨١- نە گوڵی گەنمەو نەچەقچەقەی ئاش
خۆی ماندو و ئەکات بە هیچ و بەلاش

٨٢- نە ماڵی لەسەر شیوو نە ژن کچەتیوو
خێر نادەنەوە وەك میوەی گـــەنیوو

٨٣- نە ماڵی هەیە ڕەحممان پێ بکاکاکەم
نە دینی هەیە شەیتان پەیـــــاکەم

٨٤- نە هاواری گـۆران نە سۆفیەتی ژنان
چونکە حازرن بۆ تۆبە شکـــــــان

٨٥- نە ڕەشێتی ماش نە پێڵاوی بـــاش
بوومە تەرە ساز پاشی تـــەڕەماش

٨٦- نە هێندە تاڵ بە کـە فڕێت بدەن
نە هێندە شیرین کە قوتــت بدەن

٨٧- نە بوونی شورەیی نییە دەردی خودایە
ئەوکـەسە مەردە شوکری خودایە

٨٨- نە خۆشە شەکـر و شیری پێ خۆشە
گەر بەدڵت کرد دڵی پێ خـــــۆشە

٨٩- نەخشی ڕووی ئاو زۆر زوو تێك ئەچێ
کەسی بێ دەرماڵ زۆر زوو هەڵ ئەچێ

٩٠- نەدار ئەبێتە ماشە نە كەر ئەبێتە پاشا
لە كردەی خراپ زوو بیكـــــە حاشا.

٩١- نە دار و نە پەردوو نەعلەت بێ لەهەردوو
قسەی لەزار هات یەكسەر ئەڵـێ گوو

٩٢- ندی و بدی بوو منداڵێكـــــــیان بوو
گوون و كێریان بڕی زوو بـــــە زوو

٩٣- نەرمۆكەی بن كا ئاگری بەر دایە دنیایە
كەس تێ ناگات بۆ دڵی ئاوایـــــــە

٩٤- نەزان بە پێ یەك بزان بـــە دوو پێ
ئەكەوێتە چاڵ و تیایا وون ئەبـــێ

٩٥- نەزمـــــــێ ئەزانێ ئەویش سێ پێی
هەرچەند هەوڵی دا ئەو پێـی نەگەیی

٩٦- نە فس كە گیرا ئەوا مشتـــــێكە
مەرە خەسی كەی پـــــڕی دەشتێكە

٩٧- نەكردە كاری نەبەی بۆ كـــــاری
گەر كاریشی كرد ئەدا خەســـــاری

٩٨- نەقڵی كفر كفر نیە ئـــــــازیزم
هەر خودا دەزانێ من كە چەند زیزم

٩٩- نە کردە کـــاران مەبەن بۆ کاران
ئەیان بەن بۆ کار مەیاندەن کاران

١٠٠- نەگبەتی باشە قـــۆرتی خراوە
کاتی تەنگانە برات حســـــاوە

١٠١- ئەڵێن کوا ماڵت ناڵێن کوا قەبرت
لە خۆت مەگۆڕێ کە هەبوو دەورت

١٠٢- نەمدیایە باوکت ئەوا ئەمـــــردم
لە عەزرەت دایکت بەر چاوی گرتم

١٠٣- نەمری و نەچی لە خـۆشی ئەچێ
هیچ چارەی نیە جا بۆ کوێ ئەچێ

١٠٤- نەوشیروان حاکم بێ و بەختـــەك
سەدان کەلاوە ئەکـــرێ بە پولێك

١٠٥- نرخێکە و شا عەباس بڕیویـــەتی
هیچ پێویست ناکات لەبەر چاویەتی

١٠٦- نەزرێکە لە خۆشیا شادی مەنگ بێ
کوڕی بە جەرگ یاخودا هەر ببـێ

١٠٧- نمەکی سوێرە یـان نمەکم سوێر
بۆیە لە هیچ کەس نەم بینیوە خێر

١٠٨- نویَ هات کۆنە خـــــەلاَت کراوە
کۆنە دڕ ئەمجا پۆشتە و تـــەواوە

١٠٩- نوێژ لەسەر داوێنی بکە هێند پاکە
کردەوەی جوانە و قسەی سامناکە

١١٠- نوێژ کەری نورینی ئیشکەری شیرینی
خۆی حالَی باشە چی یە لە غەمگینی

١١١- نۆ بکە بە سیَ تا سەر گریَ کارت
پایز و هاوین وەرزی بەهـــارت

١١٢- نۆ عەربە خویَ لە سکیا گیر ئەبیَ
کەچی دوو قسە لە سکیا گیر نابیَ

١١٣- نۆکەری بیَ جیرە و مـوچەو خەلاَت
تاجی سەر سەری ئـاغایە گشت کات

١١٤- نۆکێك بەنۆ تیکە ئەخوات چروکە
ئیتر نازانیَ کـــــردەوەی سوکە

١١٥- نێر بیَ و میَ بیَ بۆ دۆ ئـــەبیَ
خودا نەیبڕیَ چی ئەبیَ بـــابیَ

١١٦- نێرە بیدۆشە لە بۆ نا حـــالَی
کاتیَ کۆلَنادا لە قسەی بە تالَی

١١٧- نێرە قینی هەرچیـــەکی بینی
دڵی ئەهێنـــێ و ئەبێ بی هێنی

١١٨- نێرەکەر بەبارە تەنگەزە وە ئەگێ
ئیشی نامەردە ئەبێ هەروابـــێ

١١٩- نێرە کەریان کرد ببێ بەسەرپشك
کێری گەورەی بۆ خۆی برد بێ شك

١٢٠- نێرگە لە تیوسی هەڵنە دەی فتگە
چاوەڕێی چی بکەم لەوە مردگـــە

١٢١- نێزە لە پێشا جێی بکـــەرەوە
ئینجا بیرێ ێژە و دوری خـــەرەرەوە

١٢٢- نیشانەی ڕۆژ لەبنە ڕۆژ دیـارە
ئەزانم هاتووی بۆ خێر و پـرە

١٢٣- نێچیری خۆت لە دەست دەر مەکە
لە حەیای خەڵکی هەموو کات سڵکە

١٢٤- نینۆك درێژ بوو بەرماڵی شەیتان
نوێژی خۆی ئەکالەسەری ئاسان

١٢٥- نینۆك و گۆشت لە یەکتر نـابن
کەسی خاوەن ڕێز خاوەن ئـادابن

**١٢٦- نیوەی هەزار کە هەر پێنج سەدە**
**بۆئەیکەی هاوڕێی کەسێ کە بەدە**

## پیتی «و» ٨٥ پەند

١- وا دەکەم داکم ئەمرێ وادەکەم بابم ئەمـرێ
نە گبەتیەکە و چاك یـــەخەم ئەگـرێ

٢- وا نەدراوە کــە پینە بکـــرێت بـۆم
بێ ئومید بووم لە کـــــردەوەی خـۆم

٣- واتە تانەی بێژی نـــــــەی وێژی
من هەوڵ دەدەم تۆ خەریك کــاوێژی

٤- وای لە قونی و وای لـــــــە دۆشاوی
لە بەردەم فێڵ زان وا دەست بــە سراوی

٥- وە بیرم بدێرە وە ملاك بۆم بنێـــــــرە
چون لێ قەوماوم ناردنی خێــــــــرە

٦- وەجاخ زادەبەئیشارەت ناوەجاخ بەکوتەك
ئەو دیویە دەور و ئەمیش دیویە چەك

٧- وەحەی لێ بکەی ئەچێتە گا گـــــەل
چ سوودی هەیە دەستی کەیتــــــە مل

٨- وەختی جز و بز ئەمانـــــــکەی بەدز
لەوەختی هەقما سەرت ئەکــــی کز

٩- وەجاخزادهێنانی گران ڕاگر تنی ئاسان
ناوەجاخ عەکسی ئەو دێتە دیـــوان

١٠- وەختی کەڵك و کار ئەمانــکەی بەیار
وە ختی بەخشینیش هیچ ناکەی پرسیار

١١- وەختێك بووك و خەسوو ڕێك ئەکەوێ
حوشتر بە پە یژەی مالاٚ سەرکـــەوێ

١٢- وەرە ئەم کەرە لەم قـــوڕە دەربێنە
ئەو ساکە بچۆ سەر بقــــــەولێنە

١٣- وەستایی قسان کۆڵــــەواری دەسان
زۆرن گیرۆدەی دەسی ناکــــــەسان

١٤- وەفایی مێردی سێ بەری بـــــەردێ
هەرکــــــەسە گیرە بە ئێش و دەردێ

١٥- وەك ئاگری بن کا وایە کــــــرداری
بۆ خەڵك دەری ئەبـــــڕێ بێزاری

١٦- وەك ئەسپێی کراس کۆنە ئەو پیاوە
گیان تەسلیم ناکا بە سوك لـەم ناوە

١٧- وەك بە بەرزیتا ئەڕوانی کـــــاکە
سەیری نزمێتی خۆت بکـــــە چاکە

١٨- وەك تڕی بن گۆم حسابـــــی ڕۆیی
شێری نە بەردە لە بۆ کەسی خۆیـــــی

١٩- وەك چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نیە
بێگانە پەرستی هیچ سوودی نیە

٢٠- وەكو گای عەلی خۆی لێستەوە
خاوەنی نەی زانی بۆ زوو ها تەوە

٢١- وەكو گای مارۆ وایە و زۆر دیارە
هەرچەند جار جاریش كەخەتا بارە

٢٢- وەك گە نمی قەناری هەمووشتی لێدێ
خوا بیپا رێزێ و شكستەش نەبێ

٢٣- وەك گورگ بەدەم خشپەوە ئەچێ
هێندە وریایە زەحمەتە تیاچێ

٢٤- وەكو گوریسی گا گێرە وایە
هەزاران پێچی لەمل گادایە

٢٥- وەكو گو وایە تا چیلكەی تێ ژەنی
بۆن ئەداتەوە كردەوەی گەنی

٢٦- وەكو گوریسی ناو هەمانەیە
پێچ خواردن لە خۆی بۆ بێگانەیە

٢٧- وەك گلۆلە بەفرهەتا تلی دەی
هەر گەورە ئەبێ هەرچی لێ بكەی

٢٨- وەكو گیسكە لە دایكی خۆی هەڵدێ
چاوەڕێی چاكەی چۆن لێ بكــــــرێ
٢٩- وەك گوێرە كە نۆ وایە كــــــــرداری
ڕێكەوێ سوار دایكی ئەبێ بۆ كاری
٣٠- وەك كەری دێزەی لێهـــــــــاتووە
تۆپینی بۆخۆی وزیانی بۆ خاوەنی بووە
٣١- وەك كەری ناو جۆگەلە هەردوو لا ئەخوا
بێ ئەوەی زیان بەسكـــــــــی بگا
٣٢- وەك كەڵە شێری ناوەختــــــــی وایە
هەر سەر بڕینە لــــــەبۆیی دە وایە
٣٣- وەكو كەو چوو. بە دۆڵ و هـــــــەردا
ڕووت نابێتەوە بە هەزار جـــــــەردە
٣٤- وەك كێشكەی بە چلانە ئیزعـــــاج
پاشی ترۆ بوون نایە سەری تـــــاج
٣٥- وەك ماری بێ ئیجازە وابی ئامـــــانە
دایم ئاواتی خەڵك تێكــــــــــدانە
٣٦- وەك ماستی مەیو وایە ئێستاكـــــــە
هەرچی پی بڵێـــــــی ئەڵێ قەیناكە

٣٧- وەك ماسی وایە جار جار لە سەر ئاو
جار جارەش خۆشی ئەخاتە بن ئـــاو

٣٨- وەك مامە خەمە بۆ هەموو خـــــەمێ
ئەمە خەم خۆرە و عاجزە كـــــەمێ

٣٩- وەك مریشك وایە لەسەرخەرمانی گەنم
كەلات برد ئەڵێت گوبخە گەردنـم

٤٠- وەك میـــزی حوشتر هەر بەرە و دواوە
ئە گەڕێتەوە لە هەمـــــــــوو لاوە

٤١- وەك مێش سەگانە وایە كـــــرداری
نیشتە چی یەوە پێویە یەك جـاری

٤٢- وەكو نیسكێنە هەر هەڵ ئەچێ بۆم
ئاخری ڕۆژێ هەر تیا ئەچێ بـــۆم

٤٣- وەك نێرەكەری عوزێر پێغەمـــــبەر
ئەسەڕێ بەلاَم لە پەڕین بـــێ بەر

٤٤- وەك نیسك وایە بێ بەرو پشتـــــە
پاشی تالاَنی تەورزین لـــــەمشتە

٤٥- وەكو هەڵماتە بێ بــــارە و بێ بار
چوە لای هەركەس ئەوەستێ و لە بار

٤٦- وەك هێلکە و ڕۆنی سەر گلاو ڕۆژ نە
بێ کەڵکە هەوڵی لەگەڵ دوو ژنە

٤٧- وەك چالاکە تالێیدەی ئەبێ قەڵەو
چ باکی هەیە بۆ دزی ڕۆژو شەو

٤٨- وەلی وەلی ئەناسێ گشت کـــــات
ناخۆشە داوا لە پاشی خــــەڵات

٤٩- ووتی ڕیشت بگرم دنیات ئەگێڕم
ووتی لە پێشی من تۆ ئەگــێڕم

٥٠- ووتی گاسوور من ڕق و تــــۆ ڕق
بزانین کاممان ئاخری ئەکەین جق

٥١- ووتی بێنەمەلا ووتی ئەستەغفیروڵڵا
ووتی بیگرە مەلاووتی ئەی بارەکەڵڵا

٥٢- ووتی ڕۆستەم نێر بوو یاخوود مێ
بۆم ڕوون بکەرەوە وا ئاگام وا لــێ

٥٣- ووتی سوار بونی حوشتر زۆر خۆشە
کاتێ خۆت سوار بوی ئەزانی خۆشە

٥٤- ووتی میمکە هاجەرە سەر کە چەڵە
دایکم وتی دۆ بنێرە پڕ ئەو مە نجەڵە

٥٥- ووتی ئەو زمانە شیرینەی دایکت
ژەمێ کەرەشی بۆ ئە نێمە بانت

٥٦- ووتی نێرە ووتـــــی بی دۆشە
زۆر دار بە بڕیاری خۆی دڵخۆشە

٥٧- ووتیان بەبەراز بۆ تۆ ڕۆژ دیارنی
ووتی لەبە ر شەو و کرداری گەنی

٥٨- ووتیان بە دۆمە قوزت بۆ ڕەشە
ووتی بەمیراتت بێ هەرئەوە بەشە

٥٩- ووتیان بەقەحبەبۆ منالّت نابێت
ووتی یەك ئەیکاو دە تێکی ئەدات

٦٠- ووتیان بە پشیلە گوت بۆ دەرمانە
ئەچوو ئەیشاردۆ خۆ زۆر ئاسانە

٦١- ووتیان بە حوشتر بۆ بەرز ئەڕوانی
ووتی دوور بینی ئەکەم بیـزانی

٦٢- ووتیان بە حوشتر برات بوو پێکەنە
ووتی بە من چی بار هەر چل مەنە

٦٣- ووتیان بە حوشتر بۆ ملت وەك داسە
ووتی دەی سەیرکەن بزانە کوێم ڕاسە

٦٤- ووتیان بەڕان هەرۆر بڕۆ شوانت مرێ
ووتی بێ شوان نیم خاوەنیشم مرێ
٦٥- ووتیان بەڕێوی ئەزانی چەند بەندان
ووتی نەوەد و نۆ چاكترین پیچ لێدان
٦٦- ووتیان ڕێوی كێ شایەتـــــی تۆیە
ووتی هەركلكم شایەتـــێ بە جێیە
٦٧- ووتیان بەشەیتان خوا بتداتێ ئیمان
ووتی دوو درۆی قەڵەو و جــــوان
٦٨- ووتیان بە شێتە تۆ بۆ چی شێتـــی
ووتی بۆم ئەلوێ كە بكـــەم شێتی
٦٩- ووتیان بە قرژاڵ بە دووسەر ئەڕۆی
ووتی هیچ عەیبێ لە سەرشك ئەبەی
٧٠- ووتی بە كابرا ژنەكەت زۆر ئەگەڕێ
ووتی گەر بگەڕێ ئەهاتە ماڵ جارێ
٧١- ووتیان بە گورگ نۆرەی ئـــــاژەڵتە
ووتی قەیناكە ئەچم مادەم بە دڵتە
٧٢- ووتیان بە گورگ بۆچ نـــــا دیاری
ووتی لە كـــارما هەر شەرمە زاری

٧٣- ووتیان بە گورگ خوداغەزەبت لیٚ بگریٚ
ووتی با بمکات بەئاسك کەس نامگریٚ

٧٤- ووتویانە بەردە بۆ بوی بەبــــەرد
ووتی بەردم دی بۆیە بوم بەبــەرد

٧٥- ووتیان مام ڕێوی ئەخۆی خورمایامێو ژ
ووتی چی بکەم هەر ئەخۆم خور مژ

٧٦- ووتیان لە کویٚ زەمی خۆتـــت بیست
ووتی لەوشوێنەی زەمی هاوڕێم بیست

٧٧- ووتیان بە بەهاربۆتەمەنت بوو کورت
ووتی خوا غەزەب لە دراوسیٚ بگرێت

٧٨- وورگ بە ژمارە ناخوات دیـــــارە
چون فر ە خۆری لەعــــــام دیارە

٧٩- وورگ دڕاو ە ئەمەندە چلێســــــــە
بۆ هەموو شتیٚ ئەکا هەڵوێســـە

٨٠- وورگی داوە بە شانیا زۆر بیٚ شەرمانە
لە کویٚ ئیسقا بوو لەوجیٚ میــوانە

٨١- ووشتربـاری خورماوحوشترخوارئەخوات
خۆی لیٚ ناگۆڕیٚ چی ببیٚ ئە یخوات

٨٢- ووشتی بە ووشتی خـــۆی هیچی نە بوو
دە عیە و فیزەكەی كـــوشتی زوو بە زوو

٨٣- وولآت لە هەیی هەیی كۆسەلە ئیشی خۆی
بۆ كەسێك نەبوو قسەیەك بكـــات بۆی

٨٤- وولآخی هەڵەشە خۆی ئە پڕوكـــــێنێ
كەسانی ئاقڵ ناو كەس ناهێنــــــــێ

٨٥- وێرانە ماڵ قوڕ بە چی لا یەكتەوە بدەم
خۆم پڕو كاوم بە خودا پیاتا نــــاگەم

## پیتی هـــ ٢٤١ پەند

١- هات بنوو کـــــە نەهات بنوو
ئیشی ئێوارە مەخـە سبەی زوو

٢- هاتم شاخ بکەم گوێم نایە بانی
نەجاتم ناوێ وابە ئاسانـــــی

٣- هاتیتەوە سەر بایی بەڕەی کۆن
من هەرچیم کرد ڕووت کردوە مۆن

٤- هازاگۆوهازامەیدان ئەگەرئەتوانی
خۆت مەکەرە شوان شوانی نازانی

٥- هالاوێك خۆشتر لە تیکەی پلاو
سەبوری دڵە بەر کولی کــــولاو

٦- هاڵەبەئەنگۆڕائەڕوانی ئاوئەگرێ
بێچووە مار لە مارە هەر گاز ئەگرێ

٧- هاڵە ڕۆیی و ئاخری هەنگـــــورما
ڕوو ڕەشی تەنها بۆ با خەوان ما

٨- هاوسێ خراو لە گۆڕیشا خراوترە
ئاقڵ هەمووکات گفتـــــی شەکرە

٩- هاوڕێی بەدخوو گەر نەت سوتێنێ
ڕەشیشت ئەکا و وازیش نا هێنێ

-١٠ هاوڕێ گان ئەكاو كە چی ئەم لــەم لا
دێتە قسە و بن كلكی ژان ئـــــەكا

-١١ هاوسێیەكی باش لەدە برای خراپ باشترە
سەرت لە ڕێی دانێ چوون شایستە ترە

-١٢ هاوسێ لە هاوسێ ئەگرێ سەراســـێ
من لەو كارەی تۆ سەرم ئە ئـــاوسێ

-١٣ هاوینە بەڕەی فەقیرە گشت كـــات
خودایە مەیشارۆ لێمان هەمـــوو كات

-١٤ هاوینان هەر دۆ و زستانان هەر لـــۆ
بەهار سەوزە گیاو زستان سەرفـــی جۆ

-١٥ هەیاسە لە دیوە خان چ باســـــە
دایكی پاشا نۆی داوە ڕاســـــە

-١٦ هەتا ئاو زۆر ترە ئاش خۆش تـــرە
سپڵە خەریكی كـــاری پیس ترە

-١٧ هەتا كردم بە سەر پاڵو بووم بێ زار
خۆی كردە پاڵو هیچ نەی بوو قـــەرار

-١٨ هەتا نەبینی تاڵی لــــــە ژیان
خۆشی نابینی بە خۆشی و ئاســـان

١٩- هەتا جۆ زەردان سەد پاشا گەردان
خوا خۆی و موڵکی ئە مێنێ بۆمان
٢٠- هەتاکو جوانی لوت بەرزو مەستی
کاتێ کە پیر بووی داماو وسستی
بیر ناکەیتەوە کەی خودا پەرستی
گاهێ کەمەستی و گاهێ کەسستی
٢١- هەتاکو خۆم بووم بە بابـانەوە
بەرتیلیان ئەداو ئەش پاڕانـەوە
٢٢- هەتا پێت دەڵێم و دەیڵێیتـەوە
خۆم بۆی دەچم دەشگە ڕێتـــەوە
٢٣- هەتاکوشەقەی قەڵماسکی نەبیست
کیلۆم گە نمی لەسەر چوو نەخست.
٢٤- هەتاگوندۆربووقەوم و قیلەزۆربوو
کە گوندۆر نەما قیلەش بەسەر چوو
٢٥- هەتا کچە تیم ئەدەینە خانە دان
گونی کەرێ دەبن ە باینجـــان
٢٦- هەتا لەسەر دەست ئەڕۆیشت کاکم
نەیزانی قەدری بێنان و قـــاچم

٢٧- هەتا لەمار نەدەیت پێتەوە نادات
خۆت بپارێزە لە دوعـــای سادات

٢٨- هەتا ما کراسێ نەبوو لە بـــەریا
کە مرد ئالاّیان کردوەتـــــە سەریا

٢٩- هەتا ماڵ وەستا بێ مزگەوت حەرامە
دەوڵەمەندی باش وەك خاڵ و مامە

٣٠- هەتا ماڵ خۆر هەستا کاکی دزی گرت
دزەکە زوتر ماڵ خۆرەکـــەی گرت

٣١- هەتا نەترِی چـــوار مشقی دانیشت
خۆشی پیس کردوئەوەشی لەتەنیشت.

٣٢- هەتا هاتم بوو هەر هاتـــم بوو
کە نەهاتم بوو ڕووی زوڵماتم بوو

٣٣- هەتاکو هەتە عالەم بـــــــراتە
کەنەتما براش پێت ئەڵێ لاتـــە

٣٤- هەتیووئەگریائەیووت بەشەکەم کەمە
سەگ ئەویشی برد بە لایەنی گەمە

٣٥- هەتیوو مچە بەدەنکە جۆیەك ئەزەڕێ
چپەش ناکرێ خۆ لەگـــــەڵ کەڕێ

٣٦- هەتیووم کە شومم کە بۆ خۆم
ئەزانم ئەبم بەزەرەر بۆ خۆم

٣٧- هەر ئاهیٚ ئەگریٚ لە ئا گا هیٚ
لەهۆ هۆتێربوو جا نۆرەی هیٚ هیٚ

٣٨- هەر ئەو تاسەیە و ئەو حەمامەیە
هیچ نەگۆڕاوە ئا لەو گەمـــەیە

٣٩- هەربازی بازی بەڕیش با بازی
قازیم بۆچیە هەردووکمان ڕازی

٤٠- هەر بە بە رەکەی کرێوەیە خۆی
کەخۆی نافامیٚ چی بکەم بە خۆی.

٤١- هەرپە نجەیەك خوێنی خۆی لیٚ دیٚ
دیارە ئازاری خۆشی هەر ئەبیٚ

٤٢- هەر پیاوێکە هەزار پیاو دێنیٚ
کەسێکیشە دڵی هەزار ئەشکێنیٚ

٤٣- هەرچی لەماڵ نەوژنیان دابەشوو
گەر موسوڵمانە و گەر گاوورو جوو

٤٤- هەرچی لە مشك بیٚ جەواڵ ئەدڕیٚ
تالاَن چی بە سوێن باڵت ئەبڕیٚ

٤٥- هەرچی هاتە پێشم پیایا ئەکێشم
کە حالّم لیَ هات منیش دە روێشم

٤٦- هەر جاریَ بە زستان ئەوتریَ سارد
بەس بیدە لەڕووم دەستت نامە ئارد

٤٧- هەر جارە لات، هەمـــوو وولاّت
هەر جارە بیَ داگـــیرە وولاّت

٤٨- هەرچەند ئەکا نانی بە ئاوا ناگا
لە مەڕ تێری خوارد نۆرەیە بۆ مانگا

٤٩- هەر چەندە مزگەوت ئێستا ڕووخاوە
بەلاّم میحرابی بەرزی هەر مـــاوە

٥٠- هەرچەندە پیرە هەرکۆنە و بە گیرە
بۆ کردنەوەی گریَ بەڕاو تەگبـیرە

٥١- هەرچی ئەخـــوات بەشەوی تـاریك
ڕەنگی زەرد ئەبیَ و قولیشی باریك

٥٢- هەر چەند بەرز بفرِی تیا ئە ترِی
بۆ مەرامی خۆت دەستی کەس نەبڕی

٥٣- هەر چییەك ترسا قەت نا خەلەسیَ
لوتت بەرز نەبیَ لە ئاست هیچ کەسیَ

٥٤- هەرچی بچێتە شاری کـــوێرانەوە
ئەبێ دەستانی بنێ بە چـــاوانەوە
٥٥- هــەر چیەك کراو برا دەست بە جێ
لە کیسەی قوڵی خەلیفە دەر ئەچێ
٥٦- هەرچی بکێڵی ئەوەش ئـــــەدوری
چاك وخراپ بێ هەرخۆت مەجبووری
٥٧- هەرچی بوو بە ڕەفیقی قەلە ندەری
لە ڕیش و سمێڵی بووە بێ بـــەری
٥٨- هەرچی پەستەکی سوور بوو مەزانە
کە حەمەد بێ ولەلات ئازانــــــە
٥٩- هەرچی کە ترسا هەر نەخەلەسا
فەزڵی خۆت مەدە بەسەر هیچ کەسا
٦٠- هــەر چی کە چووە ناو دێی ژنێ
ئەبێ دەستی خۆی لەسەر گون نێ
٦١- هەرچی ڕیشی بێت نا بێتە سۆفی
لەمامەڵەدا دەرکـــــەوت ئینسافی
٦٢- هەرچی ڕیش سووربووهەمزە ئاغانیە
وەلآمی نە خێر بۆ ئەم پەندە یە

٦٣- هەرچی زۆر گــــەڕاو بسوڕێتەوە
باکۆڵ و یازۆڵ ئەهێنێتـــــــــەوە

٦٤- هەرچییەك کەربێ ئەو هەر کۆپانە
چ باکی هەیە لە دەور گۆڕانـــــا

٦٥- هەرچی کەوا خڕە ،گەڕە بەختی شەڕە
حەسیری نیە چما قاڵی و بـــەڕە

٦٦- هەرچی مایەوە لە دز ئـــــەم جارە
ڕاماڵێ ئەییا دیسان دووبــــــارە

٦٧- هەرچی لەدێزەدا بێ ئەدرێ بەئەسکوێ
هەوڵدە لە ئە سکۆێ شتت بەرکەوێ

٦٨- هەرچی بزنێکی هەبێ بێ خەم نابێ
ئەبێ مشوری هەر لە دڵـــــدا بێ

٦٩- هەرچی دەستت بۆ برد تیـتکی بوو
بسمیلات کـــــــرد و غەییی نەبوو
ئیتر ئەوە ژنـــــــە با چاك بزانی
نەکەویتە تەڵەی تۆ بە ئــــاسانی

٧٠- هەرچــــــــی مەلا کەرۆ منیش کەرۆ
بۆچی ئەو باش و من خەراپ کـــەرۆ

٧١- هەر چیا یەك دۆڵی خـــۆی هـەیە
گەر دۆڵی نەبوو ئەوە چـیا نی یە

٧٢- هەرچیت دا هەرداوە نایە تەوەبۆت
هەرچیەكت خوارد ناگەڕێتەوە بـۆت

٧٣- هەرچیت كردۆتە بەری بێژنگ بـۆم
بیكەرە پشتی بێژنگە كـەش بۆم

٧٤- هەرچیەكت هەیەمە یخەكەشتیەكەوە
با دەستـــت نەڕوا لەبن گشتیەوە

٧٥- هەر خودا خودایە دنیا كاو بایە
بێ ئومێد مەبە ئـــالەم دنیایە

٧٦- هەر خودا لە قەراری خۆی دەمێنێ
زۆرە حەقیەتی كەبت خەڵە تێنێ

٧٧- هەر خواردنێـــك ڕیشێكی دەوێ
كێ یە بە ئاگا لە حاڵی شـەوێ

٧٨- هەر خوایان یەكە ئەمەن جیاوازن
لە ڕەنگ و ڕووا وەك سیر و پیازن

٧٩- هەر دۆڵێكیان سپاردە بـا یەك
ئیتر خۆی و خوای لە هەرجێگایەك

٨٠- هەر داریّ نەرم بیّت كرم ئە یخوات
تەنها هەر خوایە كە مایەی نەجات

٨١- هەر دەرە لنگیّكی لە مالّیّ پساوە
ئاگای لیّ نی یە كە چۆن فەوتاوە

٨٢- هەردەوەنەگەورەئەبیّ وئەبیّ بەدار
لە بنیا ئەنیشیّ فـەقیر و هەژار

٨٣- هەردووتایی بر نجە باری ئەم جارە
بۆ پرسیار ئەكەی شتەكـە دیارە

٨٤- هەر ڕۆژیّ كاری خۆی لەگەلّخۆیا
خۆ گیّل كردنە كەشیّر بخوات گیا

٨٥- هەر ڕۆژە بابیّ یان بـــا رانە
كەچەلّ لە جوملەی سەر شۆ ڕانە

٨٦- هەر ڕیشیّك لە خواردنیّكە دیارە
باش بیّ خراپ بیّ برینی دیارە

٨٧- هەر ڕیّیەك لە بۆجیّیەك سەر ئەكا
ئەو كەسە مەردە ڕیّگەی خۆی دەركا

٨٨- هەرسـەریّك سەودایەكی لەسەردایە
كاسپی ڕاست گۆ خاوەن دەست مایە

٨٩- هەر سیر بخواو زورنا لێـدە بۆی
ئەوەی هەوڵتدا لەدەستی تـۆ ڕۆی

٩٠- هەر ئەقڵە و بەرهەمی خـەسارێکە
کەسێ شارەزا لە گشت کــارێ کا

٩١- هەر قسە لە دڵێ دەرهـــات بیزانە
لە دڵێ جێ ئەگرێ زۆر چـاك ئازانە

٩٢- هەقوڕی زستانە پاشەڵێ پیس ئەکا
نەکەی مامەڵە قەت لەگەڵێ پیسکا

٩٣- هەر کەسە کەوا بانی فرە تربێ
دیارە کە بەفری هەر زیاتر ئەبێ

٩٤- هەرکەس بەتەمایی خاڵۆومامۆ بێ
ئێوارە بێ نان شەو بەبێ دۆ بێ

٩٥- هەرکەس پێکەنی بەدەم قسەتەوە
وەنەبێ ڕازی بێ بە داواتـــــەوە

٩٦- هەر کەسێ بەگژ ڕاستانا ئەڕوات
ناما قوڵەووەك خۆڵ لەدەمی خات

٩٧- هەر کەس بەلێفەی خۆی دەنوێ
هیچ پێویست ناکات پیایا هەڵنوێ

.

**٩٨- هەرکەس بەیاری خۆیا هەڵدەنێ**
**بۆ هەموو کەسێ هەر مەڵێ بەڵێ**

**٩٩- هەر کەس بەشی خۆی باش دەزانێ**
**باجێ نەمێنێ لە دووی کاروانێ**

**١٠٠- هەر کـــەس ببینێ مورغ و ماهی**
**عەجەب سەری ناگاتە پاشا هی**

**١٠١- هەرکەس پێڵاوشڕێکی بوولەدیوان**
**تێ و تڕی پێوە لێ ئەدات بۆمان**

**١٠٢- هەر کەسە خاس وکە خانە دارۆ**
**لەوەزعی هەموو کەس خەبەر دارۆ**

**١٠٣- هەرکەسە دایکی کە نانـــەوا بوو**
**لە برسا نامرێ خاوەن باوان بوو**

**١٠٤- هەرکەس دەستی بۆ دەمی خۆی ئەبا**
**خۆت بســـازێنە لەگەڵ ئەربا با**

**١٠٥- هەرکەسە دشی لە ناو دێـــدایە**
**درەوشەی تیژی لـــە ژێر پێـدایە**

**١٠٦- هەر کەســـە زۆر بخوات زۆر ناژی**
**دوو ڕەگ بۆ پاسە بۆ ڕاویش تاژی**

.

-١٠٧ هەرکەس زۆر گەڕا زۆر ئـــە بینێ
هەرکەس دینی خۆی چیتە لە دینێ

-١٠٨ هەرکەس سەرت کا هێلەکی ئەکەن
باسی کەس مەکە تاباست نەکەن

-١٠٩ هەرکەسە و سەلاّ لە چاوانی خۆی
خۆی هەڵی بژارد تاوانی بۆ خۆی

-١١٠ هەرکەس ئەیکا بێگانە وە خوێش
کردی بەسەریا خۆڵ بەدەستی وێش

-١١١ هەرکەس کوێر نانە کوێر ئیمانە
چروك و پیسکەس بۆیە ئاوانـــە

-١١٢ هەرکەس گوێ ئاگری خۆی ڕۆشن بێ
کێ بەکەڵکت هات ئەوەت خۆش بوێ

-١١٣ هەرکەس لەباری خۆی گوێزئەژمێرێ
کەس لەوتەی ناکەس گوێی بۆناگیرێ

-١١٤ هەرکەس لەئاشێ ئەکا قسەو باس
لەم ئاژاوەیە سەرم بووە کـــــاس

-١١٥ هەر کەسێ کەوا لە خۆی گرتەوە
دڵنیابە خواش لەو ئەگـــــرێتەوە.

١١٦- هەرکەس لەکراسی خۆیدا پیاوە
بۆیە پرس و ڕاش شتێ تەواوە

١١٧- هەرکەسێ نەیکردبەقسەی گەوران
بە قنگە و تلور بۆ ناو کەندەڵاَن

١١٨- هەرکەس هەرزانی یا خود گرانی
لە ماڵی خۆیدا و خۆشی ئەیزانی

١١٩- هەر چیەکت چاند ئەوە ئـــەدوری
خۆت تۆوت دابوو زۆر بەمەجبووری

١٢٠- هەرکەسە هەڵسا هەر خولەی ئەگا
خولەش بەبێ خەم هەر بلەی ئەگا

١٢١- هەرکەس بەبێ عەقڵی گفتـــاری
قسەی لەگەڵ کە لادێی یان شاری

١٢٢- هەرکەس کە پەڕی تاوسی ئەوێ
بڕوا بۆ هندستان دەستی ئەکەوێ

١٢٣- هەرکەسەمەڕبووگورگ هەرئە یخوات
یان ئەبێ پەنا بۆ شـــوانێ ببا

١٢٤- هەرکەس چاڵی هەڵکەندبۆ هەرکەس
خۆی تێ ئەکەوێت دڵنیا بە بـەس

١٢٥- هەر کەسێ کەسە حەرفێکی بەسە
ئەزانم قسەت ووتەی پشت دەسە

١٢٦- هەرکەسەی کەوا لە خۆی بە شکـە
قولآی قنگی پڕ مارو مشـــــکە

١٢٧- هەرکەسە بەکەسێ ئەگیرێ بۆت
دەین و ئۆباڵی منیش بە ئەستۆت

١٢٨- هەرکەسەچاوەڕێی توێشووی خەڵکە
لەبرسا ئەمرێ حاڵی بێ کەڵـکە

١٢٩- هەرکەسە فرە گەڕ بەختەکەی شەڕە
کەر لەبەهارا حەزی لـــــەسەڕە

١٣٠- هەرکێو بە کێو ناگات کەسەکەم
هەرگەن بەیەك ئادەم بە ئادەم

١٣١- هەرگوێرەکە یە کە ئەبێ بە گا
خزمەتی بکە بازوو پــێ بگــا

١٣٢- هەڕ لە بڕ ناکا ئەمەنـدە گێلە
ئاساری قەبر لە بوونـــــی کێلە

١٣٣- هەرلەعەرش هەتا ئەگاتە قورش
کەس بەدۆی خـــۆی ناڵێ ترش

١٣٤- هەرملـــەیەك سەختە بڕۆ بیگرە
بزانم چی ئەکـــەی لە تۆفیل ترە

١٣٥- هەرموویەکی بـــە ساڵێ لێ ڕواوە
هیچ عەیبی نیـــە ئەوەی خراوە

١٣٦- هەرنەهاتیت چی بکەم هەرنەهاتیت
هەتاوەك دومەڵ لەشوێنی ناسك هاتیت

١٣٧- هەر هێندە بڕۆ جێگە و مەکـــانێ
تا شتێ لە ژێر پێیانتا دانـــێ

١٣٨- هەڕەشە نیوەی مێردی یـە بۆ پیاو
گەر هاوڕێی خراپ نەتخاتە ناو داو

١٣٩- هەردی نەماوە بەســـەر بەردیەوە
کەچی کاکەشم ئـــەوەی بردەوە

١٤٠- هەزار بەهایی بێ مەلآمەت نـی یە
خۆزگەم بەو کەسە ئەو کەسی نیـە

١٤١- هەزاران کوڕی .... هـــەمبیان دڕ
لە تەنگانەدا وەك مر وان بـە کڕ

١٤٢- هەرزە چەندەیان خستە ناو ئـاگر
گووتی دارەکەش تەڕە لە ئاگـــر

١٤٣- هەرگی نم دراو ئاوێکـــی بەسە
پێی پێ ئەکەنێ خۆشی گیان بەسە

١٤٤- هەرمێ دارە و هەروا دیـــــارە
بیانوت مەگرە تۆ لەبـــێ چارە

١٤٥- هەزار تەڵەی بە کلك تەقاندووە
ئێستا پێی ئەڵێی کە نەزان دووە

١٤٦- هەزار دۆســت کەمە دوژمنێ زۆرە
خۆت بساچێنە خەڵکی هەر جۆرە

١٤٧- هەزار دۆست نـــــەك دوژمنێ
چون هەلێ هەڵکەوت ئە تخاتەکەنێ

١٤٨- هەزار گۆزەی کرد هەموو بێ دەسوێ
دڵنیابە ناکەس نابێ وە کەسوێ

١٤٩- هەزار گوناح و تەنها تۆبـــە یە
ئاشە تەنوورەش هەر بە نۆرەیە

١٥٠- هەزار فاتیحا ئەگەر بنـــــێری
بە موچەیە حەڵوا نابێ بی نێری

١٥١- هەزار فاکم بە فیکێکی ئەو زۆر زانە
حەزی لە خزمەت کەسی بێـگانە

١٥٢- هەزار قەزوان بە گوێزێ نابێت
هەزاران دەرزیش گاسنی تیا نابێت

١٥٣- هەزار قوڕاو و چڵپـــاوی ڕۆژگار
بە قنگیاچەڵپاکەچی نەیگرت عار

١٥٤- هەزار قەزوان گەر بتـــــەقێنی
بە گوێزێ ئەتگەمێ بۆ واز ناهێنی

١٥٥- هەژاری کراسی ئاگرێنە بــــۆم
گیانی سوتـانم هەر من ڕەنجەڕۆم

١٥٦- هەسان لەبنی پێی ئەداهەموو کات
کەچی عارناگرێ و هەر دێتەوە لات.

١٥٧- هەستان ومەستان لەزمانی یەك ئەزانن
وەك قەل و بەچکە قەل دەست لە ملانن

١٥٨- هەشت بێ ولەمشتبێ نەك نۆبێ و نەبێ
چۆلەکەی فڕیووو ماڵی کەس نا بــێ

١٥٩- هاڵە کۆکە پرچنە چۆڕ چۆڕ ئاو لەبنم
بۆ چی واز ناهێنی چیمە لەماڵ و ژنم

١٦٠- هەم هێشەکە و هــــەم دۆشـــك
برسیە و ئارەزووی وا لە کـەشکەك

١٦١- هەڵمەتە کاسەیە دۆست هەناسەیە
پێم بڵێ ئەو مووە وا لەو ماسەیە

١٦٢- هەم دیداری پۆست هەم شکاری پۆست
مەکە نۆکەری بۆ خاوەنـــی پۆست

١٦٣- هەم زیارەتە و هەم تیجـــــارەتە
ئەوەی باس کرا زۆر حەقیقەتـــە

١٦٤- هەم بوو هەم بوو باوی نەمـــاوە
هەیتم هەیتم بۆ پیاو تـــەواوە

١٦٥- هەمـــــــــزە لە هەباس چی
ترە لـــــــــە تەورداسی چی

١٦٦- هەموو ئەڵێی پشقڵی بزنێکـــن
ئەمەندە لە ناو یەکتردا ڕێکـــن

١٦٧- هەمووجارێ گۆزەبەساغی ناگەڕێتەوە
جارێ هەر ئەشکێ و نەش گەڕێتەوە

١٦٨- هەموو جاش ماکەریێکن لەسەر چی
وا خۆی گۆڕیوە لـە بوختانی چی

١٦٩- هەموو خورەیەك دەنگی ئـــاو نیە
هەموو چناراوێکیش جاو نـــی یە

١٧٠- هەموو دەردێ هەیەتی دەرمـــــان
بەس گەوجێتیە ماوە بێ دەرمـــان

١٧١- هەموورۆژێ گانامرێ وگۆشت بێ هەرزان
لە هەموو هەورێك نا بـــارێت باران

١٧٢- هەموورۆژێ کەرناتۆپێ سێ کفتەدیناری
ووریای خۆت نەبی ئەکـــەوی جاری

١٧٣- هەموو ڕەنگێکی جوان و تـــــــەواوە
بەس ڕەنگی مابێ پەمەیـــــی ماوە

١٧٤- هەموو شت درۆیە شـەرت چاو برۆیە
بۆ عەیب شاردنەوە کەم دوو لە خۆیە

١٧٥- هەموو شت لە باریکیدا هەر پچڕاوە
مێرد لە قایمی پشتی شکـــــاوە

١٧٦- هەموو شت لە بوون ئەکـــرێ کراوە
کلك و گوێ بڕین کەی بۆ پیـــاوە

١٧٧- هەموو شت بە خوێ خوێش بە مەعنایە
زیادە ڕەوی کەی بۆ بێ مەعنـــایە

١٧٨- هەموو شتێکم هەروا لـــــە کۆڵە
ئێستاش وا نۆرەی زوڕناو دەهـــۆڵە

**١٧٩- هەموو گوون ڕەشیٚ ڕۆژگاری دیٚ**
**تووشی گوون ڕەشی گوون قەوی بیٚ**

**١٨٠- هەموو گیان سست و مەستـــــە**
**جیٚگەی خواردنی ئـەوا دروستە**

**١٨١- هەموو گیانیٚ مردنی دیارەو كراوە**
**ئەوەی حاشا كات گیٚلی تەواوە**

**١٨٢- هەموو كانی یەك ئاوی تیٚدایە**
**بەلاٌم ناخوڕیٚتەوە دیارە كەوایە**

**١٨٣- هەمووكەس ئاغای مالٌی خۆیەتی**
**چ پیٚویست ئەكا كەوا نیەتـی**

**١٨٤- هەمووكەس لەعەیبی خۆیداكویٚرە**
**لە تیٚر بوایە برسیش هەر تیٚرە**

**١٨٥- هەمووكەس گەمەی بەمشك ئەكرد**
**مشكیش گەمەی بە ئاشەوان كرد**

**١٨٦- هەمووكەس نانی لا خۆشەویستە**
**بەلاٌم وەكو شوان نالٌیٚ پیٚویستە**

**١٨٧- هەمووگۆشت خۆرە گوورگ بەدناوە**
**زۆرە وەكو گوورگ خۆی مەلاٌس داوە**

١٨٨- هەمووکون کون نیە دەستی تێ ڕاکەی
دڵت بۆ گشت کەس بۆ والاٚ ئەکەی

١٨٩- هەموو لەشی هەر پێ ئەکـــەنێ
لە دەست مشتەری دەر ناچێ هەنێ

١٩٠- هەموو مەلێ هەنجیر خۆر بـــوایە
ئەبوایە هەنجیر هەر نەبـــوایە

١٩١- هەندێ ژن و هەنـــــــدێك ژان
هەندێك هەوێنی نۆ تەبەق نان

١٩٢- هەنگ لە خاکی و کچیش لە داکی
کردەوەی چاکی و پا داشتی چاکی

١٩٣- هەنگوین بە دەمی تـاڵەو زەهری مار
پێی پێ ئەکەنێ نامەردان جارجار

١٩٤- هەنگوینەو لە پێستی سەگا دانراوە
بۆیـــە بەبێ نرخ سەیری کراوە

١٩٥- هەوێ ببێ بەکراس وکەوێ ناحەوێ
لە گرانیا براش لەبەر چاو ئەکەوێ

١٩٦- هەوێ هەوێ جوان و چاك ئەکات
هێوەر ژن هێوەر ژن خێرا تـر ئەکات

١٩٧- هەوات مریٚ هەی هـــەوا زەنگی
قەڵتاخ شڕی بیٚ ئاو زەنگـــی

١٩٨- هەواڵ ببەن بۆ سەردار و میـــران
کارەکەر هەستا کارە کەر مەگیران

١٩٩- هەوەڵ بەخت و هەوەڵ تـــەخت
گیا مایەوە لە شوێنی ســـەخت

٢٠٠- هەودا تـــون ڕابکێشی ئەبچڕیٚ
لە تـــوند کارانا کارت ئەگەڕیٚ

٢٠١- هەورامی لـــە بەر مەرام و کاری
کەوتەشوێن کەری وچووبە بێگاری

٢٠٢- هەورامی و ڕمبازیان نەوتووە گیانە
چوون پیشەی ئەوان مشتە و هەوانە

٢٠٣- هەوری پایز گرمانی و کە خوڕی
دەوڵەمەندبە پەلەلەڕیش خۆی بڕی

٢٠٤- هەوری سوورە و یارانیش لە دوور
شوێنی خزمەت کار نەخراوەتە ژوور

٢٠٥- هەولێرە جێگەی خێرەو جێگەی کارە
قەرزی قەرزان بدەوە ئـــەمجارە

٢٠٦- هەویری مێردان ئاوی زۆری دەوێ
بێ وەعد قسەی قەت سەر ناکەوێ

٢٠٧- هەویر هەڵهـات بشێوێ وولاّت
خێرو خۆشیە بۆمان هەموو کات

٢٠٨- هەویری فەتیرە پیشەی فەقیرە
لەسەر داوایی خۆی کارەکەی گیرە

٢٠٩- هەوینی مێردان بە حەوت سالاّن
دێتە جۆش تۆڵەی ئەسێنێ بۆمان

٢١٠- هەوێنی نۆ قازان شیرە زۆر زانە
بۆ مەرامی خۆی چاو بە گریانە

٢١١- هەیدەرتەریکە لەهەمووی شەریکە
نۆك ڕەق بە وشکی ونەرم بەفەریکە

٢١٢- هورچ دەعبایە، ناعالەو ناپەسەن
هێلکەی کردکردی چیبکەم نارەسەن

٢١٣- هۆهۆی دوایی گورگەتەواوبێ سوودە
گورگ کە مەڕی برد بنوو ئاسوودە

٢١٤- هونەرمەندلەهیچ لایە پەکی ناکەوێ
هونەری دیارە و ئاشکراش ئـــەوێ

٢١٥- هۆ هۆیە و هەرکەس بۆ خۆیە
کەس بە کەس نیە لە ئەم شانۆیە
٢١٦- هۆریائەم تایی یان ئەوتایی بێ
کامیان بێ بۆمن کەجێی بە قابێ
٢١٧- هۆڕمان خوار دووە هەمانە ماوە
دڵنیابە ئە یخۆین ئەوەی کە ماوە
٢١٨- هی خۆم بۆ خۆم هی تۆش ئە خۆم
هەر بۆ خۆت بڵێ وا من بۆی ئەڕۆم
٢١٩- هی خۆیان دەخۆن هی مە دەژمێرن
بە ماڵی خەڵکی وا دیارە فێرن
٢٢٠- هێشتابایی نەدا کە شەقەی دێ
بێخەمە ئەزانێ کەزوو دوایی دێ
٢٢١- هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە
هاتووەتە سەرم ئەڵێ بەم لاوە
٢٢٢- هێشتا زەردوی فڕێ نـــــەداوە
دڕکە مێکوتە دەور سـەری داوە
٢٢٣- هێشتا زەردووی هەر لەڕوو ماوە
لافی گەورەیی لە لاما لێ داوە

٢٢٤ - هێشتا زەردوی وابـــــە دەمـــەوە
خەمی چیەتی وا بە خەمـــــــەوە

-٢٢٤ هێشتا لەکوێتە هۆمەرە کوێرنیوەی ڕێتە
ئەگەر وا ڕێکەی هەر ئێرە جێتــــە

-٢٢٥ هێشتا مەلاژۆی هەڵ نەداوەتــــەوە
جێگەی گەورەکانی گشت گرتـــــەوە

-٢٢٦ هیشتا نەبووە بە قۆچەقـــــانی
قنگەی دێ و دەڵێ دنیـــــا هەرزانی

-٢٢٧ هیچ مشکێ بێ کون هیچ کونێ بێ مشك
نا مێنێتەوە و لێت نــــــەبێ بێشك

-٢٢٨ هیچ نایەوێ ماسی فێری مەلــە کەیت
ئیتر چاوەڕێی چی لێ دەکــــــەیت

-٢٢٩ هیچت نەبێ وڕاخەرت پێ بێـــــــت
هەر خودا گەورەیە کە ڕۆزوت بۆ بێــت

-٢٣٠ هیچی نەدیوە دەینی بە گەردنـــــم
نە چەق چەقەی ئاش نە گوڵە گــەنم

-٢٣١ هێلکە قابـــیلە بۆ کراس ڕەشـــــێ
جیقنەش قابیلە بۆ سەر هەشـــــێ

٢٣٢- هێلکە بە بن باخـەڵ ئە برژێنیٚ
دەستی ببەستی تۆڵــەش ئەسێنیٚ

٢٣٣- هێلکە لە مرو مریش لـــە هێلکەیە
هەرکەس فیکەی خۆی ئەزانیٚ کامەیە

٢٣٤- هێلکە نەی برژێنی پیس ئــەبێت
گوڵ ئاوی نەدەی دیارە سیس ئەبێت

٢٣٥- هێلکە لە بن کەشی ئەکـــــوڵیٚ
بەرامبەر خوێن گەرمان هیچ مەڵیٚ

٢٣٦- هێلکە و ڕۆنی سەر کلاّوەی ڕۆژنە یە
دوراو دوور بڵیٚ کە دوو جەژنــە یە

٢٣٨- هێلکەی بیٚ زەردێنە ئە فــرۆشێت
هەرچی دەست کەویٚ هەڵی ئەلوشیٚ

٢٣٩- هێلکەی شکاو پینە ئەکـــات بۆم
ئێستا چاوەڕیٚ زەکات دەکات بۆم

٢٤٠- هێڵی لار لەژێر ســەری گای پیرە
خۆت لە کاری خەڵك مەکەرە کەوگیر

٢٤١- هێواش بڕۆ و هـــــەمیشە بڕۆ
هیلاکی ڕێگا ئەتکا دەست خەڕۆ

## پیتی ﴿ ی ﴾ ٣٥ پەند

١- یا ئەبێ بەخانی خانان یا ئەبێ بە بانان
یان ئەبێ بە گاڵتە جــارِ هەموو منالاّن

٢- یان بپرسە یان دانا بە کـــاکی خۆم
لە شوێنی شکست قەت مەڵێ ئـــەڕۆم

٣- یا خەر ئەتۆپێ یان خاوەنی خــــەر
هەرکامیان بڕوات بۆ ئەوی تــر زەرەر

٤- یا زانابە یا پرس کە هەمـــــووکات
لە دەرکێ هەڵە ڕووت تێ ئەکــــــات

٥- یاسەمەن سەیرە ئەمرێ بۆ نانــــێ
کەچی دوو دوو ڕبە جۆش ئەدا بە گانێ

٦- یاشارستان یا دارستان هەڵ بــــژێرە
لە هەر کامیان بی بەڕاستی خێـــــرە

٧- یا گاڵ دێنێ یا پەموو ئەم کـــــارە
خۆشم ئەزانم چارم ناچـــــــــارە

٨- یان مەردبە یان لە پەنـــــای مەرد
دڵت لە ئاستی کەس نەبێ بـــــە بەرد

٩- یاخودا ئەم دەستەت قەت نەبێ مـوحتاج
بۆ دەستەکەی تر دەریکات ئاتـــــاج

١٠- یاخودا بە دارەگەورەی قەرادخ بێ
عومری درێژ و بە لاشەش ساغ بێ

١١- یاخودا بچیتە جـــێ یە دوورە دەس
کە تەنها ئاو تیا دەڵێ کـــس

١٢- یا خودا توتن چی نەبێ بەحەمام چی
خۆی لێ ئەگۆڕێ وەك کەسی هەرچی

١٣- یا خودا پیر و خەرۆ بن هـــەردوو
بە خۆشی و شادی پڕ لـە ئارەزوو

١٤- یاخوا کەس قاچی نەچێ بە گوی فلانی
نە جاتی نابێ بەسەدان تالآنـــی

١٥- یار باقی و هەر سوعبەت باقــــی
من سەلامەتم مادام تۆ ساقــــی

١٦- یارانی نەوسن دایــــم لێت زیزە
گەنە وە خەلی بۆ پیـــاوی حیزە

١٧- یەخە دادڕین پەشیمانی لــە دوایە
چوون ناشکوور بوون پیس و ڕیسوایە

١٨- یەز ئەگەر دوورە گەز نزیك تــرە
فەرموو گەزی کە کار ئاسان تــرە

١٩- یەك ڕوو هەمیشە وا لە ئابڕوودا
چونکە دوو ڕووە پسـی لە ڕوودا

٢٠- یەك ساڵە دوو ساڵەی خەڵە تان
ڕۆژگار وەهایە ئێستا بە قوربان

٢١- یەك شەویلەی قنگ قـــــەویلە
لە حەسرەتی ئەو دڵم زەلیـــــلە

٢٢- یەکێ بە زۆر بنێری بۆ مـازوان
نارِوانێ بە داراو بچـــنێ مازوان

٢٣- یەکێ بەگەورەی فێربوو پلاو بخوات
دەستی سەر ئەکاو بۆ لوتی ئەبات

٢٤- یەکێ پۆڵاو یەکێ ئاسن بـــــێ
پێکۆ هەڵناکەن تـــــا وەگاسن بێ

٢٥- یەکێ کە خانووی هەموو شوشە بێ
نابێ بەردلەخانووی کەسی تربگرێ

٢٦- یەکێ ڕێیان نەدا بچێتــە ئاوایی
هەواڵی ماڵ ئاغای پرسی بە جیایی

٢٧- یەکێ هەڵـکەنێ چاڵ بۆ خەڵکی
خۆی تێی ئەکەوێ چیەتی کەڵکی

٢٨- یەکێ خۆی لە شار ئەگەڕایەوە
هەواڵی شاریـــان پێ ئەدایەوە

٢٩- یەکێ مردوو یەکێ مردار بـــوو
یەکێ گورگ بردی لێی نەجاتم بوو

٣٠- یەکێ نانی نەبوو چوو پیازی کڕی
خۆی خەڵەتان و دەستی خۆی بڕی

٣١- یەکێ نانی نیە داوای دۆ ئـــەکا
خۆی بێ جێگە یە و لافی تۆ ئەکا

٣٢- یەك پاڵو بە هیچ لایەکی ناکەوێ
خوا ڕاستەو کەسی ڕاستی خۆش ئەوێ

٣٣- یەکێ مردوو یەکێ داری تێ ئەژەنی
گوتی ها کۆنە خەریکی چەنـــی

٣٤- یەکێ کە خوا دەوری لێ بگـۆڕێ
ڕەشماڵ نابینێ کە لە سەر بەفرێ

٣٥- یەکێکی کرد بەس نەبووك بوو
کە دوانیشی کردکەس نەبوو بەدوو
کەچی بۆ هەواڵی شار ئەخولایەوە

# ووتەیەك دەربارەی چا پی یەکەم

بـــەناوی خـــوای گـــەورە : پێغەمبـــەری خـــوا دەفـــەرموێ ﴿هـــەموو مرۆڤێـــك هەڵـــە دەکـــات بـــەلآ چـــاك ترینیـــان ئەوانەن کەتۆبە دەکەن ﴾ یان داوای لێبوردن دەکەن

بـــەڕیزان مـــن زۆر زۆر داوا ی لێبـــوردن لەخوێنـــەری ئـــەم بەرهەمـــە دەکـــەم کـــە پاش ئـــەوە لەلایـــەن زۆر دۆســـتانەوە ئاگـــادار کرامـــەوە کەچـــا پی یەکـــەم هەڵـــەی زۆری تیابووئەمـــەش ئەگەڕێتـــەوە بـــۆ کـــەم ئـــەزمونیم لـــەکردنی چـــاپ ئـــەو بەڕێزانـــەی کـــەبۆیان تایـــپ کـــردم ، شـــارەزانەبونم لـــەوبوارەدا بوویـــەهۆی کـــەم وکـــوڕی لـــەم بەرهەمـــەم وەهـــوادارم کـــەهیچ خوێنـــەرێ بەهەڵـــە ئـــەم پەندانـــەم لێـــك نەداتەوە ،

١- زۆر پەندهەیـــە کـــە زیـــاتر لەدوســـێ جـــار نەیخێنیتـــەوە باش لێی تێناگەی

٢- هـــەموو ئـــەم پەندانـــە لـــە پەنـــدەکانی ماموســـتای پایـــە بـــەرز وزۆر بەڕێزماموســـتا ﴿شـــێخ محمـــدی خـــاڵ ﴾ وەرگـــیراوە وەلەوانەیـــە ماموســـتای بـــەڕێز زۆر ئاســـایی باسی هەمووشتیکی کربێت

٣- زۆرخوێنـــەر گلـــەییان لـــەزۆر پەنـــد هەیـــە بـــەلآم پەنـــد واتـــە :وەلآم دانـــەوە بـــەماناوە بـــۆ ڕوداوێـــك کـــەڕودەدات زۆرجـــار ئـــەو ڕووداوە پێوســـت دەکـــات ووتەیـــەکی

زۆرناشـــیرین بـــەكاربێنی كەهـــەر ئـــەو ووتـــە شایســـتەی ئـــەو كەسەیە

٤- زۆرخوێنـــەرگلـــەییان لـــەزۆر پەنـــد هەیـــە بـــەلاّم پەنـــد واتـــە :وەلاّم دانـــەوە بـــەماناوە بـــۆ ڕوداوێـــك كـــەڕودەدات زۆرجـــار ئـــەو ڕووداوە پێوســـت دەكـــات ووتەیـــەكی زۆرناشـــیرین بـــەكاربێنی كەهـــەر ئـــەو ووتـــە شایســـتەی ئـــەو كەسەیە

٥- هەنـــدێ بـــەڕێز لـــەمانای ووشـــەكان ناگـــات بۆیـــە گلـــەیی دەكەن لەزۆر پەند یان بەووشك ناوی دەبات

٦- زۆر زۆر داوای لیبـــوردن لەهەركەســـیك دەكـــەم كـــە لەوپەندانـــەدا ناویـــان هـــاتووە یـــان باســـكراوەن چـــونكە خودی پەندەكەی مامۆستای نەمروایە

٧- لەچـــا پی دوەمـــدا هـــەوڵم داوە هەمووئەوهەلآنـــەی هـــەبووە چـــاكی بكـــەم ئـــەوی بـــەر چـــاوم كـــەوتبێ ، ئەووەشـــی نـــەم بینیبێ داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەكەم

مامۆستا بەكر كانی هەمزەیی

١٦/ ٦/ ٢٠١٧ ز بەرامبەر بە ٥/ ٣/ ٢٧١٧ كوردی

| لاپەڕە | بابەت | ژمارەی پەند |
|---|---|---|
| ٣ | سوپاس و پێزانین | *** |
| ٤ | پێشەکی مامۆستا جەمال بێدار | *** |
| ١٣ | وتەیەك مامۆستاکەمال چنارەیی | *** |
| ١٦ | نوسەر لەچەند دێرێکدا | *** |
| ١٧ | بۆ ئەم بەرهەمەو تێبینی | *** |
| ١٩ | پێشەکیەك بەهۆنراوە بۆ ئەم بەرهەمە | *** |
| ٢٣ | پیتی---------ئەلیف | ٣٦٢ |
| ٦٤ | پیتی --------- ب | ٢٩٧ |
| ٩٨ | پیتی ---------پ | ١٠٥ |
| ١١٠ | پیتی ----------ت | ١١٤ |
| ١٢٤ | پیتی----------ج | ٣٢ |
| ١٢٧ | پیتی----------چ | ٦٧ |
| ١٣٥ | پیتی----------ح | ٤٤ |
| ١٤٠ | پیتی ---------خ | ١٠٧ |
| ١٥٢ | پیتی------- --- د | ٢٩٩ |
| ١٨٦ | پیتی ---------- ڕ | ٨٤ |
| ١٩٦ | پیتی ---------- ز | ٦٤ |
| ٢٠٤ | پیتی ---------- ژ | ٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٨ | پیتی ----------س | ١٨٥ |
| ٢٢٩ | پیتی ----------ش | ١٠٩ |
| ٢٤١ | پیتی----------ع | ٢٢ |
| ٢٤٤ | پیتی ----------غ | ٤ |
| ٢٤٥ | پیتی ----------ف | ٢٣ |
| ٢٤٨ | پیتی ----------ق | ١٠٧ |
| ٢٦٠ | پیتی ----------ك | ٣٢٧ |
| ٢٩٧ | پیتی ----------گ | ١٦٢ |
| ٣١٦ | پیتی ----------ل | ٢٥٨ |
| ٣٤٥ | پیتی----------م | ٢٦٥ |
| ٣٧٥ | پیتی----------ن | ١٢٦ |
| ٣٩٠ | پیتی----------و | ٨٦ |
| ٤٠٠ | پیتی ----------ه | ٢٤١ |
| ٤٢٧ | پیتی----------ی | ٣٤ |
| ٤٣١ | دەربارەی ئەم كتێبە وكەم وكورِیەكانی | ٣٥٥٣ |